زانكۆی بینگۆل
ئینستیتیۆتی زمانە زیندووەكان
بەشی زمان و ئەدەبی كوردی

# ڕەنگدانەوەی ڕەخنەی شیعر لە ڕۆژنامەگەریی كوردیدا، ڕەخنەی چاودێر بە نمونە

تێزی دكتۆرا

لەلایەن توێژەر:
موحەممەد عومەر ئیبڕاهیم

بەسەرپەرشتی:
د. هێمن عومەر ئەحمەد

٢٠٢٤ بینگۆل

BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ

YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ

KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI

# KÜRT GAZETECİLİĞİNDE ŞİİR ELEŞTİRİSİNİN YANSIMASI: BİR ÖRNEK OLARAK ÇAWDER ELEŞTİRİSİ

DOKTORA TEZİ

Hazırlayan

Mohammed Omer Ibrahim Ibrahim

TEZ DANIŞMANI

Dr. Öğr. Üyesi Hemin Omar AHMAD

Bingöl-2024

**پێشکەشە بە:**

- ڕوحی پاکی باوکی خۆشەویستم، کە بەردەوام هاوکارو پشتیوانم بووە و هانیداوم بۆکاری چاکە.

- دایکی خۆشەویستم، کە بەردەوام باوەشی بەسۆزی کراوە بووە بۆم و نەیهێشت کێشەو گرفتەکان ببنە وەستاندنی خوێندنەکەمان.

- هەمو ئەو کەسانەی کە لەناخی دڵەوە خۆشمدەوێن.

**سوپاس و پێزانین بۆ:**

- خوای گەورەو میهرەبان کە دەرفەتی دام ئەم توێژینەوەیە تەواو بکەم.

- زانکۆی بینگۆل، بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنی باڵا (دکتۆرا)یان بۆڕەخساندم.

- سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم (پ.ی.د. هێمن عومەر ئەحمەد) کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەمی کردووەو بە سەرنج و تێبینی و پێشنیارەکانی بابەتەکەی دەوڵەمەنتر کردووە.

- سەرۆکی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و سەرجەم مامۆستاکانی بەشی زمانی کوردی زانکۆی بینگۆل کە دڵسۆزانە هەوڵیان لەگەڵدا ین و فێریان کردین.

- هەمو ئەوانەی کە بە هەرجۆریک لە جۆرەکان هاوکارمان بون و توانییان کۆمەڵێک کەلێن و بۆشایی پڕبکەنەوە.

## ناوەڕۆک


پێشکەشە بە: ............ iii
سوپاس و پێزانین بۆ: ............ iv
پوختە ............ v
Abstract ............ vii
Özet ............ ix
پێشەکی ............ 0
بەشی یەکەم ............ 6
بەشی یەکەم: ئەدەب، پایەکانی ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی (شیعر) ............ 7
١_١_ ئەدەب چییە ............ 7
١_٢_ پایەکانی ئەدەب ............ 9
١_٢_١_ مێژوی ئەدەب: ((History of Literature)) ............ 10
١_٢_٢_ تیۆری ئەدەب ((Theory of Literature)) ............ 11
١_ ٢_ ٣_ ڕەخنەی ئەدەبی ............ 12
١_٢_٣_١_ زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی ............ 12
١_٢_٣_٢_ پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی ............ 14
١_٢_٣_٢_١_ ڕەخنەی ڕەخنە ............ 17
١_٢_٣_٢_٢_ ئەرك و ئامانجەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ............ 19
١_٣_ مێژوی بیرۆکەی دەرکەوتنی ڕەخنەی جیهانیی ............ 20
١_٣_١_ ڕەخنەی ئەوروپی ............ 21
١_٣_٢_ ڕەخنە لەئەدەبی عەرەبیدا ............ 25
١_٣_٢_١_ ڕەخنەی عەرەبی لە پێش ئیسلام ............ 25
١_٣_٢_٢_ ڕەخنەی عەرەبی لەسەردەمی ئیسلام ............ 26
١_٣_٢_٣_ ڕەخنەی عەرەبی لە دوای ئیسلام ............ 26
١_٤_ ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا ............ 27
١_٥_ ڕەخنەی شیعریی کوردی ............ 28
١_٥_١_ بونی ڕەخنە لای مەلای جزیری ............ 29
١_٥_٢_ ڕەخنە لای ئەحمەدی خانی ............ 30

١_٥_٣_ ڕەخنە لای نــالی ........................................................................ 31
١_٥_٣_ ڕەخنە لای حاجی قادری کۆیی...................................................... 32
بەشی دووەم .......................................................................................... 34
٢. ڕۆڵی ڕۆژنامەری کوردی لەپێشخستنی ڕەخنەی شیعریدا ................................ 35
1-2- ڕۆژنامەگەری کوردی ....................................................................... 35
٢-١-١- زاراوەی ڕۆژنامەگەریی.................................................................... 35
٢-١-٢- پێناسەی ڕۆژنامەگەری کوردی ............................................................ 37
٢-١-٣- مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی .............................................................. 39
٢-٢- پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەری ..................................................... 47
٢-٣- ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە پێشخستنی ڕەخنەی شیعردا. ............................. 52
٢-٣-١- ڕۆژنامەی کوردستان (قاهیرە) ١٨٩٨ ....................................................... 53
٢-٣-٢- گۆڤاری ژین: ١٩١٨ ئەستەنبوڵ ............................................................ 55
٢-٣-٣- گۆڤاری هاوار (شام ١٩٣٢)................................................................ 56
٢-٣-٤- گۆڤاری گەلاوێژ (بەغداد ١٩٣٩) .......................................................... 58
٢-٣-٥- گۆڤاری ڕوناهی (شام ١٩٤١) ............................................................. 59
٢-٣-٦- گۆڤاری شەفەق (کەرکوک ١٩٥٨) ........................................................ 60
بەشی سێیەم ......................................................................................... 63
٣-١- ناساندنی دەزگای چاودێر.................................................................... 64
٣-٢- پێکهاتەی ڕۆژنامەی چاودێر................................................................... 65
٣-٢-١- مێژوی دەرچونی ڕۆژنامەی چاودێر ........................................................ 65
٣-٢-٢- دروشمی ڕۆژنامەی چاودێر ................................................................. 65
٣-٢-٣- خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری ستافی کاراو دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی چاودێر ..... 65
٣-٢-٤ پابەندبونی ڕۆژنامەی چاودێر بە پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەوانی ......................... 66
٣-٢-٥ ئەرکە گشتیەکانی ڕۆژنامەی چاودێر ......................................................... 66
٣-٢-٦ زمانی ڕۆژنامەی چاودێر .................................................................... 67
٣-٢-٧ بارودۆخی ڕوناکبیری و سەردەمی دەرچونی ڕۆژنامەی چاودێر ............................ 67
٣-٣- ناساندنی ڕەخنەی چاودێر .................................................................... 68
٣-٣-١مێژوی ڕەخنەی چاودێر ........................................................................ 68

٣-٣-١- دروشمی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر ........................................69
٣-٣-١- سەرپەرشت و ستافی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر ..................................69
٣-٣-٤- ڕۆڵی ڕەخنەی چاودێر لە پێشخستنی ڕەخنەی ئەدەبی دا ...........................71
٣-٤- لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ڕەخنەی چاودێر ......................................75
٣-٤-١- خاڵە بەهێزەکانی ............................................................75
٣-٤-٢- خاڵە لاوازەکانی ............................................................76
٣-٥- جۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر بنەمای ژانرە ئەدەبیەکان.........................77
٣-٦- ڕەخنەی شیعر .................................................................78
٣-٦-١- بابەتە ڕەخنەییەکانی ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر. .................................79
٣-٦-٢- ڕەخنەی شیعری لە ڕەخنەی چاودێردا (پۆلێنکردن، خستنەڕو، پێداچونەوە)............84
٣-٧- میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ....................................................85
٣-٧-١- میتۆدی ڕەخنەی مێژویی........................................................86
٣-٧-٢- میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ....................................................97
٣-٧-٢-١- پێناسەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی....................................................97
٣-٧-٢- ڕابەرانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ...........................................99
٣-٧-٢-٣- بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ..........................................99
٣-٧-٣- میتۆدی ڕەخنەی دەرونی ........................................................107
٣-٧-٣-١- پێناسەی ڕەخنەی دەرونی ....................................................107
٣-٧-٣-٢- مێژوی میتۆدی ڕەخنەی دەرونی ................................................108
٣-٧-٣-٣- بنەماکانی ڕەخنەی دەروونی ..................................................109
٣-٧-٣-٤- پێشەنگەکانی میتۆدی ڕەخنەی دەرونی.............................................109
٣-٧-٤- میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەریی...................................................113
٣-٧-٤-١- زاراوەی بونیادگەری..........................................................113
٣-٧-٤-٢- پێناسەی بونیادگەری..........................................................113
٣-٧-٤-٣ مێژوی بونیادگەری. ...........................................................114
٣-٧-٥- ڕەخنەی فێمنستی ..............................................................122
٣_٧_٥_١_ زاراوە و پێناسە ڕەخنەی فیمینزمی ..........................................122
٣_٧_٥_٢_ مێژوی سەرهەڵدانی فیمینیزم ................................................123

٣_٧_٥_٢_ بنەماكانى ڕەخنەى فيمينيزمى ........................................................ 123
٣-٧-٦-- هێرمينۆتيكا ........................................................................ 128
٣-٧-٦-٢- پێناسەى هێرمينۆتيكا ........................................................... 129
٣-٧-٦-٢- مێژو و پێشەنگەكانى هێرمينۆتيكا ............................................. 129
٣_٧_٦_٣_ بنەماكانى هێرمينيۆتيكا........................................................ 131
٣-٧-٧- سيميۆلۆژيا ........................................................................ 135
٣_٧_٧_١_ زاراوە و پێناسەى سيمۆلۆژيا ................................................. 135
٣_٧_٧_٢_ بنەماكانى سيمۆلۆژيا ........................................................... 136
٣-٧-٨- ڕەخنەى خودى ..................................................................... 144
٣-٧-٩- ڕەخنەى هونەرى ................................................................... 153
٣-٧-٩-١- پێناسەى ڕەخنەى هونەرى ..................................................... 153
٣_٧_٩_٢_ بنەماى كاركردنى ڕەخنەى هونەرى ........................................... 154
ئەنجام ..................................................................................... 162
سەرچاوەكان ............................................................................... 164
پاشكۆكان .................................................................................. 173

# پوختە

ئەم تێزە، بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ڕەخنەی شیعر لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، ڕەخنەی چاودێر بە نمونە)یە، کار دەکات لە سەر دوبارە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی لەو وتارانەی کە لە ساڵانی (٢٠٠٥- ٢٠١٢) لە پاشکۆی ڕەخنەی ڕۆژنامەی چاودێردا بڵاوکراونەتەوە. ڕەخنەی ڕەخنە، چالاکییەکی ڕەخنەییە و ئاراستە جیاوازەکانی ڕەخنە هەڵدەسەنگێنێت، بەمەبەستی کامڵکردن و بەرچاو ڕونی خوێنەران، واتە لە دوو ئاراستەوە کاردەکات، لەلایەکەوە بابەتە ڕەخنەییەکان، کە کەموکورتیان تێدابێت دەستنیشانی دەکات و چارەسەریان دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵدەدات بەرچاوڕونی بەخوێنەران بدات، تاوەکو زیاتر لە دەقە ئەدەبییەکان تێبگەن و ئاریشەکانی بەردەم تێگەیشتنیان ڕونبکاتەوە، ئەم تێزە هەوڵدەدات ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە پێشینەی کاری خۆیانی دەبینن، لەنێو توێژینەوەی کوردیدا ئەم بابەتە گرنگی خۆی هەیە، بەڵام زۆر بەکەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە، ئەگەر چی کەمی لەبارەوە نوسراوە، بەڵام لە چەند دەیەی ڕابردوودا گۆڤار و ڕۆژنامەکان ببونە سەکۆیەك بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتە ڕەخنەییەکان و لەنێویشیدا ڕەخنەی شیعری، لەنێو ئەو بڵاوکراوانەدا پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر لەو چەند ساڵەیدا نمونەیەکی ئەو سەکۆیە بووە ، بۆیە لەلایەك بیری ڕەخنەی شیعری نیشاندەدات و لەلایەکی تریشەوە هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتە ڕەخنەییانەی سەر شیعر و کۆمەڵە شیعرەکان، پاڵپشت بە قوتابخانە و بنەما ڕەخنەییەکان نیشاندەری ئاستی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردییە. لە نوسینەوەی ئەم تێزەدا سەرباری میتۆدی وەسفی و شیکاری سود وەرگیراوە لە چەندین میتۆدی دیکە بەپێی پێویستی تێزەکە.

سنوری کارکردنی ئەم تێزە لە چوارچێوەی ئەو بابەتانەدا دەسوڕێتەوە کە دەچنە چوارچێوەی ڕەخنەی شیعرەوە کە لەو ماوەیەدا دیاری کراوە و ژمارەیان (٤٢) وتاری ڕەخنەی شیعری دەبێت. ئەم تێزە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە پێکهاتووە، بەشێوەیەک لەسەرەتاوە پێشەکییەک لەسەر شێوازی کارکردنی بەشەکان نوسراون، پاشان ئەنجام و ئامانج و گیروگرفتەکان خراونەتەڕو.

لەبەشی یەکەمدا باس لە ئەدەبیات و بەشەکانی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی کراوە و لە شەش تەوەرەدا ڕونکراوەتەوە.

لەبەشی دووەمدا باس لە ڕۆڵی ڕۆژنامەکان و ژمارەیەک ڕۆژنامەکراوە کە بایەخی باشیان بە شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی داوە.

لەبەشی سێیەمدا باس لە ڕۆژنامەی چاودێر کراوە، لەگەڵ سەرجەمی ئەو بابەتە لێکۆڵینەوانەی کە لەبارەی شیعرەوە کراوە و بەپێی میتۆدەکان خراونەتەڕو. کە ئەوانیش بریتین لە میتۆدی ڕەخنەی (مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەرونی، بونیادگەری، فیمینیزمی، هێرمینیۆتیکا، سیمۆلۆژیا، هەروەها (ڕەخنەی ( هونەری و خودی).

ئەم تێزە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا بیست وتار لەبارەی ڕەخنەی شیعرەوە هەیە، کەپابەندی هیچ قوتابخانە و بنەمایەکی ڕەخنەیی نەبوە، هەروەها بیست و دوو وتار بە ئاگاییەوە واتە لەسەر بنەمای شارەزایی لە قوتابخانە ڕەخنەییەکانەوە نوسراون.


**وشەی سەرەکی:** ڕەخنە، ڕەخنەی شیعر، میتۆدەکانی ڕەخنە، ڕۆژنامەگەری کوردی، ڕۆژنامەی چاودێر

## BİLİMSEL ETİK BİLDİRİMİ

Doktora tezi olarak hazırladığım Rengdanewey Rexney Şi'rî le Rojnamegeriyî Kurdî da-Rexneyî Çawdêr be Nimûne (Kürt Gazeteciliğinde Şiir Eleştirisi –Çawder Gazetesi Örneği) adlı çalışmanın öneri aşamasından sonuçlanmasına kadar geçen süreçte bilimsel etiğe ve akademik kurallara özenle uyduğumu, tez içindeki tüm bilgileri bilimsel ahlak ve gelenek çerçevesinde elde ettiğimi, tez yazım kurallarına uygun olarak hazırladığım bu çalışmamda doğrudan veya dolaylı olarak yaptığım her alıntıya kaynak gösterdiğimi ve yararlandığım eserlerin kaynakçada gösterilenlerden oluştuğunu beyan ederim.

20/09/2024
Mohammed OMER İBRAHİM

**BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ**

**YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ MÜDÜRLÜĞÜNE**

***Mohammed OMER İBRAHİM*** tarafından hazırlanan **Rengdanewey Rexney Şi'rî le Rojnamegeriyî Kurdî da- Rexneyî Çawdêr be Nimûne** başlıklı bu çalışma, *20.09.2024* tarihinde yapılan tez savunma sınavı sonucunda *[oybirliği]* ile başarılı bulunarak jürimiz tarafından *Kürt Dili ve Edebiyatı* Anabilim Dalı'nda Doktora tezi olarak kabul edilmiştir.

**TEZ JÜRİSİ ÜYELERİ (Unvanı, Adı ve Soyadı)**

| | | |
|---|---|---|
| **Başkan** | : Prof. Dr. M. Zahir ERTEKİN | İmza: ………………….. |
| **Danışman** | : Dr. Öğr. Üyesi Hemin OMAR AHMAD | İmza: ………………….. |
| **Üye** | : Doç. Dr. Zülküf ERGÜN | İmza: ………………….. |
| **Üye** | : Dr. Öğr. Üyesi İkram FİLİZ | İmza: ………………….. |
| **Üye** | : Doç. Dr. Bedrettin BASUĞUY | İmza: ………………….. |

**ONAY**

Bu Tez, Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Yönetim Kurulunun ...../..../ 20….. tarih ve ........... sayılı oturumunda belirlenen jüri tarafından kabul edilmiştir.

Dr. Öğr. Üyesi Abdullah BEDEVA

Enstitü Müdürü

## ABSTRACT

This thesis entitled *"**The Reflection of Poetry Criticism in Kurdish Journalism: Chawder Criticism as an Example**"* provides a critical re-reading of articles published in the appendix of the *Chawder* newspaper from 2005 to 2012. It explores various critical approaches within these articles with the aim of identifying shortcomings and offering solutions. The study functions on two levels: it identifies unresolved issues in criticism and addresses them while also working to solve challenges that are central to this type of literary criticism.

The topic is of considerable importance in Kurdish literary research yet it has received limited scholarly attention. This thesis seeks to highlight the development of poetry criticism in Kurdish journalism and assess the level of Kurdish literary criticism through the evaluation of poetry reviews and collections guided by critical schools and principles. In addition to descriptive and analytical methods several other research approaches have been employed throughout the study. The scope of the research focuses on 42 poetry criticism articles published within the designated period.

The thesis opens with an introduction followed by three chapters a conclusion a list of sources and an abstract. The first chapter provides a general discussion of literature with a specific focus on poetry divided into six key topics. The second chapter addresses the role of journalism in literary development examining a number of newspapers that have made notable contributions to poetry and literary research. The third chapter offers a detailed study of the *Chawder* newspaper analyzing its poetry-related articles through various critical frameworks، including historical, social, psychological constructivist, feminist , hermeneutic, symbolic, artistic and self-critical approaches.

The study concludes that twenty of the reviewed articles lacked adherence to any specific critical school or principle while the remaining twenty-two reflected deliberate engagement with critical theories demonstrating expertise in various approaches.


**Keywords**: Criticism, Poetry Criticism, Methods of Criticism, Kurdish Journalism, Çawder Newspaper

# ÖZET


"Kürt Gazeteciliğinde Şiir Eleştirisinin Yansıması: Bir Örnek Olarak Çawder Eleştirisi" başlıklı bu tez، 2005'ten 2012'ye kadar Çawder gazetesinin ekinde yayınlanan makalelerin eleştirel bir şekilde yeniden okunmasını sağlar. Eksiklikleri belirlemek ve çözümler sunmak amacıyla bu makalelerdeki çeşitli eleştirel yaklaşımları inceler. Çalışma iki düzeyde işlev görür: eleştirideki çözülmemiş sorunları belirler ve bunlara değinirken، aynı zamanda bu tür edebi eleştirinin merkezinde yer alan zorlukları çözmek için çalışır.

Konu Kürt edebiyat araştırmalarında önemli bir öneme sahiptir ancak sınırlı akademik ilgi görmüştür. Bu tez Kürt gazeteciliğinde şiir eleştirisinin gelişimini vurgulamayı ve eleştirel okullar ve ilkeler tarafından yönlendirilen şiir incelemeleri ve koleksiyonlarının değerlendirilmesi yoluyla Kürt edebiyat eleştirisinin seviyesini değerlendirmeyi amaçlamaktadır. Betimleyici ve analitik yöntemlere ek olarak çalışma boyunca birkaç başka araştırma yaklaşımı kullanılmıştır. Araştırmanın kapsamı belirtilen dönemde yayınlanmış 42 şiir eleştirisi makalesine odaklanmaktadır.

Tez bir girişle başlar ardından üç bölüm bir sonuç bir kaynak listesi ve bir özet gelir. İlk bölüm altı temel konuya ayrılmış şiire özel bir odaklanma ile edebiyatın genel bir tartışmasını sunar. İkinci bölüm şiir ve edebiyat araştırmalarına önemli katkılarda bulunan bir dizi gazeteyi inceleyerek gazeteciliğin edebi gelişimdeki rolünü ele alır. Üçüncü bölüm Çawder gazetesinin ayrıntılı bir çalışmasını sunar ve şiirle ilgili makalelerini tarihsel sosyal, psikolojik, yapılandırmacı, feminist, hermeneutic, sembolik, sanatsal ve özeleştirel yaklaşımlar dahil olmak üzere çeşitli eleştirel çerçeveler aracılığıyla analiz eder.

Çalışma incelenen makalelerden yirmisinin belirli bir eleştirel okul veya ilkeye bağlılıktan yoksun olduğu kalan yirmi ikisinin ise çeşitli yaklaşımlarda uzmanlık gösteren eleştirel teorilerle bilinçli bir etkileşimi yansıttığı sonucuna varmıştır.



**Anahtar sözcükler:** Eleştiri, Şiir Eleştirisi, Eleştiri Yöntemleri, Kürt Gazeteciliği, Çawder Gazetesi

# پێشەکی

## پێشەکی:

ڕەخنەی ڕەخنە، ئاڕاستەیەکی ڕەخنەییە و کار لەسەر ئەو جۆرە ڕەخنانە دەکات کە پێشتر ئەنجام دراون، بەمەبەستی پاراستن و بەرگریکردن لەو کارانەی کە لەبارەی کارە ڕەخنەییەکانەوە ئەنجامدراون، ئەمەش بەو مەبەست نییە ببێتە سەنگەرگرتن لەو نوسینە ڕەخنەییانەی کە پێشتر نوسراون و پەسندن، یاخود پشتگیری کردن نییە لە یەکێکی تر و گەیاندنی بە لوتکە، بەڵکو بۆ دوبارە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە بۆ نوسینە ڕەخنەییەکان و دەستنیشانکردنی بنەما و میتۆدەکانی.

ڕۆژنامەگەریی کوردی هەر لە سەرەتاوە کەم تا زۆر بایەخی بە تێکستە ئەدەبیەکان داوە و لەو نێوانەشدا بەتایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە دەقی شیعری قسەی لەسەرکراوە و ڕۆژنامەگەریی ببووە سەکۆیەك بۆ لێدوان لەسەر دەقە شیعرییەکان. ئەمەش بۆ خۆی هەوڵێکە بۆ بنەمای ڕەخنەی شیعری لەناو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. لە دوای ڕاپەڕینیش زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وێڕای بڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی، جارجاریش ئەو وتارانەیان بڵاودەکردەوە کە لێدوان بون لە بەرهەمە شیعرییەکان. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە بەشێك لە ڕۆژنامەکان پاشکۆی ئەدەبی یان ڕەخنەیی تەرخان بکەن. ڕۆژنامەی چاودێر یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی کە پاشکۆیەکی ڕەخنەیی بۆ بابەتە ئەدەبییەکان تەرخان کردووەو بابەت و وتاری ڕەخنەیی باشی تێدا بڵاوکراوەتەوە. خزمەتێکی باشی بە نوسەران و ڕەخنەگران و شاعیران کردووە، لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٢) وتاری ڕەخنەیی بەپێی پێویستی ئەو ساڵانە لەدوو توێی لاپەڕەکانیدا بڵاوکراونەتەوە، ئەو بابەتە ڕەخنەییانەی کە تایبەتمەندن بە بواری ڕەخنەی شیعرەوە ژمارەیان (٤٢) وتار دەبێت، ئێمەش بەپێی توانا و زانیاری خۆمان دوبارە ئەو وتارانەمان خستووەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەوە ئەوەندەی کە توانامان بەسەریدا شکابێت.

ئەدەب و ڕۆژنامەگەری پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە، ڕۆژنامەکان لانکەیەکی باشن بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتە شیعری و ڕەخنەییەکان، بۆیە هەوڵمانداوە سەرەتایەک لەبارەی ئەدەب و پایەکانی ئەدەب بخەینەڕو، پاشان ژمارەیەک لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەش بخەینەڕو کە ڕۆڵی دیاریان لەم بارەیەوە هەبووە .

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە.** ڕەخنەی ڕەخنە لەنێو ڕەخنەی ئەدەبیدا بابەتێکی گرنگ و تازەیەك تازەیەو لەنێو مەیدانی توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا کەم ئاوڕی لێدراوەتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕۆژنامەگەریی کوردیی کەم تا زۆر ئاوڕی لە ئەدەبیات داوەتەوە و لەنێوانیشیاندا بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی هەن. ڕۆژنامەی چاودێریش (٢٠٠٤-٢٠١٨) یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی،

که پاشکۆیەکی بۆ بابەتی ئەدەبی تەرخانکردووەو بابەتەکانی شایانی ئەوەن لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە تەماشا بکرێن. بۆیە بەپێویستمان زانییوە، (ڕەنگدانەوەی ڕەخنەی شیعر لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، ڕەخنەی چاودێر بە نمونە)دەکەین بە ناونیشانی تێزەکەمان.

**میتۆدی تێزەکە.** لە نوسینی ئەم تێزەدا سود لە میتودی وەسفی و شیکاری وەرگیراوە بەشێوەیەکی گشتی، پاشان لە بەشی سێیەمدا سود لە چەند میتۆدێکی دیکە بەپێی پێویستی تێزەکە وەرگیراوە.

**ئامانجی تێزەکە.** هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هەمو ئەو بابەتانەی کە لە بواری ڕەخنەی شیعرەوە نوسراون، پاڵپشت بە میتۆدە ڕەخنەییەکانەوە تیشك بخرێتە سەر ئەو لایەنانەی کە بنەمای ڕەخنەییان تێدایە و ئەوانەیشی کە بەبێ پاڵپشتی تیۆرە ڕەخنەییەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەقە شیعرییەکان کردووە لە چوارچێوەی بەرنامەی گشتیی ڕەخنەی ئەدەبی و لە نێویشیدا ڕەخنەی شیعری. لەلایەکی ترەوە بەگەڕخستنی بنەمای ڕەخنەی ڕەخنە بۆ وتارە ئەدەبییەکانی نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکان، هەنگاوێکی تازەیە و ئامانج لێی ئەوەیە کە ئەو بەربەستە بشکێنرێ و بە شێوەیەکی فراوان و هەمەلایەنەوە هەمو نوسینێك لەسەر شیعر بخرێتە بەر تیشکی ڕەخنەوە، تا بنەمای ڕەخنەی ڕەخنە لەناو مەیدانی توێژینەوەی زانستیدا باڵاتر بکات بخەینەڕو.

**سنوری تێزەکە.** لەم نامەیەدا کار لەسەر ئەو جۆرە وتارانە دەکرێت کە لە سەر ژمارە جیاوازەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر بڵاوکراونەتەوە و لە چوارچێوەی ڕەخنەی شیعری دان، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو ژمارانە کاری لەسەر کراوە کە لە ساڵانی (٢٠٠٥- ٢٠١٢)، بڵاوکراوەتەوە. لەو نێوەندەدا (٤٢) بابەت خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، کە ئەو وتارانە لێدوانی نووسەران بوون لە بارەی شیعر و بەرهەمە شیعرییەکان هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ساڵانە کە کاری تێدا کراوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ساڵی 2005 ساڵی سەرەتای چاپکردنی پاشکۆ ئەدەبییەکەیە و ئەو حەوت ساڵە کۆمەڵێك وتاری تێدا بڵاوکراونەتەوە لە بواری رەخنەی شیعریدا، شایانی ئەوە بوون بنەماکانی ڕەخنەی شیعری تێدا بدۆزرێنەوە، هەروەها لەو ماوەیەدا کە سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆژنامەکە بو، بابەتی باش و نوسەری باش بە گەرموگوڕییەوە وتاریان بڵاودەکردەوە.

**گیروگرفتی تێزەکە.** بێگومان هەمو کارێکی توێژینەوە ڕووبەڕوی گرفت دەبێتەوە، ئەم تێزەیش لە گرفت و ئاستەنگ بەدەر نەبو، گرفتی هەرە سەرەکیی شێوازی مامەڵەکردنمان بو لەگەڵ بابەتە ڕەخنەییەکانی نێو پاشکۆی ڕۆژنامەکە، چونکە پێوەرە ڕەخنەییەکان جیابون، لە چوارچێوەی هەمەجۆری تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکانەوە هەمو ئەو بابەتانە نەدەکەوتنە بەر سێبەری ڕەخنەکانەوە، لە سۆنگەی ئەوەی هەندێ لە وتارەکان ئاماژەی سەرەتایی ڕەخنەیان تێدابو و

نەکەوتبونە قوڵاییەوە. میتۆدی ڕەخنەیی زۆرن، بەڵام لەبەر کەمی کەرەستە و لاوازی ئاستی ڕەخنەیی هەندێ لە وتارەکان، نەدەتوانرا لەبەر ڕۆشنایی هەمو جۆرەکانی میتۆدی ڕەخنەیی دەقەکە بخرێنە بەر تیشکی ڕەخنەوە.

**پاشخانی تێزەکە.**

ئەگەر چی کارەکەی ئێمە ڕەنگدانەوەی ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ڕەخنەی چاودێر بەنمونەیە، لەنێو تێزە کوردییەکاندا ئەوەی ئێمە ئاگاداربین چەند کارێك لە شێوەی تێزی ماستەر و تێزی سەربەخۆ سەبارەت بە میتۆدی ڕەخنەی ڕەخنە و میتۆدەکانی دیکەی ڕەخنە ئەنجامدراون، لە گرنگترینییان:

١- ئەو نامانەی لە بارەی ڕەخنەی ڕەخنە و سیمای ڕەخنەی شیعری لەزانکۆکاندا نوسراونەتەوە

- فوئاد ڕەشید محەمەد(٢٠٠٥)، ڕەخنەی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی عێراق (١٩٧٢_ ١٩٩٩)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- کارزان کەریم امین (٢٠٠٩)، ئاڕاستەکانی ڕەخنەی شیعری کوردی (بەنمونەی ماستەر نامەکانی ئەدەب، ١٩٨٨-٢٠٠٠)، ماستەرنامە، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

- ئاسۆ عومەرمستەفا (٢٠١٩)، ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو(١٩٢٠- ١٩٧٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

_ ڕێبین خەلیل قادر(٢٠٢٣) سیمای ڕەخنەی زانستی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ڕەخنەی شیعری کوردی (نامە زانکۆییەکان ٢٠٠٠-٢٠١٠)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەدین.

_ شیلان یوسف ئەحمەد، (٢٠٢٣)ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە گۆڤاری زانکۆی دهۆکی ئەکادیمیدا، لە زانکۆی وان یوزەنجوئیل نوسراوە. ئەم تێزە گرنگی خۆی هەیە، چونکە توانیویەتی لەسەر گۆڤاری زانکۆی دهۆک کاربکات.

ئەم تێزانەی سەرەوە، لە نامەکەی شیلان یوسف ئەحمەد و سەعید محەمەد عەبدوڵا بترازێ، ئەوانی تر دۆزینەوەی سیمای ڕەخنەییە لە نێو دەقی ئەدەبیدا، بەشیعر و ڕۆمانیەوە، بۆیە ئەوەی تێزەکەی ئێمە جیادەکاتەوە بریتییە لە قسەکردن لەسەر وتار و نوسینە ئەدەبییەکانی پاشکۆی چاودێر، کە هەوڵێکی ڕەخنەیین و تێیدا ئاوڕیان لە بنەما و بابەتی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی داوەتەوە.

٢- ئەو تێزانەی لەبارەی ڕەخنەی شیعرەوە نوسراون و تەنیا میتۆدێکی ڕەخنەییان بەکارهێناوە.

- ئاوارە کەمال، (٢٠١٢)، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعری گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر. ئەم کتێبە کە لە بنەڕەتدا تێزی ماستەرە و هەنگاوێکی باش بو بۆ ناساندنی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پاشان پراکتیککردنی لە شیعری گۆراندا.

- ئەڤین ئاسۆس حەمە عەبدولا (٢٠١٣) فیمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، تێزی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- نالی عبدالله خدر مەولوود (٢٠١٧)، ڕەخنەیا جڤاکی د هەلبەستێن عەبدوڵڵا پەشێودا، تێزی ماستەر، زانکۆی یوزونجیل، وان. ئەم تێزە هەڵوەستەی لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی نێو شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو کردووە.

- بەهجەت ئەرچاغ (٢٠٢١)، د پەیوەندا ڕەخنەیا جڤاکی دا تەماییێن سەرەکە یێن هەڵبەستا جگەرخوێن، تێزی ماستەر، زانکۆی یوزونجیل، وان. ئەم تێزەش زیاتر پراکتیککردنی ڕەخنەی جڤاکییە و ڕەنگدانەوەیەتی لە شیعری جگەرخوێندا.

_ ڕۆگەر ئاجون، (٢٠٢٤)، ڕەخنەیا جڤاکی، سیاسی و دیرۆکی د رۆواتا کوردی یا دیاسپۆرایێ دا، تێزی ماستەر، زانکۆی دیجلە. ئەم تێزە کەرستەکەی ڕۆمانە و نوسەر هەوڵیداوە لایەنە جڤاکیی و سیاسی و دیرۆکییەکان لە ڕۆمانی کوردی دیاسپۆرا بخاتەڕو.

**پێکهاتەی تێزەکە.** ئەم تێزە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و پوختەیە،کە پوختەکەش بە هەرچوار زمانی کوردی و تورکی و ئینگلیزیی و عەرەبیی لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لەسەرەتادا بە پێشەکییەک تێزەکەمان ناساندووە.

بەشی یەکەم: ئەدەب، پایەکانی ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی (شیعر).

ئەم بەشە دابەشکراوە بەسەر شەش تەوەردا تەوەرەی یەکەم. ئەدەب چییە، تەوەرەی دووەم: پایەکانی ئەدەب، تەوەرەی سێیەم: مێژوی بیرۆکەی دەرکەوتنی ڕەخنەی جیهانی، تەوەرەی چوارەم: ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا، تەوەرەی پێنجەم: ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەڕێگەی دەقی شیعرییەوە، تەوەرەی شەشەم: ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەڕێگەی وتاری لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە، ڕونکراوەتەوە.

بەشی دووەم: ڕژنامەگەریی و ڕۆڵی لە پێشخستنی ئەدەبیات (شیعر)دا

ئەم بەشە لە سێ تەوەر پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم: ڕۆژنامەگەری کوردی، تەوەرەی، دووەم: پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، تەوەرەی سێیەم: ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە پێشخستنی ئەدەبیاتدا خراوەتە ڕو.

بەشی سێیەم: دەزگای چاودێر و وتارە ڕەخنەییەکانی

ئەم بەشە دابەشکراوە بەسەر حەوت تەوەردا. تەوەرەی یەکەم: ناساندنی دەزگای چاودێر، تەوەرەی دووەم: پێکهاتەی ڕۆژنامەی چاودێر.، تەوەرەی سێیەم: ناساندنی ڕەخنەی چاودێر، تەوەرەی چوارەم: لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ڕەخنەی چاودێر، تەوەرەی پێنجەم: جۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر بنەمای ژانرە ئەدەبیەکان، تەوەرەی شەشەم: ڕەخنەی شیعر، تەوەرەی حەوتەم: میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، دیاریکراون.

لە کۆتایی ئەم تێزەیەدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک بەشێوەیەکی کورت و پوخت خستومانەتەڕو، لە نوسینی ئەم نامەیەدا سودمان لەچەندین سەرچاوەی کۆن و نوێ لە کتێب و ڕۆژنەمە و نامەی ئەکادیمی لە زمانی کوردی و بیانی وەرگرتووە و لەکۆتای نامەکەدا بەشێوازێکی زانستی ڕیزمان کردون.

# بەشی یەکەم

## بەشی یەکەم:ئە

## دەب، پایەکانی ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی (شیعر)

### ١_١_ ئەدەب چییە

ئەدەب بەبەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤایەتی دادەنرێت. بەرهەمی لە مێژینەی مرۆڤایەتییەو هەرگیز لێی دانەبڕاوە، بۆیە توانیویەتی کەلێنێکی گەورە لە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پڕ بکاتەوە، بەتایبەت لەڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا کە چەندین کێشە و گرفتی دەرونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕوحیی و هتد.. زیادیان کردووەو بون بە لەمپەرێکی گەورە لەپێش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، ئاشکرایە کە مرۆڤ بۆ پڕکردنەوەی هەریەک لەم کێشانە پەنادەباتە بەر چارەسەرییەکی هەنوکەیی، لە دیارترن ئەو ئامرازانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەبرێت ئەدەب و چەشنە ئەدەبییەکان بووە. لێرەوە پێناسەی ئەدەب ڕوندەکرێتەوە بەوەی کە ئەو بەرهەمە کار لەسەر چی دەکات و ئامانجە بنەڕەتییەکەی چییە، دیارە لێرەدا مەبەست لە ((ئەدەبی داهێنانە لێکۆڵینەوە لەم بابەتانە بەشێکی ئەدەبناسییە و دەبێتە هۆی پێناسەکردنی ئەو زاراوە و زانینی سەرچاوە و بنەوانیان و ڕەوت و پرۆسەی دروستبونیان دەگرێتەوە)) (محەمەد، ٢٠٠٨: ١٥).

زاراوەی ئەدەب لە زمانی کوردیدا جگە لە خودی وشەی ئەدەب، وێژە بەکاردەهێنریت (( لە زمانی فارسیدا هەمان ئەو زاراوە عەرەبییەی بۆ بەکاردەهێنرێت کە عەرەبەکان بەکاریان هێناوە و هاوتایە لەگەڵ (Literature) ی ئینگلیزی و (Belles–Lettres)ی فەرەنسی))(حوسێن، نازم،٢٠٢٠: ٢٠). کرۆکی ئەم زاراوانە گوزارشت لەو دەربڕاوانە دەکات کە لەکۆنەستی نوسەرەکەیەوە هەڵقوڵاوە، بۆیە دەگوترێت ((ئەدەب چالاکییەکی زەوقیی و بەرجەستەکردنێکی بیر و هەستەکانی مرۆڤە، هەندێکجار دەگوترێت ئەدەب ئیلهام و سروشتێکە لەبارەی سروشت و ژیانی مرۆڤەوە))(ضیف، ١٣٦٢: ١٣).

ئەدەب بەرهەمی هەڵقوڵاوی ناخی دانەرەکەیەتی و ((هەستێکە کوت و پڕە نوسەر وەری دەگرێت و دەریدەبڕێت، ئەدەب تایبەتە بەو پارچە نوسینە هێزدارە، یا ئەو هۆنراوە توند و تیژە کە لە ناخی دەرونی خاوەنەکەیەوە سۆزێکی هەڵچو پاڵی داوە و دروستی کردووە))(گەردی، ١٩٧٤: ٤)، ئەمە بەو واتایە دێت کە ئەدەب بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤە و لەسەرەتای دروستبونی ئادەمیزادەوە هەر هەبووە .

ئەدەب و کۆمەڵگا هەمیشە وابەستەی یەکترن بۆیە کاتێک پێناسەی ئەدەب دێتە گۆڕێ ڕاستەوخۆ باسی کۆمەڵگاش دێتە ئاراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ((پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگا پەیوەندییەکی لە مێژینەیە و هەر ئەمەشە وایکردووە کە ئەدەب بە ئاوێنەی دەرخستنی نهێنییە شاراوەکانی کۆمەڵگا دابنرێت))(مەجید و محمود، ٢٠٢١: ٤٠). هەر لەبەر گرنگی ئەدەب و لێکۆڵینەوە لێی، چەندین میتۆدی جۆراو جۆر هاتونەتە ئاراوە.

ئەدەب گوزارشت لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەکات، بۆیە بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، چ خوێندەوار و بەسەواد بێت یاخود نەخوێندەوار، ئەم پەیوەندییە لەڕێگەی بەرهەمی نوسراو، یاخود بینراو و بیستراوەوە ڕو دەدات، بۆیە نوسەرانی ئەم بوارە هەوڵدەدەن ڕەنگرێژی واقعێکی کۆمەڵگابن هەوڵبدەن لەڕێگەی ئەدەبەوە هەمو بەها کۆمەڵاتییە جوانەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ مرۆڤ بگێڕنەوە. هەروەکو چۆن ڕێکەوت و ئاکارە جوانەکان وەکو تویەکی چاکەکاری لەناخی مرۆڤەکاندا بچێنن، ئەدەب گوزارشت لەو سەردەمە دەکات، کە تێیدا دەژین و وێنەیەکی واقعی جوان نیشانی دەوروبەرەکەی دەدات، لە هەمانکاتدا هەوڵی گێڕانەوەی ئومێد لەناخی تاکەکانی کۆمەڵگادا دەدات و هەمیشە وا لە مرۆڤ دەکات، کە بە هیوا و ئومێدەوە لە ژیان بڕوانێت. تەواوی ئازادیەکان، کە بۆ پاراستنی بەهاکانی مرۆڤە بپارێزێت. ((ئەدەب هەستێکی نازکە لە پەردەکانی دڵەوە سەرهەڵدەدات، یاخود هەستێکە کتوپڕە نوسەر وەری ئەگرێ و دەری ئەبڕێ))(گەردی، ١٩٧٤: ٢١) ئەدەب پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەدڵەوە هەیە و هەمیشە ئەدەب، لە دڵی کەسەکانەوە پەروەردە دەبێت، چونکە دڵی مرۆڤ پەیوەندی پتەوی بەهەستەکانەوە هەیە و لەو ڕێگەیەشەوە زیاتر درکی پێ دەکرێت.

لە ناساندن و خستنەڕوی چەشنە ئەدەبییەکاندا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ئەو باس و خواستانەی کە لە بارەی ئەدەبیاتەوە خراونەتەڕو، بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت سود لە تیۆر و بۆچونەکانی فەیلەسوفانی یۆنانی وەربگرین، لە دیارترینی ئەو فەیلەسوفانەی کە لەبارەی ئەدەبیاتەوە دوواون ئەفلاتون و ئەرستۆ) بون، ئەگەرچی بۆچونی تەواو جیاوازیان هەبووە لەیەکتر و لەبارەی شیعر و ئەدەبیاتەوە، بەڵام سەرچاوەیەکی باشن بۆ دەوڵەمەندکردن و ناساندنێکی کورت و پوختی ئەدەبیات، لەلایەکی دیکەشەوە بەکۆنترینی ئەو سەرچاوانە دادەنرێن، کە لەبارەی ئەدەبیاتەوە خرابێتەڕو، (ئەفلاتۆن) لە بارەی ئەدەب و شیعرەوە ڕای وایەکە: ((ئەدەب وەکو بەشێکی هونەر بە لاسایی کردنەوە لە قەڵەم دەدرێت، ئەویش بە لاسایی کردنەوەی سەقەت و دوو هەنگاو دور لە ڕاستی))(دەشتی، ٢٠٠٣: ٢١).

ئەفلاتون  هەمیشە دژایەتی ئەدیبان و شاعیرانی کردووە. بە درۆزن و لاسای کەرەوەی سروشتی داناون. چونکە ڕای وایە، کە ئەدەب وێنەی ژیانێکی دیکە دەکێشێت و دوبارە کردنەوە و لاسایکردنەوە زیاتر هیچی دیکە نییە، ئەمە بەو واتایە دێت کە ئەدیبان  لاسایی ئەو شتانە دەکەنەوە کە هەن، بەمەش چەند هەنگاوێك لە ڕاستی دور  دەکەونەوە، بەڵام ئەم بۆچونە دەکرێت ڕێکبکرێتەوە و ڕەخنەی لێبگیرێت، لەبەرئەوەی ئەدەبیات تەنیا لاسایکردنەوەی سروشت نییە، بەڵکو داهێنانە لەسروشت  و تەنانەت شتە نەبینراوەکان دەکات، بۆ نمونە شاعیرێك، یاخود چیرۆکنوسێك، یان ڕۆماننوسێك کاتێك بەرهەمێك دەنوسێت هەست بە سروشتی دەوروبەری دەکات، یاخود دەوروبەر کاری لێدەکات، کەچی بە پێچەوانەی ئەو بابەتەی کە کاریتێکردووە بەرهەمەکەی دەنوسێت، هەندێکجار خۆی لە خەیاڵدا شتێك بنیاد دەنێت و کە هەرگیز لەسروشت و دەوروبەریدا درکی پێنەکراوە و بونی نەبووە، بۆیە دەکرێت بڵێین مەرج نییە هەمو بەرهەمێکی ئەدەبی لاسایی کردنەوەبێت، لەم بارەیەوە ڕەخنەگری فەرەنسی (سانت بیڤ) لەناساندنی ئەدیب یاخود نوسەردا دەڵێت: ((ئەو کەسەیە، کە تێدەکۆشێت و هەوڵ دەدات بۆ پەرەپێدان لەڕێگای سامانی زەینیەوە، ڕێگا تەخت دەکات تا پێی بچێتە پێشەوە، هەر ئەو کەسەشە، کە ڕاستەقینەی ئەدەب، لە دڵی ئادەمیزاد دا دەچێتە خوارەوە و ئەو سۆزە لەناخەوە دەردەهێنێ و بڵاوی دەکاتەوە))(گەردی، ١٩٧٤: ٨٧).

ئەدەب بەشێوازێکی گشتی گوزارشت لە ناخی مرۆڤ دەکات. مرۆڤ  هەوڵدەدات هەست و سۆزی خۆیی لەڕێگەی ئەدەبەوە بەرامبەر شتەکانی دەوروبەری دەرببڕێت، هەروەها ئەدیب هەوڵی تێگەیاندن و پێگەیاندنی مرۆڤ دەدات. هەوڵدەدات لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت و داهێنانی تێدا ئەنجام بدات. دیارە ئەدەب لەسەر چەند پایەیەکی گرنگ بنیاتنراوە لەدیارترین ئەو پایانە بریتین لە:-

## ١_٢_ پایەکانی ئەدەب.

پایەکانی ئەدەب بەبەشێکی گرنگی بابەتی ئەدەبی دادەنرێن، کە دەبێت لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیدا ڕۆڵیان لە بەرچاو بگیرێت، چونکە ئەدەب لە سەربنەمای ئەو پایانە بنیاتنراون، ئەگەر یەکێک لەو پایانە لە دەقی ئەدەبیدا نەبێت، ئەوە دەقەکە ناکامڵ و ناتەواو دەبێت، پایەکانی ئەدەبیش خۆیان لە چەند بابەتێکدا دەبیننەوە لە دیارترینیان:-

## ١_٢_١_ مێژوی ئەدەب: ((History of Literature))

مێژوی ئەدەب بە یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی ئەدەب دادەنرێت و بەبێ بونی ئەم پایە، هەر لێکۆڵینەوەیەك، لەهەر بابەتێکدا بکرێت، کارەکە سەخت و دژوار دەبێت و ڕوبەڕوی کۆمەڵێك هەڵە و کەموکوڕی دەبێتەوە، ئەمەش وا دەکات، کە لێکۆڵینەوەکە سەرکەوتو نەبێت و ئامانجی خۆی نەپێکێت، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە وا دەخوازێت مێژوی دەقەکە و مێژوی نوسەر لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەمەش ئەو میتۆدە دەخوازێت کە لێکۆڵینەوەکە پێ ئەنجام دەدرێت. ژان ژاك ئەمپێر دەڵێت: ((ئەو لێکۆڵینەوانەی بەبێ مێژوی ئەدەب دەکرێن زۆربەیان نیوەچڵ و ناتەواون))(حسێن و نازم و سالح، ٢٠٢١: ١٦١). ئەم بۆچونە بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە گونجاون کە پێویستە بارودۆخی مێژوی دەقەکە لەبەرچاو بگیردرێت، چونکە هەندێک میتۆدی هاوچەرخ هاتونەتە ئاراوە کە گرنکی بەمێژوی دەق نادەن و مەرگی نوسەر ڕادەگەیەنن. بەتایبەت میتۆدی بونیادگەریی و هێرمۆنەتیکا.

مێژوی ئەدەب، لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، چونکە دەبێتە هۆکاری  کامڵ بونی تەواوی بابەتەکە، لەلایەکی دیکەوە هەمو بابەت و دەق و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان دور  دەخاتەوە لە هەڵەی بابەتی و مێژویی، لەبەرئەوەی مێژوی ئەدەب ڕێگری دەکات لەوەی کە هەڵە مێژوی و مەنهەجییەکان بە شێوازێکی ناتەواو و هەڵەوە تێپەڕێت، کەوایە دەکرێت بە پارێزەری لێکۆڵینەوەکان دابنرێت لە ڕاستیی بەرهەم و مێژوی بەرهەمە ئەدەبییەکان. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم پایەیەی ئەدەب بریتییە لە ((نوسینەوەی مێژوی پێشکەوتن یان دیاریکردن و پۆلێنکردنی قۆناغە جیاوازەکانی نەتەوەیەک، دواتر دەبێتە هۆی نوسینەوەی بابەتێک لە مێژوی ئەدەبی جیهانی، چونکە یەکێک لە چەمکەکانی ئەدەبی جیهانی، بریتییە لە کۆی گشتی ئەدەبی نوسراو یان زارەکی میللەتە جیاوازەکانی جیهان))(حوسێن، نازم، ٢٠٢٠: ١٣).

مێژوی ئەدەب بریتییە لە: ((لێکۆڵینەوە لە بازنەی مێژودا یان لە ڕوانگەی مێژوییەوە، لە ئەدەب و دەقی ئەدەبی دەڕوانێت، وەك پەیوەندی ئەدیب بە سەردەمەکەیەوە، مێژوی بەرهەمەکان، ڕادەی کاریگەری ئەدەب لەسەر ئەو قۆناغە مێژوییەی، کەتێیدا سەریهەڵداوە، کاریگەری قۆناغی مێژو لەسەر ئەدیب و بەرهەمەکەی یان باسکردنی لە ژیاننامەی ئەدیب))(ئەبوبەکر، ٢٠٠٧: ٢٤). مێژوی ئەدەب کار لەسەر ڕونکردنەوەی هەمو ئەو بەرهەم و بابەتانە دەکات، کە پەیوەندی بە ئەدەبی میللەتێکی دیاریکراوەوە هەیە، لێرەوە دەردەکەوێت، کە هەر میللەتێك مێژویەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بەمێژوی نەتەوەیی دەناسرێت، لەلایەکی

تریشەوە مێژوی ئەدەب دەبێتە هۆی پاراستنی هەمو ئەو سامانە ئەدەبیانەی، کە میللەتێك خاوەنداری لێدەکات، لێرەوە لێکۆڵینەوە لەئەدەب و مێژوی ئەدەب ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆیان وەردەگرن.

## ١_٢_٢_ تیۆری ئەدەب ((Theory of Literature))

تیۆری ئەدەب، بە یەکێکی تر، لە پایە سەرەکییەکانی ئەدەب دادەنرێت، هەروەکو چۆن بەبێ مێژوی ئەدەب لێکۆڵینەوەی ئەدەبی توشی گرفت و کەموکوڕی دەبێتەوە، بەهەمان شێوەش بەبێ بونی تیۆری ئەدەب ناتوانرێت لێکۆڵینەوەیەکی بێ کەموکوڕی و کێشە بە ئەنجام بگەیەنرێت، چونکە لە بنەماکانی ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەدەب دەکۆڵێتەوە، لەبەرئەوە تیۆری ئەدەب: ((زانستێکە دەربارەی جۆر و شێوەی هونەرمەندانە، ڕێگەکانی دەربڕینیان و پێش هەمو شت، لە یاسا گشتییەکانی گەشەسەندنی ئەدەبیاتی هونەرمەندانە و خاسیەت و سروشتی کۆمەڵایەتی و ئەرکی کۆمەلایەتی و شێوە و پەیوەندی ئەدەبیاندا لەگەڵ ژیاندا دەدوێت))(ڕەسوڵ، ١٩٧٩: ٤)

تیۆری ئەدەبی: (کۆمەڵە یاسا و دەستورێکە کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکە بەرهەم هاتون هەوڵدەدات شیکردنەوەیەک بۆ دەقە ئەدەبییەکان بکات، واتا ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو دەقە لەڕوانگەی جوانیناسییەوە ڕون بکاتەوە))(حوسێن، ٢٠٢٠: ٣٣). تیۆری ئەدەب لقێکە لە ئەدەب، بۆیە بەهاوکاری هونەرەکانی دیکەی ئەدەب و بۆ کارئاسانی خۆی سود لە پایەکانی دیکەی ئەدەب وەردەگرێت، بۆ چالاکبون لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا.

تیۆری ئەدەب، لە هەمو بنەماکانی ئەرکی ئەدەب و سروشتی ئەدەب دەکۆڵێتەوە، لەلایەکی ترەوە ئەم پەیوەندییە تەنیا لەگەڵ ئەدەب نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی بەسەر زانستەکانی تری وەکو فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەرونناسی و مێژودا هەیە، بەشێوەیەکی گشتی تیۆری ئەدەب بریتییە لە: ((کۆمەلە بیر و بۆچونێکی بەهێز و ڕێکخراو قوڵ و پێکەوە گرێدراوە، کە پشت بەستووە بە تیۆرێك لە بوارێکی زانیاری یان فەلسەفی دیاریکراودا کاردەکات و بایەخ بە توێژینەوە، لە گەشە و سروشت و ئەرکی ئەدەب دەدات))(ئەبوبەکر، ٢٠٠٧: ٢٦). ئەرکی تیۆری ئەدەب بەرانبەر بە ئەدەب و زانستەکانی تر چییە، چونکە لەسەر بنەمای تیۆرێکی دیاریکراو کار لەگەڵ دەقەکان دەکات و لەسەر بنەمای زانیاری هەوڵدەدات گەشە بکات و لەئەرکی ئەدەب بکۆڵێتەوە.

مێژوی ئەدەب و تیۆری ئەدەب، لەپاڵ ڕەخنەی ئەدەبیدا، دەبنە سێ لقی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، واتە هەریەك لەمانە لقێکن، کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەدەن، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە و سنوری جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەیە، هیچ یەکێ،

لەمانە بەبێ باسکردنی ئەوی تر لێکۆڵینەوەیەکی باش بنیاد نانێت، هەروەك چۆن ناتوانرێت، بەبێ ڕەخنەی ئەدەبی و مێژوی ئەدەبی وێنای تیۆری ئەدەبی بکرێت، بەپێچەوانەشەوە بۆ هەر یەکێکیشیان ئەمە دروستە. لێرەدا لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر ڕەخنەی ئەدەبییە، هەر بۆیە بە کورتی باسی مێژوی ئەدەب و تیۆری ئەدەبیمان خستۆتە ڕو.

## ١_ ٢_ ٣_ ڕەخنەی ئەدەبی

### ١_٢_٣_١_ زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی

زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی مێژویەکی کۆنی هەیە وەک زۆربەی زاراوەکانی تر، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن، کە مەبەست لە یۆنانی کۆن فەلسەفە و فەیلەسوفانی یۆنانە، گەر سەیری زۆربەی زانستەکانی تریش بکرێت، دەبینرێت سەرچاوەی زاراوەکەیان دەگەڕێتەوە، بۆ یۆنانییەکان، بەواتایەکی تر زاراوەی ڕەخنە: ((زاراوەیەکی ئەوروپییە لە زاراوەی((Criticismەوە هاتووە، ئەم زاراوەیە ئینگلیزییە و لە سەدەی حەڤدەهەم پەیدا بووە، ڕەگی ئەم زاراوەیە بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، ئەم وشەیە، لە بنەڕەتدا لە وشەی (Critic) کە بەواتای دەرکردنی بڕیارێك دێت، ئەمانە زاراوەی یۆنانی و لەسەدەی چواری پێش زایینەوە هاتون ))(مەنتك: ٢٠١٨: ٩)، کەواتە، ئەم زاراوەیە مێژوەکەی بۆ سەردەمی یۆنانیەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕابردوودا زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی ئەو واتا فراوانەی ئێستای نەبووە، کە لە ڕابردوو بە واتای دەرکردنی بڕیارێك هاتووە، هەروەها (ئەرستۆ) سەبارەت بە زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی دەڵێت: ((وشەی (Critics) بەواتای پێوانە بۆ بڕیارێکی نوێ دێت، کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم ئەم زاراوەیە لەگەڵ بڵاوبونەوەی وتارێك لە بارەی ڕەخنەی ئەلێکساندەر پۆپ بەتەواوی چەسپا ))(ئەرستۆ، ٢٠٢٣: ٤٤ )

هەروەها زاراوەی ڕەخنە واتا و واتای دیکەشی هەیە و دەکرێت بوترێت:(( زاراوەی ڕەخنە (Meta-Criticism) واتای ڕۆشنبیری خوێنەر، یاخود خوێندنەوەی خوێندنەوە، وشەی یەکەم (Meta) بەواتای ئەودیو یان دژ دێت، وشەی دووەم بە واتای ڕەخنە دێت، کەواتە دەبێتە ئەودیو ڕەخنە یان دژە ڕەخنە)(پێشو: ٤٤). لەلایەکی ترەوە (کامل حسن بەصیر) سەبارەت بە زاراوەی ڕەخنە دەڵێت: ((وشەی ڕەخنە لە ( Kritike) )ی گریکییەکانەوە هاتووە، کە لە بنچینەدا، بە واتای شیکردنەوەو گفتوگۆی شتێك دێت، بەمەش کار بۆ دەرخستنی لایەنی باش و خراپ دەکات))(بصیر، ١٩٩٠: ٤١).

ڕەخنەی ئەدەبی پرۆسەیەکی شیکاری و مەعریفییە، بۆ شیتەڵکردنی دەقێکی ئەدەبی، بەمەبەستی دەرخستنی لایەنە باش و خراپەکانی و نرخ پێدانی دەقی ئەدەبیمان لەلایەن ڕەخنە گرەوە بۆ دەردەخات. ((دەستنیشانکردنی خاڵە ئەرێنی و نەرێنی بەرهەمە ئەدەبییەکان و پاشان دەرخستنی هەردوو خاڵەکەیە، لەو بەرهەمەدا))(لاواند، ٢٠٢٣: ٤).

زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی بەواتای جۆراو جۆر لەناو گەل و نەتەوە جیاجیاکان بڵاو بۆتەوە و سنوری نێوان وڵاتانی بریووە، لە هەر وڵاتێکدا مۆرکی وڵاتەکەی وەرگرتووە و بۆ واتا و مەبەستێکی دیاریکراو بەکاربراوە، بۆنمونە لە زمانی عەرەبیدا بەمەبەستی ((سەرزەنشتکردن و داشۆرین بەکارهاتووە، جگە لەمەش بەواتای جیاکردنەوەی پارەی قەڵب لەپارەی تەواویش بەکارهاتووە ))(ئامێدی، ١٩٨٩: ١١) بۆچونی چیاواز لەسەر ئەم ڕایە هەیە کە وای دەبینێت ((ڕەخنەی ئەدەبی نەستایشکردنە و نە داشۆرین، بەڵکو چالاکییەکە لەسەر خوێندنەوەیەکی زیرەکانەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان و وەسفکردن و شیکردنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم بەرهەمانە کە بونیادنراون، چالاکییەکی لەم جۆرەش هەڵبەتە بەپشتیوانی ناسینی تایبەتمەندییە هونەرییەکان و شارەزایی و ڕۆشنبیری و چێژی ڕەخنەگر فەراهەم دەبێت))(ئیمامی: ٢٠١٨: ٢٣).

زاراوەی ڕەخنە، لە ئەدەبی عەرەبیدا بەبەراورد بە واتای یۆنانییەکە تەواو جیاوازە و واتایەکی تریان بۆ ئەم زاراوەیە داتاشیوە، کە ئەمەش فراوانی زاراوەکە دەردەخات، لە چوارچێوە و سنورێکی دیاریکراودا، لەلایەکی ترەوە، زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی لە زمانی فارسیدا بەمەبەستی ناسینی جوانی و ناشیرینی وشە بەکارهاتووە، بەهەمان ئەو مەبەستەی کە ئەمڕۆ لە ئەدەبی ئەوروپیدا بەکاردێت))(پێشو: ١١)، لە زمانی فارسیشدا لێکۆڵەر و نوسەران، کار لەسەر جوانی و ناشیرینی دەقەکان دەکەن، بۆ ئەوەی چێژ بە خوێنەر ببەخشن، لەڕێگەی جوانی دەقەکانەوە.

هەروەها زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی، لە زمانی کوردیشدا، بەراورد بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی تازەیە و دەکرێت، هەر لە ئەوانەوە واتای وەرگرتبێت، چونکە هەندێ لە پسپۆڕانی کورد، لەو مەیدانەدا پێیان وایە: ((زاراوەی ڕەخنەسازی زانست و هونەرێکی لێکدراوە، کە بەهۆی دەستورەکانی و توانای تایبەتی و چەشەی ئەنجام دەرەکەیەوە تێکستی ئەدەبی خراپ لە تێکستی ئەدەبی باش جیابکرێتەوە)) (ئامێدی، ١٩٨٩: ١١). زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی، لە زمانی کوردیدا بەواتای باش و خراپ دێت و ڕەخنەگر، لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەم

زاراوەیە، بۆ مەبەستی جیاکردنەوەی دەقی باش لە دەقی خراپ بەکاردێنێت و لەسەر ئەو بنەمایە بڕیار دەدات.

بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی ڕەخنە، لەناو گەل و میللەتە جیاوازەکاندا واتا و مەبەستی جۆراوجۆری وەرگرتووە و هەر میللەتە و واتایەکی بۆ ئەم زاراوەیە داتاشیوە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەموویان لە چوارچێوە و سنورێکی دیاریکراودا دەسوڕێنەوە و بەگشتی ئەم زاراوەیە لەناو هەموو زمانە جیاوازەکاندا بڵاوبۆتەوە، مۆرکی ئەم زاراوانەی وەرگرتووە، کەنەتەوە جیاوازەکان، پێیدەدوێن.

## ١_٢_٣_٢_ پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی

ڕەخنەی ئەدەبی یەکێکە لەپایە سەرەکییەکانی ناو ئەدەبیات بەگشتی، ئەدەبیات بەبێ ڕەخنەی ئەدەبی کامل نابێت و ناتوانێت دەقێکی کامل و بێ گیر و گرفت بێنێتە کایەوە، هەر بۆیە ئەدەبیات ناسان زۆر بە گرنگییەوە دەڕواننە ئەم پایە سەرەکیەی ئەدەب، کە ڕەخنەی ئەدەبی، لەلایەکی ترەوە ڕەخنەی ئەدەبی پرۆسەیەکی شیکاری گرنگی دەقە ئەدەبییەکانە بەگشتی، چونکە لەپاڵ هەریەك، لە مێژوی ئەدەب و تیۆری ئەدەبیدا چوارچێوەیەکی گرنگ بۆ ئەدەب دروست دەکەن و لێکۆڵینەوی لەسەر دەکەن، ڕەخنەی ئەدەبی چالاکییەکی بێلایەنە و ((کارێکی خاوەن بەرنامەیە کە هەوڵی ئەوە دەدا بەرهەمێکی ئەدەبی بخوێنێتەوە و لێکی بداتەوە و ڕاڤەی بکات و هەڵیبسەنگێنێ)) (برێسلێر،٢٠٠٢: ٢١).

ڕەخنەی ئەدەبی ((بریتییە لە توێژینەوە و بڕیاردان لەسەر کارە ئەدەبییەکان، هونەری جیاکردنەوەی شێوازە ئەدەبییەکان و شرۆڤەکردن و ڕاڤەکردنیان)) (قادر، ٢٠٢٣: ٦٠). لەناو ئەدەبیاتی گەلاندا بەگشتی، زۆر بە گرنگییەوە دەڕواننە ئەو سێ لقەی زانستی ئەدەبی، چونکە ئەو سێ لقە، زنجیرە کردارێکە، بۆ تەواوکردنی یەکتر و کامڵبونی تێکستە ئەدەبییەکان، ئەمەش وا دەکات، کە ببێتە هۆی ژانی لە دایکبونی دەقێکی، لە قاڵب دراو و بێ خەوش و بێ کەموکوڕی و هاتنە دونیای دەقێکی سودبەخش بۆ کۆمەڵگە، کەواتە ((ڕەخنە ئەو لقەی لێکۆڵینەوەیە کە پەیوەندی بە پێناسەکردن و پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی ئەدەبەوە هەیە. بە بنیادنانی زنجیرەیەک زاراوەی پێکەوە بەستو، جیاکردنەوەکان و گروپکردنەکان دەبێ دابنرێن و بەکاربهێنرێن لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بەرهەمەکانی ئەدەبدا)) (قەرەداغی، ٢٠٠١: ٧).

ڕەخنەی ئەدەبی، یەکێکە لەو لقە بەر فراوانانەی ئەدەبیات بە گشتی و لەهەمانکاتیشدا لەبەر فراوانییەکەی بیر و بۆچونی جۆراوجۆر لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی هاتۆتە ئاراوە، هەریەکە بە

جۆرێك لە چوارچێوەیەكی دیاریكراودا، بۆچونی خۆی، لەسەر ئەم چەمكە خستۆتەڕو و ناساندویەتی، بەڵام هەموی لە چوارچێوەیەكی گشتیدا خۆی دەبینێتەوە، كە بریتییە، لە هەڵسەنگاندنی دەقێكی ئەدەبی، بۆ نمونە (ماتیۆئارنۆڵد Mathew Arnold (1822 – 1888) یەكێكە لە ڕەخنە گرەكان، بەم جۆرە پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی دەكات و دەڵێت: ((ڕەخنەی ئەدەبی هەوڵێكی بێ لایەنەیە بۆ فێربون و برەودان بە باشترین بابەتێك، كە لە جیهان دەناسرێت و دەزانرێت))(برێسلێری،٢٠٠٢: ٢٥).

ڕەخنەگری ئەدەبی بۆ ئەوەی دەقێكی كامڵ و بەهێز بێنێتە كایەوە، دەبێت بێ لایەنانە و زانستی و بابەتیانە هەڵسەنگاندن بۆ دەقێكی ئەدەبی بكات، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە جێگاو ڕێگای خۆی بگرێت و ببێتە دەقێكی سود بەخش بۆ كۆمەڵگە. هەروەها ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە:(( هونەری هەڵسەنگاندن و شیكردنەوەی كارە ئەدەبی و هونەرییەكان، لەسەر بنەمایەكی زانستی، یاخود پشكنینی زانستیانەی دەقە ئەدەبییەكانە، لەڕوی سەرچاوەكانیەوە و ڕاستی ناوەڕۆك و سەرهەڵدانیەوە، یاخود لە ڕوی سیفەتەكان و مێژووە كەیەوە)) (خەلیل: ٢٠١٧: ١٢).

فۆكۆ لە دوو ئاراستەوە تەماشای ڕەخنە دەكات، نرخاندن، یاخود ڕەخنە criticism بە واتا فەرەنسییەكەی بەكاری دەهێنێت، ڕای وایە: ((ڕەخنە لە واتا یەكەمەكەیدا واتا هەڵسەنگاندن بە پێوەری عەقڵی پەتی دەگەیەنێت، بەڵام لە واتا دووەمەكەیدا سەرەڕای واتای یەكەم واتای لۆمەكردن و سەرزەنیشت كردنیش دەگەیەنێت)) (فۆكۆ، ٢٠١٤: ١٠).

ڕەخنەی ئەدەبی ئەركە، ئەركی ڕەخنەش، شیكردنەوە و لێكدانەوەی دەقی ئەدەبییە، بەر لە حوكمدان و بڕیاردان، لەسەر دەقی باش و خراپ، لە هەمانكاتیشدا دڵنیا بونەوەیە، لە ڕاستی و دروستی دەقە ئەدەبییەكان، لەڕوی مێژوییەوە، دواتر هەڵسەنگاندنێكی زانستیانەیە بۆ دەقەكە. لەلایەكی ترەوە ڕەخنەی ئەدەبی ((پرۆسەیەكی هونەرییە بۆ توێژینەوە، لە دەقێكی ئەدەبی، توێژینەوەیەكی جوانناسانەیە، بۆ ڕونكردنەوە و ڕاڤەكردنی دەق، هەوڵێكە بۆ كردنەوەی كۆدەكانی ناو دەق)) (مەنتك، ٢٠١٨: ٩) ڕەخنەی ئەدەبی پرۆسەیەكی جوانكارییە، كە لە ئەنجامی شیكردنەوەی دەقە ئەدەبییەكان دێتە ئاراوە بەمەبەستی نەهێشتنی كۆسب و تەگەرەكانی بەردەم دەقەكە، بۆیە دەبینین، ڕەخنەی ئەدەبی دەبێتە دەرخستنی لایەنە شاراوەكانی ناو دەقەكە و بە خوێنەریان ئاشنا دەكات. هەر سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی احمد بردی دەڵێت: ((ڕەخنەی ئەدەبی بەو بەرهەمە ئەدەبییانە، یان بەو وتار و تێبینیانە دەوترێت، كە لەبارەی سەرنجی بەرژەوەندی كۆمەڵایەتی سەردەمەوە، بۆ نرخ پێدان و جیاكردنەوە و لێكدانەوەی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی تەرخانكراون)) (بدوی، ١٩٦٤: ١٠١) بە تێڕامان لەو پێناسەیە ئەوە

ڕوندەبێتەوە، کە ئەو سەردەم و ڕۆژگارەی، کە دەقێکی ئەدەبی تێدا دەنوسرێت، لەگەڵ بەرژەوەندی و پێویستییەکانی لایەنی کۆمەڵایەتییەکانییەوە، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی دەقێکی ئەدەبی، هەروەها ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە: ((زانست و هونەرێکی لێکدراو، کە بەهۆی دەستور و توانای تایبەتی و چەشەی ئەنجامدەرەکەیەوە، کە ڕەخنەگرە، دەتوانرێت، بەرهەمی ئەدەبی چاك، لەبەرهەمی ئەدەبی خراپ جیابکاتەوە و واتای ڕاست و ناڕاستی، ئەو شوێنانەی هەڵەن بەو هۆیەوە بدۆزرێنەوە )) (القلماوی، ١٩٨٠: ١٨) ڕەخنە هەم زانستەو هەم هونەر، کە لە کۆمەڵێك دەستور و یاسا پێکهاتووە، بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی دەقێکی ئەدەبی، واتە: ڕەخنەگر دەبێت کۆمەڵێك یاسا و دەستوری لەبەردەستدا بێت، بۆئەوەی بتوانێت لایەنەکانی دەقەکە، کەخۆی لەباش و خراپدا دەبینێت جیابکاتەوە، لەهەمانکاتیشدا چارەسەر بۆ هەڵەکانی دابنێت.

بەشێوەیەکی گشتی، گەر سەیری هەمو ئەو پێناسانە بکرێت، کە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کراوە، هەمویان، لە چوارچێوە و سنورێکی دیاریکراودا دەسوڕێنەوە، هەمو بۆچونەکان شێوە هاوبەشێکیان پێوە دیارە، کە ئەوانیش هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبییە، لە هەنگاوی یەکەمدا و دواتریش جیاکردنەوەی دەقە باش و خراپەکانە، لە هەموشی گرنگترئەوەیە لە ناو پرۆسەی ڕەخنە ئەدەبیدا، دبێت بەگرنگیەوە، سەیری ئەو یاسا و دەستورانە دەکرێت، کە پرۆسەی ڕەخنەی لەسەر بونیاد نراوە، چونکە ناکرێت سەربەخۆ بڕیار لەسەر هیچ دەقێکی ئەدەبی بدرێت، بە پێی ئەو یاسا و دەستور انەی کە بۆ ئەم پرۆسەیە هەیە.

نابێت رۆڵی ڕەخنەگران لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا لە بیربچێت، چونکە ڕەخنەگر ڕۆڵێکی کارای هەیە، بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆسەیە، بەشێوەیەکی گشتی، کەواتە ڕەخنەگر: ((ئەو کەسەیە کە بەرهەمی ئەدەبی یاخود هونەری یان مۆسیقی دەنرخێنێ و هەڵەکان دەدۆزێتەوە)) (ئامێدی: ١١). ڕەخنە ڕۆڵێکی دیاری لە پێشخستنی شیعر و ئەدەبیاتدا هەیە، چونکە ((ڕەخنەگر بەشێوازێکی تایبەتی خۆی، کار لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکات، یاخود ڕەخنەگر، ئەو کەسەیە بەڕێگایەکی تایبەت دەست بە شرۆڤەکردنی دەقی ئەدەبی دەکات))(زێباری، ٢٠١٧: ٢٧) لێرەوە واتا و نیشانە و تایبەتمەندی نوێ لە دەقەکە دەردەهێنێت.

ڕەخنەگر بەو کەسە دەگوترێت کە بەرهەمی ئەدەبی هەڵدەسەنگێنێت و بەهای هونەرییەکەی دیاری دەکات ،کەواتە پرۆسەی ڕەخنە لەلایەن ڕەخنەگرەوە بەهاکەی دیاری دەکرێت، دیاریکردنی ئەو بەهایەش، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا دەبێت، کە پێویستە ڕەخنەگر پێیانەوە پابەندبێت، چونکە ئەگەر ڕەخنەگری ئەدەبی پابەند نەبێت، بە کۆمەڵێك یاسا و

ڕێساوە و لەکاتی هەڵسەنگاندنی هەر دەقێکی ئەدەبیدا بابەتیانە و زانستیانە بڕیار نەدات و دور نەکەوێتەوە لەلایەنگیری و پەنجە نەخاتە سەر برینەکان، ئەوا دەقی ئەدەبی بەلاڕێدا دەبرێت و دەقێکی ناکامل و ناتەواو، لەدایك دەبێت و لایەنی باشە و خراپەی دەقەکەی بۆ دیاری ناکرێت، ئەمەش دەبێتە گرفتێکی گەورە بۆ بەردەم دەقی ئەدەبی، چونکە ڕەخنەگر دەبێت ڕەخنەکانی ئەکادیمی بن و پشت بە کۆمەڵێك سەرچاوەی باوەڕپێکراو ببەستێت بۆ ڕاستی و دروستی شیکردنەوەکانی.

## ١_٢_٣_٢_١_ ڕەخنەی ڕەخنە

ڕەخنەی ڕەخنە، یەکێکە لە بابەتەکانی ناو ڕەخنەی ئەدەبی، مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، کار لەسەر دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی ئەو دەقانە دەکات،کە ڕەخنەیان لێگیراوە، جارێکی تر ڕەخنە، لە ڕەخنە دەگرێتەوە، هەڵبەتە ڕەخنەی ڕەخنە وەکو بابەتێك بابەتێکی تازەیە و مێژویەکی دورو درێژی نییە، لەناو ئەدەبی کوردیدا و بەشێوەیەکی بەرفراوان کاری لەسەر نەکراوە، دەکرێت بوترێت ڕەخنەی ڕەخنە ((لەنێوان ساڵانی (1991 – 1999) دیاردەی نوسینی ڕەخنەیی لە چوارچێوەی زانینە ڕوکەشەکەیدا، بەشێوەیەکی تاك و تەرا نەبێت دەرنەکەوتووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا، سیمایەکی گەشەکردنی هەست و هۆشمەندی ڕەخنەی لای نوسەری ڕەخنەگری کوردی دەخاتە ڕوو ))(محەمەد، ٢٠٠٥: ٨١).

بونی ڕەخنەی ڕەخنە، لای نوسەر و ڕەخنەگرانی کورد بەهای خۆی هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەکانێك بدات بەبەرەو پێشبردنی ڕەخنەی ئەدەبی و دەقی ئەدەبی، چونکە ڕەخنەی ڕەخنە دڵنیایی زیاتر و ڕاستی زۆرتر دەداتە خوێنەر، وەکو بەهایەکی مەعنەوی بۆ دەقەکە دەڕوانێت و نرخی پێدەدات، لەلایەکی ترەوە هەر لەسەر بابەتی مێژویی درەنگ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ڕەخنە لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی سەرەتای سەدەی بیستەم بەسەرەتایەکی باشی بەرەو پێشچونی ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرێت، بەتایبەتی دەرکەوتنی ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، دوای ئەوە چەمکێکی تر بەناوی ڕەخنەی ڕەخنە پەیدا دەبێت کە لە هەناو و منداڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی دێتە ئاراوە، بە تەواوی لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا کارلێك دەکات، وەکو پرۆسەیەکی داهێنەرانە دەڕوانێتە دەق و ئاسۆیەکی ڕون و ئاشکرا بە خوێنەر دەدا.

ڕەخنەی ڕەخنە، وەکو بەشێك لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا پەیدابووە و بۆتە هۆی تەواوکەری ڕەخنەی ئەدەبی و جوانکردنی سیماکانی، هەروەها ڕەخنەی ڕەخنە، لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبی

دژیەك نین، بەڵکو دوو چەمکی تەواوکەری یەکترن، بۆ ڕونکردنەوە و واتادان بەدەقی ئەدەبی و هەردووکیشیان پرۆسەیەکی داهێنەرانەن و داهێنان لەناو دەقی ئەدەبیدا دەکەن، بۆیە ((نوسین لەسەر نوسینێکی ڕەخنەی ئەدەبی یان ڕونتر بڵێین کاری شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی نوسینێکی ڕەخنەی ئەدەبی کە دەکاتە (ڕەخنەی ڕەخنە)، ئەگەر بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوا کارەکە بەرەو پێکهاتنی هۆشمەندییەکی ڕەخنەیانە دەبات، لەلایەك تایبەتمەندی هونەریانەی دەق دەپارێزێت و لەلایەکی تریش ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لە دامەزراندن و چەسپاندنی گوتارێکی ڕەخنەیی )) (محەمەد، ٢٠٠٥: ٧٨).

ڕەخنەی ڕەخنە چەمکێکی سود بەخشە، لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا و ڕەسەنایەتی دەقەکان دەپارێزێت و ناهێڵێت بەها و نرخی دەقی ئەدەبی کەمبکرێتەوە و هەمیشە، لە ئاستێکی باشدا دەیهێڵێتەوە، چونکە ئەو نوسەرەی، کە کار لەسەر ڕەخنەی ڕەخنە دەکات دەبێت ئاگایەکی کرداری هەبێت، ئەگەر ڕەخنەگری ئەدەبی جارێك بە ئاگا بێت، دەبێت نوسەری ڕەخنەی ڕەخنە دوجار بە ئاگاتر و وریاتر مامەڵە لەگەڵ دەقەکاندا بکات و تەواوی کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی چارەسەر بکات.

ڕەخنەی ڕەخنە، پرۆسەیەکی چەند لایانەیەو کاری لە ڕەخنەی ئەدەبی قورسترە، چونکە ڕەخنەی ڕەخنە زیاتر لە ئامانجێکی هەیە و تەنیا بە شیکردنەوەی دەقەکە لەڕوی تیۆرییەوە ڕازی نابێت، بەڵکو جارێکی تر، لەڕوی پراکتیکییەوە شیکردنەوە و شیتەڵکاری بۆ دەقەکان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هیچ کێشە و گرفتێك لە ناو شیکردنەوەکە ڕونەدات و بە تەواوی نوسەری ڕەخنەی ڕەخنە کارەکانی ئەنجام بدات، لەبەرئەوەی: ((خوێنەری ئاسایی زۆر جار پێویستی بە شارەزایی و کارامەییە، ڕەخنەگر هەیە، بۆئەوەی بتوانێت، لە دەقە ئەدەبییەکان تێبگات، یاخود چێژیان لێ وەربگرێت و درك بە لایەنە ئیستاتیکییەکانی ناو دەقە ئەدەبییەکان بکات، چونکە ئەرکی ڕەخنەگر شیکردنەوە و خستنەڕوی بنەما هونەرییەکانی دەقە ئەدەبییەکانە ))(مستەفا، ٢٠١٩: ١٣).

لە کاری ڕەخنەدا، ڕەخنەگر کاری خوێنەر زۆر ئاسان دەکات، تەنانەت خوێنەری ئاسایش بەهۆی پرۆسەی ڕەخنەوە دەتوانێت بە ئاسانی، لە دەقەکان و لە واتا و مەبەستەکانی تێبگات، ئەمەش پرۆسەیەکی هونەرییە بۆ سود گەیاندن و کاریگەری دەقەکان لەناو کۆمەڵگەدا، هەر سەبارەت بە ڕەخنەی ڕەخنە، ( میشیل فۆکۆ ) دەڵێت: ((ڕەخنەی ڕەخنە، وەك پێویستییەك یاخود کردەوەیەك، تەنیا تایبەت نییە بە دەقی ئەدەبی، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە، لە بابەتە گشتیەکان و سیاسی و دەرونی و تەواوی زانستەکانی ترەوە هەیە)) (محمد، ٢٠١٧: ٢٢٨) بۆیە

دەکرێت، هەربوارێک ڕەخنەی تایبەت بەخۆی هەبێت و لەسەر ڕەخنەی یەکەم، ڕەخنەی ڕەخنە لەدایک دەبێت و ئامانج لەڕەخنەی ڕەخنە بەرەو پێشبردنی بابەتە ئەدەبیەکانە.

## ١_٢_٣_٢_٢_ ئەرك و ئامانجەکانی ڕەخنەی ئەدەبی

ڕەخنەی ئەدەبی، بابەتێکی جیهانییە و لەناو هەمو میللەتاندا بونی هەیە و بە گرنگییەوە لێی دەڕوانرێت، بونی ڕەخنەی ئەدەبی، لەناو ئەدەبیاتی میللەتاندا، پێویستییەکی ڕۆژانەیە و ئەدەب بەبێ بونی ڕەخنە، ناتوانێت ئەرك و ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ بکات، لەبەرئەوەی ڕەخنە زانستێکی گرنگە و ئەم زانستەش کۆمەڵێك ئەرك و ئامانجی گرنگی هەیە، بۆ پاکتاوکردنی ئەدەبیات لە هەڵە و کەموکوڕی جۆرا و جۆر، هەروەها ڕەخنە دەستێکی بالاشی هەیە، لە بنیاتنانی شارستانییەت و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە، چونکە ((لە ئەوروپا تیۆرە ڕەخنەییەکان کاریگەری زۆریان لە پێشکەوتنی ڕەوتی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا هەبووە، لە سەرەتای حەفتای سەدەی ڕابردو، بزوتنەوەی ڕوانگە پەیدا بو، سێ ژمارەیان، لە گۆڤاری ڕوانگە دەرکرد، هەر ڕەخنە بو، ئەم بزوتنەوەیان ناساند، کەواتە ڕەخنە بەرپرسیارە لە پێشکەوتن یان دواکەوتنی ڕەوتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەك ))(مەنتك، ٢٠١٨: ١٧).

ئەرك و ئامانجەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنە گرتنە، لە ناتەواویی و هەڵەکان، بەمەبەستی ڕاستکردنەوە و پێشکەوتنی دەقە ئەدەبییەکان و ڕۆشنبیرکردنی نوسەر و خوێنەر بەمەبەستی کەم کردنەوەی کەموکوڕی و شێوازی دەقەکان و چاککردنیان، هەروەها ئەرك و ئامانجەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، جیاکردنەوەی دەقە باش و خراپەکانە، لە یەکتری و بەرچاو ڕونیە بۆ خوێنەر، بۆئەوەی بە ئاسانی تێیان بگات، بۆ نموونە: جۆنسۆ لە پێشەکی شکسپیردا دەڵێت: ((ئەرك و ئامانجی ڕەخنەگر هەمیشە ئەوە بووە، کە دونیا لەوەی هەیە باشتر پیشان بدات و دەقە باش و خراپەکان لێك جیا بکاتەوە)) (حسێن: ٢٠٠٧: ١٣). بۆیە ((ڕەخنە چەندە کاریگەری هەبێت، ئەوەندە وەکو چەکێک دەتوانین بەکاریبهێنین بۆ ڕەخنەگرتن لە بەرهەمێکی ئەدەبی(ئاجون،٢٠١٤: ٤).

ئەرك و ئامانجەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، کار لەسەر جیاکردنەوەی دەقە باش و خراپەکان دەکات و دەیهەوێت دەقە لاواز و بەهێزەکان لێك جیابکاتەوە، بەمەبەستی دیاریکردنی ئاستی بەرز و نزمی دەقەکان، لەڕێگای خوێنەرەوە، چونکە خوێنەر و نوسەر بەیەکەوە دەتوانن ئەرك و ئامانجەکان تەواو بکەن، هەروەها پێویستە خوێنەریش ئاستی ڕۆشنبیری خۆی بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئاستی بەرز و نزمی دەقەکان دیاری بکات. بەشێوەیەکی گشتی ئەرك و ئامانجەکانی

ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە شیکردنەوە، ڕاڤەکردن، هەڵسەنگاندن، دەقی ئەدەبی یان دیاری کردنی بەهای دەقی ئەدەبیە، سەرباری ئەوانەش، ڕەخنەی ئەدەبی لەو بنەما هونەری و هزریانە دەکۆڵێتەوە، کە دەقی ئەدەبیان لێ بنیات دەنرێت بەشێوەیەکی زانستیانە، بەهای ئەو بنەمایانە دیاری دەکات، بەمەش ئاست و ڕادەی گرنگی و بایەخی دەق بۆ خوێنەر و داهێنەریش دەست نیشان دەکات. ئەرك و ئامانجیش لەڕەخنەی ئەدەبی بەرەو پێشبردنی دەقی ئەدەبییە و بەرزکردنەوەی دەقە بۆ کاری داهێنەرانە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە و دانانی بەردی بناغەی ڕاست و دروستە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕەخنەی ئەدەبی.

## ١_٣_ مێژوی بیرۆکەی دەرکەوتنی ڕەخنەی جیهانیی

هەر لەسەرەتای پەیدابونی مرۆڤەوە، بەهۆی هەمو ئەو ململانێ و کێشانەی، کە لەنێوان مرۆڤەکاندا سەریان هەڵداوە، ڕەخنەش لەپاڵیدا سەریهەڵداوە و هاتوتەکایەوە، چونکە پەیدابونی مرۆڤ، لەسەر زەوی بەتەواوی کامڵ نەبووە، ئەم ناکامل بونەش، مرۆڤی ناچارکردووە، کە ڕەخنەی لێ بگیرێت و هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەم کەموکوڕی و نا تەواویانە بدات، لەهەمانکاتیشدا، ڕەنگبێ هەندێک جار ڕەخنەکان بەمەبەستی بنیاتنان بوبن و هەندێ جاری تریش بەمەبەستی روخاندن بوبن، لەلایەکی ترەوە سروشتی ئەم ژیانە بەم شێوەیەیە، کە بەردەوام مرۆڤەکان، لە ململانێ و بەربەرەکانی دابن، لەگەڵ یەکتریدا و ئەو ململانێ و بەربەرەکانیەش سەربکێشێ بۆ شەڕ و ململانێ لەنێوان یەکتردا و یەکلاکردنەوەی کێشەکان بەباش یان بە خراپ.

زۆرجاریش یەکلاکردنەوەی ئەم کێشە و ململانێیانە تەنیا، لە چوارچێوەی بەکارهێنانی ئامێرەکانی شەڕکردندا نەماوەتەوە، بەڵکو گواستراوەتەوە، بۆ ناو قسەکردن و نوسین، لەڕێگەی ئەمانەشەوە سەر زەنشتکردن و لێدان، لە بەرانبەر بەباش یاخود بە خراپ، بەڵام وردە وردە، لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و تێکەڵ بونی مرۆڤەکان، لەگەڵ یەکتریدا، جۆری ئەو ڕەفتارانەی، کە لە یەکتر دەگیران، بەشێکی زۆریان، لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی جەنگەوە گواستوتەوە، بۆ چوارچێوەی نوسین و گفتوگۆ.

دەکرێت بگوترێت مێژوی دەرکەوتنی ڕەخنە لە ئاستی سەرەتاییدا، لە جیهان بەشێوەیەکی گشتی ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، لەناو گەل و میللەتە جیاوازەکاندا، بەتایبەت ڕەخنەی ئەدەبی، کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی ئەوروپی، لەناویشیاندا ئەدەبی یۆنانی، چونکە ((مێژوی یۆنانی کۆن لانکەی، لە دایك بونی چەندەها جۆرە زانستە و ڕەخنەی ئەدەبیش یەکێکە

لەو جۆرە زانستانە) (بەرزنجی، ٢٠٢١: ١١) بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین دوو ڕێڕەوی ڕەخنەی جیهانی دەستنیشان بکەین کە ئەوانیش ڕەخنەی ئەوروپی و ڕەخنەی عەرەبییە.

## ١_٣_١_ ڕەخنەی ئەوروپی

گەر باسی دەرکەوتنی ڕەخنەی ئەوروپی بکەین، دەردەکەوێت، کە مێژویەکی دور و درێژی هەیە و دەبێت بگەڕێینەوە سەردەمی پێش فەیلەسوفی یۆنانی ( ئەفلاتون )، چونکە ((بەدرێژایی شارستانیەتی یۆنانی کۆن، چ جۆرە ژانەرێکی ئەدەبی، بەپێی پێوەری ئەو سەردەمە بۆ جۆری ئەدەبی ڕەواجی هەبووە، لە یۆنانی کۆندا، هەردوو جۆری ڕەخنەی ئەدەبی، کە شیعر و پەخشانن هەبون، بەڵام بەپێی پێوەری ئەوکات بۆ شیعر و پەخشان، ژانەری شیعر بەچەند قۆناغێك گەشەی کردووە)) (مەنتك: ٢٠١٨: ٢٩).

سەرەتای ڕێڕەوی ئەم ڕەخنەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زاین، لەپێش ئەفلاتونیشەوە، بابەتی ڕەخنەیی بونی هەبووە، ئەم بابەتە ڕەخنەییانەش زیاتر لە شیعر و پەخشان خۆیان بینوەتەوە، دواتر بەپێی چەند قۆناغێکی جۆراوجۆر، گەشەی کردووە و پەڕیوەتەوە بۆ ناو فەلسەفە و فەیلەسوفانی یۆنان، کە دەکرێت بوترێت فەیلەسوفانی یۆنان زۆرتر توانیویانە، ئەم دەرفەتانە بقۆزنەوە و زیاتر گەشە بەڕەخنەی ئەدەبی بدەن، بەتایبەت پێشەنگی ئەم ڕەخنە ئەدەبییە، کەدەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتون، کە ((یەکێکە لە بیرمەندە دیارەکانی جیهان لەنێوان ساڵانی ( 427 – 348 ) پ.ز لە ئەسینا ژیاوە و یەکێکە، لەو بیرمەندانەی بنەمایەکی هزری بۆ نوسراوە و پۆستەکان دیاری دەکات، بەمەش تێڕوانینی ڕەخنەیی لای ئەم بیرمەندە دێتە گۆڕێ، ئەفلاتون بەپێی بیردۆزی ئایدیا گەیشتۆتە ئەوەی سێ جیهان بۆ زانیاری دەست نیشان دەکات نمونەیی، هەستپێکراو، سێبەر ))(کاظم: ١٩٩٥: ٢٥١).

بیرۆکەی بیردۆزی ڕەخنەیی لای ئەفلاتون ئایدیایە، چونکە بەڕای ئەفلاتون دەقی ئەدەبی دەقێکی لاسایی کەرەوەیە، کێشەی ئەفلاتونیش ئەو دور کەوتنەوەیە، کە نوسەران و هونەرمەندان دێن لاسایی شتەکانی دەوروبەر دەکەنەوە و هیچ داهێنانێکیان نییە و لاسایی جیهانی حەقیقەت و واقع دەکەنەوە، بەمەش چەند هەنگاوێك، لە ڕاستی دور دەکەونەوە، هەڵبەتە لێرەدا ئەفلاتون ، لە ڕەخنە نزیك دەبێتەوە، کە پێی وایە: ((حوکمی ڕەخنەگر و شاعیر، حوکمی عەقڵی نەبێت، هەرچی شاعیرە یان ڕەخنەگر شتدا ناهێنێت، تاوەکو خورپەی بۆ نەیەت )) (پێشو: ٢٥١).

بەو پێیەی، کە شاعیران و نوسەران داهێنەریشن و کەسێکی لاسایی کەرەوەن، هەر لەبەر ئەمەشە ڕەخنەکانیان داهێنەرانە نین، بەڵکو ئەوانیش لاسایی کەرەوەی جیهانی باڵان، دواجار ڕەخنەی ئەفلاتونیش، لەسەر ئەو بنەمایانە سەرچاوەی گرتووە، کە کێشەکە داهێنان و لاسایی کەرەوەیە، هەر بۆیە ئەفلاتون بەرهەمی ئەدەبی بە سود بەخش دانانێت.

ئەرستۆ، بەرهەمی شیعری بەسود بەخش دادەنێت، بەپێچەوانەی ئەفلاتون، کە مامۆستای بووە، ڕاو بۆچون و سەرنجی لەسەر دەقی هونەری ئەرێنی بووە، بەتایبەت بۆ بەرهەمی تراژیدی، هەرچەندە بیر و بۆچونەکانی ئەرستۆ سەرچاوەی بیر و بۆچونی ئەفلاتونن، لەگەڵ ئەوەشدا، لەهەندێك بابەتدا بیر و بۆچونەکانی ئەفلاتون ڕەتدەکاتەوە، هەروەك چۆن، ((ئەو چەشنە ڕەخنە ئەدەبییەی، کە پەیوەندی بە ئاکاری ئەفلاتونەوە هەبێت، لە بیر و بۆچونی ئەفلاتونەوە دەستپێدەکات، هەر بەم شێوەیەش پێداگری ئەم جۆرە ڕەخنەیە، لەسەر ئەو ڕەگەز و تایبەتمەندییانەی بەرهەمێکی ئەدەبی پێکدەهێنێت، لە بیر و بۆچونی ئەرستۆ قوتابی بەناوبانگی ئەفلاتونەوە دەستپێدەکات، ئەرستۆ هەندێك لە بیر و بۆچونەکانی ئەفلاتون، لە بابەتی سروشت و گەوهەری واقع ڕەتدەکاتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی وردکارانە، لەسەر جیهانی ماك دەستەبەر دەکات)) (برێسلێر، ٢٠٠٢: ٤٦).

خودی ڕەخنەکانی ئەرستۆ، لە ئەفلاتونی مامۆستای خۆی، بۆتە ڕاو بۆچون و بنەمایەکی سەرەکی ڕەخنە، واتە بە ڕەخنەگرتن بنەمای ڕەخنەیی دروستکردووە و بۆچونی جیاوازی لەسەر بنەما ڕەخنەییەکانی ئەفلاتون بنیاتناوە.

هەر لەبارەی لاسایی کردنەوە، دەربارەی ئەفلاتون، ڕوندەبێتەوە، کە بەرهەمی هونەری بەرهەمێکی لاساییکەرەوەیە و داهێنانی تێدانییە، هەرچەندە بابەتی لاسایی کردنەوە، بۆ ئەرستۆ لەگەڵ ئەفلاتون بۆچونەکانیان لێك نزیکە، بەڵام ئەرستۆ پێی وایە: ((شیعر لەو شتانەی لە واقعدا هەن فراوانترە، چونکە شتیک باسدەکات ڕەنگە ڕو بدات)) (مەنتك، ٢٠١٨: ٤٣).

سروشتی ژیانی مرۆڤ لەسەرجەم بوارەکاندا، بە جۆرێك لە جۆرەکان لاسایی کردنەوەی شتەکانی دەوروبەرە، چونکە هەر مرۆڤ خۆی لە خۆیدا چێژ، لە لاسایی کردنەوەی شتەکانی دەوروبەری وەردەگرێت، هەروەها ئەرستۆ پێیوایە ڕاستە هونەرمەندان، بەرهەمی، بەشێك، لە بەرهەمەکانیان لاسایی کردنەوەی دەوروبەریانە، ئەم لاسایی کردنەوەش جۆری زۆرە و مەرج نییە هەمو لاسایی کردنەوەیەك بێ داهێنان بێت، هەر بۆیە ئەو بەرهەمانەی، کە داهێنانیان تێدا کراوە ئەرستۆ خاوەنەکانیان بە پاڵەوان و ڕەمزی ئازایەتی دەزانێت و پشتیوانیان لێدەکات، بەڵام

بەپێچەوانەوە ئەو بەرهەمانەی کە هیچ داهێنانێکیان تێدانییە هاوشێوەی ئەفلاتون  لای دروست نییە و پێی وایە لە ڕاستی دورکەوتوونەتەوە.

ئەرستۆ لەبارەی شیعرەوە ڕای وایە: ((شیعر جۆرێکە لە جۆرەکانی مەعریفەناسی، تۆ لە ڕێی شیعرەوە بە بڕوای ئەم فەیلەسوفە دەتوانی جەوهەری شتەکان ئاشکرا بکەی و بەر باسیان بکەیت، کەواتە بە پێچەوانەی ئەفلاتون، کە بڕوای وابو، شاعیر کەسێکی درۆزنە و لاسایی شتێکی کۆپیکراو دەکاتەوە، بەڵکو لێرەدا شاعیر شتێك دەڵێت ڕەنگە کەسانی تر نەتوانن ئاشکرای بکەن، کەواتە ئەوەی شاعیر دەیڵێت ڕەنگە ببێتە واقع و حەقیقەت ))(ئەرستۆ، ٢٠٠٤: ٤٦).

لەگەڵ باسکردنی ڕەخنە لای یۆنانییەکان نابێت، ڕەخنەی ڕۆمانیش پشتگوێ بخرێت، چونکە ڕەخنەی ڕۆمانی کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، بەسەر ڕەوتی ڕەخنەی جیهانییەوە، بەتایبەت ڕەنگدانەوەکانی ڕەخنە، لە بیر و بۆچونەکانی هۆڕاس، چونکە هۆڕاس: ((چەند نامەیەکی ئامۆژگاری، کە لەسەر ڕێبازی ئەرستۆیە بۆ لاوەکانی ئەم بنەماڵەیە دەنوسی و ناوەڕۆکی کتێبەکەی هەمان ناوەڕۆکی کتێبەکەی ئەرستۆیە و بیر و ڕاکانی زۆر لە بیر و ڕاکانی ئەرستۆ نزیکە ))(گەردی، ١٩٧٤: ٣).

ڕەخنەی ڕۆمانی لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی یۆنانی گەشەیکردووە، لەوانە ( هۆراس ) کە فەیلەسوفێکی ڕۆمانیە، لەسەر بناغەی بۆچونەکانی ئەرستۆ بۆچونە ڕەخنەییەکانی خۆی بنیاتناوە، بۆ نمونە  هۆڕاس دەڵێت:((بۆ ئەوەی کەسێك بە نوسەرێکی باش بێتە ئەژمار، دەبێت بەشێوەیەکی نوێ، لەسەر بابەتگەلی سوونەتی شت بنوسێ، جگە لەمە شاعیر دەبێ، لە سنوری باسی وەکو کێشەی بابەت و وشە بژێری (word choice) گەنجینەی زمان (Vocabulary) و شێواز نزیك نەبێتەوە و خۆیی بوترێت )) (برێسلێر، ٢٠٠٢: ٥٤).

زاراوەی لاسایی کردنەوە، تا سەردەمی هۆڕاس، بە پشت بەستن بە بۆچونەکانی پێش خۆی بونی هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا چەمکی لاسایی لای هۆڕاس دەلالەتێکی تری وەرگرتووە، ئەویش ئەوەیە شاعیران دەبێ لاسایی شاعیرانی پێش خۆیان بکەنەوە، هەندێك بنەما و داب و دەستور  بۆ ئەم جۆرە لاساییکردنەوەی داناوە، بۆ نمونە : ((شاعیری ناچار کردووە، پەیوەست بێت بە مەرجە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دەبێت زمانی شاعیر ساف و بێگەرد بێت، وەکو دەرچونی ئاو لەناو سەرچاوەدا، بۆ ئەوەی زمانی لاتینیش ڕاست بکاتەوە و شێواز و وشەی ڕازاوەی زیاد، لە پێویست بەکاربهێنێت، خۆی دور بێ  لە وشەی توند و ئەوانەی هێز کەم دەکەنەوە )) (بەرزنجی، ٢٠٢١: ٣٧).

دوای ئەوەی ئەو ڕەوتە ڕەخنەییەی، کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کردووە سەرەداویان بەسەر یەکەوە هەیە، هەر یەکەیان بونەتە تەواوکەری یەکتری، بەڵام دواتر وردەوردە لە سایەی گەشەکردن و پێشکەوتنی فکری ئەوروپی سەردەمی ڕێنیسانس لەسەدەکانی( 16 – 17 ) و سەردەمی ڕۆشنگەری لەسەدەی ( 18 ) دەست پێشخەرییەکی نوێ بۆ ئەوە بە گشتی و ڕەخنە بەتایبەتی هاتە کایەوە، ئەوان هەڵگری ئەو باوەڕەبون کە ((لە ژێر کاریگەری دەستوورو یاساو پرۆگرامی(ئەرستۆ، هۆراس، پوالۆ)ڕزگاری ببێت، دواتریش ڕۆمانەکان بە گوڕوتینەوە شۆڕشێکی گەورەیان دژی ئەو قالب و نەریتە باوانە نایەوە، باوەڕ بەناو کۆڵەکەی(ئەرستۆ)کەبانگی بۆدەدات و دەیگوت، ئەدەب لاسایکردنەوەیەو لاسایکردنەوەش دووجۆرە، لاسایکردنەوەی ئەوەی کەدەشێ ببینین، هەروەها لاسایکردنەوەی میباد واتە ئەوەی دەوترێت ببینین)) (حاتم، ١٩٦٨: ١٨٠).

ئەو بیر و باوەڕانەی لە سەدەی هەژدە بۆ ئەدەب هاتنە کایەوە، ئەو واقیعە و بۆچونانەی گۆڕی، کە لە سەردەمی ئەفلاتون و ئەرستۆ و هۆراس هەبو، بیر و باوەڕەکان گۆڕان و چەمکی لاسایی کردنەوە بەتەواوەتی هەڵگەڕایەوە، بو بە ئیلهام و داهێنان چونکە ((ئەدەب لاسایی کردنەوە نییە، بەڵکو ئیلهامە خورپەیە، دروستکردن و داهێنانە گوزارشت دانەوەی ڕاستەوخۆیە لە خودی مرۆڤ ))(پێشو: ١٨٠).

تێڕوانین و بۆچونەکان لە سەدەی (18) دا بەتەواوی بەرەو گۆڕانکاری و نوێبونەوە چون و لەسەر زۆر چەمك بەتایبەتی چەمکی لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی شتەکان گۆڕان و بە چاوێکی داهێنانە سەیری بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکران و لەگەڵ ئەمانەشدا، بۆچونە ڕەخنەییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەرداهات، بەپێی ئەو سەردەمەی، کە بەرهەمەکەی تێدا دەنوسرا، هەروەها لەسەدەی ( 19) شدا ڕەخنەی ئەدەبی بریتی بو، لە گەڕان بەدوای پەیڕەو پرۆگرامێك، کە ڕەخنەی لەسەر بنیاتدەنرێت، ئەمەش بو بە هۆکار بۆ پەیدابون و سەرهەڵدانی چەندین ڕێبازی ئەدەبی و ڕەخنەیی، کە لە پێشودا هاوشێوەی نەبووە، دەتوانین بڵێین سەدەی (19) و سەرەتای سەدەی بیستەم، لە مێژوی ئەدەبی جیهانیدا، بریتی بو، لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی پرۆگرامی مەنهەجی، بۆ ئەدەب بەگشتی و ڕەخنە بەتایبەتی، چونکە: ((سەدەی نۆزدە و بیست بە سەدەی دەرکەوتنی ڕێباز و پرۆگرامی هونەری و ئەدەبی جۆربەجۆر دادەنرێت، ئەمە بەهۆکار بڵاوکردنەوەی چەمکی جیاواز بو لە ڕەخنەی ئەدەبیدا و بارێکی زۆر قورس کەوتە سەر شانی ڕەخنەگران))(عوض، ١٩٥٤: ٧٣).

ئەركی ڕەخنەگری ئەدەبی لە سەدەكانی (١٩،١٨،١٧) بە بەراورد بەسەدەكانی ڕابردوو قورستربو، چونكە بەرهەمی ڕەخنەیی سەرچاوەكەی هەمو ئەو پەیڕەو پڕۆگرامانە بو كە لە سەدەی (١٩)و دواتریش سەریان هەڵدا، دەقی ئەدەبیش بریتی نەبو، لە تەنیا ڕەتكردنەوە، بەڵكو بریتی بو لە سەر لەنوێ دارِشتنەوەی شتێكی نوێ، لە ناوەڕۆكی بەرهەمەكەدا.

## ١_٣_٢_ ڕەخنە لەئەدەبی عەرەبیدا

ڕەخنەی عەرەبی وەک سەرجەم ڕەخنەكانی تری جیهان، بێبەش نییە لەوەی، كە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ، لەژێر كاریگەری ڕەخنەی ئەوروپیدا بە تایبەتی ئەدەبیاتی یۆنانی، گەشەی كردووە، هەر بۆیە بەشێوەیەكی بەرچاو، لەناو ئەو ئەدەبیاتەدا ڕەخنە دەبینرێت و هەروەها ڕەخنە چەمكێكی دیار و ئاشكرایە و پانتاییەكی فراوانی داگیر كردووە، بابەتی ڕەخنە تەنیا تایبەت نەبوە بە ئەوروپییەكان، بەڵكو دیاردەی ڕەخنە دیاردەیەكی جیهانییە و ئەدەبی عەرەبیشی گرتۆتەوە، بێگومان ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیش، دابەش دەبێت بەسەر سێ قۆناغدا، ئەوانیش (پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلام و دوای ئیسلام).

## ١_٣_٢_١_ ڕەخنەی عەرەبی لە پێش ئیسلام

ڕەخنەی عەرەبی پێش ئیسلام وابەستە بووە بە پێوانە ڕەخنەییەكان. لەئەدەبی ئەو سەردەمەدا زیاتر، لەدەوری وشە و دەستەواژەی جوان و ڕازاوە كۆبونەتەوە، واتە پێوانە ڕەخنەییەكانی ئەو سەردەم، زیاتر هونەری بون، هەر بۆیە دەكرێت بڵێین: ((ڕەخنە سەرەتا، لەناو شاعیران پەیدا بووە، بۆ ماوەیەكی دورو درێژ هەروا مایەوە، شاعیریش سەرەتا هەوڵی ئەوەی دەدا، كە دڵی خەڵكی هۆزەكەی خۆی ڕازی بكات، لەكاتێكدا كە لە بۆنە و جەژنەكانی هۆزەكەدا شیعری بۆ دەگوتن ))(عباس، ١٩٧٩: ١٠٥).

لە سەردەمی جاهیلی یاخود پێش ئیسلام ڕەخنە، لە چوارچێوەیەكی دیاریكراودا هەنگاوی دەنا،چونكە ڕەخنەگران زیاتر لە ڕێگای وشە و دەستەواژەی سەرنج ڕاكێش بە تایبەتی لە ڕێگای شیعرەوە پەیامە ڕەخنەییەكانیانی خۆیان دەگەیاندە بەرامبەرەكانیان، لەبەرئەوەی شیعر پەیامێكی خێرایە و زوو كاریگەری لەسەر بەرامبەرەكانیان دروست دەكات و ئەو وشانەی، كە لە ناو شیعردا بەكاردێن ناسك و چێژ بەخشن، هەروەها ڕەخنە لەو سەرەدەمەدا زیاتر، لە خزمەتی هۆزێك یان كەسێكدا بووە، چونكە: ((ڕەخنەگرانیش هەرچەندە لەو سەردەمەدا ژمارەیان

کەم بووە، زیاتر لە بۆچونێکی تاکە کەسی تایبەتەوە دەیانڕوانیە بەهای هۆنراوەکان و هۆنراوەیان پێ هەڵدەسەنگاند)) (بەرزنجی، ٢٠٢١: ٧).

## ١_٣_٢_٢_ ڕەخنەی عەرەبی لەسەردەمی ئیسلام

دوای بڵاوبونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەتایبەتی بڵاو بونەوەی بە نیمچە دورگەی عەرەبیدا، سەردەمێکی نوێ بە گشتی، لە ئەدەب و ڕەخنە بەتایبەتی هاتەکایەوە، ئایینی ئیسلام سەرچاوەی گرنگی ژیان و یاسا و مامەڵەی مرۆڤەکان بو، بۆیە تەنیا کاریگەری، لەسەر ئەدەب نەدەکرد، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا زۆر گۆڕانکاری هێنایە کایەوە، لەبەرئەوەی چەقی پەیدابونی ئیسلام باوەڕ بو، بۆیە هەرشتێك کرابا پێوەرەکەی، لە باوەڕی ئەو مرۆڤەوە گەشەی دەکرد و سەرنج دەدرا، بۆیە دەبو ئەدەب بەگشتی و ڕەخنە بەتایبەتی، سەرچاوەی باوەڕی مرۆڤ خۆی بێت و لەگەڵ یاسا و دەستورەکانی ئیسلام بێتەوە، واتە بنەمای ئیمان و باوەڕ بنەمایەکی بەهێزبو، لە خولقاندنی دەقێکی ئەدەبی، کەواتە لەو سەردەمەدا پەیامی ئیسلام بۆ ئەدەب بەگشتی، ڕون و ئاشکرایە بۆ نمونە ((قورئانی پیرۆز هەڵوێستێکی ڕەخنەیی نوێ دادەنێت و شاعیران دەکات بە دوو بەرەوە، بەرەی خراپ و بەرەی باش، هەڵوێستی خۆی بۆ بەرەی یەکەم وەك دژایەتی کردن خستۆتەڕو، بەهۆی سەرلێشێواوی و لادانیانەوە پشتگیری بەرەی دووەمی دەکرد، بەهۆی باوەڕداری و پەیوەست بونیان، بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بەمەش ڕێگەی بە شاعیرانی ئیسلامدا، بەبەکارهێنانی چەکی شیعر، بۆ بەرەنگاربونەوەی دوژمنانی ئیسلام بەشێوەی مەعنەوی )) (پێشو: ٥٩).

ئایینی پیرۆزی ئیسلام، دژی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی نییە، بەڵکو ئایینی پیرۆزی ئیسلام دژی خراپەکاری و خەڵك فریودان و بەلاڕێدابردنە، بۆیە پشتیوانی هەمو بەرهەمێکی ئەدەبی چاکەخواز دەکات و لەسەر بنەمای چاکە و خراپە بڕیار دەدات و ڕەخنەگران، لەناو بازنەی ئیسلام، بابەتی خێر و شەڕ دەکەن، بە سەنگی مەحەك و بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەکانیان.

## ١_٣_٢_٣_ ڕەخنەی عەرەبی لە دوای ئیسلام

ئەگەر باسی سەردەمی دوای ئیسلام بکەین، سەبارەت بەمەسەلەی ڕەخنەی ئەدەبی، کە چۆن کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانەی، کەبەسەردەوڵەتی ئیسلامدا هاتووە، بەتایبەتیش لەسەردەمی عەباسییەکاندا، هەروەها پەیامی ئەدەبیات دوای ئیسلام، زیاتر دەستکراوەیی بووە و

خۆی نەبەستۆتەوە بەڕێسا و یاسایەکی دیاریکراو، لە قاڵبێکی ئایینی دەرچووە و دەستی بۆ کۆمەڵێك بابەتی هەستیار و وروژێنەر بردووە، هەروەها زیاتر ئاوڕیان لەو پەیڕەو و پرۆگرامانە داوەتەوە، کە لەسەردەمی جاهیلیدا هەبون، هەربۆیە د.کامل حسن بصیر دەڵێت: ((هەر لەسەرەتای سەردەمی عەباسییەکاندا نوێخوازی، لە بنیاتنانی هەڵبەستی عەرەبیدا وردە وردە شەوقی دایەوە و کون و قوژبنی سامانی دێرینی هۆنراوەی عەرەبی ڕونکردۆتەوە )) (بصير، ١٩٨٣: ٤٥) دەرکەوتنی ئەو شیعرانەی کە چێژ بەخش بون لەڕوی وشە و دەستەواژە و واتاوە بون بە کەرەستەیەکی گرنگی ڕەخنە لەو سەردەمەدا.

بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنە، لە ئەدەبی عەرەبیدا، بەپێی بارودۆخ و هەل و مەرجی ڕۆشنبیری و ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە و بۆ هەر قۆناغ و سەردەمێك بیر و بۆچونی جیاواز هەبوە، بۆ هەمو ئەو دەق و بەرهەمانەی کە لەبەر دەستدا بون.

## ١_٤_ ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا

ئەدەبی کوردی مێژویەکی کۆنی هەیە، کۆنترین جۆری ئەم ئەدەبەش شیعر بووە، هەر لە شیعری سەرزارەکییەوە تادەگاتە دەقی ئەدەبی نوسراو، گومانی تێدانییە ئەوەی لە بەردەستدایە، بریتییە لە دەقی شیعری، دواتر لە قۆناغەکانی تر، بەهۆی باری ڕۆشنبیری و سیاسی و جۆرەکانی تری ئەدەب سەری هەڵداوە، ئەوەی لێرەدا ئاشکرایە ئەوەیە، کە دەقی شیعری پێش لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بووە، ئەمە تایبەت نییە بە ئەدەبی کوردی، بەڵکو لە ئەدەبیاتی جیهانیش ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی هەیە، واتە ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە شیعر پێش لێکۆڵینەوەی شیعر سەری هەڵداوە.

لەگەڵ گەیشتنی دەقی شیعری بە خوێنەر، پرۆسەی ڕەخنە و ڕا و بۆچونی ڕەخنەیی سەری هەڵداوە، واتە لە هەنگاوی یەکەمدا خودی دەق بونی هەیە، لەهەنگاوی دووەمدا هەڵوێستی گوێگر و خوێنەریش بونی هەیە، خودی هەڵوێستی خوێنەریش بە باش یان بە خراپ بە پەسەندکردنی یان ڕەتکردنەوەی خودی ئەو دەقە ئەدەبییەش، سەرەتایەك بووە، بۆ دروست بونی ڕەخنەی ئەدەبی، ئەم دیاردەیە بە ئاشکرا، لە ئەدەبی کوردی دەبینرێ، ئەگەر چی خودی ڕەخنەکە ڕەخنەیەکی زانستی و پرۆسەیەکی پێشکەوتوو نەبو، پێوەرێکی ئەدەبی و زانستی بۆ دانەنراوە، بەڵکو تەنیا هەڵوێستی خوێنەر بووە، لە بەرامبەر ئەو دەقەی خوێندوویەتییەوە، یان گوێی لێ بووە.

له ئەدەبیاتی کوردیدا چالاکی و بەرهەمی رەخنەییمان کز و دژوار بووە، چونکە تائێستاش وتار و لێکۆڵینەوەی رەخنەیی، پێش سەدەی بیستەممان نەهاتۆتە بەردەست و ئەو بەرهە رەخنەییانەی، کە هەن مێژووەکەیان بۆ ساڵانی دوای بیستی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە رۆژنامەگەری کوردی تێیدا بەرەو گەشەسەندن چووە و چاپەمەنی کوردی بەرەو پێش چووە.

دیارە هۆکاری سەرەکی، بۆ لاوازی بەرهەمی رەخنەیی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بزوتنەوەی رۆشنبیرییەکانی ناو ئەدەبیاتی کۆمەڵگەی کوردی، هەر لەبەر ئەمەش هیچ جۆرە پێشکەوتنێك لە رەخنەی ئەدەبیی تاکو دوای ساڵانی بیستەکان لە ئارادا نەبووە، ئەوەی لەپێش ئەم مێژووە هەیە تەنیا را و بۆچون و بیرکردنەوەی شاعیران خۆیانن، کە لەرێگەی شیعرەکانیانەوە، چەند پرۆسەیەکی رەخنەییان ئاماژە پێکردووە. ئەوەی لەم تەوەرەدا دەمانهەوێت باسی لێوە بکەین رەخنەی ئەدەبی کوردی و بیر و بۆچونی شاعیران و نوسەران لەم بوارەدا بەرێگەی چاوخشاندنێك بە ئەدەبی کۆن و نوێدا.

## ١_٥_ رەخنەی شیعریی کوردی

دیاردەی کز و لاوازی رەخنەی ئەدەبی پێش بیستەکانی سەدەی بیستەم، بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەربڵاو نەبوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا را و بۆچون و تێروانینی رەخنەیی، لەناو شیعری کوردیدا هەبووە، چونکە هەندێک بۆچون پێیان وایە، لەبەرئەوەی بەرهەمی رەخنەیی دەبێت لەرێگەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دروست ببێت، نەوەك لەناو دەقی شیعریدا، بەڵام راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بیر و بۆچون و تێروانینی رەخنەیی بەدی دەکرێت جا ئەم تێروانینانە بە رەخنە دابنرێن یاخود نا، کاری ئێمە ساغ کردنەوەی ئەوەنییە کە ئاخۆ ئەمانە رەخنەن یاخود رەخنەنین، بەڵکو رونکردنەوەی هەندێك تێروانین و بۆچونی رەخنەییە لای هەندێ شاعیری پێش سەدەکانی بیستەم.

هەرچەندە بۆچونەکانی شاعیران نەگەیشتبێتە ئاستێکی پێویست، بەڵام هەستکردن بەبونی دیاردەی رەخنە سەرەتایەکی گرنگە بۆ ئەدەبی کوردی، هەمو ئەو بۆچونانەی ئەوان ئاماژەیان پێکردووە، لەرێگەی شیعرەکانیانەوە دەروازەیەکی گرنگ بووە بۆ کردنەوەی هەمو ئەو بەرهەمە رەخنەییانەی ئێستا هەیە، ئەمەش بەسەرەتایەک دادەنرێت، بۆ بونی رەخنە لە شیعری کوردیدا، کەلە شیعری زۆربەی شاعیرەکانی ئەم سەردەمەدا رەنگی داوەتەوە و چەند نمونەیەک لەو بوارەدا خراونەتە رو.

## ١_٥_١_ بونی ڕەخنە لای مەلای جزیری

لە  شیعرەکانی مەلای جزیریدا، هەندێك تێڕوانین و بۆچونی ڕەخنەیی دەبینرێت، هەم دەربارەی وشە و زاراوەی ڕەخنە، کە لە ئێستادا بەکاردەهێنرێن، هەم دەربارەی ئاستی نیشاندانی یاخود بەراوردکردنی شیعری خۆی بە شاعیرانی تر، مەلای جزیری دەربارەی وشە و زاراوەی ڕەخنە لەدەقێکی شیعری دا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ئەحسەن ژ ڤی نەزمی لەتیف | چەندی سەبوک هاتی خەفیف |
| مەحبوب بدەستێ خوی شەریف | نەقدی مەموهر و سککەدا |
| ئەحسەن ژڤی وەسفێ رەفیع | ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع |
| تێتن ژ نورێ وەك ڕەقیع | بێ عەیب و نەقس و ڕەخنەدا |

(جەزیری، ١٣٦١: ٥٢٥).

بە ورد بونەوە لەم چەند دێرە شیعرەی مەلای جزیری، دەردەکەوێت، کە زۆر بە ڕونی زاراوەی ڕەخنەیی بەکارهێناوە، چونکە مەلای جزیری  وشەی ڕەخنەی بەو واتایە بەکارهێناوە، کە ئێستا بەکاری دەهێنن، لەپاڵ ئەو وشەیەشدا کۆمەڵێ زاراوەی ڕەخنەی بەکارهێناوە، کە هەر یەکەیان تایبەتن بە چەند پێوانەیەکی ڕەخنەیی شیعرییەوە، وەك:( نەزمی لەتیف ) و ( سڤك ) و ( ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع )، بەو پێوانانەش ئەو بنەما ڕەخنەییە دەستنیشان دەکات، کە بەلایەوە باشترین شیعر، ئەو شیعرەیە، کە وشەکانی جوان و چێژ بەخش و ڕەوانبن و واتاکانیشیان سود بەخش بن.

ئەگەرچی چەندین ساڵ بەسەر ئەم شیعرەی مەلای جزیری دا تێپەڕیووە، بەڵام کۆمەڵێك تێڕوانین و بۆچونی ڕەخنەیی خستۆتە ڕو، دەربارەی زاراوەی ڕەخنە، کە تا ئێستاش ئەم وشە و زاراوەیە، لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆچونێکی تری ڕەخنەیی لای مەلای جزیری پێداگری دەکات، لە هەڵبژاردنی وشەی جوان و سەرنج ڕاکێش، هەروەها مەسەلەی واتایی، لەناو دەقی شیعریدا، کە هەمو ئەو پێوانە ڕەخنەییانە، لەناو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا گرنگی خۆیان هەیە.

هەروەها شاعیر، لە مەسەلەی شانازیکردن و نیشانەی بەهای شیعری خۆی و بەراوردکردنی لەگەڵ شاعیرانی تر، دەستێکی باڵای هەیە، ئەمەش لە بنچینەدا نیشاندانی بەهای دەقی ئەدەبییە، لە بەرانبەر شیعری شاعیرانی تری بێگانە، لەم بەیتە شیعرەدا بەڕونی دەڵێت:

گەر لوئلوئی مەنثووریّ ژ نەزمی تو دخوازی

وەر شیعریّ مەلیّ بین تە ب شیرازی چ حاجەت (جەزیری، ١٣٦١: ١٢٨).

مەلای جزیری، لەم شیعرەدا، ئاماژەیەکی ڕون دەدات بە ستایش و بەرز ڕاگرتنی دەقی ئەدەبی کوردی، لە شیعری خۆیەوە بە بەراورد  بە شیعری میللەتانی تر، ئەم جۆرە تێڕوانینەش بۆ شیعر تێڕوانینێکی ڕەخنەیی بووە، بۆ سەردەمەکەی خۆی و ئێستاش، ئەمە دەمانباتە ناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، مەبەست لە شاعیر ئەوەیە، کە ئەگەر شیعری باش و جوان و شێوەی مرواری و لوئلوئی دەوێت، وەرە تەماشای شیعری من بکە، چیت داوە لە تەماشاکردنی شاعیرانی تری وەك سەعدی شیرازی، ئەمەش جۆرێکە لە نیشاندان و بەرز ڕاگرتنی شیعری خۆی بەرامبەر شیعری شاعیرانی تر، ئەم چەشنە شانازی کردنە بە شیعر لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی دەبینرێت.

## ١_٥_٢_ ڕەخنە لای ئەحمەدی خانی

بەوردبونەوە لە ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکانی ئەحمەدی خانی، دەبینین کە بەشێوەیەکی بەر چاو بابەتی ڕەخنەیی لە شیعرەکانیدا بەر چاو دەکەوێت، بەتایبەتی لە مەم و زینەکەیدا، کە زۆربەی بیرو بۆچونە ڕەخنەییەکانی لەوێدا دەربڕیووە، ئەمەش بەسەرەتایەکی باش بۆ ڕەخنەیی ئەدەبی دادەنرێت، چونکە ((ئەگەر ویستمان دەست بە نوسینەوەی مێژوی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بکەین، پێویستە لەسەرمان سەرەتایی ئەم زانستە دیاری بکەین، سەبارەت بەزمانی کوردی و لە پێناو ئەوەدا پێویستە بگەڕێینەوە سەر ئەحمەدی خانی.....هزری ڕەخنەسازی ڕەخنەگر لە لای خانی ئەوەی تێپەڕاندووە، کە لەهونەری داستان و بەر هەمە ڕۆژهەڵاتیەکاندا دەیبینین، هەر بۆیە خانی ڕابەری ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە)) (گەردی،١٩٧٤: ٢٣). لەوەوە دەردەکەوێت کە خانی پانتایەکی زۆری ڕەخنەیی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوەو لەو نێوەندەشدا دەستی بۆ هەمو ئەو کەم و کوڕی و ناتەواویانە بردووە کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەدیدەکرێت.

ئەحمەدی خانی دەڵێت:

ئەی خامە تە ژی گەلەک درێژ کر

ئەڤ نامە بەسە، تە پڕ قرێژ کر

هەرچەندە کەلام شبە  دوڕ بت

بێ قەدر دبت دەما کو پڕ بت (خانی،١٩٩٠: ٤٣٣).

لێرەدا پرۆسەی ڕەخنەی جدی لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا بەدی دەکرێت ئەویش ئەوەیە، کە بەبڕوای خانی نابێت درێژدادڕی لە قسەدا بکرێت، چونکە هەرچەندە وتەکانمان نرخیشی زۆر و بەکەڵک بێت دواجار گوێگر تاقەتی گوێگرتنی نامێنێت و لە بەهای قسەکانمان کەم دەبێتەوە، خانی ڕای وایە ئەگەر قسەکردن وەکو گەوهەریش بێت کە درێژەت پێدا ئیدی نرخی نامێنێت. یاخود لە پارچەیەکی دیکەدا دەڵێت:

گەر دێ هەبویا مە ژی خودانەک

عالی کەرەمەک لەطیفە دانەک

عیلم و هونەر و کەمال و ئزعان

شیعر و غەزەل و کتاب و دیوان (پێشو: ٥٥).

خانی ڕای وایە کە لەنێو کورداندا سەرکردەیەکی باش و بەوەفا نییە، خۆ ئەگەر هەبایە ئەوە کوردانیش وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکە دەبون بە خاوەنی هونەر و شیعر و کتێب، لێرەدا بەڕونی پرۆسەی ڕەخنەیی لە دەقەکەی خانیدا بەدی دەکرێت.

## ١_٥_٣_ ڕەخنە لای نـالی

نالی وەکو ڕابەری شیعری کلاسیکی کوردی و قوتابخانەی بابان، دەستێکی باڵای هەبووە، لە نیشاندان و تێڕوانینی بۆ چونی ڕەخنەیی، کە تا ئێستاش لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەسەر شیعرەکانی هەم لەسەر بۆچونە ڕەخنەییەکانی دەکرێت، لەزۆر بواری ڕەخنەدا، لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ئاماژەی ڕەخنەیی نیشانداوە، چ دەربارەی شانازیکردن بە شیعرەکانی خۆی یان دەربارەی جوانی شیعری و پێوەری هونەری لە شیعری کوردیدا، کە ئەمانەش هەموی دەچنە ناو چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە، لەم بەیتە شیعرەدا نالی دەڵێت:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا( نالی، ١٣٧٩: ١٠٦)

نالی لەم شیعرەیدا شانازی بە زمانی کوردییەوە دەکات و لەڕێگەی ئەم شیعرەوە ڕەخنە، لە هەمو ئەوانە دەگرێ، کە پێیان وایە زمانی کوردی شیعری پێ نانوسرێ، بەڵکو وەڵامی هەمو ئەو دەنگۆیانە دەداتەوە، کە زمانی کوردیش ئاستێکی باڵای هەیە لە نوسینی شیعر، بەو پێیەی

بۆچونێکی ڕەخنەیی دەربارەی ( وشە و واتا ) دەردەبڕێت، چونکە لەو سەردەمەدا ((نوسینی کوردی بە زمانی کوردی نەدەنوسرا و زیاتر زمانی ئاسیا زاڵ بو، شاعیرەکانیش هەوڵیان داوە بە زمانی فارسی بنوسن، بۆ ئەوەی ناوبانگ و شۆرەت پەیدا بکەن و زمانی کوردی ڕەواجی نەبو، خوێندەواری نەبو، بۆیە ( نالی ) نرخی گەورەی ئەوە بو، خەڵکەکەی لە شیعرەکانی تێنەگەیشتون و ڕێزی زمانی کوردی ناگرن )) (حسێن: ٢٠٠٧: ٢٦٣)

هەروەها نالی لە دێڕە شیعرێکی تردا درێژە بەبابەتە ڕەخنەییەکانی دەدات و دەڵێت:

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم گوت و کەس تێی نەگەیی ئێستە خەمۆشم (نالی، ١٣٧٩: ٢٨٠).

لەم دێڕەشیعرەدا دەردەکەوێت، کە نالی ڕەخنە لە هەمو ئەو کەسانە دەگرێت کە گوێ ناگرن و نایانهەوێت لەو بابەتانە تێ بگەن، کە سودیان پێ دەگەیەنێت و دەتوانن لەو ڕێگەیەوە لەناو میللەتانی تردا سەرکەوتو سەربەرز بن، هەر بۆیە دوای ئەوەی، کە بڵاوکردنەوەی ئەو کردارە باشانە سود ی نابێت، نالی لە وەڵامیاندا بێ دەنگ دەبێت و واز لە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە دێنێت.

## ١_٥_٣_ ڕەخنە لای حاجی قادری کۆیی

حاجی قادری کۆیی، شان بەشانی شاعیرانی کۆنی کورد، یەکێکە لەناوە درەوشاوەکانی ناو ئەدەبی کۆنی کوردیی، کە لە بواری تێڕوانین و بۆچونی ڕەخنەیی دەستێکی باڵای هەبووە، شایەنی باسە، لەناو دیوانەکەیدا، لە چەند بەیتێکدا ئاوڕی لە چەند پرۆسەیەکی گرنگی ڕەخنەیی داوەتەوە، کە کۆمەڵێک بابەتی ڕەخنەییمان بۆ دەوروژێنێت، بەتایبەت لە بواری ڕەوانبێژی و ڕۆشنبیریدا، هەروەها هاوشێوەی مەلای جزیری و نالی چەشنە شانازیکردنێك دەربارەی ئەدەبی کوردی لە بەرامبەر میللەتانی تردا دەخاتە ڕو و دەربارەی بەهای هونەری شیعری کوردی و جوانکاری لە شیعردا دێتە قسەکردن.

حاجی قادری کۆیی لەو چەند دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

ئیلاهی نەیخەیە بەر چەنگی مەندە بوری لە ئیم

نقودی ( حاجی ) کەنەیدیوە خوسرەو و دارا (کۆیی، ١٩٨٦: ٣٧)

شاعیر لێرەدا لە بەرانبەر خوای گەورەدا دەپاڕێتەوە، کە شیعرەکانی نەدەیتە دەست ئەوانەی کە دووڕو و ناپاکن، لەبەرئەوەی شیعرەکانی شایستەی ئەو جۆرە کەسانە نین و بەکەڵکیان نایەت، ئەگەر قەدری شیعرەکانیان بزانیایە ئەوا هەرگیز نزیکی کاری خراپ نەدەکەوتنەوە و بەدور دەبون لە خیانەت و ناپاکی، چونکە شیعرەکانی حاجی پاکن، شایستەی جۆرە کەسانێکن کە پاك بن و فرت و فێل نەزانن.

حاجی قادری کۆیی، لە دێڕە شیعرێکی تردا بە گرنگییەوە ڕەخنەی ئەدەبیمان بۆ دەست نیشان دەکات، لەبەرئەوەی ئەو ڕاستییە دەخاتە بەردەست، کە ڕەخنەگر دەبێت کەسانی شارەزا و بەتوانا بن، چونکە هەمو کەس ناتوانێت ببێتە ڕەخنەگر، کە حاجی بە (سەر ڕافی زێڕ و زیوی قسە) ناویان دەبات، لە لایەکی تریشەوە بە پشت بەستن بە پێوانەیەکی ڕەخنەیی ئەو سەردەمە، کە پێوانەی ڕەوانبێژی و ڕونبێژی بو، بەهای شیعری کوردی دیاری دەکات و شانی پێ لە شانی شیعری فارسی دەدات.

هەروەکو دەڵێت:

شەبیهی جۆڵە کە ڕازی نەبێ بەسەر دری خۆی

مەڵێن فەساحەتی کوردی بە فارسی ناگا

بەلاغەتێکی هەیە هیچ زوبانێ نایگاتێ

لەبێ تەعەسوبی کوردا نەبێ ڕەواج و بەها

کە خۆتی تێنەگەینی لە نیکتەکانی نەگەی

دەڵێن هەموی هەزەیانە خودا بەڵای لێدا

بەڵام ئەوانی کە سەڕڕافی زێڕ وزیوی قسەن

بە شەە ڕەوایی دەزانن چ سککەیێکە ڕەوا (پێشو: ٣٧)

لەم چەند دێڕە شیعرەدا، حاجی قادری کۆیی بەڕونی ڕەخنە لەوانە دەگرێت، کە دەمارگیری و خۆپەرستییان هەیە، شتی بێگانە بەسەر شتی کوردیدا فەرز دەکەن، ڕو لەوانەش دەکات و ڕەخنەیان لێدەگرێت، کە زمانی کوردی ڕەوانبێژییەکی هەیە، کە هیچ زمانێك نایگاتێ، لەهەمانکاتدا ستایشی ئەوانە دەکات، کە شارەزان، بەڵام حاجی بە سەڕافی زێڕ و زیوی قسە ناویان دەبات، دەڵێت ئەوان دەزانن و لە بەهای شیعری کوردی دەگەن.

# بەشی دووەم

## بەشی دووەم

## ٢. ڕۆڵی ڕۆژنامەری کوردی لەپێشخستنی ڕەخنەی شیعریدا

### 1-2- ڕۆژنامەگەری کوردی

بۆ قسەکردن لەسەر هەر بابەتێک دەبێت لە دەرگای یەکەمی ئەو بابەتەوە بچینە ژورەوە، دیارە چەمک و زاراوە و دەروازەی سەرەکی هەر بابەتێک،کەبمانەوێت لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدەین، دەبێت هەمەلایەنی بابەتەکە لەبەرچاوبگرین، چونکە ئەمە تەنیا بەلایەنێکەوە یاخود تەنیا بە ئەدەبەوە پەیوەست نییە، بەڵکو هەمو بابەتەکانی دیکە دەگرێتەوە، زانینی زاراوە و چەمک ئاشنامان دەکات بە مێژوی دەرکەوتنی ئەو بابەتە و بەرکەوتنی لە هەنگاوی یەکەمدا بە خوێنەر، هەروەها پەرینەوەی ئەم زاراوەیە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر و لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر، پاشان هاوبەش بونی زاراوە و چەمکەکان لەگەڵ میللەتانی تردا. زاراوەی ڕۆژنامەگەری لقێکی بچووکی ناو دنیای ڕاگەیاندنە، بەرلەوەی بچینە ناو باسەکانی ڕۆژنامەگەرییەوە لەسەرەتادا بەکورتی باس لە چەمک و زاراوەی ڕۆژنامەگەریی دەکەین.

### ٢-١-١- زاراوەی ڕۆژنامەگەریی

ڕۆژنامەگەریی مێژویەکی دورودرێژی هەیە لەزمانی نەتەوە جیاوازەکاندا زاراوە و چەمکی جودایان بەپێی ڕێککەوتنی فەرهەنگی زمانی ئاخێوەرانی بۆ بەکاردەهێنرێت، بۆیە لە ((زمانی عەرەبی (اعلام) و لە زمانی فارسی (رسانە) و لە زمانی ئینگلیزی (Media) ی پێدەگووترێت)) (مستەفا، ٢٠١٣: ٣٤٧). بەکارهێنانی ئەم زاراوە لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر لەڕوی فۆرم و شێوەوە جیاوازی هەیە، بەڵام لە ڕوی ناوەڕۆکەوە هەمان دەلالەتی یەکتریان هەیە: ((بەو هۆیە سەرەکیانە دەگوترێت کە پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەکەن بەتایبەتی بەهۆی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەوە)) (پێشو: ٣٤٧). لە زمانی کوردیشدا وشەی ڕاگەیاندن لە فەرهەنگە کوردیەکاندا بە نزیکی بیر و هاوشێوەی یەکتر بەکاردەهێنرێن، لە فەرهەنگی شێخ محمد خاڵ (فەرهەنگی خاڵ) بەو شێوەیە لێک دراوەتەوە: ((ڕاگەیاندن، گەیاندنی قسەیەک یان شتێک بە یەکێک)) (خاڵ، ١٩٦٤: ١٨٤)،

زاراوەی ڕاگەیاندن بە هەمان ئەو واتایە بەکارهاتووە کە لە ئێستادا بەکاردەهێنرێت، ئەویش بریتییە لە گەیاندنی قسە، هەوڵ و ئاگادارکردنەوەی بەرامبەر. چەندین میکانیزمی گەیاندنی ئەم

هەواڵە لە ئارادایە، لەوانە ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، لەبەرئەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە ڕۆژنامەگەری بۆیە تەنیا تیشک دەخەینە سەر ڕۆژنامەگەری.

زۆربەی زاراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان لەناو نەتەوەکانی ترەوە پەڕیوەتەوە ناو فەرهەنگ و زاراوەی کوردیەوە، گەلی کوردی ئەم چەمک و زاراوانەی لە ناو زمانی خۆیدا بە فۆڕمی جیاواز بەکارهێناوە، بەڵام بە ناوەڕۆکێکی هاوبەش، چەند فۆڕمێکی شێوە نوسین لە کایەی ڕۆژنامەگەریدا دەبینرێت، بۆ نمونە ((وشەی (ڕۆژنامەوانی) کە هەندێ کەس (ڕۆژنامەنوس) و هەندێکی کە وشەی (ڕۆژنامەگەری) لەباتی بەکاردەهێنێت کە بە زمانی عەرەبی (الصحافة) و بە فارسی (روزنامەنگاری) و بە ئینگلیزی (Journalism)ی پێ دەڵێن، وشەیەکی تازەیە، تازە دروستکراوە و تازە بەکاردەهێنرێ)) (خەزنەدار،٢٠١٨: ٤).

هەروەها ئەم زاراوەیە لە زمانی تورکیدا پێی دەگوترێت ((غەزەتە، گازتە)) ئەوە لە گازێکای ئیتاڵیەکانەوە وەریان گرتووە)) (پێشو: ٤). ئەگەرچی داتاشینی ئەم وشەیە بەشێوازی جیاجیا دەبینرێت لەناو فەرهەنگی کوردیدا دەبینرێت، بەڵام هەمو ئەو جیاوازیانە نەیتوانیوە لەواتای سەرەکی خودی ڕۆژنامەگەری دابیڕدرێت. وشە و فۆڕمی تر بۆ ئەم زاراوەیە بەکارهاتووە، بۆ نمونە ((زادەی ڕۆژنامە وەک ئیدیۆمێکی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی ڕابردووی خۆی بە دنیای نوسین و ئەدەبیاتی کوردی ناساندووە، ئەم زاراوەیە لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە: (ڕۆژ) ەوە (نامە) بە واتای نامەی ڕۆژانە دێت))(پێشو:٣).

زاراوەی ڕۆژنامە لە فەرهەنگی کوردیدا هاوکاتە لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی واتا سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری و پەیدابونی زاراوەکەی، جیاوازی ئەوتۆیان نییە، بەڵام وەک هەر چەمک و زاراوەیەکی تر زادەی لەدایکبونی بۆ ئەوروپییەکان دەگەڕێتەوە، دواتر هونەرێکی ئەوروپییە، چونکە ((ئەگەر چی چینیەکان لە دروستکردنی کاغەز و نوسینەوەی هەواڵی ڕۆژانە و داهێنانی چاپ دا پێش گەلانی تر کەوتوون، بەڵام هونەری ڕۆژنامەوانی لە ئەوروپاوە گەیشتۆتە ڕۆژهەڵات، هەر لەبەر ئەوە ئەو زاراوانەش کە پەیوەندییان بە پیشەی نوسینەوەی دەنگ و باس و هەواڵەوە هەبێ هەر لەوێوە دەر کەوتوون و کەوتوونەتە ناو ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات))(مستەفا، ٢٠١٣: ٤٧).

ئەوەی تاوەکو ئێستا بۆ ئێمە ڕون بێت، ئەوەیە کە سەبارەت بەبەکارهێنانی وشەی ڕۆژنامە لەناو شیعری کوردیدا حاجی قادری کویی یەکەمین کەسە پێش دەرکەوتنی ڕۆژنامە ئەم وشەیەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. دەڵێت:

کورێکی وانەبو هەستێتە سەرپێ

بزانێ خەڵقی چۆن کەوتونە سەر ڕێ

بکا سەیری جەریوە و حاڵی میللەت

کتێبی تازە و نەتریفی دەوڵەت

بزانێ تا چ قەوماوە لە ئەتراف

سەراپا ئەگرە ئەتراف و تەکناف)) (کۆیی، ١٩٨٦: ١٧٥)

ئەم شیعرە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە هێشتا ڕۆژنامە نەگەیشتوتە کوردستان، حاجی قادر لەم شیعرەدا دەڵێت سەردەمی (قائمە و قەصیدە) کۆتایی هاتووە و ئێستا لە دونیای دەرەوەدا ڕۆژنامە و جەریدە قیمەت و بەهای خۆی هەیە، هەروەها بانگەوازێک دەکات بۆ گەنجانی کورد کە هەستنە سەرپێ لە ڕێگەی سەیرکردنی جەریدە و ڕۆژنامەکانەوە ئاشنایەتی حاڵی میللەت بن و مێژو و کتێبی تازەی وڵات ببیستن.

بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی ڕۆژنامەگەری زاراوەیەکی ئەوروپی بووە و دواتر پەڕیوەتە بۆ ناو میللەتەکانی تر، میللەتی کوردی چۆن کەوتوونەتە ژێر کاریگەری وڵاتانی دراوسێ، بە هەمان شێوە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەتی ئێرانیەکان و تورکەکان و عەرەبەکان.

## ٢-١-٢- پێناسەی ڕۆژنامەگەری کوردی

سەرەتای پەیدابونی هەر چەمک و زاراوەیەک وا لە نوسەرانی تایبەت بەو بوارە دەکات کە هەر زوو خولیا و ئارەزوی ئەوەیان لەلا دروست ببێت کە لە پێناو چوارچێوەیەکی تایبەت بۆ ئەم چەمک و زاراوەیە دابڕێژن، بەڵام ئەوەی ڕون و ئاشکرایە ئەوەیە کە زۆربەی بۆچونەکان هەڵگری هەمان تێڕوانینن بۆ ئەم چەمکە، ئەگەر جیاوازییەکیش هەبێت لە پێناسەکەیاندا هەر گۆڕاوە و هەمان گوزارشت بۆ ناوەڕۆکی ڕۆژنامەگەری دەکرێت، کەواتە دەکرێت بوترێت ڕۆژنامەگەری بریتییە لە ((پەیوەندیکردنی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر بەشێوەیەکی گشتی و ئاشکرا بەهۆی جۆرەکانی کۆمیونیکەیشنی زەینی (لەگەڵ ژیان) تەکنیکی میدیا بۆ بەرهەم هێنانی تێگەیشتن دەربارەی شتی واقیعیانەی سەردەم و کۆمەڵ)) (گورون، ٢٠٠٦: ٢٣).

ڕۆژنامەگەری هەواڵ و بابەتی ڕاستەقینەو سەردەمیانە بۆ نێو کۆمەڵگا دەگوێزێتەوە. کەواتا ئەرکی سەرەکی کاری ڕۆژنامەگەری بریتییە لە گەیاندنی هەواڵ، لەڕێگەی تەکنیکی میدیاییەوە، هەروەها ئامانجێکی تری ڕۆژنامە گەیاندنی ئەو پەیام و ئامانجانەیە بە خوێنەر و کورتکردنەوە و سادەکردنەوەی هەواڵی ڕۆژ بەتەکنیکێکی تایبەت و دەربڕینێکی سەرنج ڕاکێش، بۆیە دەگوترێت: ڕۆژنامەگەریی ((پڕۆسەیەکی تەکنیککارییە بۆ ڕوماڵکردن و تۆمارکردن و چاپ و بڵاوبونەوەی ئەو پەیامە ڕۆژنامەنوسییەی ئامادە دەکرێت بۆ کەناڵێکی میدیایی بە ڕۆژنامەشەوە)) (ئەبو بەکر، ٢٠٠٧: ١١١).

ڕۆژنامەگەری لەسەرەتای پەیدابونیەوە تا ئەمڕۆ یەکێک لە ئەرکەکانی گەیاندنی زانیارییە بە بەرامبەر. زۆرجار ئەم گەیاندنە لەڕێگەی چەند تەکنیکێکەوە ئەنجام دراون، یەکێک لەو ڕێگایانە بەشێوەی چاپ، کە ئەمەشیان دەکرێت بوترێت کۆنترین جۆری ئەو پەیامە بووە. ئەرکی ڕۆژنامەگەری فراوانتر بووە  لەگەڵ بەرەوپێشچونی تەکنەلۆژیا پەیامەکان چونەتە ناو میدیا و بەگشتی سۆشیال میدیا، هەروەها لە هەمو کۆمەڵگایەکی ئەمڕۆدا کاری ڕۆژنامەگەری بەهەمو جۆرەکانییەوە بە دیاردەیەکی زیندوی ناو کۆمەڵگا دادەنرێت، هەر بۆیە ناتوانرێت کۆمەڵگا و ڕۆژنامەگەری لێک جیابکەینەوە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و کۆکردنەوە و خستنە ڕوی زانیارییەکان دواجار لە ڕۆژنامەگەرییەوە بۆ کۆمەڵگا ئاراستە دەکرێت.

پەیوەندی ڕۆژنامە و کۆمەڵگا ئەوە دەردەخات کە دەبێت ڕۆژنامەکان بەهەمان زمانی کۆمەڵگا بنوسرێن. بۆ ئەوەی لای هەمو خەڵک ئاسان بێت و لێی تێبگات. ئەم گەیاندنە بە کۆمەڵگا لەڕێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کاغەزی دەبێت، یاخود ئامرازێکی دیکەی گەیاندن، چونکە: ((ڕۆژنامەگەری دەتوانرێ بەشێوەی زەینی یاخود بەهۆی میدیاوە بگەیەنرێت، بەمە لە ڕۆژنامەگەری زەینی ئەو جۆرە فۆڕمە کۆمۆنیکەیشنە گشتیانەیە کە بەبێ تەکنیکی میدیا ڕودەدەن، قسەکردنی گشتی، کۆڕگرتن، گۆرانی بەکۆمەڵ، وتاربێژی، شانۆگەری سیاسی، چونکە میدیا لە ڕۆژنامەگەری زەینیدا بریتییە لە قسەکردن بەهۆی فۆڕمەکانی دەربڕینەوە، هەروەها لە حاڵەتی شانۆدا بریتییە لە قسەکردن و تەختەی شانۆ)) (گورون، ٢٠٠٦: ٢٣-٢٤).

ئاساییە تەکنیکی میدیا، یان چاپ و چاپەمەنی و کاری ڕۆژنامەگەری لەڕێگایی وتاربێژی و شانۆگەرییەوە ئەنجام بدرێت، یاخود چەند شێوازێکی تری فۆڕمی دەربڕین، بەڵام ئەوەی ڕۆژنامەگەری میدیایی لە چاپەمەنی جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە لەڕێگەی تەکنیکی تایبەت بەخۆی بەکۆمەڵگا دەگەیەنرێت، چونکە: ((ڕۆژنامە ئامرازێکە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، سیما

دیارەکەشی ئەوەیە چاپەمەنییەکی ناو بەناوە (دوری) بەژمارەیەک کۆپی بەشێوەیەکی ڕێک و پێک لە کاتێکی دیاریکراوی نزیک و دور بەیەکەوە دەردەچێت)) (ابوزید، ٢٠٠٦: ٢٧).

گەیاندنی پەیامی ڕۆژنامەگەری لەڕێگەی چاپەمەنی و وتاری سەر کاغەزی، یان تەکنیکی میدیاییەوە دەبێت، یاخود بەشێوەی زەینی و لەڕێگەی فۆڕمی وتاردانەوە بێت، لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەرک و ئامانجەکانی ڕۆژنامەگەری خۆیان لە چەند بابەتێکی دیاریکراودا دەبینێتەوە بۆ نمونە ئەرکی ڕۆژنامەگەری بریتییە لە ((بڵاوکردنەوەی هەواڵ بەبێ ئەوەی زاتبکات هیچ پێدا هەڵگوتنێک (تعليق) سەبارەت بە هەواڵەکان ئەنجام بدات)) (پێشو: ٤١). ئەرکی ڕۆژنامەگەری لە ڕابردوو لە ئێستا بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری بووە جا ئەم هەواڵە راست بوبێت یاخود هەڵە، توانراوە لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەرییەوە ئەو پەیامە بە گوێگر و خوێنەرەکانی بگەیەنێت، ئەم ئەرکەی ڕۆژنامەگەری تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

ڕۆژنامەگەری ئامانجی دیاری کراو ڕون و ئاشکرای هەیە. ((ئامانجی سەرەکی شێوازی ڕۆژنامە نوسی زیاتر لە هەرشتێک دەیەوێت ئەو ئامانجە بپێکێت کە خوێندن و تێگەیشتن بۆ خوێنەری ئاسایی ئاسان بکات، کەواتە سادە نوسین تایبەتمەندییەکی دیاری پەخشانی ڕۆژنامەنوسییە))(ئەبوبەکر،٢٠٠٧: ١١٧). ئەو ئامانجە سەرەکییەی ڕۆژنامەگەری دەبنە فاکتەرێکی بنەڕەتی و گرنگ تا لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵگە لەڕوداو و پێش هاتەکان تێبگات.

## ٢-١-٣- مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی

سەبارەت بە مێژوی ڕۆژنامەگەری دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە ئەم زانست و هونەرە مێژویەکی کۆن و دور و درێژی هەیە، بەڵام ڕۆژنامەگەری کوردی بەراورد بەسەرهەڵدانی مێژوی ڕۆژنامەگەری جیهانی، نوێیە. بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافیا، کۆمەڵگای کوردی هەل و مەرجی تەواوی ناوچەکە هۆکارگەلێکن بۆ دواکەوتنی ئەم مێژوە، سەبارەت بە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی: ((پێچەوانەی حاڵەتی میللەتانی دراوسێی عەرەب و تورک و فارس، لای کورد لە ئەنجامی هۆشیارییەکی تاکە کەسییەوە لەدایک بو، نەک لە ئەنجامی پێداویستی دەوڵەت و یان دەزگایەکی حکومی بۆ بڵاوکردنەوە و پروپاگەندە و هەواڵەکانی خۆیان و بە ئەرشیف کردنی دەنگ و باسەکانی ئیدارەی ئەو حکومەتانە)) (پیرباڵ، ٢٠٠٧: ٢٣).

هەرچەندە کورد تاوەکو ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، چ جای ئەو سەردەمەی کە وەکو پێداویستییەک لە کایەی دەوڵەتدا هەست بە دامەزراندنی ڕۆژنامەگەری بکرێت، کەواتە لێرەدا پەیوەست بەبارودۆخی سیاسی، دەکرێت بوترێت هەوڵە تاکە کەسییەکان یان عەشیرەتی و

تایفییەکان، یان هەوڵی چینێکی دیاری کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا هۆکار بوبێت بۆ لەدایک بونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کە ئەویش ڕۆژنامەی کوردستان بو، کە ((لە ٢٢ ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچوو، بەبەراورد لەگەڵ یەکەم ڕۆژنامە کە لە جیهان لەساڵی ١٦٠٩ لە ئەڵمانیا دەرچوو، کورد جگە لەوەی ٢٨٩ ساڵ جیاوازی لەنێوانماندا هەیە، بەڵام ڕۆژنامەی کوردی لەماوەی پێنج ساڵ و لەپێنج شار و وڵاتی جیا بە هەموشی (٣١) ژمارەی لێدەرچوو)) (سەپان، ٢٠١٥: ٨٦). لەگەڵ ئەوەشدا کەم و کورتی گەورە دەبینرێت لەسەر ئەو ڕۆژنامەیە بەبەراورد بە ئەو ڕۆژنامانەی کە لە ئەوروپا دەرچون هەر لەڕوی ناوەڕۆکەوە بگرە تا دەگاتە ئەو مەرج و ڕێنماییانەی کە پێویستە لە ڕۆژنامەیگەریدا ڕەچاو بکرێن، بەڵام دەرچونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی هەڵێکی گەورە و زێڕین بو بۆ بزاوتی ڕۆژنامەوانی، دەرچونی ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن بەدرخانییەکانەوە ئەو ڕاستیە دەخاتە ڕو کە هەوڵی چەند کەسایەتییەکی خەمخۆری ئەو بنەماڵەیە بون. دەرچونی لە قاهیرە سانسۆر و بەر تەسککردنەوەی ئازادییەکان و سیمای داگیرکراوی کورد و پێشێلکاریەکانی دەوڵەتان دەرهەق بە کورد نیشان دەدات. هۆکاری سەرەکی و بنچینەی دواکەوتنی دەرچونی ڕۆژنامە لەناو کورداندا بە پلەی یەکەم بۆ بارودۆخی سیاسی دەگەڕێتەوە. هەر لەبەرئەوەیە ((ئەگەر بە وردی بیر لە مێژوی ڕۆژژنامەگەری کوردی بکەینەوەو ئاوڕێک بە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بخشێنین، بەشێک لە تراژیدیایی مێژو لە ڕۆژنامەگەری کوردی و تەواوی مێژوی کورد و کوردستانمان بۆ ڕون دەبێتەوە، ڕۆژنامەی کوردستان هەرچەندە زۆر لە دوری کوردستان دەردەچوو، دانە دانەی بۆ کوردستان دەهات، بۆیە گرانە بڵێین کاریگەری پێویستی لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی کوردستانەوە هەبووە ))(پێشو: ٨٦).

ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی کوردان بو، بەڵام لەسەردەمی خۆیدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی دروست نەکردبو. هۆکاری سەرەکی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ڕۆژنامەیە لە دەرەوەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. هەرچەندە دانە دانە و چەند ژمارەیەی لێ بڵاوکراوەتەوە. بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی و جوگرافی کەمتر بەدەستی خوێنەران دەگەیشت. کاریگەری ئەم ڕۆژنامەیە بەسەر ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردیدا لە ساڵانی دواتر دەرکەوت، هەروەها ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە ڕاستە گرنگی بە بارودۆخی سیاسی و بابەتی سیاسی داوە، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا ستراتیژیەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری فەرامۆش نەکردووە، کەواتە ((یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە پێچەوانەی میللەتانی دراوسێوە ڕۆژنامەیەکی ئەهلی و تاکەکەسی بووە ، جگە لەمەش ناواخنێکی ئەدەبیی و ڕۆشنبیری و ئازادی هەبووە ، ئەم خاسیەتە دەگمەنە مایەی

سەرنجدان و شانازییە بۆ کوردان،چونکە وامان لێ دەکات بیر بکەینەوە، بۆچی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ئەم خاسیەتە بەرز و جیاوازەی هەبووە ؟)) (پیربال: ٢٠٠٧: ٢٢).

ڕۆژنامەی کوردستان لەپاڵ گرنگیدانی بە بابەتەکانی تری وەکو سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، لەهەمان کاتیشدا گۆشەیەکی تەرخانکردبو بۆبابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، کە تێیدا بەرهەمی شاعیر و نوسەرانی لەسەر ئەدەب بڵاودەکردەوە. ئەمە هۆکاری ناساندنی ئەدەبی میللەتانی دراوسێ و ئەوروپابو بە گەلی کورد، هەروەها ئەم ڕۆژنامەیە بو بووە مینبەرێک بۆ شاعیر و نوسەران تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بابەتەکانیان بڵاوبکەنەوە.

دوا بەدوای دەرچونی ڕۆژنامەی کوردستان لەدەرەوەی عێراق هەل و مەرجی سیاسی و جوگرافی وای دەخواست کە یەکەمین ڕۆژنامە لە عێراق دەربچێت، لەدوای ساڵانی (١٩١٤) کە دەتوانرێت بەسەرەتای دامەزراندنی ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراق دابنرێت. چونکە ((ئەو ماوەیەی لەنێوان هەردوو ساڵانی (١٩١٤ و ١٩٣٩) دایە کە بەماوەی دامەزراندن و سەرەتای پەیدابونی ڕۆژنامەگەری کوردیمان لە عێراقدا داناوە، گەلێک گۆڕانکاری و ڕوداوی گەورەی بەسەردا هاتووە، کە ناوچەکەی هەژاندووە و نەیهێشتووە ئارام بێت و بەرەو داهێنان و تازەبونەوە بچێت)) (عومەر و کارێزی، ٢٠٠١: ١٣).

لە دوای ساڵی (١٩١٤) وردە وردە جموجۆڵی ڕۆژنامەگەری لە عێراق پەیدا بو. نوسەرو ڕۆشنبیران هەوڵیانداوە لە عێراق شان بەشانی وڵاتانی دەرەوە ڕۆژنامە بنیات بنێن، تا لەو ڕێگەیەوە پەیام و بابەتە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆیان بڵاو بکەنەوە، چونکە عێراق لەو کاتەدا بە بەراورد بە کۆمەڵگاکانی دەرەوە ئەو سەربەستی و ئازادیەی نەبووە . بۆ ئەو کاتە دەرکردنی ڕۆژنامە خاڵێکی وەچەرخان بووە و دەستکەوتێکی گرنگ بووە، بۆیە دەکرێت بگوترێت یەکەمین ڕۆژنامە کە لەدوای ساڵی (١٩١٤) کە لە عێراق دەرچوبێت ڕۆژنامەی ((تێگەیشتنی ڕاستی وەک یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بڵاوکراوەتەوە لەو قەڵەمڕەویەدا کە دواتر بەعێراق ناسرا)) (ساڵح، ٢٠٠٧: ٥).

ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی لەدوای ساڵی (١٩١٤) بەیەکەمین ڕۆژنامەگەری کوردی دادەنرێت لە عێراقدا ئەمە بەسەرەتایەکی باش دادەنرێت بۆ پێشکەوتن و جوڵە کردنی نوسەر و ڕۆشنبیرانی کورد تا بتوانن نوسینەکانیان لە بوارە جۆرا و جۆرەکاندا بڵاوبکەنەوە، بۆ نمونە د. کەمال مەزهەر: ((بۆ یەکەم جار بە وردی لەسەری نوسیوە (١١٥) لاپەڕەی کتێبەکەی بۆ ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا بۆ تەرخان کردووە)) (پێشو: ٥).

پاش دەرکەوتنی رۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی عێراق جموجۆڵی تێکەوت لە زۆربەی بوارەکاندا، چونکە بو بە بناغەیەک و سەرەتایەکی باش بۆ دەرچونی بڵاوکراوەی تر، لەبەرئەوە نوسەر و ڕۆشنبیران لە شار و ناوچە جیاجیاکان بیریان لە دەرکردنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی تر کردەوە. بە تایبەتی لە ناوچە کورد نشینەکان لەناویشیاندا، سلێمانی کە بزاوتی ڕۆشنگەری تێیدا لە ئاستێکی باڵادا بو، هەربۆیە دەکرێت مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوردستان بۆ ((بیستەکانی سەدەی بیست و لە شاری سلێمانی بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و ئازاد و بەردەوام دەستی پێکرد، قۆناغی حکومەتی شێخ محمود، قۆناغێکی زۆر گەشی ڕۆژنامەگەری کوردییە و دوای ئەویش دەتوانین سەردەمی حکومەتی کۆماری مهاباد دیسان بە قۆناغێکی نوێی ڕۆژنامەگەری کوردی لە قەڵەم بدەین، لەنێوان ئەم دوو سەردەمەش بێشک ڕۆژنامە و گۆڤاری زۆر باش لە شارەکانی دیکە وەک گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە لە بەغدا دەردەچون و لە هەولێریش گۆڤاری ڕوناکی (هەتاو) و گۆڤاری دیکە دەردەچون، کە هەمویان بەیەکەوە مێژویەکی پڕ لەسەروەری بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی تۆمار دەکەن)) (سەپان، ٢٠١٥: ٨٧).

سەرەتای سەدەی بیستەکان شاری سلێمانی هاوشان لەگەڵ شارەکانی تری خوارویی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و ئەوروپا دەستی بە جموجۆڵ و بزاوتی ڕۆشنگەری کوردی کرد. ئەم جموجۆڵە زۆربەیان لەڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بو. لەو نێوەندەشدا ڕۆژنامەی پێشکەوتن وەکو ((یەکەم ڕۆژنامەی شاری سلێمانی دوای هێنانی چاپخانە لەلایەن مێجەر سۆنەوە لەساڵی ١٩١٩ دا لە ٢٩ ی نیسانی ١٩٢٠ یەکەم ژمارەی لێدەردەچێت)) (ئەبوبەکر، ٢٠٠٧: ٢٤١).

کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم وەچەرخانێکی گەورەی لە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی دروستکرد، چونکە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە لەو سەردەمەدا کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵکو نوسەر و ڕۆژنامەنوسان توانیویانە خەبات و تێکۆشانێکی گەورە بکەن و لەزۆر ڕوانگەوە خەباتی مەدەنی بۆ بەرەو پێشبردنی دۆزی نەتەوەی کورد بکەن، کە لەو کاتەدا کارێکی ئاسان نەبو، بەڵکو نوسەران زۆربەی بابەتەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاودەکردەوە لە جیاتی ناوی خۆیان پیتیان دادەنا، لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت:((سەبارەت بە دانانی پیت و ناوی نەناسراو، پێی وایە هۆیەکەی ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی داگیرکەر ڕۆژنامەکەی دەرکردووە، بۆیە هەندێ لەوانەی بابەتیان بۆ ناردووە، بەتایبەت ئەوانەی کە نوسینەکانیان تانە و تەشەریان تێدابووە بۆ لایەنگرانی شێخ محمود و ناحەزانی ئینگلیز، سڵیان نەکردۆتەوە و بەناوی خواستراوەوە نوسیویانە))(ساڵح، ٢٠١٢: ٧).

کارکردن لەناو ڕۆژنامەگەری کوردیدا کارێکی ئاسان نەبووە و بەردەوام ڕژێم توانیویەتی دەنگە ئازادەکان دەستبەسەر بکات و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەکاری نوسین و بڵاوکردنەوەی بابەتێک کە زەرەری هەبوبێت بۆ دەسەڵاتدارانی ئەوکات دوریانبخاتەوە.

لە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەرزی و نزمی زۆر هەبووە و هەمو ئەو شۆڕش و ڕاپەرینانەی کە رویانداوە کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر بزاوتی ڕۆشنگەری کوردیەوە بەجێهێشتووە .

میللەتی کورد خاوەن دەوڵەت و قەوارەیەکی سەربەخۆ نەبووە، بۆیە نەیتوانیوە بە ئارەزوی خۆی لە بوارە جۆرا و جۆەرکاندا ببێتە خاوەنی بەرهەمی سەربەخۆ لەهەر بوارێک لە بوارەکان ئەگەریش بەرهەمی هەبوبێت ئەوا درەنگ سەری هەڵداوە، بۆ نمونە: ((سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردی ڕەنگە لە ناوچەکە و تەنانەت لە جیهانیشدا یەکێک بێت لەو ڕۆژنامەگەریانەی کەدرەنگ لەدایک بوبێت، بەڵام لەهەندێ قۆناغدا لەیەک کاتدا چەندین بڵاوکراوەی ڕۆژنامەگەری دەرکراوە)) (علی، ٢٠٠٧: ٨٥).

ڕۆژنامەگەری کوردی بە بەراورد بە ڕۆژنامەگەریی وڵاتانی ئەوروپا و دراوسێیدا تاڕاددەیەک درەنگ سەریهەڵداوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت توانیویەتی بەجۆرێک لە جۆرەکان سود و کەڵک لە ڕۆژناگەری بیانی وەربگرێت و لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر بێتە ئاراوە، کوردیش لەزۆر ڕوانگەوە توانیویەتی پەیامەکانی خۆی لەڕوی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بڵاوبکاتەوە و وەکو مینبەرێک پەیامەکانی خۆییان تێدا بگەیەنن.

سەبارەت بە پەیدابونی ڕۆژنامەگەری کوردی و کاریگەری سیاسەتی ئەوروپی د. کەمال مەزهەر لەکتێبی تێگەیشتنی ڕاستیدا دەڵێت:((سەرەتای پەیدابونی ڕۆژنامەگەری لەزۆر وڵاتانی ڕۆژهەڵات تاڕاددەیەکی زۆر بەرهەمی سیاسەتی ئەوروپییەکانە)) (مەزهەر، ١٩٧٨: ٣٠). کەواتە ڕۆژنامەگەری وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و کوردی بەتایبەتی بەکاریگەری ئەوروپییەکان سەریان هەڵداوە، ئەو کاریگەریە درەنگ گەیشتوتە ناو گەلی کورد، ئەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، نەبونی چاپەمەنی و لەلایەکی تریشەوە پەیدابون و زۆر بونی واتا و تێگەیشتوانی کورد هێواش تر بو لەچاو دەوروبەرەکەی بەڵام لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە ئەو بۆشاییە بەباشی هەستی پێدەکرا، بۆیە بایەخدان بە خوێندەواری بووە یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی)) ( علی، ٢٠٠٧: ٨٧).

کرانەوەی میللەتی کورد بە ڕوی دەرەوەی خۆیدا و ئاشنا بون بە شارستانییەتی گەلانی ئەوروپا و دەوروبەری و هێنانی چاپخانە و کەرەستەکانی چاپکردن، وردەوردە ڕۆژنامەگەری زیاتر لەدایک بون هەموشیان کەلێن و بۆشایی گەورەیان لەناو ئەدەبیانی کوردیدا پڕکردۆتەوە.

چاپخانەکان تەکانێکی باشیان بە ڕۆژنامەگەری دا و ئەم داهێنانە کارئاسانییەکی باشی بۆ بڵاوکراوەی ئەو نوسینانە کرد کە لەو کاتەدا خەریک بو دەردەچون، لەهەمانکاتدا ورە و هێزێکی زۆریشی بۆ نوسەران گێڕایەوە کە دەتوانن بە ئاسنترین شێوە بەرهەمەکانیان بە چاپ بگەیەنن، هەڵبەتە دۆزینەوەی چاپ مێژویەکی دور و درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپییەکان و بە دیاریکراوی سەدەی پازدە، ((داهێنانی چاپ گەورەترین کاری کردە سەر ڕۆژنامەنوسی، بەر لەوەی سەدەی پازدە کۆتایی بێ، واتە ماوەیەکی کەم دوای دۆزینەوەی چاپی نوێ هەندێک لەو پامفلێتانەی ئەوروپا کە باسمان کردن بەچاپ کراوی بڵاو دەکرانەوە)) (مەزهەر، ١٩٧٨: ٢٩)،

چاپخانە بو بە چەقی بڵاوکراوەکان و هەمو ئەو بابەتە ڕۆشنبیریانەی کە لە ناوەوە لەڕێگەی دەست و ئامێری دواکەوتوو بە چاپ دەگەیەنران، لەدوای ئەوە لەڕێگەی دۆزینەوەی ئامێری پێشکەوتوو گەشەکردنێکی باشی بەخۆیەوە بینی، ئەو پێشکەوتنەش هەر بەوە نەوەستا دواتر بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناو کرانەوەیەکی باش بو، دەکرێت بوترێت سەدەی حەڤدە ڕوناکییەکی زیاتر دەرکەوت و گەشەیەکی زیاتری کرد. ((دوای ئەوە بەماوەیەک لە ژمارەیەک وڵاتانی وەک ئەڵمانیا دەستکرا بە چاپکردنی ڕۆژنامە کە لەسەرەتای سەدەی حەڤدەوە بەجۆرێکی هەست پێکراو کەوتە بڵاوبونەوە و پەرەسەندن، ڕۆژنامەی وا پەیدا بو کە چەند هەزار دانەیەکی لێ چاپ دەکرا.... لەساڵی (١٦٦١) لە لایبزگی ئەڵمانیا بۆ یەکەم جار لەمێژودا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی بەناوی (LEIPZIGERZEITUNG) کەوتە بازاڕەوە کە ئەمە هەنگاوێکی گەورە بو بۆ سەردەمی خۆی)) (مەزهەر،١٩٧٨: ٢٩).

سەدە دوای سەدە ڕۆژنامەگەری پێشکەوتنی بەرچاوی کردووە، لەهەر قۆناغ و سەردەمێکدا ڕۆژنامەگەری زیاتر گەشەی دەکرد و ژمارەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەگەری زۆرتر بون، سەدەی حەڤدە بایەخی گرنگی هەبووە لە مێژوی ڕۆژنامەگەریدا، چونکە ژمارەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە زیاتر بون، هەروەها بەشێک لەو ڕۆژنامانەی کە مانگانە دەردەچون بون بە هەفتانە، ئەمەش کاریگەری باشی هەبو لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و گەیشتنی زانیاری بە خەڵکی ناوچە جیا جیاکان، بەڵام ڕۆژنامەگەری هەر بەوە نەوەستا و لەسەدەکانی دواتر، بەتایبەتی ((سەدەی هەژدە و نۆزدە بەسەرتای پەرەسەندنی خێرای ڕۆژنامەنوسی ئەوروپا دادەنرێت، ڕۆژنامەی بەناوبانگی

(تایمس) (THE TIMES ) كه له سالّی (١٧٨٥)ەوه دەستی بەدەرچون كرد سالّی ١٨١٥ تەنیا پێنج هەزار دانەی لیّ چاپ دەكرا، بەلاّم له ناوەندی هەمان سەدەدا ژمارەی چاپكراوی گەیشته ٥٢ هەزار و بەر له كۆتایی ئەو سەدەیه گەیشته ٨٠ هەزار دانه له ڕۆژێكدا)) (مەزهەر، ١٩٧٨: ٣٠).

له سەدەی بیستەم وەرچەرخانێكی گەوره ناوچەكانی خۆرهەلاّتی ناوەراستی گرتەوه. له ناویشیاندا گەلی كورد ئەم هەلەی قۆزتەوه. هەرچەنده بەهۆی ئەوەی كوردستان ژێر دەستەبو خاوەنی دەولّەتی خۆی نەبو، دەركەوتنی یەكەم ڕۆژنامه له خاكی كوردستان نەبو، بەهۆی داگیركاری دەولّەتی عوسمانی بەشێك له بنەمالّه و تیر و هۆزەكان ئاوارەی دەرەوه بوبون، بۆیه دەكرێت بوترێت: ((سەرەتاكانی دەركەوتنی ڕۆژنامەگەری كوردی، بۆ هەولّەكانی هەردوو برا میقداد مەدحەت بەدرخان و عەبدولرەحمانی برای دەگەڕێتەوه، كه بۆ یەكەمین جار ڕۆژنامەیەكی كوردی یان بەناوی كوردستان له ٢٢ – ٤ – ١٨٩٨ له تاراوگه (قاهره) دەركرد، دەرچونی ئەم ڕۆژنامەیه هەم ڕوداوێكی مێژوییه له بزوتنەوەی ڕۆژنامەگەری كوردیدا، هەروەها ئاماژەیەكیشه بۆ زولّم و زۆری دەسەلاّتداره یەك لەدوای یەكەكان و كاریگەری دەسەلاّت و سیاسەت بەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و فەرهەنگییەوه بەگشتی)) (قانع، ٢٠١٩: ٧).

كۆتایی سەدەی نۆزده و سەرەتای سەدەی بیستەم مەسەلەی ڕۆشنگەری له ئەرووپاوه بلاّوبووه ، زۆربەی ئەو ناوچانەی كه لەژێر دەسەلاّتی عوسمانیەكاندا بون، كه كورد له پالّیدا لەرێگەی زیندوویەتی ڕۆشنبیر و نوسەر و شاعیرەكان ئەم هەلەیان قۆستەوه، چونكه هەمو میلەتێك خاوەنی كۆمەلّێك نوسەر و ئەدیب و شاعیره و بەكاریگەری هەژموونی ئەوروپا لەسەریان توانیویانه بەشێك لەو شارستانیەته بۆخۆیان ببەن، هەلّبەته بونی چاپخانه و بلاّوكراوه نیشانەی زیندوویەتی هەر میللەتێكه، میللەتی كوردی هەر زوو دەستی بۆ چاپخانه و بلاّوكراوەی ڕۆشنبیری لەڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامەكانەوه برد، هەر ((سەرهەلّدان و بلاّوبونەوەی چاپەمەنی و ڕۆژنامه و گۆڤار له مێژوی كلتوری میللەتاندا به دیاردەیەكی شارستانی دەژمێردرێت و ڕادەی هۆشیاری ئەو میللەتەی پێ هەلّدەسەنگێنرێ، بلاّوبونەوەی یەكەم ڕۆژنامەی كوردی (كوردستان (١٨٩٨ – ١٩٠٠) وەرچەرخانێكی نوێیه له مێژوی ڕوناكبیری كوردی، ڕۆژنامه و گۆڤاری كوردی بەهۆی زالّبونی باری نەخوێندەواری و نەبونی هۆشیاری نەتەوەیی و كەم دەرامەت و چاپخانه توشی چەندین كێشه و چەرمەسەری بووه )) (حسێن، ٢٠٠٨: ٣٤٠).

هەمو ئەو کۆمەڵگە و میللەتانەی کە هەن لە دونیادا پێویستیان بە پێشکەوتن و هۆشیارییەکی گەورە بووە ، بۆ ئەوەی هەر لە شوێنی خۆیان نەوەستن و زیاتر بەرەو کرانەوەیەکی تر هەنگاو بنێن، بەردەوام نوسەر و ئەدیبەکانی هەر میللەتێک هەوڵیان داوە کە شارستانییەت و ڕۆشنبیری بڵاوبکەنەوە و خەڵکی وشیار بکەنەوە لە هەمو ئەو ڕوداوانەی کە لە ناوەوە و دەرەوە دەگوزەرێت، ڕۆژنامە یەکێک بووە لەو ئامێرانەی کە توانیویەتی هەواڵی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی تێدا بڵاوبکەنەوە، چونکە ڕۆژنامە ئاسانتر گەیشتۆتە دەستی خوێنەر و هەواڵی کورت و خێرای تێدا بڵاوکراوەتەوە، لە هەمو بوارە جۆراوجۆرەکاندا رەخنەی ئەدەبی بەهەمان شێوە لەناو ڕۆژنامەکاندا کەم تا زۆر دەبینرا.

بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار بو بە ڕێچکەیەکی باشی نوێ بونەوەی بیری نەتەوایەتی و هەمو ئەو دەستکەوتانەی لە بوارە جۆرا و جۆرەکاندا بونیان هەیە، هەرلە ((دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە کوردستانی عێراقدا ئاسۆیەکی نوێ دەرکەوت، ئینگلیزەکان بە هەر مەبەست و نیازێک بوبێت، ڕوحی نەتەوەیی و ژیانی خوێندەوارییان بەرەو پێشەوە برد، هەڵبەتە ڕۆژنامە و گۆڤاری (پێشکەوتن) لە بیستەکاندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بۆ هونەرەکانی ئەدەب لەوێوە سەرەتایەکی نوێی چیرۆکی هونەری کوردی سەری هەڵدا، هەرچەندە نابێ ڕۆڵی (میجەرسۆن) فەرامۆش بکرێت، چونکە هەر لەوێوە بیری ڕێچکەشکێنی شێخ نوری شێخ صالح بۆ شیعری نوێی کوردی سەری هەڵداوە، ئەمەش بە لاساییکردنەوەی شیعری شاعیرانی تورک و سروود و گۆرانی تورکی کێشی شیعری کوردی لە عەروزەوە گۆڕا بۆ کێشی هیجایی)) (حسێن:، ٢٠٠٨: ٣٤٠).

دەرچونی هەر بابەتێک، یاخود هەر دەزگا و چاپ و بڵاوکردنەوەیەک لەناو هەر میللەتێکدا هۆکار و مەبەستی تایبەتی لە پشتەوەیە، میللەتی کوردی بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام ژێر دەستە بووە ، بەردەوام بیری لای مەسەلە نەتەوایەتییەکان بووە و توانیویەتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وەکو تایبەتمەندی بیری نەتەوەیی بەکاربێنێت، بۆیە ((گرنگترین هۆکاری پەرەسەندنی خێرای ڕۆژنامەگەری ئەوە بو کە بۆ مەبەستی مەسەلەی نەتەوایەتییەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک بەمەبەستی نەهێشتنی جیاوازی و چەوساندنەوەی چینایەتی دەردەکرا)) (علی، ٢٠٠٧: ٨٦). کەواتە دەرچونی ڕۆژنامەگەری لەناو میللەتی کورددا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکارهاتووە و کە زیاتر لێی هەستی نەتەوایەتی و فکری ناسیۆنالیزمی کوردی بووە، ڕۆژنامەیان وەکو کەرەستەیەک بەکارهێناوە تاوەکو بیر و بۆچونەکانی خۆیان لەسەر ئەم بابەتە دەربڕن.

بۆ یەکەمین جار دەرکەوتنی ڕۆژنامەی کوردی لەدەرەوەی جوگرافیای کوردستان بووە ، بەڵام کاریگەری ئەم ڕۆژنامەیە بەسەر ڕەوتی ڕۆژنامەگەری هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە و ئەم نۆبەرەی ڕۆژنامەی کوردییە، کاریگەریەکەی تائێستا بەردەوامەو لەژێر سێبەری ئەم ڕۆژنامەیەدا ماوە ماوە ڕۆژنامە و گۆڤاری نوێ سەرهەڵدەدەن. لە ناو کتێبخانە و نوسینی ئەکادیمی دیکەدا بەدەیان لێکۆڵینەوە و وتار لەناو مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیەوە قسە لەسەر ڕۆژنامەی کوردستان دەکرێت. ئەمە خۆی لەخۆیدا خزمەتکردنە بەبواری ئەدەب بەگشتی و ڕۆژنامەی کوردی بەتایبەتی.

## ٢-٢- پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەری

ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی پانتایەکی بەرفراوانی هەیە. دەکرێت بڵێین سەروداوی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە زانستەکانی تر هەیە. بەڕادەیەک لەگەڵ زۆرێک لە زانستەکان بەتایبەت زانستە مرۆڤایەتییەکان تێکەڵ بووە و ئاوێتەی یەکتر بون، ئەم تێکەڵ بونە خزمەتێکی چەند لایەنەی دروست کردووە کە هەم خزمەتکردنە بە ئەدەب، هەم خزمەتکردنە بە زانستەکانی تر.

ئەدەب بەگشتی خزمەت بە کۆمەڵگە یان لەپێناو کۆمەڵگادایە، بۆیە ئەم بزاڤە ڕۆشنبیرییە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کایەکانی کۆمەڵگاوە کردووە. کە بووە بە هۆکاری پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت، پەیوەندی نێوان ئەدەب کۆمەڵناسی، ئەدەب و دەروونناسی، ئەدەب و ئەمانە، لە زۆر شوێندا لەگەڵ ئەدەب چونەتە ناویەکەوە. ئەدەب تێکەڵ بە سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤ بووە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەمو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە و تێکەڵ بە هەمو ئەو شتانە بووە کە لە ڕۆژانە مرۆڤەکان بە سیستەمی کردون، بۆئەوەی ژیانی خۆیانیانی پێ بەڕێوەبەرن.

سیاسەت یەکێکە لەو بابەتانەی کە تێکەڵ بە بواری ئەدەبی بووە، هەڵبەتە سیاسەت ((وەکو زاراوە هەمو ئەو بابەتە ئەدەبی و چالاکیانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بەبەکارهێنان و هەڵسوڕانی فەرمانڕەوایی و جۆری دەسەڵات و جۆری ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و مرۆڤەوە هەیە، بەو واتایە سیاسەتیش لەباری مێژوییەوە یەکێکە لە پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، واتە دیاردەیەکی مێژویی و کۆمەڵایەتییە، بەمەبەستی پێشکەوتن و شارستانییەت)) (علی، ٢٠٠٧: ٨٦).

جوڵە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی ڕێگا خۆشکەر بون بۆ چالاکی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆژنامەگەری و بابەتی کۆمەڵایەتی، هەمو ئەمانە لە کۆمەڵگایەکی کراوە و زیندوودا زۆرجار

بەبەرگێکی ئەدەبی ئاماژەیان بۆکراوە. لە لایەکی ترەوە لە بزاڤی ڕۆشنبیری کوردیدا چەندین بابەتمان هەیە، بە بەرگێکی ئەدەبی دەربڕاون. بۆ نمونە وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و مێژویی. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەدەب دەچێتە ناو زۆربەی کایەکانی ژیانەوە. ڕۆژنامەگەری بە گشتی جوڵەیەکی مەعریفی کۆمەڵگایە و پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ڕۆژنامەگەری و ئەدەبدا هەیە، کە زۆرجار وەک یەک پاکێجی گشتی ئەدەب پەیدا دەکرێن، ((پەیوەندی شار هۆکارێک بووە کە ئەدەب و ڕۆژنامەگەری ببنە هۆی گۆڕانکاری و تێکەڵاوبون، هەروەها پووکانەوە و گەشەکردن لە هونەرەکانی ئەدەب و ڕۆژنامە نوسیشدا بێتە کایەوە، بەشێوەیەک کە ئەوە تەنیا هونەرەکانی ئەدەب نین تێکەڵی یەکتر دەبن، یان هەر هونەرە ڕۆژنامەنوسیەکان نین ئاوێزانی یەکتر بون، بەڵکو ئەدەب و ڕۆژنامەنوسیش لە سەردەمی زانینگەریدا لە هەندێک بڕگەدا تێکەڵ دەبن، وەک ئەوەی بەشی هەرە زۆری هونەرەکانی ڕۆژنامەنوسی لە سێیەی تێزە ئەدەبییەکان دا دەنوسرێت و لە خودی ئەدەبیشدا هونەری وەک (هەواڵە شیعر) کە لە ئاوێزان بونی شێوەکاری و شیعرەوە دروست دەبێت)) (ئەبوبەکر، ٢٠٠٧: ١٨٩).

ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، یان تێکەڵ بونی ئەم دوو چەمکە مەعریفیە بەشێوەیەکە زۆرجار وەک یەک بابەت تەماشا دەکرێن، چونکە ڕۆژنامەگەری خاسیەت و هونەرێکی گەورەی ئەدەبییە، ئەگەرچی تارادەیەک جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە لێک دور بکەونەوە، بەڵکو زۆرجار جیاوازییەکان وایکردووە کە خزمەت بەیەکتر بکەن. پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەری وەک پەیوەندی یەک خێزان وایە. زۆرجار پەیوەندییەکە وەک پەیوەندی نێوان باوک و کوڕ دەچوێنرێت، د. مختار الوکیل دەڵێت: ((ڕۆژنامەنوسی کۆرپەی ئەدەبییە هەرچەندە گەشەی زۆری کردووە، بەڵام نەیتوانیوە باوکایەتی لە ئەدەب بستێنێت)) (الوکیلی، ١٩٥٤: ٧).

ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە لەنێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەریدا هەیە واینەکردووە کە ڕۆژنامەگەری بەسەر ئەدەبدا زاڵبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەگەر لەیەک ئاستدا نەڕۆیشتبن، ئەوا هەمیشە ئەدەب بەرزتر لە ڕۆژنامەگەری پیشاندراوە، بەڵام ئەم بەرز و نزمیە نەبۆتە هۆکار بۆ لێک دور کەوتنەوەی ئەم دوو چەمکە، چونکە هەردوو جوڵەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کۆمەڵگاوە هەیە، کاریگەریشیان لەسەر زمان و لایەنی هونەری ئەو زمانە کردووە، کە پێی دەنوسرێت.

ئەگەرچی ئەدەب زۆر پێش ڕۆژنامەگەری سەری هەڵداوە، ئەدەب چالاکییەک بووە لەگەڵ پەیدا بونی مرۆڤەوە بونی هەبووە. مێژوی دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەریش دەکەوێتە دوای سەرهەڵدانی ئەدەبەوە، کە پێویستی کۆمەڵگا و جوڵەی مرۆڤەکان هۆکارێک بون بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر دا سەروداوی ئەدەب و ڕۆژنامەگەری تێکەڵ بەیەک دەبون، بۆ نمونە لەناو مێژوی ڕۆژنامەگەری جیهانی بە گشتی و مێژوی ڕۆژنامەگەری کورددی پەیوەندییەکی ئاشکرا دەبینن لەنێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، کە ئەو پەیوەندییە سەرەتایەک بووە بۆ پەیوەندی ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردی، بۆ نمونە ئەگەر چاو بخشێنینەوە بە ڕۆژنامەگەری کوردیدا دەبینین هەمو ئەوانەی ڕۆژنامەگەریان دەرکردووە و بەدەوری ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەڵسوراون شاعیر و نوسەری ئەو سەردەمە بون.

لە سەرەتادا ڕۆژنامەگەری سودی لە ئەدەب بینیوە، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیادا بووە و ئەو پەیوەندییەش ئەوە بووە کە ئەو تێکستانە چۆن بپارێزن، چۆن نوسین و خوێندنەوەی هاوبەش دروست ببێت، چونکە پێش ڕۆژنامەگەری ئەمەمان نەبووە، خەڵک کتێبی بەدەست نوسیوە و لای خۆی داناوە و دواتر دەستا و دەستی پێکراوە، بەڵام کاتێک ڕۆژنامەگەری دروست دەبێت گۆڕانکارییەکی گەورە لە بواری ڕێنوسی و فەرهەنگ و خوێندنەوە سەرهەڵدەدات و کۆدەنگییەکی گشتی لەسەر بابەتەکان دێتەئاراوە، لەلایەکی ترەوە لەهەمو دونیادا ئەدیبەکان دەستیان بەکاری ڕۆژنامەگەری کردووە، لای نەتەوەی کوردیش هەروایە، بەتایبەتی لای بنەماڵەی بەدرخانییەکان و سەردەمی پیرەمێرد لە ئەستەنبوڵ و سلێمانی کە ئەدیبەکان رابەر بون، چونکە توانای نوسین و دەربڕینیان هەبو، هەرلێرەشەوە ئەدەب و ڕۆژنامەگەری تێکەڵ بەیەکتری بون.

ئەم جۆرە پەیوەندییەی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەری لەسەر ئاستی تاکەکەسی لەو سەردەمە` شۆڕشێکی گەورە بووە بۆ دەربڕینی ئەو بیر و هزر و نوێخوازییەی کە لە ئەندێشە و خەیاڵی شاعیران و نوسەران و ئەدیباندا هەبووە، یان شێوازێک لە هەستکردن و بەرپرسیاریەتی شاعیران بووە بەرامبەر بە سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆژنامەگەری، لەوەشەوە دەردەکەوێت کە شاعیران و ئەدیبان پێش هەر تاکێکی تری کۆمەڵگا هەستیان بە بەرپرسیاریەتی کردووە بەرامبەر ئەم بۆشاییەی کە لە نەبونی ڕۆژنامەگەری دا هەبووە. شاعیران پێشەنگی کۆمەڵگا بون پێش هەر چینێکی تر، لەلایەکی ترەوە وێڕای بەجێ گەیاندنی ئەرکی ڕۆژنامەگەری ئەدەبی و شاعیری ناوداری کوردیش بون لەو بوارەدا و شوێن پەنجەیان دیار بووە، ئەمەش وایکردووە ڕۆژنامەگەری کوردی لەگەڵدا بایەخ بە ئەدەبیش بدات، هەر بۆیە

کاتێک باسی تازەگەری دەکرێت ناکرێت فەرامۆشی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بکەین کە چەندین لاپەڕەیان بۆ ئەدەب و شیعر تەرخانکردووە، لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەو داهێنان و تازەگەریە دەست نیشان بکرێت، کە ڕۆژنامەگەری کوردی مینبەرێک بووە بۆ ناساندنی زۆرێک لە شاعیران، هەم لەڕێگەی ڕۆژنامەگەری کوردیەوە زمانی کوردیش پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش کاریگەری کردە سەر پاراوکردنی زمان لە شیعردا.

زەکی سائیب لەژێر ناوی (تکایەکی تایبەتی بۆ هەمو کوردێک) نوسیویەتی ((لای هەمو کەس مەعلومە کە میللەت بەزبانەوە ئەناسرێ، بەقای هەمو قەومێک بە زبانەوە بەندە، میللەتی بێ زبان نییە لە دنیادا، چ قەومێ زبانی کەوتە ئەزەلزولەوە نەمانەوە، چ میللەتێ زبانی خۆی محافەزە نەکر ئاخیرەکەی ئینقیرازە)) (مستەفا، ٢٠٠٢: ٢٦١). پۆلێک لە شاعیران و نوسەرانی بواری ئەدەب لە بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەرز دەنرخێنرێت و تەنانەت دەرکەوتنی ڕۆژنامە لەلایەن ئەوانەوە تەنیا دەرکەوتنی ڕۆژنامە نەبووە، بەڵکو پێش خستنیش بووە لە بواری زمانەوانیدا، چونکە زمان ناسنامەی تایبەتی هەر نەتەوەیەکە و بابەتە ئەدەبییەکانیش هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە و پێگە کۆمەڵایەتییەکانن.

پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەمو ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانەی کە لەڕوپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەردەکەوێت. دەرکەوتنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە، سەرەڕای ئەدەبی ئەم ڕۆژنامەیە زادەی بیر و هەڵچونی ئەدیبان و نوسەرانی بنەماڵەی بەدرخان بووە ، لەپاڵ بابەتی سیاسی، گۆشەی تایبەت بۆ ژیان و بەرهەمی نوسەران و شاعیران تەرخان کراوە. ڕۆژنامەکانی دواتر لە (تێگەیشتنی ڕاستی و ژین و ژیان گۆڤاری گەلاوێژ) هەمو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە لە کۆماری کوردستان دەرچون بە ڕۆژنامەی چاودێریشەوە، ڕۆژنامەیەک نابینین بەو تەمەنە نەبێت. کە گۆشەیەک یاخود شتێکی تەرخان نە کردبێت بۆ ئەدەب، ئەوەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ڕۆژنامەگەری خۆی بە قەرزباری ئەدەب دەزانێت، یاخود خۆی بەبەشێکی دانەبڕاو لەئەدەب دەزانێت. کەواتە ((لەسەردەمی بەرجەستە بونی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕە جاڵجاڵۆکەیاندا کەتیایدا هەمو نەتەوە و ئایین و مەزهەب و ڕەگەز و... تاد، تێکەڵاو بون ناشێت ئەدەب و ڕۆژنامەنوسی تێکەڵاو نەبوبن، بەڵام ئەم تێکەڵاو بونە ڕاستیەش مانای ئەوەنیە کە هیجی تایبەتمەندی و جیاکاری خۆیانیان لەدەستدا دابێت، بەڵکو جیاوازی خۆیان لە تەلاری مرۆڤایەتی نوێ تەواو دەکەن، کە هەریەکەیان بازنەیەکی گرنگی پرۆسەیەکن و هەر یەکەشیان نیوەی تیرەکەیان چەقیوەتە نیوەی ئەوەی تریان)) (ئەبوبەکر، ٢٠٠٧: ١٩٠).

هەر بە پەیوەندییەکی تر لە نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەگەریدا هەبێت بە قازانجی یەکتر تەواو دەبن، بەتایبەت پانتایی ئەدەبی فراوانتر دەکات. سنور و تایبەتمەندی یەکتری تۆختر دەکەنەوە. لە کۆتاییدا ئەدەب و ڕۆژنامەگەری چالاکییەکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگان، ڕۆڵیان هەیە لە پێش خستنی بزاڤی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی. بنیاتنەری ئەو راستیەن کە لەرێگایانەوە کۆمەڵگا لەخواری و نارێکی ئاگادار دەکەنەوە. چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان لەدواجاردا دەکرێت لە ڕێگەی ئەدەب و ڕۆژنامەوە دەرببڕدرێن.

## ٢_٣_ ڕەخنەی ئەدەبی لەڕۆژنامەگەریی کوردیدا

هۆکاری بەرەو پێشچون و سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، بەشێوەی وتاری لێکۆڵینەوەیی بۆ دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدان و بەرەوپێشچونی چاپەمەنی کوردیدا، ڕاستەوخۆ بەیەك ئاراستە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەرەو پێشەوەچوو، ڕەخنە گۆڕا، لە دەقی شیعرییەوە بۆ وتاری لێکۆڵینەوەیی ڕەخنەیی، هەرچەندە ئەو وتارانە نەچونە ناوخانەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، بەڵام لە هەندێ شوێنی لابەلا بەتایبەت هەندێکیان دەربارەی شیعر و شاعیران نزیك بونەتەوە، لە ڕەخنەی ئەدەبییەوە، هەروەها لەو سەردەمەدا و لەگەڵ بەرەو پێشچونی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەتایبەت ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی و هاوار و گەلاوێژ و ژیان وژین، پاشان لە قۆناغەکانی تردا سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕوانگە، ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە گەشەسەندنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ئەم ڕۆڵەش تا مێژوی ئەدەبیاتی کوردی بمێنێ لە لاپەڕەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ڕۆڵ و گرنگی و بایەخی خۆی دەبێت و ((ئەو شتانەی دەربارەی ئەدەبی کوردی نوسراون، هەرچۆنێك بێت، بەپێی بەهای وتەکانیان دەتوانرێت، لەژێر ناوی ڕەخنەدا کۆبکرێنەوە، کە بریتین لە چەند وتار و هەڵوێستێك، کەلە نوسراو و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە))(میراودەلی: ١٩٨١: ٥٤)

بەپێی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردی، لە قۆناغە جیاجیاکاندا ئەدەب بەگشتی و ڕەخنە بەتایبەتی، لەسەردەمێکدا بەرەو کزی و لاوازی ڕۆیشتووە، لەهەمانکاتدا لە قۆناغێکی تردا گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەست بو بەو بارودۆخەی لەو سەردەمە گوزەراوە، ئەگەر ئاوڕێك لە ووتار و لێکۆڵینەوە ئەدەبیانە بدەینەوە، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تێڕوانینی ڕەخنەییان خستۆتە بەردەم خوێنەران، بەڵام خوێنەران لە خوێندنەوەکانیاندا، سود یان لێبینیوون،ئەوەی پەیوەست بە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەوەیە، بەشێك لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە وەردەگرین، کە ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە پێشخستنی وتاری

ڕەخنەییدا، بۆ نمونە  ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی و گۆڤاری گەلاوێژ، هەرچەندە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان یەکجار زۆرن کە ڕۆڵیان هەبووە، لە پێشخستنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بەڵام لەبەر زۆریان تەنیا ئاماژەمان بەڕۆڵی (ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی و گۆڤاری گەلاویژ) کردووە، کەڕۆڵێکی بەر چاویان هەبووە  لە بەرەو پێشبردنی ئەدەبیات بەگشتی و ڕەخنەی ئەدەبی بەتایبەتی، چونکە ((لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، کورد بەهۆی تێکەڵاوی منەوەرەکانیەوە بۆ ڕۆشنبیری و کولتوری گەلانی دیکە هەنگاوێکی گرنگی ناوە، ئەویش دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانن، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕۆڵی گرنگ لەپەرەپێدان گەشەکردنی زۆر ژانەری ئەدەبیدا دەبینن، تەنانەت تیۆر و ڕەخنەی ئەدەبیش، لەم ڕۆڵەدا سود دەبینن و بەرەو پێش دەچن)) (مەنتك، ٢٠١٨: ١٨٩ ).

## ٢-٣- ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە پێشخستنی ڕەخنەی شیعردا.

هەڵبەتە دوای ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ڕەخنە و ڕۆژنامەگەریدا باسکرا بەتایبەت ڕۆڵی شاعیران و نوسەرانی وەکو (بنەماڵەی بەدرخانییەکان و پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ صالح و حوسێن حوزنی موکریانی)، هەروەها هەمو ئەو وتار و دەقە شیعرییانەی لەناو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، ئەمانە ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لە نزیک بونەوە و لێک ئاڵانی ڕەحنە و ڕۆژنامەگەری لەسەر ئەم بنەمایەش باسی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە پێشخستنی شیعردا کوردیدا دەکەین.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە  ڕاستەوخۆ ئەدەب و بەتایبەت شیعر بایەخ و گرنگی زۆری پێدراوە، بەتایبەتی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، چونکە ناکرێت باسی پێشکەوتنی ڕەخنەی ئەدەبی بکەین و ڕۆژنامەگەری فەرامۆش بکەین، چونکە ڕۆژنامەگەری وەک مینبەرێک دەبینین بۆ ناساندنی شاعیران و مینبەرەکانیان، ئەم ڕۆڵە نەک تەنیا لەبواری شیعر دا بەگشتی، بەڵکو زمانی کوردیشی پێش خست، هەربۆیە ((ڕۆژنامەگەری کوردی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە لە پاڵ ئەو ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتییە مەزنەدا کە لە ئەستۆی گرتووە لای لە ئەدەبی کوردیش کردبۆوە، باشترین بەڵگەش، لاپەڕەکانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە (کوردستان) کە بەشێکیان بۆ بابەتی ئەدەبی تەرخانکردبو، هەربۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەیوەندی نێوان ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان و ئەدەبی نوسراو بەهێزتر و سەقامگیر تر دەبو، بەتایبەتی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە ڕۆژنامەنوسی کوردی بووە  خولقێنەری ئەدەبی هاوچەرخی کوردی بەگشتی و پەخشانی

هونەری بەتایبەتی، زۆر لق و ژانەری نوێ لە منداڵدانی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانەوە چاویان تروکاند و کەوتنە پێروکێ، تا گەیشتنە ئەو قوناغەی لەسەر پێی خۆیان بووە ستێ و دەست بە خۆیاندا بهێنن)) (محمد، ٢٠٠٤: ١).

ڕۆژنامەگەری کوردی بەشێوەیەکی گشتی خزمەتێکی زۆری شیعری کوردی کردووە. ئەم بزاوتە ڕۆشنبیرییە لە گۆڕەپانی ئەدەبدا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی لە ئەدەب بەگشتی و هونەرەکانی ئەدەب بەتایبەتی بینیوە. لاپەڕەی هەر ڕۆژنامەیەکی کوردی بکەینەوە تۆمارێکی گرنگ دەبینین لەپێش خستنی شیعر و بەرهەمی چەندین نوسەر. جگە لەوەش نوسەرە دیارەکانی هەر سەردەمێک لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە بەرهەمەکانیان بڵاوکردۆتەوە. بۆیە لە نوسینەوەی ئەدەبی کوردی نابێت ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی فەرامۆش بکرێت، فەرامۆشکردنی ئەم بزاوتە ڕۆشنبیرییە مێژویەکی ناکامڵمان دەخاتە بەردەست، چونکە ((پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەری کوردی کاریگەری بەسەر ئەدەبدا هەبووە و لەڕێگەی ئەو کاریگەری و ڕۆڵەش چەندین پارچە شیعر و چیرۆک و ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لەناو لاپەڕەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە، وەک مینبەرێک بووە بۆ ئەدیبان و نوسەرانی کورد)) (محەمەد، ٢٠٠٤: ٨٤).

ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لەسەر ڕەخنەی شیعر زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لەدەست پێکی دەرچونی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەبەشێکی گرنگ لە بابەتەکانیان بریتی بووە لە شیعر و بەرهەمی شیعری ژیانی نوسەران. جگەلەوەی کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕۆڵیان هەبووە لە ڕەگەزێکی گرنگی داهێنان لە ئەدەبدا. ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەناو خۆیاندا بەهۆی ئاستی پلە بەرزی بابەتەکانیان، ڕادەی ڕاکێشانی خوێنەر بۆ خۆیان کارتێکەریان لەسەر یەکتری هەبووە. ئەم کاریگەرییە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان گواستراوەتەوە، واتە ڕۆڵێکی تری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بریتی بووە لە ناساندنی نوسەران و شاعیران، هەر لەم بارەیەشەوە (کەمال مەزهەر) لەبارەی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا دەڵێت: ((لە ڕۆژی پەیدابونیەوە ڕۆژنامەنوسی کوردی شوێنی بۆ ئەدەبی کوردی تەرخانکردبو)) (مەزهەر ١٩٧٨: ١٥٤).

## ٢-٣-١- ڕۆژنامەی کوردستان (قاهیرە) ١٨٩٨

ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆڵی یەکەم و دەورێکی باڵای گێراوە، وەک یەکەمین ڕۆژنامە لە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، لە باسکردن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، ئەگەر چی ئەم ڕۆڵە

لەسەرەتادا ڕۆڵێکی کز و لاوازیش بوبێت، بەڵام کاریگەری لە ساڵانی دواتر دا دەرکەوتووە، وەک نۆبەرەی ڕۆژنامەگەری کوردی و بەباسکردن لە ئەدەب دەناسرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە، لەو ڕەوتە مێژوییەی کە ڕۆژنامەگەری کوردی پێ دەناسرێتەوە، ((ڕۆژنامەی کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەیە بە زمانی کوردی دەرچووبێت، یەکەم ژمارە لە ٢٢ ی نیسانی ساڵی (١٨٩٨) لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچووە، سەرنوسەری ڕۆژنامەکە لە ژمارە (١ – ٥) میقداد مەدحەت بەدرخان بو، پاشان لە ژمارە (٦ – ٣٦) کە ژمارەی کۆتاییە، عبدالرحمن بەدرخان لە جێگای برای بو بەسەر نوسەری ڕۆژنامەی کوردستان)) (دۆسکی: ٢٠١٠: ٢٠).

ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە بزاڤی ڕۆشنبیری کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری هەیە، وردبونەوە لە ڕۆژنامەی کوردستان دەستەی نوسەران و بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە، ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە، ڕۆژنامەکە بە هەوڵی بنەماڵەی بەدرخانیەکان و هەستکردن بە کەلێنێکی گەورەی ڕۆشنبیری کوردی دادەنرێت، کە خوێندەوارانی ئەم بنەماڵەیە ڕۆڵیان هەبووە لە دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، ئەمەش سیفەت و خاسیەتێکی تایبەتی بە ڕۆژنامەگەری کوردی بەخشیوە ((بنەماڵەی بەدرخانییەکان ڕۆڵێکی گەورە و پڕ بایەخ و بەرچاویان لە بزاڤی ڕزگاری دۆزی نەتەوەیی و ڕۆناکبیری کوردیدا هەبووە، هەر لەسەرەتای ئەم بزاڤەدا هەستیان بەوە کردبو کە بزاڤی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری بەردی بناغەی گەیشتنی میللەتی کوردە بە ئاوات و ئامانجی دور و نزیک، لەبەرئەوە میقداد مەدحەت بەدرخان بۆ یەکەمین جار لە مێژوی هاوچەرخی کوردیدا قۆڵی لێ هەڵماڵی و دام و دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کوردی لە قاهیرە دور لە کوردستان دامەزراند)) (خەزنەدار، ٢٠١٨: ٢٠).

دیارە ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆڵی گرنگ و باڵای ئەوە بووە، کە خزمەت بە ئەدەبی کوردی بکات، نمونەی بەرهەمی ئەدەبی ئەو سەردەمە بڵاو بکاتەوە، هەروەها ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆڵێکی تری ئەوە بووە، کە ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد پەیدا بکات، زانیاری بەنرخ لە بواری ئەدەب و زمانی کوردیش گەشە بکات، بە درێژایی هەمو ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە خزمەتکردن بە بواری ئەدەب دانەبڕاوە، هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان: ((دەورێکی دیاری هەبووە نەک تەنیا لە هۆشیارکردنەوەی لاوی کورد لەڕوی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، بەڵکو کوردی فێری پیشەی ڕۆژنامەگەری کرد، دیارە دەوری هەرەباڵاشی خزمەتکردنی ئەدەبیاتی کوردی بووە )) (خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٣٧).

هەر لەم بوارەدا ڕۆڵی ئەم ڕۆژنامەیە لە باسکردنی ژیان و بەرهەمی چەند شاعیرێک دەردەکەوێت، گرنگی ئەم ڕۆژنامەیە بەم چەشنە لەڕوپەڕی زۆربەی ژمارەکاندا بەدیدەکرێت، هەروەها گرنگیەکی تری ڕۆژنامەی کوردستان سەبارەت بە ئەدەب و ئەدیبان بریتی بووە  لە: دیوانی مەلای جزیری و مەم زینی بەش بەش و هەواڵی مردنی حاجی قادرو، گەلێک نوسینی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە زمانی کرمانجی تێدا بڵاوکردۆتەوە.

لە پێش خوێندنەوەی لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە گرنگییەکی زۆر بە بوارە جۆرا و جۆرەکانی ئەدەبی کوردی داوە، ئەم گرنگی دانەش بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوە و نوسین و کارکردن لەسەر ئەم بابەتە، پاشان گرنگی و بایەخی ئەم بابەتە ئەدەبیانە لە قۆناغەکانی داهاتوی دەرچونی ڕۆژنامەکە و ئێستا دەرکەوتن.

ئەم ڕۆژنامەیە گۆشەیەکی بۆ بڵاوکردنەوەی شیعر و باس و لێکۆلینەوەی شیعر تەرخان کردبو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی شیعری شاعیرانی بڵاوکردوەتەوە، لە ژمارە (٢_٣_٤_٥_) بەشێوەیەکی لەدوای یەک هەڵبەستی ئەحمەدی خانی بڵاوکراوەتەوە لە لاپەرە (٤).(فوئاد،٢٠٠٦: ١٤_٣٨)

## ٢-٣-٢- گۆڤاری ژین: ١٩١٨ ئەستەنبوڵ

لەدوای دەرچونی ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە لە کوردستانی عێراقیش لەسەردەمی فەرمانڕەوای ئینگلیزەکاندا ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی و پێشکەوتن دەرچوو بون، بەڵام لە دەرەوەی کوردستان گۆڤاری ژین کە دەیخەنە بەر باسی لێکۆڵینەوەکەمان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی بینی لە پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، هەرچەندە ئەم ڕۆژنامەیەش لە دەرەوەی کوردستان دەرچوو، بەڵام شان بە شانی ڕۆژنامەکانی پێش خۆی دەورێکی گرنگ و کاریگەری لە بزاوتی ڕۆژنامەگەری کوردی و بایەخی لە ئەدەبیاتدا دەردەکەوێت سەبارەت بە گۆڤاری ژین: ((ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی بو، یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی ١ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەنبوڵ دەردەچوو، ڕۆژنامەکە بەزمانی کوردی و تورکی بڵاودەکرایەوە وتارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژویەکانی بە تورکی بڵاو دەکردەوە، لەبەشی کوردیەکەشدا بایەخی بە تێکستی ئەدەبی ددەدا بەتایبەتی شیعر)) (خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٣٨).

گۆڤاری ژین بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا گۆشەیەکی تەرخان کردبو بە بابەتە ئەدەبییەکان و بەمەش توانیبوی ئەم ژانرە ئەدەبیانە بە زیندوویی بهێڵێتەوە، هەروەها خوێنەری بەرهەمە ئەدەبییەکانیشی بۆ ڕۆژنامەکە زیاد کردبو، لەم نێوەندەشدا پیرەمێرد ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبو لە

نوێکردنەوەی ئەم بابەتە ئەدەبییانە، هەر لێرەشەوەیە کە ڕۆژنامەی ژین ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبو لە پێشخستنی ئەدەبیاتدا، بەتایبەتی لەڕوانگەی شیعر و غەزەل و چیرۆک و کارە ئەدەبیەکانی دیکە، هەڵبەتە ئەمەش بەتەنیا پیرەمێرد نەیتوانیوە، بەڵکو بە هەوڵ و پاڵپشتی کۆمەڵێک خوێندکاری کورد لە ئەستەنبوڵ ئەوەی کردووە هەر بۆ نمونە لەو کاتەدا کە لە: ((لەلایەن کۆمەڵێک خوێندەواری کوردەوە دەردەهێنرا، ئەوانەی لە ئەستەنبوڵ دەژیان و دەیانخوێند و ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ٢٥ – ٢ تشرینی یەکەمی (١٩١٨) بڵاوکراوەتەوە، ڕۆژنامەی ژین زمانحاڵی بزووتنەوەی ڕزگاری نە تەوایەتی کورد بو لە بەرنامە و تاکتیک و ستراتیجی گشتی ئەم بزووتنەوەی دەکۆڵێیەوە)) (پێشو: ١٣٨)

## ٢-٣-٣- گۆڤاری هاوار (شام ١٩٣٢)

هاوار یەکێکە لەو گۆڤارە دیارانەی کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، لە پێشخستنی ئەدەبیاتدا بە گشتی، هەڵبەتە دەرچونی گۆڤاری هاوار لەو کاتەدا کە خوێندەواری کورد لە زۆر ڕوانگەوە گرفت و کەم و کوڕیان هەبووە، بەتایبەتی بە زمانی دایکیان کە زمانی کوردی بوو، لەهەمان کاتیشدا بەهۆی خراپی بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمەی کە گۆڤارەکەی تێدا بڵاوکرایەوە،لەهەمانکاتیشدا بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەی میللەتی کورد بەگشتی لە هەل و مەرجێکی نەخوازراودا بو، پانتایی و ئازادییەکانی بەتەواوی بەرتەسک کرابونەوە، بەتایبەتی لەڕوی ئەدەبی و هونەرییەوە، بەڵام گۆڤاری هاوار بو بە مینبەرێک بۆ بڵاوکردنەوەی هەمو ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە لەو کاتەدا بەرهەم دەهاتن. کەواتە ((گۆڤاری هاوار لەناو ڕۆژنامەگەری کوردیدا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، بەوەی بایەخی دیاری بە مەسەلەی ئەدەبیاتی کوردی و زمانەوانی دەدا... جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخان مەبەستی بنچینەییان لەدەرکردنی گۆڤارەکە چەسپاندنی ئەلف و بێی لاتینی کوردی بوو لەناو خوێندەوار و نەخوێندەواری کوردا، بێگومان خۆشیان دەورێکی دیاریان هەبو لە دانانی ئەم ئەلف و بێیە)) (خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٤٢). بنەماڵەی بەدرخانییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە دانانی ئەلف و بێی کوردیدا و بەزیندوو هێشتنەوەی زمانی کوردی کە لەوکاتەدا مەترسی لەناوچونی هەبووە لەلایەن دوژمنانی کوردەوە.

بەهۆی ئەو بارە نا لەبارە سیاسییەی لە باکوری کوردستان، کە میر جەلادەت بەدرخان تێیدا دەژیا بزاوتی ڕۆشنگەری بە تەواوەتی لە جوڵە کەوتبو، بەڵام بنەماڵەی بەدرخانییەکان بێ هیوا

نەبون و ڕویان کردە وڵاتی سوریا و بیریان لە دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری تر کردەوە و ناویان لێنا هاوار، هەربۆیە گۆڤاری هاوار ((توانی لەڕۆژی ٢٦ – ١٠ – ١٩٣١ ڕەزامەندی سوریا وەربگرێت بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار، بەڵام سەبارەت بەهۆی ئابوری دەرچونی ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە، نزیکەی حەوت مانگ دواکەوت، ژمارەی یەکەمی، لە ڕۆژی یەکشەمە ١٥ ی گوڵانی ١٩٣٢ دەرچوو، کە لە ژێر ناوی گۆڤارەکە نوسرابو کۆمەڵا کوردی، ئەم دەستەواژەیە یان وشەی کۆمەڵە تا ژمارە چوار بەردەوام بو، کە ژمارە پێنج کە لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ ی تەموزی ١٩٣٢ دەرچوو تا دوا ژمارەی وشەی گۆڤاری بەکارهێنا)) (دۆسکی، ٢٠١٠: ٧).

دەرچونی گۆڤاری هاوار سەرباری هەمو تەنگەژەو بارودۆخە سیاسیە نا لەبارەی کە ئەو کات هەبووە، ڕۆڵ و گرنگی و بایەخێکی بەرچاوی بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی پەیداکردووە، ڕاستە لەو کاتەشدا بابەتی ئەدەبیات و زمان بەشێوەیەکی بەرفراوان بونی نەبووە، یاخود نوسەری ئەدەبی وەک پێویست نەبون، ئەگەر هەش بوبن ژمارەیان کەم بون و بەشێکیان لە دەرەوەی وڵات و بەشێکیشیان لەناو خۆدا ژیاون، هەرچەندە ئەوانەی لەدەرەوە دەژیان بەهۆی ئەوەی کە ئامرازەکانی گواستنەوە زۆر کەم بون و نەیانتوانیوە بابەتەکانیان بە ئاسانی بڵاو بکەنەوە، لێرەوە ڕوندەبێتەوەکە ((گۆڤاری هاوار دەورێکی دیاری هەبو لە بڵاوبونەوەی زمان و ئەدەبی کوردی و ڕزگارکردنی زمانی کوردی لە وشەی نا قوڵاوی بێگانە کە ئەم مەسەلەیە لە ساڵانی سیەکانەوە کارێکی پێویست بووە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەی خوێندەواری و ڕۆشنبیریەوە هەبو، ئامانجی گۆڤارەکە ئەوەبو کە زمان و ئەدەب لە زۆربەی خەڵکی کوردەوە نزیک بێ و خەڵکەکە چێژی لێ وەربگرێت، هاوار بە زۆری بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی و هاوچەرخی بە دیالێکتەکانی کرمانجی سەروو و خواروو بڵاو دەکردەوەو وتاری نوسەرانی هاوچەرخ و بەرهەمی فۆلکلۆری و لێکۆڵینەوەی لە بابەتی ئەدەبی کوردی لە چاپ دەدا)) (خەزنەدار، ٢٠١٨: ١٤٢).

گۆڤاری هاوار لە کات و ساتی خۆیدا تەکانێکی باشی بە ئەدەب بەگشتی دا و توانی بەرهەمی هەمو ئەو نوسەر و ئەدیبانەی کە بۆ کورد بە گشتی و بۆ ئەدەبیات بە تایبەت دەیاننوسی نەیهێشت، ئەم بەرهەمانە بە شاراوەیی بمێننەوە و لەهەمان کاتیشدا چێژێکی زۆری بە خوێنەری بەرهەمە ئەدەبییەکان بەخشی، لێرەوە دەکرێت بوترێ گۆڤاری هاوار ئەستێرەیەکی گەشی ناو مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردیە.

## ٢-٣-٤- گۆڤاری گەلاوێژ (بەغداد ١٩٣٩)

گرنگی ئەم گۆڤارە ئەدەبیە ئەوەیە زۆربەی لاپەڕەکانی بۆ ئەدەبیات بەگشتی تەرخانکردبو. ئەمەش وایکردبو کە ئەدەبیاتی کوردی زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت، هەر بۆیە دەکرێت بوترێت: ((شوێنی دیار و ڕۆڵێکی گەورەی لە گەشە و بەرەو پێشبردنی ئەدەبی کوردیدا بینیوە، گەلاوێژ لەماوەی دە ساڵی تەمەندا (کانوونی یەکەمی ١٩٣٩ ز تا کۆتایی ١٩٤٩ز) لە ڕێگای ١١٦ ژمارەیەوە بۆتە جێ متمانەی ئەدیب و نوسەر و خوێندەواری کورد)) (محمد، ٢٠٠٤: ١).

گۆڤاری گەلاوێژ لەو ڕۆژەوەی کە دەستی بەبڵاوکراوە کردووە، بووە  بە مینبەرێک بۆ کار و چالاکی، توانیویەتی بەوپەڕی ئەمانەتەوە هەمو ئەو بابەتە ئەدەبیە جۆرا و جۆرانە لەناو لاپەڕەی ئەم گۆڤارە بڵاو بکاتەوە، ئەمەش وایکردووە کە زۆربەی ئەدیب و نوسەرانی کورد بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیان بۆ گۆڤارەکە بنێرن تا لەو ڕێگەیەوە پەیام و ئامانجەکانی خۆیان بگەیەنن، هەربۆیە د. عیزەدین مستەفا رەسول دەڵێت ((گۆڤاری گەلاوێژ بە دیارترین گۆڤاری ئەدەبی کوردی دادەنرێت، ئەمەش بەو هۆیەوە کە ماوەیەکی زۆر بەردەوام بووە  و توانیویەتی بەرەیەکی فراوان لە نوسەرانی کورد وێڕای جیاوازی بیر و باوەڕیش لە لاپەڕەکانیدا کۆبکاتەوە)) (پێشو: ٣).

دەرچونی ئەم گۆڤارە وەکو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تر لە کات وساتێک دابووە،کە حکومەتی عێراق ئەوکات کێشە و گرفتی بۆ سازکردووە و تەنانەت هەوڵی دا خستنی داوە، زۆرجار قۆناغی دەرچونی گۆڤارەکە گەیشتۆتە قۆناغێکی زۆر فراوان، بەڵام بەڕێوەبەرانی ئەم گۆڤارە بە تەواوی لە جوڵە نەکەوتوون و توشی نا ئومێدی نەبون، بۆیە هەوڵیان دەدا هەر بەردەوام بێت و لەکار و پڕۆژە ئەدەبیەکان نەوەستێت سەبارەت بەڕەوتی ئەم گۆڤارەش بە دیاری کراوی لەسەر پێشخستنی ئەدەبیات بە گشتی ئەوەبووە  کە: ((بە ئامانجی ئاراستەکردنی لاوانی کورد وتاری هەمە جۆر و ڕەنگا و ڕەنگی بڵاو کردۆتەوە، دەورێکی باڵای هەبووە، لە بەهێزکردنی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا، لەهەمو ژمارەیەکدا نمونەی شیعری کلاسیکی کوردی بڵاو دەکردەوە، جگە لەوە ئاوڕێکی زۆری لە ئەدەبی بەرزی نەتەوەکانی تر دەدایەوە بەتایبەتی گێتی، گەلێ جار نمونەی ئەدەبی بێگانەی بڵاودەکردەوە، لەناو ئەمانەشدا بەرهەمی ئەدەبی نوسەرانی ئەوروپا جێگەی دیاریان لەسەر لاپەڕەکانی گەلاوێژ هەبووە، بێگومان وەرگێڕانی بەرهەمی بەرزی نوسەران و شاعیرانی ئەوروپا کاریگەری گەورەی دەکردە سەر پەرەسەندنی پەخشانی هونەری کوردی)) (خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٤٣).

گۆڤاری گەلاوێژ لەگەڵ زۆربەی کرانەوە ئەدەبیەکاندا دەست و پەنجەی نەرم کردووە و توانیویەتی زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییە جیاوازیەکان لەناو گۆڤارەکەدا گرنگی پێ بدات، لەلایەکی ترەوە گۆڤارەکە گرنگی بە ئەدەبی بێگانەش داوە و لەو ڕیگەیەوە بەرهەمی خۆماڵی پێ دەوڵەمەند کردووە، چونکە هەمو بەرهەمێکی نەتەوە جیاوازەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر ئەدەبی خۆماڵی بەمەش توانراوە ئەم گۆڤارە لەم ڕوانگەشەوە ڕۆڵی هەبێت لەبەرەو پێشخستنی ئەدەبیاتی کوردیدا.

## ٢-٣-٥- گۆڤاری ڕوناهی (شام ١٩٤١)

گۆڤاری روناهی یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە لە وڵاتی سوریا (شام) دەردەچوو، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبو لەبەرەو پێشبردنی ئەدەبیات بە گشتی و پاراستنی زمانی کوردی، هەڵبەتە گۆڤاری ڕوناهی لەدوای گۆڤاری هاوار لە وڵاتی سوریا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە، بۆ بڵاوکردنەوەی هەمو ئەو بابەتانەی کە سود یان بۆ نەتەوەی کورد هەبو، ئەم گۆڤارە گرنگی پێ داون و بڵاویان کردۆتەوە، هەر بۆیە گۆڤاری ڕوناهی ((ژمارە یەکی لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی یەکی نیسانی ساڵی ١٩٤٢ دا لەشاری دیمەشق دەرچووە، خاوەن نوسەرەکەی میر جەلادەت بەدرخان بووە، ئەو خاڵەی کە ڕوناهی لە گۆڤارەکانی تر جیادەکاتەوە وێنەدارییە، کەواتە ڕوناهی گۆڤارێکی وێنەدار بووە )) (دۆسکی، ٢٠١٠: ٣٥).

جێگای ئاماژە پێکردنە کە ئەم گۆڤارە زۆربەی بابەتەکەی بە دیکۆمێنتاری وێنەوە بڵاوکردۆتەوە و ئەمەش وەکو پاڵپشتیەکی بەهێز و لێتێنەگەیشتنی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و چەسپاندنی بابەتەکان لەناو مێشکی دا، جێگای ئاماژە پێکردنە ئەم گۆڤارە ((بەزمانی کوردی و ئەلف و بێی لاتینی دەرچووە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە سەر بەرگی گۆڤارەکە و لە تەنیشت ناوی ڕوناهی ژمارەی ساڵ و گۆڤار و ناوی ڕۆژ و مێژوەکەی لەگەڵ پێناسەی گۆڤارەکە لە ژێر وشەی ڕوناهی بە زمانی فەرەنسی نوسراون)) (پێشو:٣٥). گۆڤاری ڕوناهی بە زمانی کوردی لاتینی دەرچووە و زیاتر گرنگی بە زمانی دایک داوە و زمانی بێگانەی فەرامۆشکردووە یاخود ئاوڕی جدی لێ نەداوەتەوە.

بڵاوکردنەوەی بابەتەکان بە زمانی کوردی لەو کاتەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، لە بەزیندوو هێشتنەوەی زمانی کوردی و بەرەو پێش بردنی زمانەکە بەگشتی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بێ ئاگا نەبووە، لە دەوروبەری میللەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ نمونە ((بایەخی

تایبەتی بە وولات و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدا، لەناو ئەماندا کورد جێگەی دیاری هەبو)) (خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٤٣).

بەشێوەیەکی گشتی روناهی لەهەر هەوڵێک و بایەخێکی بە هەر نەتەوەیەکی تر ئامانجی خزمەتکردنی نەتەوەی کورد بووە و توانیویەتی لە پاڵ وڵاتە دراوسێ و دور و نزیکەکاندا کورد وەک کەرەستەیەکی سەرەکی ئیشی لەسەر بکات و سەبارەت بە ڕۆڵی ئەم گۆڤارەش لە پێشخستنی ئەدەبیاتدا توانیویەتی ((کەرەستەیەکی زۆری لەسەر ڕوداوەکانی جەنگی دووەم بڵاو دەکردەوە، بایەخێکی زۆری بە دەوری سوێند خۆرەکان دەدا، بەتایبەتی دەوری فەرەنسا لەم جەنگەدا، زیاتر نمونەی ئەدەبی کوردی تازە و فۆلکلۆری لەسەر لاپەڕەکانی بەدی دەکرا)) (خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٤٤).

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە گۆڤاری روناهی گرنگییەکی تایبەتی بە بابەتە ئەدەبیەکان دەدا و بەشێکی لە لاپەڕەکانی بۆ ئەدەبیات تەرخانکردبو، بەتایبەتی بابەتی فۆلکلۆری کوردی کە هەمو ئەمانەش بە زمانی سادەی کوردی بڵاو دەکرانەوە و تاوەکو خوێندەواری کورد بە ئاسانی لێیان تێبگات، ئەمەش تا ساڵانێکی زۆر بەردەوام بو، قۆناغێکی باشی لەبەرەو پێشبردنی ئەدەبیاتی کوردی بەدی هێنا.

## ٢-٣-٦- گۆڤاری شەفەق (کەرکوک ١٩٥٨)

گۆڤاری شەفەق یەکێکە لەو گۆڤارە درێژکراوانەی کە ڕۆڵێکی باش و کاریگەری هەبووە، لەپێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، دوای ئەوەی کە لەهەر چوار پارچەی کوردستان کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر بڵاو بونەوە و ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبو لەبڵاوبونەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا، هەرچەندە لە قۆناغێکی نا لەباری سیاسیدا بو، کە لەو کاتەدا سانسۆری ئازادی ڕۆژنامەگەری هەبو، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەرەوەی کوردیدا، بەهۆی ئەوەی کە بە درێژایی حوکمی عێراق کەرکوک کێشەی لەسەر بووە و ئاسان نەبو جموجۆڵی ڕۆشنگەری و ئەدەبی و سیاسی و ڕۆشنبیری پەرەبسێنێت، بۆیە لەو کاتەدا گۆڤاری شەفەق سەرهەڵدەدات و لە زۆر ڕوانگەوە خزمەت بە بوارە جۆراوجۆرەکانی کورد دەکات لە ناویشیاندا بواری ئەدەبی، هەر بۆیە ((شەفەق گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕەخنەیی بو، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ لە کەرکوک دامەزرێنرا بە زمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیری پێشکەوتن خوازی کوردەوە بڵاودەکرایەوە، ئیبراهیم

ئەحمەد و مارف بەرزنجی و حوسێن بەرزنجی و عەبدولسەمەد خانەقا و عەبدولعەزیز خانەقا و عومەر عارف و کەمالی باپیر ئاغا نوسەری ئەم کتێبە بون)) (خەزنەدار، ۲۰۱۰: ۱٤۸).

گۆڤاری شەفەق وەرچەرخانێکی گەورە بو، کە لە شاری کەرکوک دەردەچوو لەلایەن کۆمەڵێک نوسەر و ئەدیبی کوردەوە، دەورێکی باڵای لە بزاوتی ڕزگاری و خوێندنی کورد و بەرەو پێشبردنی زمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردیدا هەبو. لەلایەکی ترەوە ((هەوڵی تایبەتی خوالێخۆش بو شێخ عەبدولقادری بەرزنجی خاوەنی گۆڤاری شەفەق گەورەیی و بایەخێکی لە ڕادەبەدەری هەیە، لەو ڕووەوە کە بۆ یەکەمین جار گۆڤارێکی کوردی بەئاشکرا لەشاری کەرکوک بڵاوکردۆتەوە)) (سالح و زەنگەنە، ۲۰۱۱: ۳).

ئەم گۆڤارە لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە تاوەکو کۆتا ژمارەی ئاوڕێکی باشی لە مەسەلەی ڕەخنەی ئەدەبی داوەتەوە ((گۆڤاری شەفەق لە یەکەم ژمارەیەوە ئەم دەرگایەی ڕەخنەی کردووەتەوەو کەلەبەرێکی لەوێژەی کوردیدا پڕکردووەتەوە)) (سابیر،۲۰۰٦: ٦٦). نەک هەر لەبواری ڕەخنەی شیعری دا بەڵکو ئاوڕی لەڕەخنەی چیرۆکیش داوەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک نوسەر و ڕوناکبیری کورد ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەبەرەو پێشبردنی گۆڤاری شەفەق و بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە، بەشێوەیەکی گشتی گۆڤاری شەفەق بایەخێکی زۆری بە ئەدەبی کوردی دەدا و بەشێوەیەکی گشتگیر لە زۆربەی ژانەرە ئەدەبیەکانی بڵاو دەکردەوە، هەر لە چیرۆک و پەخشان، شیعر و ڕۆمان و هەمو ئەمانە کە ڕۆڵی گرنگیان هەبو لە بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری بە لاوەکانی کورد کە پەیامی جۆراوجۆریان لەو ڕوانگەوە دەگەیاند بۆئەوەی هۆشیارییەکی گشتی بۆ نەوەکانی کورد دروست ببێت لەڕوی مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە، هەربۆیە دەکرێت بگوترێت گۆڤاری شەفەق یەکێک لە ((خاسیەتە دیارەکانی ئەم گۆڤارە ئەوەبو بایەخێکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەدا، بەلایەوە ڕەخنە و هونەری پەخشان لە شیعر گرنگترە، شەفەق بەرێکوپێکی بەرهەمی تازەی شاعیر و نوسەرانی کوردی بڵاوکردەوە، بەتایبەتی چیرۆکی تازەی کوردی سەرپشک بو بۆ بڵاوکردنەوە لەسەر لاپەرەکانی، چونکە چیرۆک لەسەرووی بەرنامەی گۆڤارەکەدا بو، گۆڤاری شەفەق دەورێکی دیاری هەبو لە پەرەسەندن و گۆران و بڵاوبونەوەی ئەدەبی کوردی تازە)) (خەزنەدار، ۲۰۱۰: ۱٤۸ ـ ۱٤۹).

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان گیراوە لەبەرەو پێشبردنی ئەدەبیاتدا، ئەم بەرەو پێش چونەش قۆناغ بەقۆناغ بووە و هەر قۆناغە و گەشەکردنی زیاتری بەخۆیەوە دیوە، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین گۆڤار و ڕۆژنامەکان ڕو لە زیاد بون دەکەن و ئازادی بەردەمیان

فراوانتر دەبێت و زیاتر تیشک دەخەنە سەر بابەتە جیاواز و هەستیارەکان، لەسەرەتادا زیاتر گرنگیان بە بونی سیاسی دادە، بەڵام دواتر هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێک گۆشەیەک بۆ ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبی دادەنێت کە ئەویش کاریگەری ڕاستەوخۆی بە بەرەو پێشبردنی ئەدەبیاتەوە هەبو، هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەی بۆکراوە کە ئەم رۆژنامە و گۆڤارانە لەلایەن نوسەران و ڕۆشنبیرانەوە بەرێوە دەبران، زۆربەشیان کورد بون لە پاڵیشیاندا ئەدیب و ڕۆشنبیر و شاعیر بون، هەر خودی خۆشیان بڵاوکراوەی تایبەتیان هەبو، ئەمە وای کرد کە جموجۆڵ و پێشکەوتنەکان زیاتر بن و بلاوکراوەی شیعر و چیرۆک و رۆمان هەمو ئەم ژانەرانە و هی تریش زۆرتر بڵاوبکرێتەوە، ئەم گەشەکردنە تاوەکو ئەم دواییانە هەر بەردەوام بو تاوەکو ئێستاش بە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤاری زانستی تایبەت بە ئەدەبی کوردی لە بوارە جۆرا و جۆرەکان بەردەوامە.

لەژمارە (٢)یساڵی یەکەم(١٩٥٨) (جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی لە بارەی _مەولەوی)یەوە بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە بەزمانی عەرەبی و تێیدا باسی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی مەولەوی کردووە(ڕۆژبەیانی،ژ١٩٥٨،٢: ٢_٣_٤).

لەژمارە (٢)ی ساڵی یەکەم(١٩٥٨) بابەتێک لەبارەی گۆرانەوە بەزمانی فارسی لەلایەن(شمسی رؤوف) نوسراوە و لەلایەن (محمود العبطة المحامی)یەوە کراوە بە عەرەبی و لێرەدا بەزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، کە شیعرێکی فارسییە و کراوە بەعەرەبیی بەڵام هیچ باسێکی لەبارەی شێوە و ناوەڕۆکی شیعرەکەوە نەکردووەتەوە.

لە هەمان ژمارەدا (مارف خەزنەدار) ڕەخنەیی بەناونیشانی (کورد و اسلوبی شیعر) بڵاوکردووەتەوە، تێیدا باس لە وەزنی شیعری کوردی دەکات و دابەشی چوار جۆری دەکات پاشان لەو چوارچێوەیەوە نمونە بۆ چوارجۆرەکە دەهێنێتەوە، و پێی وایە بە گۆڕانی کێش و قافیە گۆڕانکاری لە شیعری کوردیدا کراوە و ئەدەبی کوردی توانیویەتی بەپێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم خۆی نوێبکاتەوە(خەزنەدار،ژ٢، ١٩٨٥: ٦_٨).

لە ژمارە(٢)ی ساڵی یەکەمی (١٩٥٨)(معروف بەرزنجی محامی) بابەتێکی ڕەخنەیی بە ناونیشانی(کامەران و دیارییەکەی) بڵاوکردووەتەوە، نوسەر لە دوو لاپەڕەدا باس بابەتێکی نوسراوی کامەران دەکاتەوە و ڕەخنە لە زمانی نوسینی کامەران دەکاتەوە و پێی وایە لە هەندێک چەمکدا بەهەڵەدا چووە، هەروەکو لە لاپەڕە(٨)دا دەڵێت کامەران شێوە و لسلوبی تێکەڵکردووە(محامی، ژ٢، ١٩٥٨: ٧_٨).

# بەشی سێیەم

## بەشی سێیەم

## ڕەخنەی شیعر لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا

### ٣-١- ناساندنی دەزگای چاودێر

ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەکی گشتی و ڕۆژنامە بە تایبەتی، بریتییە لە کۆکردنەوە و وەرگرتنی هەواڵ و جوڵە و ڕوداوەکانی ڕۆژ. لەناو کۆمەڵگەوە و گواستنەوەی جارێکی دیکە بۆ ناو کۆمەڵگە، بۆیە ڕۆژنامە ڕۆڵێکی کارا و گرنگ دەبینێت لە پەیوەندیکردن بە تاکەکانی کۆمەڵگەوە.

پەرەسەندنی بواری جیاوازەکانی تەکنەلۆژیا لەدونیایی ئەمڕۆدا گەیاندنی زانیاری بە کۆمەڵگە خێراتر کردووە، ئەم جۆرە پێشکەوتنە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جۆرەکانی ڕۆژنامەوانی بەگشتی هەبووە. ڕۆژنامە وەك کاغەز بەرەو لاوازی و سستی ڕۆیشتووە لەگەڵ ئەوەشدا نەبۆتە هۆی لەناوچونی، بەڵکو تا ئێستا ڕۆژنامەی کاغەز ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ئاینی و کۆمەڵایەتی....هتد.

ڕۆژنامەی چاودێر یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی کە ڕۆڵێکی کارا و بەرچاوی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی و سەرچاوەیەکی باشی زانیارییە هەنووکەییەکانی ڕۆژ بووە، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەی چاودێر لە بنەڕەتدا ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی هەفتانەیە و گرنگی بە بوارە جۆراوجۆرەکانی داوە، جگە لەلایەنی سیاسی پاشکۆیەکی تایبەتی لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی هەبووە، کە ئەمە گرنگی تایبەتی هەبووە، لە خزمەتکردنی ئەدەبیات بەگشتی و ئەدەبی کوردی بەتایبەت.

ئاراستەی کارکردنی ڕۆژنامەی چاودێر لەبەینی ناوەڕاستدایە واتە لەنێوان میدیای رەسمی حیزبی لەگەڵ میدیای ئەهلی دا لە هێڵێکی ناوەڕاستدایە ئەمە بەو واتایە دێت کە ئاراستەی کارکردنی ئەم ڕۆژنامەیە بەشێك نەبووە لە دەسەڵات و سەنگەریشی لە دەسەڵات نەگرتووە، بەڵکو لە ناوەندی ئەم دەوروبەرەدا کاری کردووە. بۆیە ئەم ڕۆژنامەیە چەندین هەواڵی تایبەت و ڕاپۆرتی فەرمی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و چاوپێکەوتنی کەسایەتی سیاسی و حیزبی و حکومیەکان لە خۆدەگرێت.

سەبارەت پێکهاتەی ڕۆژنامەی چاودێر لە بەرگی سێیەمی (بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەی چاودێر) بەم شێوەیە باس لە پێکهاتەی ڕۆژنامەکە دەکات.

## ٣-٢- پێکهاتەی ڕۆژنامەی چاودێر.

### ٣-٢-١- مێژوی دەرچونی ڕۆژنامەی چاودێر.

ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە و هەفتەی جارێك دەرچووە ((یەکەم ژمارەی ڕۆژی دوو شەممە بەرواری (٢٠٠٤/١٠/٤) تاکو کۆتا ژمارەی (٦٥١) ڕۆژی دوو شەممە بەرواری ٢٠١٨/٤/٢ بەردەوام بووە )) (نورەدین، ٢٠١٨: ١٩). ئەم ڕۆژنامەیە لە (١٢) لاپەڕە پێکدێت و چەند پاشکۆیەك لە خۆدەگرێت.

### ٣-٢-٢- دروشمی ڕۆژنامەی چاودێر.

ئاشکرایە هەمو ڕۆژنامەیەك دروشمی تایبەت بەخۆی هەیە، لەژێر دروشم و ناوێك خۆی نمایش دەکات، ڕۆژنامەی چاودێریش لە ((ژمارە ١-_ ٢٩٢ ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانە))بووە . (نورەدین: ١٩). بەهەمان شێوە ((لە ژمارە ٢٩٣ – ٦٥١ بە هەمانشێوە لەسەر دروشمەکەی بەردەوام دەبێت لەژێر دروشمی ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی هەفتانەدا))وە.(پێشو: ١٩). لێرەوە ئەوە ڕون دەبێتەوە کە ڕۆژنامەی چاودێر لە یەکەمین ژمارەوە تا کۆتایی ڕۆژنامەکە لەژێر یەك ناو دەرچووە و هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە.

### ٣-٢-٣- خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری ستافی کاراو دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی چاودێر

لەڕۆژنامەی چاودێر بەڕونی ئاماژە بە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەری ستافی و دەستەی نوسەران کراوە و کارو چالاکی و ڕۆڵەکانی ناو ڕۆژنامەکە دابەشکراوە. خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری ڕۆژنامەکە دەگەڕێتەوە بۆ (مەلا بەختیار)و ستافی کارای ڕۆژنامەکە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنکراوە: ((لە ژمارە (١ – ٦٥) بەشێوەیەکی گشتی و بەردەوام ئەوانە کاریان تێدا کردووە ((سامی هادی، جەمال حسێن، ناهید حسێن، مەم بورهان قانع، هێرش ڕەسوڵ، مەحمەد نووری ئەحمەد، بەهمەن تاهیر نەریمان، ڕزگار فایەق)) (نورەدین: ١٩ – ٢٠). هەریەک لەم ناوانە ئەندامی کارای ڕۆژنامەکە بون و کارو چالاکییەکانی ڕۆژنامەی چاودێریان جێبەجێکردووە، هەرچی سەبارەت بە دەستەی نوسەرانە کەسایەتی جۆراوجۆر بون و تێکەڵەیەك بون لە کارەکتەرە جیاوازەکان، کە پێکهاتبون لە (سەلام مستەفا، مامەند ڕۆژە، عومەر سەرگەتی، حەمە نوری کەریم، ڕەنج قەرەداغی، عەبدوڵڵا ئەحمەد، نەبەز محەمەد، عەزیز

ڕەئـــووف، علـــی کوردســـتانی، ســـۆران عەبـــدوڵڵا، بابـــان حەمە، سەردەشـــت حەمە ساڵح)(نورەدین:٢٠). بێگومـان ئەم کەسـایەتییانە لە تەواوی ژمارەکـانی ڕۆژنـامەی چـاودێردا لەدەستەی نوسەران بون و کاریان تێدا کردووە.

### ٣-٢-٤ پابەندبونی ڕۆژنامەی چاودێر بە پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەوانی

ڕونە کە دەرچـونی هەر ڕۆژنـامەیەك کۆمەڵێـك پێـوەر و پرەنسـیپی تـایبەتی خـۆی هەیە و مەرجە پێوەی پابەنـدبێت، بـۆ ئەوەی مـامەڵەیەکی فەرمـی لەگەڵدا بکرێت، هەروەکـو لێکۆڵەری ئەڵمـانی (ئۆتـۆگروت) لە سـاڵی (١٩٣٨) ڕۆژنـامەگەری ئەمریکـا (ئەدریـن ئیمـری) چەنـد مەرجێکیان بۆ لایەنی ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامە داناوە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:-

1- دەرچونی لە هەفتەیەك تێنەپەڕێت.

2- بۆ هەمو کەس بێت نەوەك چەند کەسێکی دیاریکراو.

3- ناوەڕۆکەکەی هەمەڕەنگ بێت، هەمو ئەو بابەتانە بگرێتەوە کە بەلای خەڵکەوە گرنگن.

4- بـاس لە پرسـەکانی سـەردەمی خـۆی بکـات. (محـەمەد،٢٠٠٤: ٢٥ – ٢٦). بەوردبـونەوە لە ناوەڕۆک و پرنسیپەکانی ڕۆژنـامەی چاودێر تەواوی ئەو مەرجـانەی تێدا ڕەچـاوکراوە، چونکە ڕۆژنامەی چاودێر ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بووە، لە هەمانکاتدا بۆ کۆمەڵگا نوسراوە نەوەك لەبەر خـاتری دەسـتەیەکی دیـاری کـراو، هەروەهـا نـاوەڕۆکەکەی هەمەڕەنـگ بـووە و ڕازاوەتەوە بە بابەتەکـانی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و ئـابوری و ڕونـاکبیری و ئەدەبـی و وەرزش...هتـد. لەگەڵ ئەوەشدا بابەتەکان بابەتی سەردەمی خۆی بون و ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بـون کە ڕۆژنـامەکەی تێدا دەردەچو.

### ٣-٢-٥ ئەرکە گشتیەکانی ڕۆژنامەی چاودێر

ئامــانج لە دەرکردنـــی هەر ڕۆژنـــامەیەك بە پـلەی یەکەم بــریتیە لە گواسـتنەوەی ڕوداوە جۆراوجۆرەکــانی خەڵــك لە زۆربەی بوارەکانــدا بــۆ خەڵــك و کــۆمەڵگە، بە واتــایەکی دیــکە بڵاوکـردنەوەی هەواڵ کە یەکـێکە لە ئەرکەکـانی ڕۆژنـامەوانی، هەڵـبەتە ڕۆژنــامەی چــاودێر دەستێکی باڵای هەبووە لە بڵاوکردنەوە هەواڵی سەردەمەکەی خۆی، ئەرکی ڕۆژنامەی چاودێر بـریتیە لە وشـیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی خەڵـك و کـارکردن لەسـەر ڕای گشـتی، هەر بـۆیە ڕۆژنـامەی چـاودێر پاشـکۆیەکی تـایبەتی هەبـووە بەو بـوارەوە تـایبەت لەو بابەتـانەی ڕوانیـوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕۆژنامەیە سەرچاوەیەکی گرنگی بواری توێژینەوەی ئەدەبی بووە، دەکرێت بڵێـین ئەو ئەرکەی بینیـووە، کە دەکرێـت ڕۆژنـامە ببێـتە سـەرچاوەیەکی گرنگـی تـوێژینەوەی زانستی لێرەوە دەکرێت بڵێین ڕۆژنامەی چاودێر ئەرکی جۆراو جۆری هەبووە و لەزۆر ڕووەوە

ڕۆڵـی بەرچـاو و کـاریگەری بینیـووە، ئەمە بـۆتە هۆکـاری دەوڵەمەنـد بـونی پـایەی زانسـتی و کەرەستەیەکی دەوڵەمەند، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی.

### ٣-٢-٦ زمانی ڕۆژنامەی چاودێر.

زمانی نوسینی ڕۆژنامەی چاودێر زمانێکی سادەیە و دورە لە ئاڵۆزی و بەکارهێنانی زاراوە و دەستەواژەی ئاڵۆز و قورس، واتە بەشێوەیەک بابەتەکان خراوەتە ڕو هەمو کەس دەتوانێت لێی تێبگـات. هۆکـاری سـەرەکی سـادەیی و نـا ئـاڵۆزی زمـانەکە بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە کە لەنـاو ڕۆژنـامەکەدا کـۆمەڵە کەسـانێك کە ئاگـادارن لە ڕەوشـی زمـانی کـوردی کاریـان تێـدا کـردووە. چونکە بەشێوەیەکی گشتی  هونەری ڕۆژنـامەگەریی بـریتیە لە ((زاڵبـون بەسـەر ئەو کۆسپانەی کە ڕێگـرن لە بەردەم تێگەیشـتنی خـوێنەر و ئاسـانی خوێنـدنەوە، بـۆیە هەر وشـەیەك لەنـاو ڕسـتەیەکدا کە بەکاردێـت وا دەخوازێـت کە زۆریـنەی خـوێنەران لێـی تێـبگەن و بەجـوانیش بخرێتەڕو کە ئەمەیان پەیوەندی بەلایەنی دەرهێنانەوە هەیە))(هما، ١٩٨٨: ٢٢). بەوردبونەوە لە زمانی نوسینی بابەتەکان لە تەواوی ژمارەکانی ڕۆژنامەی چاودێردا، ئەوە دەبینیرێت کە دەستەی نوسـەران هەوڵـی پاکتـاوکردنی زمانیـا داوە بە شـێوازێك دەگمەن وشـەیەك دەبینێـتەوە کە ئاسـتی تێگەیشتنی بۆ خوێنەر ئـاڵۆز بێت، ئەمە لایەنێکی بەهێزی ئەم ڕۆژنـامەیە کە بەم شێوەیە خۆی نمایش کردووە.

### ٣-٢-٧ بارودۆخی ڕوناکبیری و سەردەمی دەرچونی ڕۆژنامەی چاودێر

پەیوەندی بـارودۆخی ڕونـاکبیری بە ڕۆژنـامەی چـاودێرەوە، ئەوەمـان بۆ ئاشـکرا دەبێت کە ڕۆژنــامەی چــاودێر لەو بــارودۆخەی کە دەردەچــوو پێویســت بــو ئــاوڕێکی جــدی لەلایەنــی ڕونـاکبیری بداتەوە، چونکە ئەو کـات ژینگەیەکـی لەبـارو گونجـاو هـاتبووە ئـاراوە کە ئـاوڕێکی جـدی لەلایەنـی ڕونـاکبیری بـدرێتەوە لەو کـاتەدا کرانەوەیەکـی زیـاتر بەڕوی دونیـادا هـاتبووە ئـاراوە، پەیـدابون و پەرەسـەندنی ئینتەرنێـت و سۆشـیاڵ میـدیا بەگشـتی کـاریگەری ئەرێنـی و نەرێنی دروستکردبو، هەروەها دەرکەوتنی هەندێك ڕۆژنامەی تری وەکو هـاولاتی و ئـاوێنە، کە ئەمە دیاردەیەکی نوێ بو لە بزاوتی ڕوناکبیری کوردیدا.

سـەرنجدان لەم بۆچـونە ئەو ڕاستییە ڕون دەبێتەوە کە کرانەوە بەڕوی دونیـادا و پەیدابونی ڕۆژنامەی کاغەز ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە  لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و گرنگی دانی زیاتر بە لایەنــی ڕونــاکبیر و بەرەو پێشـبردنی تـاکی کـوردی، کە پێشـتر بەهـۆی زەبـر و زەنــگەوە سـەرکوت کرابـو، سانسـۆری سـەر ڕۆژنامەکـان، تـاوەکو قۆنـاغێکی دیـاریکراو بەردەوام بـو،

لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی زۆری ململانێکان و پەیدابونی سۆشیاڵ میدیاوە، ڕۆژنامە ئەو ڕۆڵ و کاریگەریەی جارانی نەما و بەرەو کاڵبونەوە و هەندێکیشیان داخران.

بەهۆی زۆری ململانێکان لەناوخۆ و دەرەوەدا و پەیدابونی تۆڕە ئەلیکترۆنیەکان بایەخ و گرنگی ڕۆژنامەی سەر کاغەز بەرەو لاوازی ڕۆیشتووە و کەمتر خوێنەران دەیانخوێننەوە، لەلایەکی ترەوە هەمو ئەو ڕۆژنامە بێ لایەن و ئەهلیانەی کە لەو سەردەمە دەردەچون پاڵپشتی مادی و مەعنەوی نەدەکران و بەڵکو لەلایەن چەند گروپ و تاقمێك دژایەتیان دەکرا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دابخرێن، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ڕۆژنامەی چاودێر تەواو ئەهلی بێت و بێلایەنی خۆی پاراستبێت، ئەگەرچی دروشمەکانی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوە بووە کە بیلایەنن، بەڵام خوێنەری وریا لەوە نتێدەگات کە ئەم ڕۆژنامەیە سەر بە لایەنێکی دیاریکراو بووە .

## ٣-٣- ناساندنی ڕەخنەی چاودێر

ڕۆژنامەی چاودێر لە پێشخستنی بابەتە ڕەخنەییەکانی ئەدەبدا گرنگییەکی زۆری هەبووە، ئەگەرچی ئەم ڕۆژنامەیە توانیویەتی دەرخەری بابەتەکانی تری وەکو ((چاودێری وەرزش، ڕەخنەی چاودێر، ڕوانگەی ڕەخنە، چاودێری هەڵبژاردن، پاشکۆیەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی مامۆستایانی کوردستان، پاشکۆی تایبەت، پاشکۆی ئیخوان و ئەزمون ))بێت (نوورەدین: ٢٢_ ٣١).

جێگەی ئاماژە پێکردنە بونی ئەم پاشکۆ جۆراوجۆرانە دەرخەری زیندوویەتی ڕۆژنامەکە و دەوڵەمەندی ڕۆژنامەی چاودێرە، کە توانیویەتی بە فرە ڕەهەندی کار بکات، لەلایەکی ترەوە بەشێك لەو پاشکۆیانە لە زەمەنێکی دیاریکراوی ڕۆژنامەکەدا دەرچون و پاشان کۆتاییان پێهاتووە، هەڵبەتە ئەوەی پەیوەست بێت بە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر دوای ساڵێك لە دەرچونی ڕۆژنامەی چاودێر دەرچووە و کەوتوەتە بەردەستی خوێنەران و ئەوەی گرنگە تا کۆتایی ڕۆژنامەکە ڕەخنەی چاودێر بەردەوام بووە. بەشێوەیەکی گشتی پەیکەری پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر بەم شێوەیەی خوارەوە بووە :

### ٣-٣-١مێژوی ڕەخنەی چاودێر

لە مێژوی ڕەخنەی چاودێردا، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە مێژوی دەرچون و کۆتایی هاتنی ڕۆژنامەکە کەی بووە، دەکرێت بگوترێت دەرچونی ڕەخنەی چاودێر دەگەڕێتەوە بۆ

ڕۆژی دووشـەممەی ۲۰۰۵/۱۰/۱۰ یەکەمـین ژمـارەی دەردەچێت و تـاوەکو ژمـارە (٥٩٣)ی ڕۆژی دووشەممەی ۲۰۱۸/٤/۲ بەردەوام دەبێت و لەوێدا دەوەستێت.

### ۳-۳-۱- دروشمی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر.

دەرچـونی هەر ڕۆژنــامە و پاشـکۆیەك پێویسـتی بەوەیە ناونیشــان و دروشـمێکی هەبێـت. سەبارەت بە دروشمی ڕەخنەی چاودێر لە سەرەتادا واتە لە ژمارە (۱ – ۱٦) لەژێر دروشمی ڕەخنەی چاودێر پاشکۆیەکی دوو هەفتانەی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕوناکبیرییە، کەواتە ئەم پاشکۆی ڕەخنەی چاودێرە سەرەتا وا خۆی ناساندووە بە خوێنەران، کە دوو هەفتە جارێك دەردەچێت، بەڵام ئەمە زۆر بەردەوام نابێت و دروشمەکەی خۆی دەگۆڕێت. هەڵبەتە دوای دەرچونی چەند ژمـارەیەك لە ڕەخـنەی چـاودێر و پێشـوازیەکی باشـی خـوێنەر لە ڕۆژنـامەکە و نـاوەڕۆکەکەی دەستەی نوسەران بڕیاریاندا کە پاشکۆی ڕەخـنەی چاودێر هەمو هەفتەیەك دەربچێت و گرنگی زیاتری پێ بدرێت، تاوەکو خوێنەر زیاتر سود و کەڵکی لێوەربگرێت. لە ژمارە (۱۷ – ٥٩٣) دەبێت بە ((پاشکۆیەکی هەفتانەی ڕەخنەیی ئەدەبی ڕوناکبیرییە))(نورەدین: ۲٤).

### ۳-۳-۱- سەرپەرشت و ستافی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر

ڕەخنەی چاودێر ستافێکی کارایی لە دەستەی نوسەران هەبو، بۆ ئەوەی هەمو هەفتەیەك ئەم پاشکۆیە بگاتە دەستی خوێنەران، بەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەبەرانی ڕەخنەی چاودێر کە لە ژمارە (۱ – ٥٩٣) کاریان تێدا کردووە: بريني بون لە((سامی، محەمەد نووری، دانا ئەحمەد، جەلال بەرزنجی، پێشەوا مەحەمەد، سەلام حەبیبە))(پێشو: ۲٤). ڕەخنەی چاودێر پاشکۆیەکی ئەدەبی و هونەریی هەبو کە بە یەکێـک لە پاشکۆ گرنـگ و پڕ بایەخەکـان لە ئەدەبدا دادەنرێت، جێگـای ئامـاژە پێکـردنە ژمـارەی لاپەڕەکـانی ڕەخـنەی چـاودێر(۸) لاپەڕەیە و لە دیـارترین نوسـەر و چیرۆکنـوس و ڕەخنەگرە ئەدەبیەکـان لەم پاشکۆیەدا بابەتیـان بڵاوکـردۆتەوە، هەروەهـا شـاعیرە هاوچەرخەکـان هـۆنراوەی خۆیـان خسـتۆتە بەردەمـی خـوێنەران. مێـژوی پاشـکۆ ئەدەبیەکـانی ڕۆژنامەکـان مێژویەکـی دور ودرێـژی نییە، بەڵام لەمـاوە سـەرهەڵدانی تـاوەکو ئێسـتا ڕۆڵێکـی گرنگیـان بینیـوە بەتـایبەت پاشـکۆی ڕەخـنەی چـاودێر کە توانیـویەتی ئـاوڕ لە زۆربەی ژانـرە ئەدەبیەکان بداتەوە.

لە تەواوی ژمارەکانی دا کە (٥٩٣) ژمارەیە، بایەخێکی گرنگی بۆ ئەدەب و هونەر داناوە و وەرچەرخانێکی گرنگی لەم بوارەدا کردووە، زۆربەی ژانرە ئەدەبیەکـان لەم پاشکۆیەدا ڕەنگیان

داوەتەوە کە ئەمە فـــاکتەرێکی گرنـــگ بـــووە  بـــۆ ســـەرکەوتنی ڕۆژنـــامەی چـــاودێر، ئەو هەمەڕەنگیەی ژانرە ئەدەبیەکان لەناو ڕەخنەی چاودێر هۆکاری سەرکەوتنی ئەم پاشکۆیە بووە، چـونکە تەنیـا کـاری لەسـەر یەك ژانـر نەکـردووە بەڵکـو کۆمەڵێـك بـواری ئەدەبـی و هـونەری بەربڵاوی لەخۆ گرتـووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پاشکۆیە بۆتە ئەرشیفێك بۆ پاراستنی چالاکی و هەواڵی ئەدەبی و هونەریەکان کە لەدواجاردا وەك کەرەستەیەکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری سود ی گەورەی لێوەردەگیرێت. لەلایەکی ترەوە جێگەی ئاماژە پێکردنە کە ڕەخنەی چاودێر لە مێـژوی (١٣) سـاڵی خۆیـدا توانیـویەتی بەشـێوەیەکی زانسـتیانە و لە قۆنـاغێکی نـوێ لە هەمـو هەفتەیەکـدا هـاتۆتە بەر دیـدی خـوێنەران، ئەمە بە قۆنـاغێکی نـوێ و وەچەرخـانێکی گرنگـی ڕۆژنامەگەری کوردی دادەنرێت، لە هەمانکاتدا دەستکەوتێکی مەعریفی و شارستانیەتێکی گرنگە لە مێژوی ئەدەبی کوردیدا.

سەبارەت بە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر د. هەڤاڵ ئەبوبکر دەڵێت: پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر یەکێکە لە پاشکۆ ئەدەبیە گرنگەکانی سەردەمی ئازادی و دەسەڵات و حکومی خۆمـاڵی کوردیدا، سـەردەمی لەدایـك بـونی پاشـکۆی ڕەخنـەی چـاودێر هاوکـاتە لەگەڵ گـۆڕانی سیسـتەمی سیاسـی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، بەشێوازێك عێراق لە سیستەمی دیکتاتۆریەوە پەڕیەوە بۆ سیستەمی هاوبەشی سیاسی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، هەروەها کوردستان لەشـەڕی نـاوخۆوە بـۆ هاوبەشـی حکـومڕانی حیزبە سیاسیەکان هەنگـاوی نـا، دەکرێـت ئەمە ڕەنگدانەوەی هەبێت بەسـەر نـاوەڕۆکی بەرهەمەکـانی ئەم پاشـکۆیە. هەرچـی پەیوەنـدی بەلایەنـی تەکنیکـی ڕەخنـەی چـاودێرەوە هەیە، بـێ هەڵە و کەموکـوڕی نـیە بەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی هەڵەیەکـی دیـار و بەرچاوی نەنواندووە ئەمە خاڵێکی بەهێزی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر بو، کە دەکرێت ئەم لایەنە بەهێزانە لەڕوی تەکنیکیەوە لەم چەن خاڵەدا کۆبکەینەوە:

## 1- نەگۆڕانی دەستەی نوسەران

گەر سەیری پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر بکەین بەڕونـی دەردەکەوێت کە ئەم پاشکۆیە بەهۆی جێگری کەسەکان و دەستەی نوسەران لە یەکەمین ژمارەوە تاکو کۆتایی گۆڕانێکی ئەوتۆ نابینی، ئەگەر هەشـی بـو بێت زۆر دەگمەن و کەم بـووە، کـاریگەری نەرێنـی نەخستۆتە سـەر لایەنـی زانسـتی ڕەخنـەی چـاودێر بـۆ نمـونە لە سـەرەتادا (سـامی هـادی و محمد نـووری و دانـا ئەحـمەد) گروپی ڕەخنەی چاودێر بون و دوای ئەوەش ئەوانە هەر بەردەوام بون و تا کۆتایی تەنیا (جلال بەرزنجـی) چـۆتە پـاڵ گروپـی ڕەخـنەی چـاودێرەوە، هەروەهـا سـەبارەت بە سـتافی ڕەخـنەی

چاودێریش لەسەرەتادا (پێشەوا محمد و شاڵاو حەبیبە) کاریان تێدا کردووە، تا کۆتا ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە بەردەوام بون لە کارکردن وەکو دەستەیی نوسەران.

## 2- هەفتانەی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر.

هەفتانەی ڕەخنەی چاودێر لە سەرەتادا بەڵێنی ئەوەی بە خوێنەران دابو، کە دوو هەفتە جارێك بڵاوبکرێتەوە بۆیە لەژمارە (١ – ١٦) دوو هەفتە جارێك دەکەوتە بەردەستی خوێنەران، بەڵام دواتر لە ژمارە(١٦– ٥٩٣)بریاردرا هەمو هەفتە جارێك بڵاوبکرێتەوە، ئەمە گۆڕانێکی ئەوتۆنیە ئەگەر هەشبێت زیانی نیە، بەڵکو سود ی زیاترە و هەفتانە بەرهەمە ئەدەبیەکان بڵاودەکرانەوەو خوێنەر زیاتر ئاشنا دەبو پێیان.

## 3- نەگۆڕانی قەبارەی ڕەخنەی چاودێر.

لەسەرەتای پاشکۆی ڕەخنەی چاودێرەوە، تاوەکو کۆتا ژمارەی، بەهەمان لاپەڕە و قەبارە بڵاودەکرایەوە.

## 4- دروشمی ڕەخنەی چاودێر.

هیچ گۆڕانکاریەك بەسەر دروشمی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا نەهاتووە، بەڵکو لە ژمارە (١ – ٥٩٣) هەمان دروشم بەکارهاتووە، کە بریتی بووە لە (ڕەخنەی ئەدەبی و ڕوناکبیریی)، بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەی چاودێر لەڕوی تەکنیکەوە بنەما و هێڵە گشتیەکانی جێگیرن و گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە، ئەمە لایەنێکی ئیجابیە و هیچ ئاڵۆزیەکی لایەنی خوێنەر دروست نەکردووە.((ڕۆژنامەنوسی کوردی لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە، لە پاڵ ئەو ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتیە مەزنەدا کە لە ئەستۆی گرتووە، ئاوڕی لە ئەدەبی کوردی دابووە، بەبەڵگەی ئەوەی لاپەڕەکانی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیي(کوردستانە ١٨٩٨ ز کە بەشێکیان بۆ بابەتی ئەدەبی تەرخانکرابون))(محەمەد، ٢٠٠٤: ١).

### ٣-٣-٤- ڕۆڵی ڕەخنەی چاودێر لە پێشخستنی ڕەخنەی ئەدەبی دا

ئەدەب تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە، بەسەر تەواوی کایە ڕۆشنبیریەکاندا، ئەو ڕۆڵ و گرنگیەی کە دەگێڕێت بەسەر تەواوی بوارەکانی دیکەی وەکو سیاسەت و ڕۆشنبیری گشتی و باری کۆمەڵایەتی و مێژو..... هتد، زەحمەتە هیچ زانستێکی تر ئەو ڕۆڵە گرنگەی هەبێت، تایبەتمەندی ئەدەب ئەوەیە کە پەلیهاویشتووە بۆ زۆربەی بوارەکانی تر، دەکرێت بڵێین ئەدەب لەزۆر بواردا ڕۆڵ و کاریگەری هەیە، بە تایبەت لە بوارەکانی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندندا، بە هەمان شێوە ئەوانیش بەناو ئەدەبدا ڕۆچون و لە زۆر بابەتدا تێکەڵی یەکتر بون، ڕۆژنامەوانی و

ڕاگەیاندن بونەتە سەکۆیەکی گرنگ بۆئەوەی زۆربەی ژانرە ئەدەبیەکان خۆیانی تێدا نمایش بکەن، لە مێژوی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا لەسەردەمی بنەماڵەی بەدرخانیەکانەوە، تاوەکو ئەمڕۆ واتە لە دەرچونی ڕۆژنامەی کوردستانەوە وەك یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، بواری ئەدەب بەگشتی تییدا ڕەنگی داوەتەوە، ڕۆڵ و پێگەی ئەم ڕۆژنامانە لە بزاڤی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیدا جێ دەستیان دیارە، هەریەك لەو ڕۆژنامانە لە بوارێکی ئەدەبی، کەلێنێکی ئەدەبیان پڕکردووەتەوە، جا بەشێوەی تیۆری بێت یاخود پراکتیکی، دەکرێت بڵێین ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی لە پێشخستنی ئەدەب لەدوای ڕاپەڕینەوە گرنگی زیاتری پێدراوە، دەیان و سەدان ڕۆژنامە دەرکراوە، لەناو ڕۆژنامەکەدا بوبێت، یان بە پاشکۆی تایبەت ڕۆڵیان هەبووە لە پێشخستنی ئەدەب بەگشتی، لەم نێوەندەدا ڕۆژنامەی چاودێر بە پاشکۆیەکی تایبەت بەم بوارە ڕۆڵی هەبو لە پێشخستنی ئەدەب بەگشتی و ڕەخنە بەتایبەتی. لە ناو هەمو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە پێشخستنی ئەدەبدا پێویستە زیاتر ئاوڕیان لێبدرێتەوەو بناسرێن و باسبکرێن، چونکە ((دەرخستنی ڕۆڵی ئەدەبی هەریەك لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە کارێکی دروسترو ئەمەك و وەفادارییە بەرانبەر بەو خزمەتگوزاریەی لەو مەیدانەدا پێشکەشیان کردووە، جگە لەوەش ئاشکرا بون و تیشك خستنەسەر زۆر لایەنی تاریك و شاراوەی پەی نەبراوە لە مێژوی ئەدەبی کوردیدا)) (محەمەد، ٢٠٠٤: ١).

ڕۆژنامەی چاودێر لە(١٢٦) ساڵی ڕەوتی ڕۆژنامەوانی کوردیدا شوێنی دیارە و ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە گەشەسەندن و بەرەو پێشبردنی ئەدەبی کوردیدا، مێژوی خودی ڕۆژنامەکە لەماوەی چواردە ساڵی تەمەنی خۆیدا لە (٢٠٠٤/١٠/٤ تاکو ٢٠١٨/٤/٢) بو بە جێگەی متمانە. بۆ ئەدیبان و نوسەران و خوێنەرانی کورد لەناو ئەو ڕۆژنامەیەدا. دەرچونی (پاشکۆی ڕەخنەی ڕۆژنامەی چاودێر لە (٢٠٠٥/١٠/١٠ – ٢٠١٨/٤/٢)جێگە و بایەخی گرنگی هەیە لە ڕەوتی ڕۆژنامەوانی کوردیدا بەشێوەیەك بۆتە ماڵی خوێنەران و نوسەران ئەوانەی لەبواری ئەدەبدا کاردەکەن. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم پاشکۆیە لە پاڵ ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە هەیەتی بۆ خزمەتکردنی ئەدەب، دەکرێت وەکو سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی گرنگی پێبدرێت و ئاوڕی لێبدرێتەوە. ئەم پاشکۆیە کە تایبەتکراوە بە بواری ئەدەبی گشتی لە ڕاستیدا سەر بە ڕۆژنامەی چاودێرە، بەڵام هەیکەلیەتی تایبەت بەخۆی هەیە، وەکو نامیلکەیەکی تایبەتی دابڕاو دەبینرێت و دەستەی نوسەران و سەرپەرشتیار و ستافی تایبەت بەخۆی هەیە، بیبلۆگرافیای تایبەتی بۆ کراوە بە ئاسانی خراووەتەوە بەردەستی خوێنەران و دەتوانرێت لەو ڕێگەیەوە بە ئاسانی دەستمان بۆ بابەتەکان بڕوات.

ڕەخنەی چاودێر ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە و زەمینەیەکی لەباری دروستکردووە لەسەر بەرهەمە ئەدەبیەکان و سەکۆیەکی تایبەتی دروستکردووە بۆ نوسەرەکان، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا تایبەتمەندیەکی گرنگە، چونکە دروستکردنی ئەم دەرفەتە بۆ نوسەران و دیاریکردنی پاشکۆیەك بەم بابەتە بایەخی خۆی هەیە و یارمەتی دەرە ئەو پانتا فراوانەی کە ڕەخنەی چاودێر بەبێ هەڵگری هیچ ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی ڕەخساندویەتی بۆ نوسەران کە بیروباوەڕ و بۆچونەکانی خۆیانی تێدا بخەنەڕو، ئەمە زیاتر ڕۆڵ دەبەخشێتە ڕۆژنامەکە و جیای دەکاتەوە لە ڕۆژنامەکانی تر. هەروەها ئەو چوارچێوە تایبەتەی کە ڕەخنەی چاودێر بۆخۆی دروستکردووە بۆ پێشخستنی بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریی گرنگی خۆی هەیە، چونکە دەزانین کە لەسەردەمی ئەمڕۆدا بواری میدیا و ڕۆژنامەگەری بەتایبەتی میدیای دیجتاڵ ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە بواری گەیاندنی بیرەکان بە کۆمەڵگا چونکە ((دیاردەی ڕۆشنبیری بەهۆی گەشەکردنی میدیاکانەوە، پەیوەندییەکی نوێی دەهێنێتە کایەوە و گفتوگۆیی بابەتیانەی پەیوەندی زیندووی نێوان فیکر و واقعی ژیاندا پێکدەهێنێت، کە لە بنەڕەتدا فیکر بەرهەمی واقیعە و ڕەنگدانەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانە و ڕۆشنبیریش نیشانە و پێکهاتەی سەرەکی شارستانیەتە کە ئەویش بەرهەمی هەمو ئەو ململانێ و گۆڕانکاریانەیە کە توشی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هاتووە)) (محەمەد، ٢٠٠٤: ١٦٠).

لە چوارچێوەی ئەو ڕەوتە ئەدەبیەی کە ڕەخنەی چاودێر هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی ئەدەبدا بە ئامانجی گەیاندنی فکر و ڕۆشنبیریی گشتی بە توێژەران و خوێنەران، هەروەها بایەخدانی بە ژانەرە ئەدەبیەکان و شیعر و پەخشان و چەندین بابەتی تر، هەروەها لێکۆڵینەوە لە کەلەپور و فۆلکلۆری کوردی و شانۆ و مۆسیقا و گۆرانی و وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە، لە پاڵ ئەو بایەخ دانەی گیراوەتەبەر ڕۆڵی ڕۆژنامەکەی بەرز ڕاگرتووە. لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا ڕۆژنامەی چاودێر بو بە داهێنەر، بەهۆی ئەوەی پاشکۆیەکی دروستکرد و کاریگەریی باشی هەبووە لەسەر ڕۆژنامەنوس و نوسەرەکانی تر، کە هەر ژمارەیەکی دەردەچوو دەتوانین بڵێین چاودێر چاوێکی وردی هەبو بۆ هەر بابەتێك کە دەخرایە ڕو، ئەمە کاریگەری دروستکرد بەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو بابەتانەی کە دەخرانەڕو.

ڕەخنەی چاودێر ئاسۆیەکی ڕونی لەبەردەم نوسەران و خوێنەواران کردەوە، ئەگەر لە ڕابردوودا پرۆسەی ڕەخنە بریتی بوبێت لە هەڵسەنگاندنی لایەنی باش و خراپی دەقی ئەدەبی و ئاسۆکانی بەردەم ئەو دەقە، ئەگەر بە شێوازی کتێب پێشکەشی خوێنەران کرابێت، ئەوا ڕەخنەی چاودێر چاودێری وردی دەکرد و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرد، بەشێوازێك ئەگەر نوسەرێك

شیعرێك، یان بابەتێكی ئەدەبی نوسیبێت تەنانەت بابەتێكی ڕەخنە بوبێت، ئەوا دەبو ئاگاداری لایەنی تەكنیک و هونەری ئەدەبی ببوایە، چونكە، لەناكاو لەڕەخنەی چاودێردا ڕوبەڕوی ڕەخنە و خوێندنەوەیەكی تر دەبویەوە ئەمە بەبۆچونی ئێمە ئاراستەو ڕەخنەی ڕاست كردۆتەوە.

ڕەخنە و كاری ڕەخنەسازی لەم گۆڤارەدا هەم لەڕوی تیۆریەوە بووە، هەم لەڕوی پراكتیكی. بەشێوازێك لە زۆربەی لاپەڕەكانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بابەتی تیۆری دەبینن دەربارەی شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و تەنانەت گوزارشت، بەهەمان شێوە گرنگی بەلایەنی ڕەخنەی پراكتیكی بابەتە كۆن و نوێیەكانی داوەو خراونەتە بەر تیری ڕەخنەی نوسەران، كۆكردنەوەی ئەم دوو ئاراستەیە لە تیۆری و پراكتیكی لە ڕەخنەی چاودێردا كارێكی پەسەند و بەجێ بو. هەروەها لە بابەتی ڕەهەندی هزریەوە كە ئەو جۆرە ڕەخنەیە كە نوسەر لەڕێگەی بیری ڕەخنەوە لەكایە جیاجیاكان دەگرێت.

لەم ڕۆژنامەیەدا زۆر بەگرنگیەوە ڕەهەندی هزری ئاوڕی لێدراوەتەوە بەمەش جگە لە بابەتی سەرەكی كە ڕەخنەی ئەدەبیە ڕەخنەی فكری و هونەری بەشێوەیەكی تیۆری ئاوڕی لێدراوەتەوە، بۆ نمونە قسەكردن دەربارەی فكری شیعر و فەلسەفە. ڕەخنەی چاودێر یەكێك لەڕۆڵە گرنگەكانی، سەر بەخۆی دانە بە ڕەخنەی ئەدەبی بە واتایەكی تر ڕەخنەی ئەدەبی وەك بەشێكی سەربەخۆ تەماشادەكات، لەبەرئەوەی پێشتر ڕەخنەی ئەدەب وەك پاشكۆی ئەدەب سەیر دەكرا.

ڕەخنەی چاودێر لایەنێكی سەربەخۆی ڕەخنەی ئەدەبی، لە باشوری كوردستان و مێژو ڕەوتی گەشەی سەربەخۆی كردە ئامانج، بەمەش بابەتی نوێ لەدایك بون، كە پێشتر ئەو بابەتانە كەمتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەكان دەبینران، هەروەها گوتاری ڕۆشنبیری ئاشنا كرد و بەمەش پەیوەندی سازكرد، وەك بۆردێكی ئەكادیمی ڕۆژنامەوانی، هەر بۆیە ڕەخنەی چاودێر هەندێك نوسەر دروستدەكات و وایان لێدەكات تەنیا بیر لە نوسینی ڕەخنەی ئەدەبی بكەنەوە، ڕەنگە پێشتر خەڵكەكە ڕۆمان نوس بوبێت یاخود چیرۆك نوس، بەڵام ڕەخنەی چاودێر توێژێكی دروستكرد لە ڕەخنەگر و توانی لایەنی گۆڕانكاری زیاتر بكات، چونكە ڕەخنەگر وەستاو نیە و بەردەوام لە گۆڕاندایە.

## ٣-٤- لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ڕەخنەی چاودێر

هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێك، کە لە هەر بوارێکدا دەرچووبێت، بەدەر نەبووە لە کەموکورتی، لە پاڵ خاڵە بەهێزەکاندا خاڵی لاوازیش بونی دەبێت، بەڵام لە دواجاردا هەرچی بێت ئەو نوسراوە خزمەتێکی گەورەیە بە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی ئەو میللەتە. ڕەخنەی چاودێر بە بۆچونی ئێمە ئەوەندەی خاڵی بەهێزی تێدایە نیو هێندە خاڵی لاوازی نییە، لەخوارەوە لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ئەم ڕۆژنامەیە دەخەینەڕو:

### ٣-٤-١- خاڵە بەهێزەکانی

ڕەخنەی چاودێر چەند لایەنێکی بەهێزی لەخۆی گرتووە، بەپێی ئەو خوێندنەوانەی بۆ ڕۆژنامەکە کراوە:

1- یەکەمجارە ناونیشانی پاشکۆیەك بەناوی ڕەخنەوە لە ڕۆژنامەیەکدا پەیدا ببێت، چونکە وای بۆ دەچین ئەم ناونیشانە بە مەبەست بوبێت، چونکە ((ناونیشان کلیلی چونە ناو هەر بابەتێکە و بەهایەکی واتاداری هەیە و نوێنەرایەتی دەق و ڕوکاری دەق دەکات، توێژەرانی ئەدەبی پێیان وایە ناونیشان پەیامێکی زمانەوانیە و ناسنامەی دەقەکەیەو، بەدەرخەری ناوەڕۆکی دەقی دادەنرێ و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ)) (ڕەشید، ١٣٩٢: ٦). وەکو داهێنانێك لە مێژوی ڕۆژنامەگەرییدا پێویستە ڕۆژنامەنوسان و ئەدیبان شانازی پێوە بکەن کە یەکەمجارە لە مێژودا ڕۆژنامەیەك ناونیشانێك بەناوی ڕەخنەوە بۆ بابەتێکی ئەدەبی بەشێوەیەکی بەرفراوان بە نوسینی کورت بخرێتەڕو.

2- ڕەخنەی چاودێر زۆر گرنگی دەدات بە ڕەخنەی ئەدەبی، بۆیە خۆی لە بابەتەکانی تری وەکو سیاسی و ئاینی و خۆی دور دەخاتەوە و چاوی تەنیا لەسەر ئەم بابەتەیە.

3- ڕەخنەی چاودێر بۆتە سەکۆیەك بۆ ناساندنی شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکان، کە ئەمە خۆی کاریگەری باشی هەبو لەسەر پێشخستنی ژانرە ئەدەبیەکان بەشێوەیەکی گشتی.

4- لە ڕەخنەی چاودێردا، وەکو یەکەمین پاشکۆی ڕەخنەی ئەدەبی زۆر گرنگی داوە بە وتوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ داهێنەراندا.

5- ڕەخنەی چاودێر هەوڵیداوە لە هەر ژمارەیەکی دا بابەتێکی ڕەخنەی پراکتیکی بڵاوکاتەوە.

6- لە ڕەخنەی چاودێردا زۆر گرنگی دراوە بە ئەدەبی هاوچەرخ و دەقە نوێیەکان، کە ئەمە کاریگەریەکی زۆری کردە سەر ڕۆڵی ئەم پاشکۆیە.

7- ڕەخنەی چاودێر ڕوانگە و بیری سنوردار نیە بۆ نوسەران، هەر نوسەر و شاعیرێك دەتوانێت بەرهەمە ئەدەبیەکانی خۆی تێدا بڵاوبکاتەوە بە مەرجێك بەرهەمەکانی بەها و بایەخی خۆی هەبێت.

8- بۆ یەکەمجار لە ڕەخنەی چاودێردا کۆمەڵێ چەمکی ڕەخنەیی لەناو وتارەکاندا دەرکەوێت بەزمانی کوردی، کە ئەم چەمکە ڕەخنەییانە هی بیرمەندە ڕۆژئاواییەکانن.

9- ڕەخنەی چاودێر ڕێچکەیەکی تایبەتی بۆخۆی دیاریکردووە، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، چونکە قسەکردن لەسەر بەرهەمەکان و دروستکردنی گفتوگۆ لەنێوان نوسەرەکاندا خۆی بۆخۆی کارێکی گرنگە، چونکە دروستکردنی ئەو دەرفەتە بە تایبەت و دیاریکردنی ڕۆژنامەیەکی تایبەت بەم بوارە یارمەتیدەرە، چونکە دەتوانێ بە ئاسانی کە دەچێتە سەر ڕەخنەی چاودێر کەرەستەکانیشی دەستبکەوێت، ئەوە لە ڕۆژنامەکانی تردا زۆر کەمە.

## ٣-٤-٢- خاڵە لاوازەکانی.

دەرچونی هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکی تایبەت بە ئەدەب بەدەرنیە لە کۆمەڵێك کەموکورتی و هەڵە، چونکە هەمو ئەمانە بەرهەمی فکری مرۆڤن و کە مرۆڤیش بەدەر نیە لە هەڵە و کەموکورتی.

1_ ڕەخنەی چاودێر ناتوانێت لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەل و چڕو پڕ بڵاوبکاتەوە، چونکە ئەمە ڕۆژنامەیە نەوەکو گۆڤار، ئەمە وایکردووە ناتوانێت لە قەبارەی خۆی زیاتر بابەتی دەرونی بڵاوبکاتەوە.

٢_ ڕەخنەی چاودێر یەکەمین ژمارەی لەگەڵ کۆتا ژمارەی بەراورد بکەین گۆڕانکاریەکی باش ڕوینەداوە، لەڕوی گرنگیدان بە زاراوەسازی هاو واتادان بۆ چەمکە ڕەخنەییەکان.

٣_-ڕەخنەی چاودێر هێندە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەدەبی دەدات، هێندە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی نادات.

5- لە هەر ژمارەیەکدا (٨ – ٩) بابەت دانراوە زۆربەیان ناچنە خانەی ڕەخنەی پراکتیکەوە واتا یەك بابەت لەو چەند بابەتە دەچێتە ناو ڕەخنەی پراکتیکەوە، کە ئەمە خوێندنەوەیە بۆ شیعرێك یان ڕۆمانێك.

6- گرنگی بە فرە ڕەهەندی ژانرەکان نادات بۆ نمونە (شانۆنامە وەك دەق و تێکستێکی ئەدەبی) هەروەها چیرۆك و کورتە چیرۆك کە کەمتر گرنگی پێدراوە.

7- کەمتر گرنگی داوە بە ئەدەبی کرمانجی، یان ئەدەبیاتی پارچەکانی کوردستان، بەڵکو زیاتر گرنگی داوە بە ئەدەبیاتی باشور لەناو ئەدەبیاتی باشور ئەدەبیاتی هەورامی پشتگوێ خستووە.

## ٣-٥- جۆرەكانی ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر بنەمای ژانرە ئەدەبیەكان

پێویستە لەنێوان جۆرەكانی ڕەخنەی ئەدەب و ژانەرە ئەدەبیەكاندا لە لێكۆڵینەوەی زانستیدا، ڕەخنەی ئەدەبی هاوئاراستە هەنگاو بنێت لەگەڵ ژانرە ئەدەبیەكاندا، بەشێوەیەك جۆری ڕەخنە یەكسان بێت لەگەڵ جۆری ئەدەبدا، واتە ڕەخنەی شیعری بەهەمان ئاراستەی كەرەستەی شیعری هەنگاو بنێت، هەروەها ڕەخنەی پەخشان بەهەمان ئاراستەی كەرەستەی پەخشان هەنگاو بنێت. شیكاری و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی دەبێت بەرەو ئەو جۆرە ئەدەبە هەنگاو بنێت، كە ڕەخنەكەی ئاراستە دەكرێت، واتە شیعر بۆ شیعر و پەخشان بۆ پەخشان.

ئەركی سەرەكی ئەم بابەتە دەرخستنی جۆری ڕەخنەیە لە ژانرە ئەدەبیەكان، دیاریكردن و گەشەسەندن و بەرەو پێش چونی لەلایەنی بەهێز و لاوازی جۆری ئەدەبەكەیە ((ئاراستە ڕەخنەییەكانی نێو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی كۆمەڵێك ئاراستەی ڕەخنەیی لە خۆدەگرن و كە هیچ مۆرك و سیمایەكی میتۆدی ڕەخنەییان تێدا بەرجەستە نابێت، هەرچەندە جیاكاری لەنێوان جۆرە ڕەخنەییەكان لەسەر بنەمای بون و نەبونی میتۆد كارێكی ئاڵۆز دانراوە، بەڵام دەكرێ بە هەندێ ئاراستەی ڕەخنەی بكرێت كە دور دەكەونەوە لە بونی ڕوانینێكی یەكگرتوو، هەروەها هەنگاوەكانی پیادەكاری پرۆسەی ڕەخنەییەكی میتۆد بەندیانە)) (امین، ٢٠٠٩: ٦) پەیوەندیەكی بەهێز لەنێوان جۆرەكانی ئەدەب و میتۆدە ئەدەبیەكاندا هەیە، تەنانەت ئەوەندە ڕۆچون بەناو یەكتردا جیاكردنەوەیان ئاڵۆزە، دەكرێت بە ئاراستەیەك كاربكرێت، كە دور بكەوینەوە لە ڕوانینێكی ڕەها لەنێوان جۆرەكانی ئەدەب و ڕێبازە ئەدەبییەكاندا، چونكە ئەوە ڕونە، كە دەكرێت شیعرێك بە میتۆدی ڕەخنەیی لێكۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجام بدەین و میتۆدەكانی دیكە فەرامۆش بكەین، چونكە مەرج نیە دەقێكی شیعری، یاخود پەخشان هەمو جۆرەكانی ڕەخنە، یان میتۆدە ڕەخنەییەكانی بەسەردا جێ بەجێ بكرێت.

سەبارەت بە چەشنە ئەدەبیەكانی ئەرستۆ وە، تا ڕۆژگاری ئەمرۆمان چەند جیاكاریەكی لێك نزیك هەن كە دەكرێ بڵێین بەشی زۆری ئەم جیاكاریانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئەرستۆ كاتێك لە كتێبی (هونەری شیعردا) جیای كردۆتەوە ((بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێك لە ڕەخنەگران دابەشكردنی ئەدەب بۆ ژانەری جیاجیا ڕەتدەكەنەوە و تێڕوانینی لەم جۆرە بە كۆنە پارێزی و گەڕانەوە بۆ چەمكە كلاسیكیەكان باسدەكەن) (ئەبوبكر،٢٠٠٧: ٣٣).

هەر سەبارەت بەم بۆچونە (كرۆچیە) دەڵێت: ((ئەدەب پێكدێت لە كۆمەڵە قەسیدە و شانۆگەری و ڕۆمانێك كە هەمویان لەژێر ناوێكدا كۆدەبنەوە كە ئەدەبە)) (رینیە، ١٩٨٧: ٢٩٥) ئەوەی ڕونە جیاكاری (چەشنە ئەدەبیەكان زاڵترە بەسەر ئەو بۆچونەی كە پێی وایە نابێت ئەدەب

دابەشبکرێت بەهەر شێوازێك بێت، کاری ئێمە لە جیاکردنەوەیان خستنە پاڵی جۆرەکانی ئەدەبە، لەهەمانکاتدا شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کارە ڕەخنەییەکانە لە ڕەخنەی چاودێردا.

## ٣-٦- ڕەخنەی شیعر.

کۆنترین دەقی ئەدەبی شیعرە، دیارە ئەمە پەیوەست نیە تەنیا بە میللەتێك و نەتەوەیەکەوە، بەڵکو لەناو ئەدەبی میللەتانی جیهانی شیعردا بەدەستپێکی ئەدەبی دادەنرێت، جا لەشیعری سەر زارەکیەوە بگرە، تاوەکو دەگاتە نوسراو، میراتی ئەدەبی کە لە یۆنانیەکانەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە ڕۆژگاریی ئەمرۆمان بە شیعر دەستی پێکردووە، پاشان پەخشان سەری هەڵداوە، ئەمە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فراوانتر کردووە، ((ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەم دوو چەشنە یەکتری ڕەتبکەنەوە، بەڵکو هاتنەکایەی هەر یەکێکیان وابەستەی واقعی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری خۆیەتی)) (ئەبوبکر، ٣٦). گەیشتنی دەقی ئەدەبی بە خوێنەر و بینەر هەرلە کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ لە پرۆسەی ڕەخنەگەریدا گەشەی کردووە، ئەگەر پرۆسەی ڕەخنەکە سادەو ساکاریش بوبێت، چونکە لە بەرامبەر هەر دەقێکی ئەدەبی توێژێك هەبو کە پێی گەیشتبێت، لەگەڵ یەکەمین ساتی بەیەك گەیشتنەکە، ئەگەر ڕستەش بو بێت پرۆسەی ڕەخنە لەدایك بووە ، گومانی تێدانیە مادەم دەستپێکی ئەدەب بەشیعر بووە، ئەوا دەستپێکی پرۆسەی ڕەخنە ڕەخنەی شیعری بووە .

دەکرێت شاعیرەکان خۆیان ڕەخنەگر بوبن. واتە شیعر و ڕەخنەی شیعری بەیەکەوە هەڵیان کردووە، بەو پێیەی چالاکیەکانی مرۆڤ لە گەشەسەندن و بەرەو پێشچونی بەردەوام دابووە، بەگوێرەی شوێن و سەردەمی مرۆڤ ئەوا شیعر و ڕەخنەی شیعر بەرەو گۆڕانکاری هەنگاوی ناوە. هەڵبەتە شیعر چالاکیەکی مرۆڤە، ئەو چالاکیە بەپێی شوێن و سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەوانەیە شیعرێك بۆ سەردەمی بونیادنانی دەقەکە شیاو بێت، بەڵام سەردەم و شوێنی ئەمڕۆ گونجاو نەبێت، هەر لەبەرئەوەیە کە ((هۆنراوە هەستێکی ویژدانیە کە ئەو هەستە زۆر زۆر دورترە لەوشتە نهێنیانە کە بتوانرێ باس بکرێ: بیر نییە، ئەندێشە نییە، سۆز نییە، چونکە هۆنراوە دەبێ ئەمانەی هەمو تێدا کۆببێتەوە، بونی یەکێك لەمانە بەبێ ئەوانی تر هۆنراوە دروست ناکات، خۆ ئەگەر بچین بەلای شتێکی قورسترە کە دەڵێن هۆنراوە بەشەو هەر بەشەو لەدڵی کەسێکدایە، بەهۆی وشەکانەوە ئەو وێنە جیهانیە خەیاڵییە دەردەبڕێ و پیشانی کەسانی تری دەدا)) (سەجادی،١٩٧٠: ٣٠).

ئەم چالاکیە مرۆڤ کردە دەکرێت، لەگەڵ گەشەسەندنی زمان و هزری مرۆڤەکان گۆڕانی بەسەردادێت، هەر ئەم گۆڕانکارییە گۆڕانی ڕەخنەی بنیات دەنێت، لەبەرئەوەی شیعر پەیوەستە بە مرۆڤەوە، بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، ئەم جیاوازی بیرکردنەوەیە دەکرێت جیاوازی تێڕمانمان بۆ شیعر زیاد بکات، هەر بۆیە پێناسەیەکی دیاریکراو نیە بۆ ژانری شیعر دلْشاد علی پێی وایە: ((هۆنراوە وەك هونەرێك لە هونەرە جوانەکان و وەك چالاکی یەك لە چالاکیەکانی مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ گۆڕان و بەرەو پێش چونی مرۆڤدا بە گوێرەی شوێن و سەردەم لە گۆڕاندا بووە و چەمکێکی چەسپاوی نەبووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی)) (علی، ١٩٨٨: ٦)، لە هەر سەردەم و بارودۆخێکدا پێوانە شیعریەکان گۆڕانی بەسەر هاتووە، زمان کە دەستپێکی چالاکی شیعرییە ڕۆژ بەڕۆژ لە گۆڕاندا بووە، پاشان پێوانەکانی تری وەکو وێنەی شیعری کێش و سەروا و قافیە...هتد، دید و بۆچونی جیاوازی دروستکردووە دەربارەی شیعر، بێگومان ئەم بۆچونە جیاوازانە لەناو پرۆسەی ڕەخنەدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە ڕەخنەی شیعریش بەپێی پێوانە شیعریەکان ڕۆیشتووە و قسەی لەبارەوە کراوە.

### ٣-٦-١- بابەتە ڕەخنەییەکانی ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر.

1_ لە ساڵی ٢٠٠٥زدا، هیچ بابەتێك لەسەر ڕەخنەی شیعری بڵاونەکراوەتەوە.

2_ لە ساڵی (٢٠٠٦)ز دا، (٤٥) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لە کۆی ئەو ژمارەیە (٢) بابەت لەسەر ڕەخنەی شیعری بڵاوکراوەتەوە. بابەتی یەکەم بەناونیشانی گەڕان بەدوای خوددا تێڕامانێکی کورت لە شیعری حیکایەتی من و دێوەکەی کەریم دەشتی، کە لەلایەن سەرکۆ مەجید لە ژمارە (٢٩)ی ٢٠٠٦/٨/١٢ لاپەڕە (٣٠٢) بڵاوکراوەتەوە.

3_ بابەتی دووەم، بەناونیشانی (دونیای شیعر پێویستی بەجۆرە گۆڕانێك هەیە)، بۆئەوەی باشتر لە هەست و نەستی مرۆڤ نزیکبیتەوە، کە دیدارێکە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس لە ٢٩ ٢٠٠٦/٨/١٤ بڵاوکراوەتەوە.

4_ لە ساڵی (٢٠٠٧)زدا، (٤٣) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لەکۆی ئەو ژمارەیەدا تەنیا (٢) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعربڵاوکراوەتەوە، بابەتی یەکەم بەناونیشانی (سەمفۆنیای شیعری ئەم سەدەیە)، کە لەلایەن نوسەر (ڕەفیق سابیر)ەوە نوسراوە، لە ژمارە (٥٩)ی بەرواری (٢٠٠٧/٤/٢)، (نوورەدین:١). بابەتی دووەم بەناونیشانی (توانەوەی شیعرێك لە نێو عیشقی ژندا)، کە لەلایەن (قوبادی جەلی زادە)ەوە نوسراوە لە ژمارە (٦١)ی بەرواری (٢٠٠٧/٤/١٦) (نوورەدین:١).

5- له ساڵی (٢٠٠٨)ز دا، (٨٣) بابەت بڵاوكراوەتەوە، لە كۆی ئەو ژمارەیە (٨) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعرە، بابەتی یەكەم؛ بەناونیشانی (لاواندنەوەی پرۆدسكی شیعرێكی تازەی دڵشاد عەبدوڵا كە لەلایەن (دڵشاد عەبدوڵا)ەوە نوسراوە، لە ژ (١١٠) بەرواری (٤ – ٢ – ٢٠٠٨) (نوورەدین ١).

بابەتی دووەم: بەناونیشانی (ئەنتۆلۆژیای شیعری كوردی)، كە لەلایەن (ئەسكەندەر حەبەش) نوسراوە لە ژمارە (١١٤)ی ٢٠٠٨/٥/٥.

بابەتی سێیەم: بەناونیشانی (تاعون هات)، كە لەلایەن (فەرهاد پیرباڵ)ەوە نوسراوە لە ژ. ١١٤ی ٢٠٠٨/٥/٥ (پێشو:١).

بابەتی چوارەم: بەناونیشانی (شاعیری گەورەی كورد) كە لەلایەن (شێركۆ بێكەس)ەوە لە ژ. ١٣٤ی ٢٠٠٨/٩/٢٢ (پێشو:١).

بابەتی پێنجەمیان: بەناونیشانی (كۆمەڵێ شیعر بۆ لاواندنەوەی خۆڵەمێش)، كە لەلایەن (تەیب جەبار)ەوە نوسراوە لە ژ. ١٣٧ی ٢٠٠٨/١٠/١٣ (پێشو:١).

بابەتی شەشەم: بەناونیشانی (كورسی وەردەگێردرێت بۆ سەر زمانی توركی)، كە لەلەلایەن (شێركۆ بێكەس)ەوە نوسراوە لە ژ. ١٣٩ی ٢٠٠٨/١٠/٢٧ (پێشو:١).

بابەتی حەوتەم: بەناونیشانی (بۆ ڕەخنەی چاودێر)، كە لەلایەن (پۆل شاول) نوسراوە، لە ژمارە ١٤٦ی ٢٠٠٨/١٢/٢٩ (پێشو:١).

بابەتی هەشتەم: بەناونیشانی (ڕەخنەی چاودێر و دەقی شیعری)، كە نوسەرەكەی دیار نییە، ئاماژەی پێنەكراوە لە ژمارە ١٢٣ی ٢٠٠٨/٧/٧ (پێشو:١).

شایەنی باسە و جێگەی ئاماژە پێكردنە زۆرترین بابەت، كە لەسەر شیعر نوسرابێت لە ساڵی (٢٠٠٨) بووە .

6- لە ساڵی (٢٠٠٩)ز دا، (٥٩) بابەت بڵاوكراوەتەوە، لە كۆی ئەو ژمارەیەدا تەنیا (٢) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعری بون:

بابەتی یەكەم: (سادەكردنەوەی شیعر لەپێناو هەڵوێست وەرگرتن دا، بەڵێ پیاو جەنگی خیانەتی پێدەدرێت)، ناوی نوسەرەكەی ئاماژە پێ نەكراوە و لە ژمارە (١٥٠)ی ٢٠٠٩/١/٢٦ نوسراوە(پێشو:١).

بابەتی دووەمیان: بەناونیشانی (قەسیدەكانی شار و نیشتیمان)، كە لەلایەن (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)ەوە نوسراوە لە ژمارە (١٥٦)ی ٢٠٠٩/٣/٩، (پێشو:١).

7- لە ساڵی (٢٠١٠)ز دا، (٥٣) بابەت بڵاوكراوەتەوە، لە كۆی ئەو ژمارەیە (٦) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعرە.

بابەتی یەکەم: بە ناونیشانی (مریەم شیعرێکە خۆی ناناسێت)، کە ئاماژە بە ناوی نوسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە (١٩٩)ی ٢٠١٠/٢/١، (پێشو:١).

بابەتی دووەم: بەناونیشانی (ئیتر گۆزەکان لەکانی نایەنەوە، شێرکۆ بێکەس مشتێ لە هەناسەکانی ئەنفال)، کە لەلایەن (جەمال غەمبار)ەوە نوسراوە لە ژمارە (٢٠٩)ی ٢٠١٠/٤/١٩ (پێشو:١).

بابەتی سێیەمیان: بەناونیشانی (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس لە قاهیرەن)، کە ئاماژە بە نوسەرەکەی نەکراوە لە ژ. ٢٠٩ی ٢٠١٠/٤/١٩، (پێشو:٨).

بابەتی چوارەم: بەناونیشانی (نوێترین پەخشانە شیعری شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس) ئاماژە بە نوسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە ٢٢١ی ٢٠١٠/٧/١٢، (پێشو:٥).

بابەتی پێنجەم: بەناونیشانی (لاوان لە شیعری لەتیف هەڵمەت) لە ژمارە ٢٢٣ی ٢٠١١/٧/٢٦، (پێشو:٥).

بابەتی شەشەم: بەناونیشانی (دوو.... شیعری جیاوازی حەمیدی شەریفی)، کە ئاماژە بە ناوی نوسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە (٢٢٩)ی ٢٠١٠/٩/٦، (پێشو:٥).

8- لە ساڵی (٢٠١١)ز دا، (٨٢) بابەت بڵاوکراوەتەوە لەکۆی ئەو ژمارەیە (٥) بابەتیان لەسەر رەخنەی شیعرە، بابەتی یەکەمیان؛ بەناونیشانی (شیعری ئەدۆنیس و سەباح ڕەنجدەر)، کە ئاماژە بە نوسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە (٢٤٨)ی ٢٠١١/١/٣١، (پێشو:١).

بابەتی دووەمیان: بەناونیشانی (خەیاڵ) لەلایەن (ڕەنج سەنگاوی) نوسراوە لە ژمارە ٢٥٣ ی ٢٠١١/٣/٧ (پێشو:١).

بابەتی سێیەمیان: بەناونیشانی (ئازارێکی بێ کەسی فەرامۆشکراو)، کە ئاماژە بە نوسەرەکەی نەکراوە، لە ژمارە ٢٥٣ی ٢٠١١/٥/٧ (پێشو:٨).

بابەتی چوارەمیان: بەناونیشانی (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس کران بەڕۆمان)، کە ئاماژە بە ناوی نوسەرەکەی نەکراوە، ژمارە ٢٨٠، ٢٠١١/٩/١٩ (پێشو:١).

بابەتی پێنجەمیان: بەناونیشانی (نالی)، نوسەرەکەی (دڵشاد عەبدوڵایە) لە ژمارە (٢٨٧)ی ٢٠١١/١١/١٤ (پێشو:١).

9- لە ساڵی (٢٠١٢)ز دا، (٩٦) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لەکۆی ئەو ژمارەیە (٤) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعرە. بابەتی یەکەمیان. بەناونیشانی (من و خۆم) نوێترین بەرهەمی شیعریی شاعیر (حەمە کاکەڕەش)ە، کە لەلایەن خودی نوسەرەوە، نوسراوە لە ژمارە (٣١٤)ی ٢٠١٢/٥/٢١ (پێشو:٥).

بابەتی دووەمیان: بەناونیشانی (کەڤیك باران نەختێك ئیشق)، کە لەلایەن (ئەحمەد محمد و ئیدریس علی) نوسراوە لە ژمارە ٣١٤ی ٢٠١٢/٥/٢١ز (پێشو:٧).

بابەتی چوارەمیان: بەناونیشانی (شیعر ئەو دەمەی خۆی بە شتە گومڕایەکانەوە دەگلێنێت و پتر لەکاتێکی تر فەلسەفە سەرقاڵی خۆی دەکات)، لەلایەن ئازاد حەمەوە نوسراوە لە ژمارە ٣٣٥ی ٢٠١٢/١٠/٢٢ (پێشو:١).

10- لە ساڵی (٢٠١٣)ز دا، (١٠٩) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لەکۆی ئەو ژمارەیە (٧) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعرە. بابەتی یەکەمیان. بەناونیشانی (کێکێك دەربارەی بزوتنەوەی تازەگەری شیعری کوردی) ئاماژە بە ناوی نوسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە (٣٤٥)ی ٢٠١٣/١/٢١ (پێشو:١).

بابەتی دووەمیان: بەناونیشانی (بەڵێ کە شیعر دەنوسم شاملۆ)، نوسەرەکەی (شاملۆ)یە و لە ژمارە (٣٤٦)ی ٢٠١٣/١/٢٨ بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی سێیەمیان: بەناونیشانی (دیوانە شیعری شێرزاد حسن) لەلایەن (شێرزاد حسن)ەوە نوسراوە لە ژمارە (٣٤٩) ی ٢٠١٣/٢/١٨ بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی چوارەمیان: بەناونیشانی (شیعر و ئەزمون ) ئاماژە بە ناوی نوسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە (٣٥٢)ی ٢٠١٣/٣/١١ بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١)..

بابەتی پێنجەمیان: بەناونیشانی (هێشتا شتی زۆر ماوە کە نەمنوسیوە) لەلایەن (شێرکۆ بێکەس)ەوە نوسراوە لە ژمارە (٣٥٥)ی ٢٠١٣/٤/١ بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی شەشەمیان: بەناونیشانی (ئەدەبیاتی بەرگری کلاسیك) لەلایەن (دکتۆر هیمداد حسین)ەوە نوسراوە، لە ژمارە (٣٦٨)ی ٢٠١٣/٧/١ بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی حەوتەمیان: بەناونیشانی (کۆی شیعرەکانی جەلال بەرزنجی) لەلایەن نوسەرەکەیەوە نوسراوە لە ژمارە (٣٧٠)ی ٢٠١٣/٧/١٥، بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

11- لە ساڵی (٢٠١٤)ز دا، (١١٧) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لەکۆی ئەو ژمارەیە (٤) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعری بون.

بابەتی یەکەمیان: بەناونیشانی (پاریزان یاری بە تۆپ دەکات، شاعیر بە وشە) لەلایەن (کەریم دەشتی)یەوە نوسراوە لە ژمارە ٤١٦ی ٢٠١٤/٧/٧ بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی دووەمیان: بەناونیشانی (شاعیرێك دژ بە شیعر) لەلایەن (نیکۆنار پارا) نوسراوە لە ژمارە ٤٢٦ی ٢٠١٤/٩/٢٢ز، بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی سێیەمیان: بەناونیشانی (شاعیرێك کە پاژنەی لە با بو)، لەلایەن (ئارکۆ ڕامبۆ) نوسراوە لە ژمارە (٤٣) بەرواری ٢٠١٤/١٠/٢٧، لاپەڕە (١) بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی چوارەمیان: بەناونیشانی (تەنیا شیعرێك لە مردنەوە دور بو)، لەلایەن (ئازاد سوبحی) نوسراوە لە ژمارە (٤٣١) بەرواری ٢٠١٤/١١/٣، بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

12- له ساڵی (٢٠١٥)ز دا، (٦٣) بابەت بڵاوكراوەتەوە لەكۆی ئەو ژمارەیە(٢) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعرە. بابەتی یەكەمیان: بەناونیشانی (شاعیرێكی بێدەنگ بۆ دواجار بێدەنگ بو)، كە لەلایەن (تۆماس ترانست تۆمەر) نوسراوە لە ژمارە (٤٥٠)ی ٢٠١٥/٣/٣٠، بڵاوكراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی دووەمیان: بەناونیشانی (ساڵڕۆژی لەدایكبونی شاعیرێك كە هاوپیشەی هەموان بو)، لەلایەن (شێركۆ بێكەس)ەوە نوسراوە لە ژمارە ٤٥٥ی ٢٠١٥/٥/٤ز، بڵاوكراوەتەوە (پێشو:١).

13- له ساڵی (٢٠١٦)ز دا،(٥٧) بابەت بڵاوكراوەتەوە لە كۆی ئەو ژمارەیە هیچ بابەتێكیان لەسەر ڕەخنەی شیعر نەنوسراون.

14- له ساڵی (٢٠١٧)ز دا، (١٠٤) بابەت بڵاوكراوەتەوە لە كۆی ئەو ژمارەیە (٣) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعر بون.

بابەتی یەكەمیان: بەناونیشانی (گۆرانی شاعیر)، كە لەلایەن (هەرێم عیسی مەعروف) نوسراوە لە ژمارە ٥٤٣ی ٢٠١٧/٣/١٣ز، لاپەڕە (١) بڵاوكراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی دووەمیان: بەناونیشانی (شاعیرێك لە سەفەردایە) ئاماژە بە ناوی نوسەرەكەی نەكراوە لە ژمارە ٥٦٠ی ٢٠١٧/٧/٢٢ز، بڵاوكراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی سێیەمیان: بەناونیشانی (نالی شیكاری فەلسەفی دەرونی) ئاماژە بە ناوی نوسەرەكەی نەكراوە لە ژمارە ٤٢٦ی ٢٠١٤/٩/٢٢، بڵاوكراوەتەوە (پێشو:٣).

15- له ساڵی (٢٠١٨)ز دا، (٣١) بابەت بڵاوكراوەتەوە لەكۆی ئەو ژمارەیە (٢) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعر بون. بابەتی یەكەمیان: بەناونیشانی (شیعر دواین سەنگەرە دژی سەركەوتنی سەرمایەداری)، كە لەلایەن (پابل مالینۆفسكی) نوسراوە لە ژمارە ٥٩٢ی ٢٠١٧/٣/٢٧ز، بڵاوكراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی دووەمیان: بەناونیشانی (وێستگە سەرەتاییەكانی شیعری محمود دەروێش) لەلایەن (محمود دەروێش)ەوە نوسراوە لە ژمارە ٥٩٢ی ٢٠١٨/٣/٢٧ز، بڵاوكراوەتەوە (پێشو:٢).

شایەنی باسە بەپێی ئەو پۆلێنەی كردمان لە پاشكۆی ڕۆژنامەی چاودێر؛ (٤٢) بابەت لەسەر ڕەخنەی شیعری نوسراون و بۆئەوەی درێژدادڕی تێدا نەكرێت، تەنیا ئەو وتارانە وەرگیراون، كە بەتەواوی دەچنە ئەو چوارچێوەیەوە.

## ٣-٦-٢- ڕەخنەی شیعری لە ڕەخنەی چاودێردا (پۆلێنکردن، خستنەڕو، پێداچونەوە)

### ٣-٦-٢-١- پۆلێنکردن

بەپێی بەدواداچون بۆ تەواوی بابەتەکانی ڕەخنەی چاودێر، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەنزیکەی (٤٢) بابەت لەسەر ڕەخنەی شیعری نوسراوە پۆلێنکردنەکەی ئێمە لەسەر بنچینەی ساڵ و ژمارە و نوسەر و بابەتەکان ئەنجام دراوە.

### ٣-٦-٢-٢- خستنەڕو و پێداچونەوە.

ئەو توێژینەوانەی لە چوارچێوەی ئەکادیمی دایە و لەبارەی ڕەنگدانەوەی ڕەخنەی ئەدەبییە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، بەتایبەت نامەی ماستەر و دکتۆرا، زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەون، وەك لەسەرەتادا ئاماژەمان پێکردن، ئەم هەوڵەی ئێمە بە ئاراستەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەیە کە لەم بوارەدا بەدی دەکرێت، لە توێژینەوەدا ئامانجمان پێشخستن و گرنگیدانی زیاترە بە خستنەڕو و هەڵسەنگاندنی هەمو ئەو وتار و بابەتانەی لەسەر ڕەخنەی شیعر کراون، لێرەدا ئاماژە بەلایەنی بەهێز و لاواز و کەموکوڕیەکانی ئەو بابەتانە دەکەین لە ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێردا ئەنجام دراوە. لەم نامەیەدا هەوڵدەدەین ئەو بابەتانە بخەینە ڕو کەلە ڕۆژنامەی چاودێردا لە بواری ڕەخنەی شیعریدا نوسراون.

لە ساڵی (٢٠٠٦) لە ژمارە (٢٩)ی ١٤/٨/٢٠٠٦ ڕۆژی دوو شەممە لەلاپەڕە(٤)دا نوسەر (سەرکۆ مەجید) لەژێر ناونیشانی (گەڕان بەدوای خود دا) تێڕامانێکی کورتی لەسەر شیعری کەریم دەشتی بەناونیشانی (من و دێوەکە) خستوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئەگەر هەڵسەنگاندن و خستنەڕویەك بۆ ئەم بابەتە ڕەخنەییە بکەین ئەوە دەبینن کە نوسەر بەکورتی بەچەند پەرەگرافێکی یەکسان و هاوبەشی قسەی لەسەر شیعرێکی کەریم دەشتی کردووە، کە ئەمەش زیاتر تایبەتمەندی نوسینمان بۆ لەناو ڕۆژنامەدا بۆ دەخاتەڕو، بە پێچەوانەی گۆڤار کە بابەتەکان درێژترن و دەرفەتی قسەکرنیان زیاترە.

لەسەرەتایی بابەتەکەدا نوسەر بە پەرەگرافێك شیعرەکەی کەریم دەشتی داناوە، ئەمە خاڵێکی بەهێزە، پاشان مەبەست و ناوەڕۆکی شیعرەکەی خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، نوسەر دەیەوێت لەڕێگەی شیعرەکەیەوە بچێتە ناو ناخی شاعیرەوە مەبەست و نهێنیەکانی ئەم شیعرە بەراوردی بکات لەگەڵ ناخی شاعیردا، وەك لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت ((گەڕان بەدوای دەشتی لەناوی دەشتی خۆیدا)) (مەجید،ژ٢٩، ٢٠٠٦: ٤).

هەروەها نوسەر ئاماژە بە ساتی یەکەمی خوێندنەوەی شیعرەکە دەکات، پێمان وایە لە یەکەم بەریەك کەوتنی خوێنەر و شیعردا لەبەردەم شیعرێك داین شاعیر حیکاتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەروەها نوسەر ئاراستەی شاعیرمان بۆ دیاریدەکات و دەڵێت: ((ئاراستەی دروستکردنی ئەم دەقە کورتەش لە گەڕان و ونبونەدا بۆ دادەنرێت کە شاعیر دەیەوێت لە سەرەتادا وەك کەسێکی گەڕاوە بەدوای ونبویەك دادەگەڕێت)) (پێشو: ٤).

نوسەر پەیوەندی شیعر و شاعیرمان بۆ لێك دەداتەوە، لە کۆتایی نوسینەکەدا ئاماژەیەکی ڕون دەکات، کە ئەم شیعرە گەڕانی شاعیرە بەدوای خۆیدا، لە دەشتیەکی جیاواز، خاڵی بەهێزی ئەم نوسینە لەوەدایە نوسەر باسی شاعیرێکی کورد دەکات، ئەویش شاعیرو نوسەر و مامۆستای زانکۆ کەریم دەشتیە، هەروەها وەسفێکی شیعرەکەی دەکات و دەڵێت: ((حیکایەتی من و دێوەکە شیعرێکی کورتی شاعیر کەریم دەشتی یە، کە لە کۆ شیعری بورجی بەڵەکدا بڵاوبۆتەوە)) (پێشو:٤).

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی ئاماژەمان پێکردووە خاڵی بەهێزی ئەم نوسینە، ئەوەیە کونوسەر باسی شاعیرێکی کورد دەکات کەکەریم دەشتییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نوسینە بەتەواوەتی نەگەیشتۆتە بە نهێنیە شاراوەکانی پشت نوسینی ئەم شیعرە، کە لەلایەن شاعیرەوە وەك نوسەر خۆی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: ((دەشتی جوگرافیایەکی سادە بۆ شیعرەکەی دەکێشێت، بەڵام لەپاڵ سادەیدا دونیایەکی مەخفی هەیە))(پێشو: ٤)، کەواتە نوسەر نەگیشتووە بە دیوە شاراوەکەی ئەم شیعرە، هەروەها لە شوێنێکدا نوسەر ئاماژەی بە وتەیەکی نوسەر (ڕیلکە)ی بۆ پاڵپشتی قسەکانی هێناوەتەوە، بەڵام ئاماژەی بەسەرچاوەکە نەکردووە.

### ٣-٧- میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی.

ئەدەب پانتایەکی گەورەی بۆ قسەکردن لەسەر هەمو بابەتەکان کردووەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر تەواوی کایەکانی ژیان دەکات. ئەم پانتایە گەورەیی ئەدەب وایکردووە، لەلایەن خوێنەرەوە بەشێوازی جۆراوجۆر قسەی لەسەر بکرێت، هەر خوێنەرێك لە دەرگایەکی تایبەتی مەعریفی و زانستی خۆیەوە قسەی لەسەر ئەدەب کردووە، ئەم قسەکردنانە بونە بەهۆی لەدایك بونی میتۆد و ڕێگە و ڕێبازی جۆراو جۆر، کە هەمویان لەناو ئەدەبدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەکۆی گشتی توانیویانە وتار گەلی ئەدەبی پێکبهێنن، لەگەڵ بەرەو پێش چونی ژیان گۆڕانکاری لە میتۆد و ڕێبازە ڕەخنەییەکان هاتووەتە ئاراوە، ئەمە وایکردووە بە خوێندنەوەی ئەدەب بەگشتی ڕوبەڕوی چەندین میتۆدیی ڕەخنەیی ببینەوە، بۆیە هەوڵی ئەکادیمی ئێمە لە چوارچێوەی ئەو

میتۆدانە دەسوڕێتەوە لە گوتارە ڕەخنەییەکان لەناو ڕەخنەی چاودێردان، بۆیە هەوڵمان داوە ئەو میتۆدانە بەکاربێنین کە لەناو ڕۆژنامەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

## ٣-٧-٧-١- میتۆدی ڕەخنەی مێژویی

سەدەی نۆزدە ئەوروپا بووە هۆی سەرهەڵدان و دەرئەنجامی پەیدابونی گەلێك زانست لە هەمو بوارەکاندا. گۆڕانکارییەکان لەم سەدەیەدا خێرابون بێگومان ئەدەب بێ بەش نەبو لەم گۆڕانکارییانە، ئەمە وایکرد دەستپێکی ئەدەبیمان بە لەدایکبونی میتۆدێکی نوێ دەست پێ بکات، ئەویش میتۆدی ڕەخنەی مێژوییە. ((ڕەخنەی ئەدەب نەك هەر دور نەبو لە کاریگەری بون بە بوژاندنەوەی زانستی، بەڵکو هەوڵی دەدا سەرنجی میتۆدەکانی زانست بدات و بەهەر جۆرێك بێت سود یان لێ وەربگیرێت بۆ بەرەو پێشبردنی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی))(خەلیل، ٢٠١١: ٢٥). ئەدەب لە دۆخێکی چەقبەستودا نەبووە، بەڵکو لەگەڵ هەلومەرجە زانستییەکاندا بەرەو پێش چووە، جا بەشێوەیەکی کارتێکەرانە بێت، یاخود خۆرسک. ڕەخنەگران و شارەزایانی ئەدەب کۆکن لەسەر ئەوەی کە میتۆدی ڕەخنەی مێژویی یەکەمین میتۆدە بۆ هەڵسەنگاندن و شیکارکردنی دەقی ئەدەبی، چونکە مێژوی ئەم میتۆدە لە سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە بەشێوەیەکی زانستی و پراکتیکی هاتووەتە ئاراوە، بۆیە دەگوترێت ((ئەم میتۆدە بە یەکەمین میتۆدی ڕەخنەیی بۆ ڕاڤەکردنی دەق لە مێژوی ڕەخنەی ئەدەب دادەنرێت))(مەنتك: ٥٩).

ئەم میتۆدە لە بنەچە و ڕیشەی دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبیدا، بۆیە پشت ئەستورە بە بەڵگەی ڕون و سەلمێنراو، کەواتا ((ئەم میتۆدە لە خزمەت لێکدانەوە و وەسفکردنی دیاردە ئەدەبییەکان بەکاردەهێنرێت، پێمان دەڵێت، چۆن و لەکوێ و کەی پەیدابووە ))(حیجازی،٢٠٠٤: ١٢٧). ئەم میتۆدە پشت دەبەستێت بە شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی و نوسەری دەق بەپێی ئەوەی کە مرۆڤ لە دایك دەبێت مێژو ژینگە و پێگەی کۆمەڵایەتی و سەردەمی خۆی هەیە، بۆیە قسەکرنی ئەم میتۆدە لە چوارچێوەی بونیاتی مرۆڤەوە بۆ بونیاتی دەقی ئەدەبی هەنگاوی ناوە، ((تۆمارکردنی مێژوی ئەزمونی تاکە کەسی دەقنوسە لەنێوان دەقی ئەدەبیدا، بەمەش دەقی ئەدەبی دەکەوێتە پەیوەندی لەگەڵ کەرەستە مێژوییەکاندا، ئەدەبیش لەو میانەیەدا پەیوەندی دوولایەنە و ئاڵوگۆڕ لەگەڵ کایەیەکی دیکەی زانستە مرۆڤایەتیەکان دەبەستێت کە مێژوییە)) (امین، ٢٠٠٩: ١٩).

میتۆدی ڕەخنەی مێژوی ((ئەو میتۆدە ڕەخنەییە کە هەوڵـی لێکدانەوەی لایەنـی مێژویـی و دیـاردە ئەدەبیەکـان و ژیاننـامەی کەسـایەتی دەقنوسـەکان دەدات، ئەمەش زیـاتر بەمەبەسـتی تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی بتر لە حوکمدان بەسەری دا)) (مندور، ١٩٤٩: ٢٠). میتۆد ژینگەی پەیدابونی دەقەکە لەبەرچاو دەگرێت، بۆیە نوسـەری دەقەکە لە کاری لێکۆڵینەوەدا بە بەستێنەرە مێژوییەکەیەوە دەبەستێتەوە((بۆ لێکدانەوەو دەرهێنانی واتا لە دەقدا بۆ ڕوداوە مێژویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکـان دەگەڕێـتەوە، کەواتە هەمـوو ئەو ڕوداوانە هۆکـارن و ڕێگـایەکن یـارمەتی ڕەخنەگر دەدەن بۆ ئەوەی واتا و دەق بدۆزێتەوە)) (مەنتك، ٢٠١٨: ٦٠).

میتودی ڕەخنەی مێژوی ((دەقی ئەدەبی بە فۆرمە جیاوازەکانییەوە بۆ هەر نەتەوەیەک دەبێت ڕەگەز و شـێوەی پێکهـاتنی لەڕێـگەی ناسـینی خاسـیەتەکانی ڕەگەز و ژیـنگە و سـەردەمەوە شیکاربکەین)) (عبدالله، ٢٠٠٥: ٦٢). مەرجی لە پێشینەی ئەم میتۆدە، گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو و ژینگە و ڕەچەڵەك و سەردەمی دەق، بۆئەوەی بگات بە ئامانجی دەرخستن و لێکدانەوەی دەق، بەواتایەکی تر قسەکردنە لەسەر ڕابردوو بۆ بنیاتنانی لە ئێستادا.

میتـۆدی ڕەخـنەی مێژویـی کـار لەسـەر بەرهەمە ئەدەبییەکـان دەکـات و مێـژو و ژیـنگەی بەرهەمهێنانی دەقەکان لەبەرچاو دەگرێت، واتا بەبێ ئەوەی بزانێت ژینگەی دەقەکە چۆن بووە هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوە بـۆ تێکسـتەکە ناکـان، چـونکە ڕوداوە مێژویـی و سیاسـیی و کۆمەڵایەتییەکـان ڕۆڵیـان هەیە لە بونیاتنـانی دەقە ئەدەبییەکانـدا، ئەمەش بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە کە نوسەران و شاعیران کوڕی سەردەمەکەی خۆیانن و کـاریگەری پێشـهات و ڕودا و کلتوور و ڕێکـکەوتە کـۆمەڵایەتی و سیاسـییەکانیان دەکەوێتەسـەر و لەژێـر ئەو کاریگەرییـانەدا دەقەکـان بەرهەم دەهێنن.

## ٣-٧-١-١- بنەماکانی ڕەخنەی مێژویی

١_ میتودی ڕەخنەی مێژوی هاوسەنگی لەنێوان مێژو و دەقدا ڕادەگرێت، چونکە ((مێژو و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بـارودۆخە ڕامیـاری و ئەو جەنگانەی تێیدا ڕو دەدەن لەگەڵ هۆکـاری ڕۆشـنبیریی و ئـاینی و ئاراسـتە ڕامیارییەکـان و...هتـد، هەمـو ئەم ڕوداوانە کاریگەرییـان هەیە لەسەر پێکهاتنی عەقڵ و ویژدانی ئەدیب))(هویدی،١٤٢٦ھ: ٧٤).

٢_ پێویستە ڕەخنەگر پاشخانێکی مەعریفی باشی هەبێت لەبارەی مێژوەوە، چونکە ئەو دەقـانەی کە لەبەردەستدان لەژێر کـاریگەرییە ڕوداوە مێژوییەکانـدا بەرهەم هـاتون بـۆیە ئەگەر ڕەخنەگر زانیـارییەکی باشـی نەبێـت لەسـەر مێـژوی ئەو بەرهەمەی کـاری لەسـەر دەکـات، ناتوانێـت بەرئەنجامێکی زانستی هەبێت.

٣_ ئەم میتۆدە بەچاوی بایەخەوە لە ژینگەی بەرهەمهێنانی دەڕوانێت، چونکە وای دەبینێت بەگوێرەی پێشکەوتن و گۆڕانکارییە مێژوی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرهەمە ئەدەبییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، کەواتە مێژوی ژینگەی دەقەکە کاری لەپێشینەی ئەم میتۆدەیە..
٤_ دەقی ئەدەبی، لە چوارچێوەی سیستەمێکی ژینگەدا بەرهەم دێت، بۆیە ((بەرهەم و داهێنانەکانی ئەدیب لە سیاقی مەعریفی و مێژویی ئەو سیستەمەدایە و مۆرکی ئەو سیستەمە وەردەگرێت))(خەلیل،٢٠١١: ٢٨).
٥_ میتودی ڕەخنەیی مێژویی بۆ لێکۆڵینەوە لە دەق ((پشت بە ژیاننامە و هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکان دەبەستێت، واتە ڕەخنە دەبێتە مێژوی بیرکردنەوە لە چوارچێوەی سەردەمێکی دیاریکراودا)).(مەنتك،٢٠١٨: ٦٥_-٦٦).

لێرەدا هەوڵدەدەین هەمو ئەو کارە ئەدەبیانەی کە لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا نوسراون و دەچنە ناو میتۆدی ڕەخنەی مێژوییەوە بیانخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

**یەکەم:** عبداللە تاهیر بەرزنجی لە ساڵی (٢٠٠٥) لە ژمارە (٣) پاشکۆی ڕۆژنامەی چاودێردا بابەتێکی بەناونیشانی (ڕامان و بیرکردنەوەی هێمنانە لەسەردەمی ڕەش و جەنجاڵدا) دەربارەی ئەزمونی (جلال بەرزنجی) شاعیردا بڵاوکردۆتەووە.

میتۆدی ڕەخنەی مێژویی هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری نوسەر، هەروەها جەختکردنەوەیە لەوەی کە نوسەر کوڕی سەردەم و ژینگەکەی خۆیەتی و هەڵگری ڕەگەز و ناسنامەی تایبەتییە، بۆیە لەم وتارەدا نوسەر زۆر بەڕونی لە پێشەکی وتارەکەیدا باس لەسەردەمی ئەزمونی شیعری (جلال بەرزنجی) دەکات و لە کۆمەڵێك شاعیری هاو سەردەمی خۆی جیای دەکاتەوە هەروەکو دەڵێت: ((شاعیرانی حەفتا دەنگی تایبەتی و جیاوازن، ناڵێین هەمویان بەڵکو زۆربەیان بەتایبەتی بەوانەش کە گوڕیان بە شیعری نوێ داوە حەفتاکان خاڵی وەچەرخانە لە شیعری نوێی کوردیدا))(بەرزنجی،ژمارە٣، ٢٠٠٥: ٢). یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەی مێژووی هاوسەنگی ڕاگرتنە لەنێوان دەقی شیعری و ئەو مێژووەی کە دەقەکەی تێدا بونیادنراوە، لێرەدا نووسەر هەوڵی داوە ڕادەی داهێنان و نوێکردنەوەی دەقەکان بە سەردەمی گۆڕانکارییەکانەوە ببەستێتەوە و ڕۆڵی شاعیران دەربخات لەو سەردەمەدا.

نوسەر باس لەسەردەمی شاعیر دەکات، کە ئەمە یەکێکە لە بنچینە سەرەکییەکانی ڕەخنەی مێژویی، هەروەها نوسەری ئەم وتارە لە زمانی شاعیرەوە باسی بارودۆخی سەردەمی ژیانی خودی شاعیر دەکات، کە بریتی بووە لە ساڵانی حەفتاکان، هەروەکو دەڵێن: ((لەو جۆرە

شیعرانەدا کە باسی شکست و هەستانەوە دەکات و ڕوحی شۆڕشگێڕی بەرجەستە دەکات، هەست بەهەرا و حەماسەت و سەرگەرمی و دەنگ بەرزکردنەوە دەکەیت، لە شیعر بەگشتی و لەو ئەدەبەدا کە بۆ شۆڕش و شکست و هەستانەوە و دەنوسرێت، دیاردەیەکی زەق بەدیدەکرێت کە ئاوێتەیەکە لە دەنگی تۆپ و گولە و ناڵەی دایك و گریان بەدەنگی بەرز بۆ شەهید))(پێشو: ٢).

نوسەر باسی هەڵوێستی شاعیر دەکات، لەدوای ساڵانی (١٩٧٥)ەوە و دەڵێت: ((جلال بەرزنجی یەکێکە لەو دەنگە کەمە بێ هاوتایانەی شیعری نوێی کوردی کە بە زمانی ڕامان و بیرکردنەوە لەسەرخۆ پاش کارەساتی ساڵی (١٩٧٥) لەسەر نوشست و هەستانەوە وەستاوە و بیگرە لە زۆربەی شیعرەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە)). (پێشو: ٢). ئەمە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ ئەو سەردەمەی کە شاعیر تێیدا ژیاوە، هەروەها باس لە هەڵسانەوە و سڕینەوەی نشوست دەکات، بۆیە لە تەواوی ئەم وتارەدا مێژو و ژینگە و سەردەم کە بنەمای سەرەکی ڕێبازی ڕەخنەیی مێژوویین، زۆر بەجوانی ئاماژەی پێکراوە نوسەر دەرخەرێکی جوانی سەردەمی شاعیرە لەڕێگەی شیعرەکانیەوە، خوێنەر لەوە تێدەگات سەردەمی (جلال بەرزنجی) شاعیر، شکست و هەستانەوە بووە، بەتایبەتی لەهەردوو دیوانی شاعیردا بەناوی (سەمای بەفری ئێوارانە، لەگەڵ دیوانی گەرم نەبونەوە). نوسەر بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەو سەردەمە کاری لەسەر دەقەکان کردووە و ئاماژەی بە هۆکارەکانی سەرکەوتن و نوشتنی شۆڕش و ئەو سەردەمەکردووە کە چۆن لە دەقە شیعرییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، پێی وایە کە ئەو شکستانەی لەو سەردەمەدا ڕویانداوە کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی شیعری ئەو سەردەمە هەبووە، بۆیە ئەم تێڕوانینە دەبێتە بنەمایەکی دیاری میتۆدی ڕەخنەی مێژووی.

عبداللە تاهیر بەرزنجی یەکێکە لەو نوسەر و ڕەخنەگر و وەرگێرانەی کورد کە شارەزاییەکی باشی لەبارەی ئەدەب و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی و مێژو و...هتد هەیە بۆیە توانیویەتی بەشێوەیەکی زانستییانە کارەکەی بخاتەڕو، بەڵام لەوەرگرتنی بەشێک لە چەمکەکاندا تێکەڵاوی کردووە، بۆ نمونە لە لاپەڕە دوو دا دەڵێت:(( شوێن و ڕوداو دوو کەسێتی بەرجەستەکراون))(پێشو، ٢) خوێنەر ئەو پرسیارەی لا دروست دەبێت کە ئایا شوێن، یاخود ڕوداو، کەسێتین؟ دواتر لە شیکردنەوەی ئەم دوو بنەمایەی شیعر یاخود ڕۆماندا بەشێوەیەکی ناڕون ئاماژەی بۆکردووە و پەڕیوەتەوە بۆ بابەتی سینەما، بەشێوەیەکی گشتی توانیویەتی ئامانجە زانستییەکەی بپێکێت و بیخاتەڕو. بەپێی بۆچونەکانی گۆڵدمان بۆ باشکردن و شیکردنەوەی هەر دەقێک پێویستە بارودۆخی ئەو بەرهەمە لەبەرچاو بگیرێت کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە،

نووسـەری ئەم وتـارە بەشـێوەیەکی زانسـتیانە لەگەڵ بنەمـای کارەکـانی گۆڵدمانـدا وتـارەکەی دارشتووە.

**دووەم**: بورهـان ئەحـمەد، لە ژمـارە ٣٤، دوو شـەممە ٢٠٠٦/٩/١٨، وتـارێکی بەناونیشـانی (ئەسـیری لەنێـوان سـتاتیکای شـیعری و سـتاتیکای نەتەوەدا). لە پاشکۆی ڕۆژنـامەی چـاودێردا لەژێر کاریگەریی بیرۆکەکانی چارلس ئۆگستین سانت بیف(١٨٠٤- ١٨٦٩)دا بڵاوکردووەتەوە. هەروەکـو لەبنەماکـانی ئەم میتـۆدەدا ئاماژەمـان بـۆکردووە، خـاڵی بەهێـزی کـارکردن لە شیعردنەوەی دەق بەپێی بنەماکانی ئەم میتۆدە لەبەرچاوگرتنی مێژووی بەرهەمهێنانی دەقەکەیە و ئەو بارودۆخەی دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، بۆیە نوسەری ئەم وتارە کاتێک باس لە ستاتیکای دەقی شیعری ئەسیری دەکات ئەو خاڵەی لەبەرچاو گرتووە. کە گرنگی بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و نوسـەرەکەی داوە بۆچـونی وایە: ((ئەرکـی ڕەخـنەی ئەدەبـی بەردەوامیـدانە بە نوسـەر))(عبدالله،٢٠٠٥: ٥٩)) لە ژێـر تارمـایی ئەم بیـرەدا ئەم وتـارە دەچێـتە چوارچێـوەی ڕێبـازی ڕەخنەیـی مێـژووییەوە، چـونکە نوسـەری ئەم وتـارە هەوڵـی داوە بـارودۆخی سیاسـی و سەردەمی (ئەسیری)مان پیشان بدات، هەروەها خاڵی بەهێز ئەم وتارە بریتییە لە وەرگرتنی واتـا لەنـاو دەقە شیعریەکاندا، هەروەکو نوسـەر دەڵێت: ((گەڕان بەنـاو شیعرەکانی ئەسیریدا گەڕانە بەدوای واتا و پشکنین و دۆزینەوەی مەبەستەکانی لە خوێندنەوەی ئەو شیعرانەدا پێویستمان بە توانـا و هەبـونی هێزێکـی دەلالـی مێژویـی هەیە، چـونکە هەمـو دالێك هەڵگری مەدلـولێکە کە سەرەنجام دەمانباتە نێو چوارچێوەی گەڕانەوەو حیکایەتێك))(ئەحمەد،ژ٣٤، ٢٠٠٦: ٣).

نوسەر بە قوڵی چۆتە ناو واتا شاراوەکانی شیعری (ئەسیری)یەوە، هەوڵی گەڕان و پشکنینی مەدلـول و ئاشـکراکردنی واتـا و مەبەسـتەکانی شـاعیری داوە، هەروەهـا زۆر بەڕونـی بـاس لە پەیوەنـدی ئەسـیری بە نیشـتیمانەوە دەکـات، پێـی وایە: ((پەیوەنـدی ئەسـیری بە نیشـتیمانەوە پەیوەندییەکی قوڵ و ویژدانی و ڕوحی بووە ))(پێشو: ٣ ). لەسەردەمی بەرهەمهێنـانی دەقەکـانی ئەسیریدا باسی نیشتیمان و نەتەوە لەسەرەتای چەکەرەکردنیدابووە، واتـا لە قۆنـاغی گۆڕانکاریـدا بـووە، بەواتـایەکی دیـکە هەسـتی نەتەوایەتـی لەپـێش ئەسـیرییەوە تـاڕادەیەک بەو شـێوەیەی کە ئەسیری لەسـەری وەستاوە نەبووە، بۆیە بەپێـی بنەمـایەکی مێتۆدی ڕەخنەی مێژووی بـاس لەو گۆڕانکارییانە دەکرێت لە کاریگەری بەسەر دەقەکەوە هەبووە، نووسـەری ئەم وتـارە هەوڵیداوە ئەو پەیوەندییە دەربخات. بۆنمونە شوێن بەیەکێك لە بنەمای ڕێبازی ڕەخنەی مێژویی دادەنرێت، لە وتارەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، نوسەر وای دەبینێت ڕابەری بیری نەتەوەیـی و بەرز ڕاگرتنـی و پیرۆزکردنی شوێن، لەلایەن ئەسیرییەوە سەری هەڵداوە دەرهێنانی واتا لە دەقدا و پەی بردن بە

بـارودۆخی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و مێژویـی و سـەردەم، یەکێك بـووە لە بنەماکـانی ڕەخـنەی مێژویی، نوسەر ئەم وتارە پێی وایە ئەسیری زۆر گرنگی بەواتاو مەبەستەکانی داوە، هەروەکو دەڵێت: ((ئەسیری لە کۆی شیعرەکانیدا ئەوەندەی گرنگی بە نـاوەڕۆك و مەبەست داوە ئەوەندە گرنگی بەلایەنی هونەری و ئیستاتیکای شیعریی نەداوە))(پێشو: ٣). لەم وتـارەدا ئەوە ڕونبووە تەوە، کە بابەتی سەردەم زۆر بەڕونی بە شیعرەکانی ئەسیریەوە دیارە، هەروەها لەڕێگەی ئەم وتارەوە بارودۆخی سەردەمی ژیان و مێژویی ئەسیری ڕوندەبێتەوە، نوسـەر دەڵێت: ((ئەسیری لەکۆی ئەو ڕوداوانەی ئەو سەردەمەی مێژوی نەتەوەکەی ئیلهامی شیعری وەرگرتووە))(پێشو: ٣).

بارودۆخی سەردەمی ژیانی ئەسیری کاریگەری بەهێزی لە سەر هەبووە، زۆربەی ڕوداوە مێژووییەکـانی سـەردەمی ژیـانی شـاعیر ڕەنگدانـەوەی بەسـەر شیعرەکانییەوە هەبـووە، وەکـو لە شۆڕشی خەڵکی کوردستانی باکور بەسەرکردایەتی (شێخ سەعیدی پیران) ناوهێنـانی نـاوی شێخ سـەعیدیش لە شیعرەکانی ئەسیریدا بەڵگەیەکـی ڕاسـتی ئەم بۆچـونەن، کە بەڕونـی لەنـاوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیردا بەدی دەکرێن.

ئەوەی جـێگەی ئامـاژە پێـدانە لەم وتـارەدا نوسـەر بـاس لە لایەنـی ئیسـتاتیکای نەتەوەیـی لەشیعری ئەسیریدا دەکات، بەڵام نەیتـوانیی وە لایەنە شاراوەکانی ژیانی ئەسیری دەربـبڕێت و ئاشکرایان بکات، دواجار نەیتوانییەوە ئەو ڕەخنـانەی ئەسیری لە تاکەکـانی نەتەوەکەی هەیبـووە بیخاتەڕو، نوسەر هەر لەسەرەتاوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بەئیستاتیکا و چەمک و بنەماکـانی بکـات ڕاستەخۆ کەوتووەتە وەسفی شاعیر، بۆئەوەی بـابەتێکی زانستی بێت و بەرچـاوی خـوێنەر ڕون بێت وا باشترە بەپێی میتۆدێکی دیاریکراو کارەکەت دەست پیبکەیت و داتاکان بخەیتەڕو، کەچی نوسـەری ئەم وتـارە بڕیـارێکی زۆری لەسـەر نەتەوایەتـی ئەسـیری داوە و هـیچ داتـایەکی نەخستووەتەڕو، بەڵام توانییویەتی بەپێی میتۆدی ڕەخنەی مێژویی پەیوەندی نێوان مێژوی دەقەکە و ناوەڕۆکی دەقەکە دەربخات، کە ئەمە بنەمایەکی دیاری میتۆدی ڕەخنەی مێژووییە.

**سێیەم:** لەبنەمادیارەکانی میتۆدی ڕەخنەی مێژووی شـارەزایی ئەو گۆڕانکـارییە مێژووییەیە کە لە بەرهەمەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، واتا بۆ لێکدانەوەی دەقەکە و بەستنەوەی بە مێژووی بەرهەم هێنانی دەقەکەوە، پێویستی بەشارەزاییەکی مێژووی باش هەیە. جبار سابیر لە ژمارە (٧٥ و ٧٦ و ٧٧ و ٧٨ و ٧٩)دا لە سـاڵی (٢٠٠٧)، بـابەتێکی دور و درێـژ کە لە (٥) بەش پێکهـاتووە، بەناونیشـانی (چـاخی سـەهۆڵبەندانی شیعر... وەرزی ڕەچینـی وشـە) بڵاوکـردووەتەوە. میتـۆدی ڕەخنەیی مێژویی گرنگی بەسەردەمی بەرهەمهێنـانی دەقی شیعری دەدات، واتـا کاتێـک دەقێـک

هەڵدەسەنگێنین دەبێت شارەزاییەکی باشی مێژویمان هەبێت، نوسەری ئەم وتارەش بەڕونی ئاماژە بە ڕێبازی ڕەخنەی مێژویی دەکات، لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا کە باس لەڕوداو کارەساتە مێژوییەکان پەیوەست بە ئەدەب دەکات بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات ڕوداو کارەساتە گەورەکان لەناو ئەدەبدا ڕەنگ دەدەنەوە، هەر بۆیە دەڵێت ((ڕوداو کارەساتە گەورەکان تەنیا لایەنی فیزیکی و جەستەی مرۆڤ هەڵدەلوشن، بەڵکو لایەنی سایکۆلۆژی تێك دەشکێنێت و لەناخەوە ڕایاندەچڵەکێنێت))(سابیر:ژ ٧٥، ٢٠٠٧: ٢ ). بەستنەوەی ئەم بۆچوونەی نوسەر بە بنەمای ئەم میتۆدەوە، دەتوانین بڵێین کە بەرهەمەکە و خاوەنی بەرهەمەکە بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە لەو پەری خراپیدایە و لەو چوارچێوە مێژووییەوە شیکاری بۆ دەقەکە بکرێت، نوسەری ئەم وتارەش بەپێی ئەم بنەمایەی ڕەخنەی مێژووی هەوڵیداوە دەقەکە شیکاربکات.

نوسەر بەڕونی باسی شیعری (وەرزی سەهۆڵبەندانی ڕەفیق سابیر) دەکات، کە پێی وایە: هەم لەسەر ئاستی فۆڕم و هەم لەسەر ئاستی ناوەڕۆك شاعیری گەیاندووە بە لوتکە، ئەوە ئاشکرا دەکات کە کۆست و کارەسات پانتایەکی گەورەی لە شیعریی وەرزی سەهۆڵبەنداندا تەنیوە کاتێک باس لە ناونیشانی دەقەکە دەکات دوور دەکەوێتەوە لە بنەماکانی ئەم میتۆدە و بێئاگایە لە بنەما دیارەکانی، چونکە لەم میتۆدەدا زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆکی دەق دەدرێت، بەڵکو لە میتۆدی بونیادگەری و سیمۆلۆژیا و تیۆری وەرگرتن و ...هتد، دا گرنگی بەناونیشان دراوە، کاتێک باس ناونیشان دەکات نوسەر ڕای وایە: خودی ئەم ناونیشانە بەسە بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە کۆست و کارەسات تەواوی ئەم شیعرەی داگیرکردووە، ئەمەش دەمانباتەوە سەر ئەوەی کە ڕەگەزی سەرەکی ڕێبازی ڕەخنەی مێژویی لەم وتارەدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە ناوەڕۆکی نوسینەکە لەگەڵ بنەماکانی ڕەخنەی مێژوییدا یەک دەگرنەوە، هەروەها لەڕێگەی ئەم شیعرەوە ئەوە ڕوندەبێتەوە کە شاعیر ڕۆژگاری خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەمە ڕۆژگاری کۆنی کورد بو، هەروەها باسی سەردەمی خوێناوی کورد دەکات، هەروەها سنوری کوردستان کە بەچوار دوژمن دەورەدراوە سەرباری ئەوەی کورد خۆشی دوژمنی سەرسەختی خۆیەتی و دەڵێت: ((چوار دەوری بەدوژمن گیراو سێ دوژمنی سەر سەخت هەمو خاکەکەیان داگیر کردووەو بەسەر خۆیاندا دابەشیان کردووەو سەدان ساڵە بەچەندین ناوی جیاوازەوە لەوانە ئیسلام و شیعە و سوونەوە دەیکوژن و دەیبڕن، سەرباری ئەوەش خۆشی بۆتە دوژمنێکی سەر سەختی خۆشی و وەك جۆگەلە خوێنی بەو ئێسقانەدا بڵاودەبێتەوە قەتماغە دەبەستێت))(پێشو: ٢). بەڵام کاتێک ناونیشان و ناوەڕۆک و سەردەمی بەرهەمهێنانی دەقەکەداهات، هەڵە زانستییەکەی ڕاتدەکاتەوە دەچێتەوە ناو چوارچێوەی میتۆدی ڕەخنەی مێژووییەوە، بەشێوەیەک باس لە مێژووی ئەو

کارەساتانە وابەستەی بەرهەمهێنانی دەقەکە دەکات، کە ئەمیش بنەمایەکی دیاری میتۆدی ڕەخنەی مێژووییە.

نوسەر لەڕێگەی شیعرەکەوە باس لە سەردەمی ژیانی شاعیر دەکات. کە چۆن دوژمنان دەوریان لێداوە خوێن لە نیشتیمانەکەی دەچۆڕێنێت. کە تا ئێستا ئەو جۆرە مێژوە بەردەوامە.

نوسەر واتا و دەلالەتی شیعرەکەمان بۆ دەخاتەڕو دەڵێت: ((شاعیر دەبێتە زمان حاڵی کورد و بەناخی خۆیدا شۆڕدەبێتەوە و پرسیاری قوڵ دەورژێنێت و خوێنەر دەخاتە سەر کەڵەکەی بیرکردنەوەو لە خۆپرسین))(پێشو: ٢). ڕونە واتا لە شیعردا دانەبڕاوە، لەڕێگەی واتاوە سەردەمی قۆناغی شاعیر ڕون دەبێتەوە، لەڕێگەی شیعرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە کورد لە چ نەهامەتیەکدا ژیاوە، لەناوەڕۆکی دەقەکانی شاعیردا بەڵگەیەکی مێژویی دەبینین ئەوەیش بریتیە لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول کە بە ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیرەوە دیارە هەمو ئەو بەڵگانە دەیسەلمێنن ئەم وتارە دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی ڕەخنەی مێژوییەوە.

نوسەر لەم وتارەدا باسی شۆڕشی کورد و فەلەستین دەکات و پێی وایە ئەم دوو نەتەوەیە لە دەرەوەی مێژودان، قۆناغەکانی داگیرکەری کورد سەرکوتکردن و حەڵاڵکردنی خوێنی کورد لە هەمو ئەو بەڵگە مێژوییانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە مێژو بەشێکە لە کەرەستەی ئەدەب، ئەم وتارە بەڵگەنامەی گرنگی تێدایە دەربارەی مێژوی کورد کە خودی شاعیر لەناو ئەو کارەساتە مێژوییانەدا بووە، هەر بۆیە دەڵێت: ((بۆچونی شاعیر وایە کە لەدوای قڕکردنی کوردەوە تەواوی کلتوری وڵاتانی سەر دەستی کورد و کلتوری جیهانی شارستانی و پێشکەوتوشی زبڵە و شایەنی گولە بارانکردنە))(سابیر، ژ ٧٨: 2).

ئەم بەڵگە مێژوییانە هاوتەریبن لەگەڵ سەردەمەکەیدا و بەڵگەنامەی گرنگن کە وەکو کەرەستەیەك لە ڕێبازی ڕەخنەی مێژویدا ڕەنگ دەدەنەوە هەڵکێشانی ڕەنگدانەوەی واتا لەناو دەقی ئەدەبیدا خوێندنەوەی بارودۆخی سەردەمی شاعیر بەڵگەی دروستن لەسەر بەکارهێنانی ڕەخنەی مێژویی. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە نوسەر لە تەواوی بابەتەکەیدا بەدەوری غوربەت و مەنفا و عیشقدا دەسوڕێتەوە و گرێدراوی ئەو سەردەمەیە کە شاعیر تێیدا دەژیت. لەباسە مێژویەکەدا تاڕادەیەکی باش توانیویەتی مەبەستەکەی بپێکێت. ئەوە نەبێت کە ڕون نییە بۆچی ئەو هەمو کارەساتەی بەسەر شاعیردا هاتووە هەمو غوربەت و وێرانکاری نیشتیمانەکەی بووە. بۆچی تەنیا ئەوە کاریگەریی کردۆتە سەری، یان لایەنە سۆزدارییەکەی کە نوسەر بە خۆی ئاماژەی بۆ کردووە، پاشان لەلایەنی عیشقەکەی شاعیرەوە باس لەوە دەکات کە شاعیر بۆ سەردەمێکی کۆن گەڕاوەتەوە. بە خەیاڵ باس لە ئەوینەکەی دەکات. بۆچی باس لە عیشقی

سەردەمی شاعیر دەکات لەکاتێکدا شاعیر لە غوربەتدایە و باس لە نامۆبون و ڕەشبینی دەکات. لە ڕونکردنەوەی عیشقدا دەڵێت کاتێک عیشق هات عەقڵ لەدەست دەچێت، ئەم بۆچونە و بەم ڕەهاییە تاڕادەیەکی زۆر ڕەت دەکرێتەوە.

**چوارەم:** عەزیز ڕەوف لە ژمارە (٦٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)دا وتارێکی بەناونیشانی (دڵشاد عەبدوڵا شیعر و مێژو) نوسیوە. هەر بەناونیشانەکەیەوە دیارە هەڵوەستە کردنە لەسەر ڕەخنەی مێژویی، لەبارەی ناونیشانی کتێبەکەی (دڵشاد عەبدوڵا) بەناونیشانی (شەوەکانی ئاڤێستا بەدرێژایی بابل)، نوسەر پێی وایە: ئەم هەوڵەی شاعیر لەڕوی زمان و واتاوە بە جیهانێکی شیعری نوێمان ئاشنا بکات بۆیە دەڵێت: ((مێژو هەر چەندە کۆنسێپێکە بە ڕابردوو ئاشنامان دەکات، بەڵام کەم تا زۆر مێژو بەشێکە لە قوربانی دان و کەوتن و هەستانەوەکانی نەوەکانی پێش ئێمە هەروەها دەڵێت: دڵشاد عەبدوڵا دەیەوێت مێژو بگێڕێتەوە بەڵام بە زانستی مێژونا بە فۆرمێکی زانستی و ئەکادیمی نا، بەڵکو بە شیعر))(ڕەوف، ژ65، ٢٠٠٧: ١). ئەمە ڕەگەزێکی بنچینەیی ڕەخنەی مێژوییە، کە دەکرێت خودی شیعر توانای هەڵگرتنی ئەم مێژوەی هەبێت، کەواتە گێڕانەوەی مێژو لە ڕێگەی شیعرەوە دەمانخاتە بەردەم ئەو ڕاستییەی کە دەکرێ ڕوداوەکانی مێژو ڕویاندابێت یان ڕوبدەن، هەرچەندە ئەم وتارە نەهاتووە شیکردنەوە بۆ دەقی شیعری شاعیر بکات، بەڵکو باشتر وابو لە دەلاقەی شیعرەکانەوە بڕوانین بۆ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری شاعیر و ئاشنامان بکات بە سات و کاتەکانی مێژو.

ڕەخنەی مێژوویی هەمیشە لە پەیوەندی نوێوان بەرهەمی ئەدەبی و سەردەمی بەرهەمهێنانی دەکۆڵێتەوە، واتا ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سەردەمی بەرهەمهێنانی ئەو دەقەدا بوونی هەبووە، دەیخاتە ڕوو، پاشان دەقەکە هەڵدەسەنگێنێت، نوسەری ئەم وتارە زیاتر وەسفی شاعیری کردووەتەوە، نەیتوانیووە بەشێوەیەکی زانستی بابەتەکەی بخاتەڕو، پاشان تەنیا یەک کۆپلە شیعری بەنمونە هێناوەتەوە، بەبێ ئەوەی بەپێی بەڵگەیی زانستی شیکاریی بۆ شیعرەکە بکات. دواتر لە باسی مێژوییدا کە بەو شێوەیە وەسفی کاتە خۆشەکانی دەکات، ئایا لەو سەر دەمەی شاعیر تێیدا ژیاوە کام ساتە مێژووییەی خۆشبووە، دەبو ئاماژەی بۆ بکردایە، چونکە ئەو سەردەمەی دڵشاد عەبدوڵا خوێنەر نازانێت کام سەردەم بووە وا بەو شێوەیە وەسف بکرێت. نوسەر دەیەوێت شیعری (شەوەکانی ئاڤێستا بەدرێژایی بابل) بکات، بەڵام تەنیا یەک کۆپلەی خستووەتەڕو دواجار خوێنەر نازانێت بەشەکانی دیکەی دەقەکە باس لەچی دەکات. لەم وتارەدا نوسەر توانیویەتی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان دەقەکە و سەردەقی دەقەکەدا بخاتەڕوو، کە

ئەمەشـیەکێکە لە تایبەتمەنـدی و بنەماکـانی ئەم میتـۆدە، بەڵام نەیتـوانییەوە بنەماکـانی دیـکە و نمونەی زیاتر بهێنێتەوە.

**پێــنجەم:** ئەســعەد جەبــاری، لە ژمــارە (١٦٧)ی ســاڵی (٢٠٠٩) ڕۆژنــامەکەدا. بــابەتێکی بەناونیشانی ((بۆچی دیوانی مەلا فاتحی جەبارییان شێواند)). بڵاوکردۆتەوە. نوسەر بە باسی مێژویی ژیانی شاعیران دەستپێدەکات. لە سەرەتاوە دەڵێت: ((کەڵە شاعیرانی مێژومان هەمیشە وەك فەیلەسووف و بیرمەند زانا و سۆفی لە ڕێگای شیعر و ئەدەبیانی خۆیانەوە دەردەکانی کۆمەڵ و خۆشەویستی خاك و نیشتیمان و نەتەوەکەیان لە پاڵ ئامۆژگاریە بەسود و پڕ واتاکانیان هەمیشە ویستوویانە باشترین ژیانمان بدەنی بەرانبەر بە واقعی ژیان))(جەباری، ژ167،٢٠٠٩: ٢). خستنەڕووی ئەدەب بە پشت بەستن لە مێژوو و یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی، چونکە ئەم میتۆدە دەیەوێت لە ئەدەب بکۆڵێتەوە وەک دیاردەیەکی مێژووی، جەباری لەڕوانگەی ئەم بنەمایەوە ویستوویەتی پەیامداری دەقە شیعرییەکانی شاعیر ساغ بکاتەوە کە لەو ســەردەمەدا بــاو بــووە. لەوانە کێشــەی نیشــتیمان و نەتەوە و بــابەتە کـۆمەڵایەتی و کلتورییەکان.0

نوسەر باسی هەمو ئەو بیرانە دەکات، کە لە شیعری شاعیرانی کۆچکردوودا هەبووە. بەتایبەتی شاعیرانی کلاسیك دەربارەیان دەڵێت: ((شاعیرانی کلاسیکی کوردی سەر قافڵەی ئەدەبی کوردین و پەنجە و خامەکانی ئەوان نوسین و شیعر و هۆنراوەی کوردی ڕەسەنن، ئەگەرچی بەشی زۆریان بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی شیعریان نوسیوە))(جەباری، ژ167: ٢)پاشان دێتە سەر بابەتی باسی (مەلا فەتاحی جەباری) کە تیایدا نوسینە ڕەخنەییەکەی ئاراستەی ئەو کەسانە دەکات کە دیوانی شیعری ناوبراویان لە چاپ داوەتەوە و هەڵە و کەمو کوڕییان تۆمارکردووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((تێناگەم هونەری لەچاپدانی تێك و پێکدانی دیوانەکەی مەلا فەتاحی جەباری چیە بەو شێوەیە کە (کاك هەردەوێڵ کاکەیی) ویستوویەتی شیعر و ئەدەب قورسایی و کاریگەری خۆیی هەیە))(پێشو: ٢).

میتۆدی ڕەخنەی مێژویی ((هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی ڕابردوو لە تۆمارکردنی هەمو ئەو ڕوداوانەی کە لە ڕابــردوودا ڕویانــداوە لەســەر بنەمــایەکی وردو بەڵــگەدا هەمویــان شیدەکرێنەوە))(مەنتک، ٢٠١٨: ٦١). ئەمەش بەوردی لەو باسەدا ڕەنگی داوەتەوە.

**شەشەم:** سەدیق سەعید ڕواندزی، ژمارە (٢٨٩) ساڵی (٢٠١١)بابەتێک بەناونیشانی (چەمکی هەستانەوە لە شیعری – سرودی بەرەنگاری – ئەبوبەکر خۆشناودا) بڵاوکردووەتەوە. میتۆدی ڕەخنەی مێژویی، هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی مێژو بەشێوازێکی ئەدەبیانە، چونکە ئەدەب تەماشایی

مێژو ناکات وەکو مێژو نوسێک، بەڵکوو لە گێڕانەوەی مێژودا هەندێک جار مێژو دروست دەکات و پێشبینیش دەکات. نوسەری ئەم وتارە تایبەتمەندی شیعری دەیەکانی پێشوی قۆناغی شیعری کوردی خستووەتە ڕو، ((یەکێك لەو تایبەتمەندیینانەی لە ئەزمونی شیعری کوردی قۆناغی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەبینرێت تاڕادەیەك بۆتە شوناسێك بۆ ناسینەوەی شیعری کورد لەو قۆناغەدا، ئەو وتارە سیاسی و شۆڕشگێڕی بو کە وەك پەیامێك لە ناوەڕۆکی شیعرەکاندا دەبینرێت))(ڕەواندزی، ژ ٢٨٩، ٢٠١١: ٤). لەڕوی مێژوییەوە شیعری ئەو قۆناغە ناوەڕۆکی بەرەنگاریان پێوە دیارە ئەمە بەپشت بەستن بە نمونەی لە شیعری (ئەبوبکر خۆشناو) کە دەڵێت:

((ئەی درەختە زەلامەکە

بۆ چیا و ڕوبارت بەجێ هێشت؟

بۆ هەڵاتی؟

بۆ لێگەڕای.. دەستگیرانە بریندارەکانت بەدیل بگرن؟

بۆ هەزەتی؟

نوسەر دەڵێت: ((ئەگەر سەرنج لەو کۆپلە شیعرە بدەین دەبینین شاعیر شۆڕشی کوردی دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەیەکی سیاسی و مۆڕاڵی گەورە و هاوشێوەی دادوەرێك شۆڕشی دادگایی دەکات))( پێشو: ٤). بەم شێوەیە ڕەخنەی مێژویی سەراپای وتارەکەی گرتۆتەوە و باسی لە شیعری بەرەنگاری دەکات، بەهۆیەوە ڕەخنە لەو بزوتنەوە کوردیە دەگرێت کە لە هۆنراوەکانی (ئەبوبکر خۆشناودا) ڕەنگی داوەتەوە، لەڕوی مێژوییەوە پەیامی سەربەستیان هەڵگرتووە. میتۆدی ڕەخنەی مێژووی هەمیشە لە هەوڵی دەرخستنی بابەتە مێژووییەکانی نێو پانتایی دەقی ئەدەبییە، بۆیە لەم وتارەدا نووسەر هەوڵیداوە سەرنج بدات لەو دیاردانەی کە لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە و لەو دەقەی شاعیریشدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەم وتارە تاڕادەیەکی باش مەبەستەکانی پێکاوە، بەڵام نوسەری ئەم بابەتە دەبو ئەو کەرەستە مێژوییانەی لە شیعریی شاعیردا ڕون بکردایەتەوە. باس لە هەستانەوە و بەرەنگاری دەکات لەشیعری شاعیردا کە لەو سەردەمەدا ئامرازەکانی هەستانەوە و بەرەنگاری چیبون؟ لەم وتارەدا دەبو بنەماکانی ڕەخنەی مێژویی لەناوەڕۆکی وتارەکەیدا ڕەنگی بدابایەتەوە، چونکە وتارەکە دەچێتە چوارچێوەی میتۆدی ڕەخنەی مێژوییەوە، لەپاشاندا هێندەی باسی کەوتن و نشوستی کردووە، هێندە باسی هەستانەوە و بەرەنگاری نەکردووە لە شیعری شاعیردا.

## ٣-٧-٢- میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

ئەدەب پانتاییەکی گەورەی بۆ قسەکردن لەسەر هەمو بابەتەکان کردووەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر تەواوی کایەکانی ژیان دەکات. ئەم پانتاییە گەورەیەی ئەدەب وایکردووە، لەلایەن خوێنەرەوە بەشێوازی جۆراوجۆر قسەی لەسەر بکرێت، هەر خوێنەرێك لە دەرگایەکی تایبەتی مەعریفی و زانستی خۆیەوە قسەی لەسەر ئەدەب کردووە، ئەم قسەکردنانە بونەتە هۆکاری لەدایکبونی میتۆد و ڕێگە و ڕێبازی جۆراو جۆر، کە هەمویان لەناو ئەدەبدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەکۆی گشتی توانیویانە وتار گەلی ئەدەبی پێکبهێنن، لەگەڵ بەرەوپێشچونی ژیان گۆڕانکاری لە میتۆد و ڕێبازە ڕەخنەییەکان هاتووەتە ئاراوە، ئەمە وایکردووە بە خوێندنەوەی ئەدەب بەگشتی ڕوبەڕوی چەندین میتۆدی ڕەخنەیی ببینەوە، بۆیە هەوڵی ئەکادیمی ئێمە لە چوارچێوەی ئەو میتۆدانە دەسوڕێتەوە، کە لە گوتارە ڕەخنەییەکان لەناو ڕەخنەی چاودێردان، بۆیە هەوڵمانداوە ئەو میتۆدانەی، کە لەناو ڕۆژنامەکەدا ڕەنگی داوەتەوە بەکاریانبێنین.

## ٣-٧-٢-١- پێناسەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

یەکێک لە کۆنترین میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە، کە لە پاش میتۆدی ڕەخنەی مێژوییەوە سەری هەڵداوە، لە هەندێک جێگەدا بە میتۆدی مێژوی نوێش ناودەبرێت. لەسەرەتای دروستبونی دەقی ئەدەبییەوە نوسراوەکان گوزارشت بونە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، بەڵام وەکو میتۆدێکی زانستی سەرەتای دروستبونی ئەم میتۆدە ناڕونە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ناوەڕۆکی بیرمەندانی ئەم بوارەوە دەتوانین تاڕادەیەک باس لەمێژوی ئەم میتۆدە بکەین. لە سەردەمی ئەفلاتونەوە تا دەگاتە بیریارانی (لوسیەن گۆلدمان، مادام دی ستاڵ (١٧٧٦-١٨١٧)، لۆکاچ (١٨٨٤-١٩٧١)، مارکس (١٨١٨- ١٨٨٣)، هابەرمارس (١٩٢٩- ) هەروەها دۆرکهام(١٨٥٨- ١٩١٧). ئەگەرچی هابرمارس و دۆرکهایم زیاتر لایەنە کۆمەڵناسییەکەیان گرتووەتەبەر.

پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە پەیوەندییەکی لە مێژینەیە. هەر ئەمەیە وایکردووە، کە ئەدەب بە ئاوێنەی دەرخستنی نهێنییە شاراوەکانی کۆمەڵگە دابندرێت. ئەم میتۆدە بیرۆکەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەکو ئەوەی، کە پێریاس پێریس باسی لێوە دەکات، (ئەو تیۆرەیە کە ئەدەب بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت) (مەعروف، ٢٠١٢: ٢٣). ئەم میتۆدە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە پەیوەنییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵدا هەیە. بەم کارە سنوری کارکردنی ئەم میتۆدە دیاری دەکرێت، لە هەمانکاتدا خاڵی کارکردنی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە

دەستنیشان دەکرێت، هەروەکو چۆن کاریگەری و کارلێکردنەکان دەردەخرێت. لێرەوە دەلاقەیەك بۆ پرسی لایەنگری ئەدەب دەکرێتەوە، چونکە ((پرسی لایەنگریکردن لە ئەدەبیاتدا تاڕادەیەك پەیوەست و پابەندە بە پرسی پەیوەندی ئەدەبیات بەجیهانی واقیعەوە، ئەدەبیات واقیعی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تاڕادەیەك ڕاستەوخۆ دەنوێنێتەوە،دەئافرێنێت))(ئیگلتون، ٢٠١٧: ١٦٨). هەمیشە ڕوانین لە بەرهەمە ئەدەبیەکان، وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەوڵێکە بۆ ئاشکرا کردنی دیوە شاراوەکەی بیرکردنەوە و دەق وەکو بەرهەمێکی کۆمەڵگە (مەنتك، ٢٠١٨: ٦٦).

میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، لەدیدێکی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە. بەپێی هەرسێ بنەماکەی ئەدەب کە بریتین لە: نوسەر لەڕوی پیشە و سیمای کەسایەتییەکەی، دەقی ئەدەبی لەڕوی ئەو بابەتانەوە کەوەک چارەسەر دەیانخاتەڕو، جەماوەریش لەڕوی چۆنیەتی وەرگرتنی کارە ئەدەبییەکانەوە(ساڵح،٢٠١٢: ١٤). یاخود دەگوترێت: ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ((ئامانجی ئاشکراکردن و خستنەڕووی ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەیە کە لەناو ئەو تێکستەدا بەدی دەکرێت، هەروەها تاوەکو بزانرێت کە ئەو نوسەرە لە چ ئاستێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیدا ژیاوە، کارەکانی بە چ ئەندازەیەک ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگا هەبووە))(خدر، ٢:٢٠١٦).

دەقە ئەدەبیەکان بەزۆری گوزارشت بونە لە ڕوانگە کۆمەڵایەتیەکان. بۆیە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگەدا هەبووە، ئەم پەیوەندییەش پێوەندییەکی لەمێژینەی هەیە. هەمیشە ئەدەب کاریگەرییەکی بەرچاوی لە دیاریکردنی ئاراستەی کۆمەڵایەتیدا هەبووە، بۆیە ئەو کەسانەی هەوڵیانداوە لەم ڕوانگەیەوە کاربکەن ((تەنیا باسی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە لەناو ئەدەبدا ناکەن، بەڵکو هەوڵی لێکۆڵینەوە لە ژینگەی ئەدەبیش دەدەن، تا ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی لە ژینگەی ئەدیبەکاندا هەیە دیاری بکەن و کاریگەری ئەو دیاردانەش لەسەر ئەدەبەکەی ڕون بکەنەوە. هەروەها ئەمانە دەیانەوێت بزانن ئەدیبەکە سەر بەچ چینێکی کۆمەڵایەتییە و لە چ دۆخێکی ئابوریدا ژیاوە و لە ئەدەبەکەیشیدا ڕەنگی داوەتەوە)) (قادر، ٢٠١١: ٦٤).

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پێی وایە، کە پەیوەندی ئەدەب و ژینگەکەی پەیوەندییەکی لێك دانەبڕاوە بەشێوەیەك ((ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵگە، چونکە کاریگەری ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەرە، لێرەشەوە سیفەتی ئایدۆلۆژی لەسەرە))(دیویس و فینك، ٢٠١٧: ٤٣). ئەمە بەو واتایە دێت، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی فێری خوێندنەوەی دەقمان ناکات، بەڵکو چاومان بە خوێندنەوەی ژیانمان و پەیوەندییەکانمان لەجیهاندا دەکاتەوە (مەعروف،٢٠١٢: ١٢).

## ٣-٧-٢- ڕابەرانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

لەدیارترین ئەو تیۆرستانەی، کە لە بواری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییدا کاریانکردووە:

- 'لویس گۆڵدمان'(١٩١٣ _١٩٧٠) یەکێکە لە دیارترین ئەو تیۆرستانەی، کە لە بواری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییدا کارەکانی ئەنجامداوە، ئەو بڕوای وایە: ((دەقی ئەدەبی گوزارشت نییە لە تاک، بەڵکو گوزارشتە لە هۆشیاری چین و دەستەکانی ناو کۆمەڵگە)) (فضل، ١٩٩٨: ٥٧). ئەمە بەو واتایە دێت کاتێک نوسەرێک، یاخود شاعیرێک بابەتێکی ئەدەبی دەنوسێت، ناتوانێت کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە بەلاوە بنێت، بەڵکو پێویستە هۆشیاری کۆمەڵگە لەنێو دەقەکەیدا جێگە بکاتەوە.

- 'مادام دی ستایل'(١٧٦٦_ ١٨١٧) یەکێکی ترە لە بیرمەندانی بواری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی، کە لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە ڕای وایە: ((بە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا، ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت))(مەنتک، ٢٠١٨: ٦٨). کەواتە گۆڕانکای و پێشکەوتنەکان بەشوێنەوە پەیوەستن، ئەمە بەو واتایە دێت، کە ئەو کۆمەڵگەیەی ئاستی هۆشیاری و سیاسی و ڕۆشنبیرییان بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندا بێت، ئەوە ئەدەبیات و دەقی ئەدەبیش لەگۆڕاندا دەبێت.

- تیۆرەکانی مارکس و لۆکاچ، بیرمەندانی تازەی زانستی کۆمەڵایەتی (هابەرمارس و دۆرکهایم) خزمەتی زۆریان بە بوارەکە گەیاندووە. بەهۆی ئەوەی لە توێژینەوەکەدا کەمتر بنەمای کارکردنی ئەم بیرمەندانە بەکارهێنراوە، بۆیە تەنیا بەکورتی ئاماژەمان بە ناوەکانیان داوە.

## ٣-٧-٢-٣- بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

1- ئەم میتۆدە بواری کۆمەڵایەتی بە سەرچاوەی واتا و نوسینی دەق دادەنێت، گرنگی بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و واقیعی کۆمەڵایەتی و شارستانی دەدات، واتە ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانبینی و ململانێیانەیە، کە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا هەن (مەنتك،2018: ٧٤).

2- ئەم میتۆدە وابەستەیە بە بیرو باوەڕەکانی مارکسەوە، کە ئەدەب و هونەر دەخاتە خزمەتی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە، لێرەوە ((ئەدەب و هونەر دەچنە چوارچێوەی سەرخانەوە، کە بزوێنەرەکەی ژێرخانە و بریتییە لە هۆکارە ئابورییەکان)) (شراد، ١٩٨٨: ٢٣٤).

3- ئەم میتۆدە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت دەق هەڵگری پەیامی کۆمەڵایەتی بێت و پێویستە دەق بەتەواوی لە واقیعی کۆمەڵایەتی بچێت.

4- پێویستە ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی، کاتێك شاعیرێك دەخاتە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوە لەبەرچاو بگرێت، کە تا چەند ناوەرۆکی دەقەکانی ئەو شاعیرە دەبنە هۆکاری ئاراستەکردنی کۆمەڵگە.

5- مرۆڤ لەنێو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵدا دەژیت، بۆیە ژینگە کۆمەڵایەتییەکە، کاریگەری لەسەر کەسایەتی و ئایدۆلۆجیای ئەو دەبێت (مەنتك،٢٠١٨: ٧٤).

بەپێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەت ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە، لەکۆمەڵگە جیاوازەکاندا ژن پێگەی خۆی هەبووە ، بەڵام کەم تا زۆر ستەم و نادەدپەروەرییان بەرانبەر ئەنجام دراوە، بۆیە بەشێک لە نوسەران و شاعیران هەستیان بەم نادادپەروەییە کردووە و کێشەکانی ژنانیان خستووەتە ناو دەقەکانی خۆیانەوە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە شاعیران ویستویانە بەهای ژنان لە کۆمەڵگەدا دەربخەن، بەم شێوازە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گرنگی پێداوە. لە ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێردا (چوار) وتار بەرچاو دەکەون، کە دەچنە ناو چوارچێوەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیەوە.

**یەکەم:** هیدایەت ابراهیم لە ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٥)، وتارێکی ڕەخنەیی بەناونیشانی (کەسێتی ژن لە شیعری گریانی هەناری قوبادی جەلیل زادە)دا بڵاوی کردووەتەوە. بەو پێیەی یەکێک لەو باسانەی، کە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە پێشینەی کارەکانی خۆی دەزانێت، ئافرەت لەڕێگەی دەقە ئەدەبییەکانەوە دەکرێت گوزارشت لە ژیانی ئافرەتان بکرێت و کێشە و گیروگرفتەکانیان بخرێتەڕو. ئەم وتارە لەو چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە. نوسەر پێی وایە: شیعری (گریانی هەنار)ی قوبادی جەلی زادە، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژن دەخاتەڕو هەروەکو دەڵێت: (قوباد هەمیشە لە دەقە شیعرییەکانیدا تەواوی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژن، وەك کەرەستەیەکی بەرهەمهێنان بەکاردەهێنێ بۆ دەرخستنی ئەم ڕەگەزە وەک بونەوەرێکی جەستەخواز، یاخود ڕەگەزێك کە ناسنامەی لە جەستەدایە) (ئیبراهیم، ژ٤، ٢٠٠٥: ٣). ژن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەیە و کەرەستەیەکی گەورە بووە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعر، ڕوانین لە ئافرەت بەلای شاعیرەوە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی دیوە شاراوەکانی دەق. نوسەر لەم وتارەدا باس لە پێگەی ژن لەناو شیعرەکانی قوبادی جەلی زادەدا دەکات. هەروەك دەڵێت: ((لە شیعرەکانی قوبادی جەلی زادەدا ئەم وێنەیە پێویستی بە خۆناسین و نمایشکردن و وێناکردنی خۆی نییە و ئەو بەبێ ئەوەی بگەڕێ بۆ دۆزینەوەی شوناسی کەسی خۆی خاوەن جەستە و ڕوحێکە، کە دەتوانێت لای پیاو ئەو شوناسە گرنگە بەخۆی بدات))(پێشو: ٣). یەکێک لە بنەما دیارەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گرنگیدانە بە

شیعر لەچوارچێوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا، چونکە پێی وایە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی گۆمەڵگایە و گوزارشت لە کۆمەڵگە دەکات، لەم وتارەدا نووسەر هەوڵیداوە باس لە دیاردەیەکی کۆمەڵگەی کوردی بکات ئەویش دیاردەی کێشەکانی ئافرەتانە، لێرەدا و بەپشت بەستن بە دەقەکانی جەلیل زادە نوسەر ویستوویەتی کەسێتی ژن و خۆ دەرخستنی ژنی بەتوانای تاکەکەسی ژنەوە بەستوەتەوە.

دەکرێت ئافرەت ناسنامەکەی لە جەستەدا بێت، ئەمە بەو واتایە دێت وابەستە بونێکی زۆر لەنێوان دیاردەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیدا هەیە، بۆیە ئەدەب پابەند کراوە بەو مەرجە کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی، ژن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە. بۆیە وەک فاکتەرێکی گرنگ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی شاعیردا هەبووە. بووە بە بەرهەمهێنەری دەقی ئەدەبی. نوسەری ئەم وتارە (کەسێتی ژن لە شیعری گریانی هەناری قوبادی جەلی زادەدا)دوو خاڵی گرنگ بەدی دەکرێت. ((١_ ڕوانینێك وەك ئەوەی ژن کە هەیە لە بوندا. ٢_ ڕوانینێك وەك ئەوەی لە کۆمەڵگا دەبینرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت))(پێشو: ٣). لێرەدا ئەم بۆچوونە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە بنەمایەکی دیاری ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە باسی لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کردووە، کە ئەویش کێشەی کەسێتی ژنە.

ژن لە کلتوری ئێمەدا لەزۆر باردا ستەم لێکراو بووە و لەهەمان کاتیشدا جێگەی گرنگی و بایەخی پیاوە، دیارە مەبەستی لەڕوی جەستەییەوە بووە، خۆ ئەگەر وانەبێت ئەوا بۆچی زیاتر لە شیعری کۆندا گرنگی بە جەستەی ئافرەتان دراوە و کەمتر باسیان لە کێشە سەرەتاییەکانی ژیانی ئافرەتان کردووە، لەزۆر باریشدا شاعیرانی میللی زیاتر گرنگیان بە کێشەی ئافرەتان داوە، بەڵام نوسەری ئەم بابەتە، ئەم مەسەلەیەی ڕون نەکردووەتەوە، کە پێویستبو ئاماژەی بۆ بکردبا، تەنانەت لەو دووخاڵەش کە خستوویەتییە ڕو نەیتوانیوە پێگەی ژن و مامەڵەکردنی شاعیر لەو دەقەدا بەتەواوی ڕون بکاتەوە.

بۆ نوسین و خستنەڕوی هەر بابەتێک پێویستە بەپێی میتۆد، یاخود تیۆرێکی دیاریکراو بابەتەکەت بخەیتەڕو، بەتایبەت بۆ بابەتێکی لەم شێوەیە، چەندین میتۆد و تیۆری جیاواز هەیە، بەتایبەت میتۆدەکانی ڕەخنەی فیمینیستی و تیۆرەکانی فۆکۆ و....هتد، نەک هەرئەوە بگرە دەبو ڕۆڵ و مافی ژنانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەر ئاماژەبدایە، چونکە هەر لە شیعری خودی قوبادی جەلی زادەدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام نوسەری ئەم وتارە نەیتوانییوە بەشێوەیەکی ڕون و پشتبەستن بە میتۆدی زانستی و تیۆری هاوبابەت و تەنانەت ناوەرۆکی مەبەستە شیعرییەکانی شاعیر بابەتەکەی دەوڵەمەند و زانستی تر بکات.

**دووەم:** محمد نوری ئەحمەد لە ژمارە (١) ی (٢٠٠٥) وتارێك بەناونیشانی (پیرەمێرد و پڕۆژەیەکی نوێگەری لە شیعری نوێی کوردیدا) بڵاوکراوەتەوە. لەبەرئەوەی بنەمایەکی دیاری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی دیاردە کلتورییە نەرێنییەکانی ناو کۆمەڵگەیە، کە ئەم دیاردانە ڕێگرن لە بەردەم پێشکەوتن و کرانەوەکانی کۆمەڵگەدا. ئەم بنەمایەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا وتاری ڕەخنەیی بەدی دەکرێت. ئەم وتارەی نوسەر دەچێتە چوارچێوەی ئەم میتۆدەوە لە پێشەکی وتارەکەیدا نوسەر دەڵێت: ((پەیوەندی نێوان کاری ئەدەبی و دەستەیەکی کۆمەڵایەتی لە هەمان سیستەمی پەیوەندی نێوان بەش پێکدێت لەناو کاری ئەدەب خۆیدا))(ئەحمەد، ژ١، ٢٠٠٥: ١).

لەم وتارەدا نوسەر بەڕونی ئاماژە بە شیکردنەوەی شیعرەکانی پیرەمێرد دەکات و بوێرانە هەندێ مەسەلەی ورژاندووە، کە لەناو کۆمەڵگەدا بونی هەیە، هەروەها چەند بابەتێکی هەستیار لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، کە جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردن بووە، ئاماژەی بۆ کردووە و بەپێی نمونەی شیعری و سنوری کارەکەی بەڵگەی زیندوو و بەردەستی هێناوەتەوە، بۆیە نمونەی بە شیعری مزگەوتی گەورەی پیرمێرد هێناوەتەوە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبری ئەوەی باسی لایەنە پیرۆزییەکانی ئەم شوێنە بکات، باسی لە بەڵغەم و دەنگی کەری مەلا کردووە، نوسەر دەڵێت: ((هەمو ڕەخنەگرتنێك لە سروشتی ناو کۆمەڵگە وەك جەستەیەکی ناکامڵ و پێنەگەیشتووە، بەڵام ئەگەر ئەم ڕەخنەیە لە هەناوی جیهانبینی سەردەم نەهاتبێتە دەر ئەوا بە تێکدەر و هەڵوەشێنەرەوەی پرۆسەی ناوەکیەکانی کۆمەڵگە دانراوە))(پێشو: ١). میتودی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە لێرەدا نوسەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی پیرەمێردەوە لە دیاردەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی بکۆڵێتەوە، ئەمە بەو واتایە دێت، کە پیرەمێرد بە بەردەوامی ڕەخنەی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی ناو کۆمەڵگە گرتووە. ئەمە ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە ناو چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە ڕاڤەکردنی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگە، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و ئەدەب، جا ئەو بابەتانەی کە ڕەخنەی لێدەگیرێت کلتوری، فەرهەنگی، یاخود ڕۆشنبیریی بێت. نوسەری ئەم وتارە لە کۆتاییدا دەڵێت: ((بۆیە گەڕانەوەی ئەم جارەمان بۆ لای پیرەمێرد گەڕانەوەیە بۆ کلتورێك، کە دەنگی خەفە دەکات و لەناو پێچەکانی خۆی دەیشارێتەوە)) (پێشو: ١). هەروەکو دەردەکەوێت نوسەر ڕای وایە کاتێک باس لە دەقێکی پیرەمێرد دەکرێت ڕاستەوخۆ باس لە کلتوری کۆمەڵگە دەکرێت، چونکە ناوەڕۆکی دەقەکانی باس لە کەلتوری کۆمەڵگەدەکات، هەر ئەمەش دەبێت بە یەکێک لە بنەما دیارەکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی.

ئەوەی لەم وتارەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە کە نوسەری ئەم وتارە توانیویەتی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بەپێی تیۆرییەکانی گۆڵدمان ڕون بکاتەوە، کە کارێکی زانستی و جوانە، بەڵام ئەوەی کە دەیەوێت بڕیار لەسەر پیرەمێرد بدات ئایا بۆچی دەستی لە شیعر نوسین هەڵگرتووە و کاری ڕۆژنەمەوانی هەڵبژاردووە، توێژەرانی ئەم بابەتە دەخاتە هەڵەوە تاڕادەیەکی زۆر کارێکی نازانستییە، چونکە ئاستی ڕۆشنبیری خودی پیرەمێر بڕیار دەدات، کە ئایا چ کارێک و چ بوارێکی ژیان هەڵدەبژێرێت، نە نوسەری ئەم بابەتە و نە کلتور و دابونەریت و نە توێژەرانی هاوسەردەمی شاعیریش ناتوانن بڕیاری ئەوەی لەسەر بدەن. دواجار پیرەمێرد ئەو ساتانەی، کە لە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەریشدا بووە دەستی لە نوسینی شیعر هەڵنەگرتووە، تاوەکو ئەو بڕیارەی لەسەر بدەی، پاشان شاعیر لە چەند جێگەیەکدا باسی لە کلتور و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی کردووە و ڕەخنەی لێگرتووە، کەچی لە چەندین جێگەی تر و شیعری تردا باسی کۆمەڵگە و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی کردووە، کەچی نوسەری ئەم بابەتە، بەهیچ شێوەیەک باسی لە وەها سوژەیەک نەکردووە، دەبو لەپاڵ مەبەستە سەرەکییەکەی خۆیدا ئاماژەیەکی کورتی بۆ بکردبا.

**سێیەم:** ئازاد عبدالواحد کەریم لە ژمارە ٢٦ی ساڵی ٢٠٠٦ بابەتێکی بە ناونیشانی (ئەسیری لەنێوان ناسیۆنالیست و ئایدیای نالیستی)دا بڵاوکراوەتەوە. ئاین لە دیارترین بنەمای ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە، بەشێکی زۆری بیرمەندانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسان، بەهەستیارترین مەسەلەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت نەتەوەیی و فکری دادەنێن، بەشێکی زۆری کارەکانیان بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە تەرخانکردووە. لە ڕۆژنامەی چاودێردا نوسەر لە پێشەکی وتارەکەیدا بەهۆی چەند ڕەگەزێکی ڕۆشنبیری و سیاسیەوە باس لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکات. هەروەها چەند ڕەگەزێکی تری وەك گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها باسی شیعری نوێی کوردی، کە هاوهەنگاوی ژیانی ناو کۆمەڵگە بووە کردووە. هەر بۆیە دەڵێت: ((دروشمی مەرگەسات و گیانی بە کۆمەڵایەتی بون بە دێرێکی نوێوە شۆڕشێك بو دژ بە واقعی گەندەڵ و تەعبیرێکی نوێ بو لە خەون و ئازارەکانی گەل و فەلسەفەی نەتەوەخوازی)) (کریم، ژ٢٦، ٢٠٠٦: ٢). یەکێک لە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بابەتی نیشتنمان و نەتەوەیە چونکە هەر ئەمەیە کۆمەڵگە پێکەوە گری دەدا، نوسەر لێرەدا بابەتی نیشتمان و کۆمەڵگەی پێکەوە گرێداوە، ئەمە بنەمایەکی دیاری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە.

نوسەر لەم وتارەیدا ئاین و بیری نەتەوایەتی، کە لە شیعرەکانی ئەسیریدا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو هەوڵێك بۆ خستنەڕوی فەلسەفەی شیعری ئەسیری دەخاتەڕو. هەروەها پێی وایە

تایبەتمەندی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی لەگەڵ کەلەپووری شیعری کۆنی کوردی و واقعە نوێیەکە هاوتەبای شیعرەکانی بون، هەربۆیە باسکردن لە گوتاری سۆسیۆ یان سۆسۆجیای ئەدەب لە زادەی شیعرەکانی ئەسیری بون، نوسەر دەیەوێت پێمان بڵێ شیعرەکانی ئەسیری بەشێوەی گوتار لە میانەی دەقەکانەوە ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی و نەتەوایەتی بەجێ گەیاندووە. باسکردن لە پرۆژەی ژیاری کۆمەڵایەتی کورد، هەروەها باسکردن لە کێشەی نەتەوایەتی بەکێشەی کۆمەڵگەی زانیوە، هەر بۆیە نوسەر دەڵێت: ((ئەو فاکتەرەش ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە سەپاندنی قۆناغێکی نوێی شیعر، کە بە قۆناغێکی سۆسیۆلیزم دەناسرێتەوە، کە سەرەتاکانی بەرجەستەکردنی بیری نەتەوایەتی سەری هەڵدا، پاشان بە شیعری نیشتیمانی و ئەوجار سیاسی و پاشان بە شۆڕشگێری بەردەوامی هەبووە ))(پێشو: ٢). هەمو ئەو ڕەگەزانە ڕەگەزی سیاسی و نەتەوایەتی بۆ باسکردنی لە کۆمەڵگە گوزراشتە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە نوسەر تەنیا باسی لایەنی ئاینی و وابەستەکردنی بە نەتەوەوە دەخاتە ڕو، دیارە بەهۆی ئەو باگراوندە ئاینییەی کە شاعیر هەیبووە ئەم بۆچونانەی خستوەتەڕو. خۆ دەکرا جگە لە بیروباوەڕی ئاینیی، چەندین فاکتەری تری کۆمەڵایەتی و نیشتمانی لە ناوەرۆکی شیعرەکانی شاعیردا بەدی بکرایە، دەبو نوسەر باسی تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی شاعیری کردبا بۆ دروستبونی ئەو هەستە نەتەوایەتییەی شاعیر، سەرباری ئەوەی کە نوسەر توانییویەتی زۆر بە زانستییانە بۆچونەکانی خۆی بخاتەڕو.

**چوارەم:** ئەحمەد میرە لە دوو ژمارەی (١٠٨ – ١٠٩) لە ساڵی (٢٠٠٨) بابەتێک بەناونیشانی (پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بەپێی میتۆدی سۆسیۆلۆژی مێژویی) بڵاوکراوەتەوە. ئەدەب و کۆمەڵگە سەرباسی بیرمەندانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بووە، لەزۆر باردا هەوڵیاندا ئەو پەیوەندییە ڕون بکەنەوە. لە ڕۆژنامەی چاودێریشدا گەرچی بابەتەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژانری شیعرەوە نییە و زیاتر باسی ئەدەب بەگشتی دەکات

ڕەخنەگر لە سەرەتای نوسینەکانیدا دەڵێت: ((قسەکردن لەسەر پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە قسەکردنێکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، کە ناتوانێت ڕاستەوخۆ ئاماژە بە چۆنیەتی ڕایەڵی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بکات))(میرە، ژ ١٠٨ – ١٠٩: ٦). لە چەندین گۆشە نیگای جیاوازەوە دەکرێت ئەو پەیوەندیە لێك بدرێتەوەوە، هەمو لێکدانەوەکان دەچنە خانەی زانستی کۆمەڵناسی ئەدەبەوە. ئەم ڕەخنەیەی لەبەردەست دایە هەوڵێکە لەبواری کۆمەڵناسی ئەدەب، بەسەرنجدان لە

بنەماکانی سۆسیۆلۆژی مێژویی، کە تیایدا هەوڵدەدرێت کاریگەری مێژو و بەستنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە ژانەرە ئەدەبیەکان، پاشان لەشێوەی شیعردا پیشان بدرێت.

ڕەخنەگر ئاماژەی بەوە کردووە، کە ڕوانگەی جیاجیا بۆ چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە لەلایەن بیرمەندان و ڕەخنەگرانەوە ئاراستەکراوە، کە هەمویان لەسەر ئەو خاڵە ناکۆکن ((ئەدەب یەکێکە لەکارە دیارو بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە، بۆیە هەرگیز ئەدەب ناتوانێت بەشێوەیەکی دابڕاو لە کۆمەڵگە بژی، بەڵکو ئەدیب بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتیش دەژی)) (پێشو: ٦). لە ڕوانگەی ئەم بۆچونەوە ئەدەب بەگشتی بەهەمو بەشە پێکهێنەرەکانیەوە هیچ کات لە بۆشاییدا بەرهەم ناهێندرێت، واتە ژانرە ئەدەبیەکان هەر یەکەیان لەژێر کاریگەری مێژوی کۆمەڵایەتییەکان بون، کەواتە بەمەبەستی تێگەیشتنی باشتر و وردتر لە ژانرە ئەدەبیەکان پێویستە سەرەتا لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە تێبگەین، کە بەرهەمەکەی تیادا نوسراوە. ڕەخنەگر سەرەتا بە باسکردن لەسەر کۆمەڵناسی فەڕەنسی (دورکهایم) دەست پێدەکات و هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕون بکاتەوە. دواتر دێتە سەر باسکردنی هەمان پەیوەندی، بەڵام ئەم جارەیان لە ڕوانگەی کۆمەڵناس و بیرمەندانی ترەوە. ڕەخنەگر ئاماژە بۆ (ئەفلاتون و ئەرستۆ و ئیبن خەلدون) دەکات و پێی وایە بەرهەمی ئەوان لەژێر کایگەری ئەو کۆمەڵگەیەدابون کە تیایدا ژیاون، لەلایەکی ترەوە دەکرێت بۆ باشتر لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە سود لە ڕوانگەکانیان وەربگیردرێت.

ڕەخنەگر ئاماژە بۆ مێژوی پەرەسەندنەکان لەم جۆرەدا دەکات، بۆیە جەخت دەکاتە سەر سێ قۆناغی جیاوازی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، کە زیاتر پشتی بەستوە بە بیر و هزری بیرمەندانی سەردەمانی کلاسیك و ڕابردوو، ڕەخنەگر بەشێکی زۆری نوسینەکەی تەرخاکردووە بۆ ناساندن و شیکردنەوەی ڕوانگەکانی زانای عەرەبی بواری کۆمەڵناسی ئەدەب (عمر علی بەدەوی) بەتایبەت لە کتێبی (علم الإجتماع/ الأدب)، لە کۆتاییدا بەم ئەنجامە دەگات ((لە ڕێی ڕۆحەکەیەوە کە زمانە بەتەواوەتی بە کۆمەڵگەوە گرێ دەدردێت)) (پێشو: ٦). دیارە ئەدەب بێجگە لەم بابەتانە لە زۆر ڕەهەندی ترەوە سەرچاوە دەگرێت. لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەوە بۆ لێکدانەوەی زیاتری ئەم باسە ڕەخنەگر دێتەسەر ئاماژەکردن بۆ هزری بیرمەندانی ئێستای بواری کۆمەڵناسی ئەدەب و لە چەندین شوێندا ئاماژە بۆ تیۆرەکانی ئەم بوارە دەکات.

ڕەخنەگر لە بەشێکی تری وتارەکەیدا ئاماژە بە زاڵبونی ژانری شیعریی دەکات. لە ئەدەبی سەردەمانی ڕابردوودا بە حوکمی کەمی ژانرە ئەدەبیەکانی تر، پێی وایە ژانرەکانی تر جگە لە شیعر بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنن، کەواتە ڕەخنەگر سود لە زاراوەی ((کۆمەڵگەی شیعری))

وەردەگرێت، بۆ پێناسەکردنی جێگە و پێگەی شیعر لە سەردەمانی ڕابردوودا، کە تاکە ژانری بە هێز و زاڵی ئەدەبی بو.

ڕەخنەگر لە بەشێکی تری نوسینەکەیدا دوبارە ڕودەکاتە بۆچونەکانی (علی وەردی) سەبارەت بە جێگە و پێگەی شیعر لە کۆمەڵگەی عەرەبی سەردەمانی ڕابردوودا. ڕەخنەگر پەنجە دەخاتە سەر کتێبی (أسطورة الادب الرفيع) دەڵێت: ((قورەیشییەکان چەندە توانای خۆیان سەرفدەکرد لە مەراسیمی حەجدا هێندەش لە شیعردا توانای خۆیان سەرفدەکرد بەشێوەیەکی گشتی قورەیشییەکان توانیان نمونەی خۆیان لە هۆزەکانی تری عەرەبیدا بەرز ڕابگرن و بازرگانییەکانیان بپارێزن لە پێگەی دووشتەوە بو یەکەمیان: پەرستشیەکان و ئەنجامدانی حەج، دووەمیان: هاندانی شیعر و کەمکردنەوی بازاڕە ئەدەبیەکان کە شیعریان تێدا دەخوێندرایەوە))(پێشو: ٦).

شیعر هێندە زاڵ و کاریگەر بووە، تەنانەت لەلایەن هۆزی قورەیشییەوە لەسەردەمی هاتنی ئیسلامدا بەکاردەهێنرا، بۆ خزمەتکردنی ئامانجی هۆزی قورەیش هەروەکو د. علی وەردی ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت: شیعر یەکێك بووە لە ئامانجە دیارەکان، بۆیە نوسەر دێتەوە سەر باسکردنی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، بەڵام ئەم جارەیان لە ڕوانگەی بیرمەندانی هاوچەرخەوە، باسی چەندین میتۆدی زانستی دەکات، بۆ لێکدانەوەی ئەم پەیوەندیە وەکو ((میتۆدی مێژویی، بەراوردکاری، شیکاری، وەسفی))(پێشو: ٦) ڕەخنەگر ڕای وایە لەو جۆرە میتۆدەی سەرەوە ئەوەی یەکەمیان بەکارهێناوە، کە بریتیە لە میتۆدی مێژویی و تیشک دەخاتە سەر ناوەندیترین بابەتی بەرباس، کە هەمان کۆمەڵناس پێی وایە: دوو ئەرکی سەرەکی لە ئەستۆیە، ئەوانیش بریتین لە شیکاری مێژویی و خوێندنەوەی پێکهاتەی مێژویی.

ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە، نوسەر زۆر لە بابەتەکە لایداوە و زیاتر سەرقاڵی یاریکردن بووە بە وشە، چونکە بۆ بابەتێکی ڕۆژنامەوانی هیچ پێویست بەو هەمو ڕونکردنەوەیە و باسکردنی بابەتی لابەلا نییە، هەروەکو چۆن بەپێی ناونیشانی بابەتەکەشی ڕونە و دەبو تەنیا باسی لە ناوەرۆکی ئەو میتۆدە بکردبایە، ئەگەرچی خودی میتۆدەکە و بابەتەکەش تاڕادەیەکی زۆر کۆنە و پێویستی سەردەم نییە، جگە لەوەی نوسەر نەهاتووە باسی میتۆدی ڕەخنە ڕون بکاتەوە، کە ئایا بەپێی مێژوگەرایی نوێ کاریکردووە، یاخود میتۆدی ڕەخنەی مێژویی، یاخود میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی؟ لەڕاستیدا هەم ناڕونی و هەم تێکەڵاویش بە بابەتەکەوە دیارە، سەرباری ئەوەش کە چەندین بیرۆکەی وەرگرتووە و ئاماژەی بە سەرچاوەکەی نەکردووە، بەڵام لە بابەتەکانی تردا ئاماژەی بە سەرچاوە کردووە، بەتایبەت کاتێک بە مانشێتێکی گەورە دەڵێت:

((ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵە، بەهەمو ڕەهەندە جیاوازەکانییەوە، یان بەدیوێکی تردا، ئەدیب گوزارشتکەرە لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژیت لەماوەیەکی مێژویی دیاریکراودا))(پێشو: ٦).

### ٣-٧-٣- میتۆدی ڕەخنەی دەرونی

### ٣-٧-٣-١- پێناسەی ڕەخنەی دەرونی

میتۆدی ڕەخنەی دەرونی یەکێکە لە میتۆدە باوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی و ڕەگێکی قوڵی لە لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیدا هەیە، چونکە بەدرێژایی ئەو مێژوەی کە هەیەتی، هەمو ئەو ڕوداوە خۆش و ناخۆشانەی کە بەسەر مرۆڤدا هاتون بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریان کردووەتە سەر دەرونی مرۆڤ. بۆیە لایەنی دەرونی زانستێکە ((توێژینەوە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و پرۆسەی عەقڵی مرۆڤ دەکات، یان زانستێکە لەو ڕەفتار و ئەزمون و شارەزایانەی بونەوەرێکی زیندوو دەکۆڵێتەوە کە لە میانەی تێکەڵبونی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا فێردەبێت)) (الملیجی، ٢٠٠٠: ٣٦).

میتۆدی ڕەخنەی دەرونی بریتیە لەو: ((ڕەخنەیەیی بە پشت بەستن بە دەرونشیکاری هەوڵی دەرخستنی نهێنیەکانی بێ ئاگایی دەقنوس دەدات، پاشان لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی دەکات))(التکریلی،١٩٧٩: ٦٩). لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچونانەی کە بۆ ڕەخنەی دەرونی دەربڕاون لەسەر بنەمای پشت بەستن بووە بە زانستی دەرونناسیەوە، ئامانجیش لێی دەرخستنی هەمو ئەو لایەنە شاراوەو ونبوانەیە کە لە ناخی دەق نوسەکەدا پەنگی خواردووەتەوە.

میتۆدی دەرونی دەچێتەوە سەر هەمان ئەو ئاراستەیەی کە فرۆید لە بەشی نائاگایی (نەست) باسی دەکات، دەکرێت بڵێین دەقنوسان بەگشتی دیوێکی شاراوەیان لە پشت نوسینەوە هەیە کە پێی دەگوترێت دیوی نائاگایی، وەکو ئەوەی فرۆید ئاماژەی پێدەکات ((عەقڵی نائاگایی بۆ سێ بەشەوە دابەش دەکات: ئەو (Id) من (Ego) منی باڵا (Super Ego)، ئید نوێنەری هەرچی حەز و ئارەزوی چەپێندراوەو ڕێپێنەدراوە، هەرچی ئیگۆیە نوێنەری واقیعە ڕێ نادات هەرچی شتی چەپێنراوە لە واقعدا دەرکەوێت، هەرچی منی باڵایە بەلای فرۆیدەوە کەسایەتی مرۆڤ لە منی باڵادا بە دەردەکەوێت منی باڵا شێوەی ڕێکخراوی مرۆڤە کە زۆر بە ئاگاوە مامەڵە دەکات و بۆئەوەی کەسایەتی تاك بپارێزێت، من وەکو پۆلیسێك لەهەمو شتەکان چاودێری دەکات))(سلێوە،٢٠١٣: ٦١). بەپێی بۆچونی فرۆید بێت نوسەر لەبەشی نائاگایدا (نەست) شتەکان دەخوڵقێنێت ئەرکی ڕەخنەگریش شیکردنەوەو ڕاڤەکردن و ئاشکرا کردنی هەمو ئەو مەرامانەیە کە لەلایەن نوسەرەوە هەیە.

میتۆدی ڕەخنەی دەرونی شیکردنەوەی ڕاڤەی ئەو دەقە بەرهەم هاتوانە دەکات کە تەعبیر لە ناخی نوسەر دەکات. حەز و خولیا چەپێنراوەکان کە لەباری نائاگایدا دەربراون لێکدەداتەوە، باری دەرونی نوسەرەکەش هەڵدەسەنگێنێت و لێکدانەوەی بۆ دەکات.

## ٣-٧-٣-٢- مێژوی میتۆدی ڕەخنەی دەرونی

دیاردە دەرونییەکان پاڵنەری هەستە شاراوەکانی مرۆڤە، بەهەمان شێوە ئەدەبیاتیش، لەڕێگای کارو کاردانەوەی هەستە شاراوە و چەپێنراوەکانەوە دەروست دەبێت، چونکە ((ڕیشەی کاریگەری دەرون لە دەمی ئەدەبیدا بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، بۆ نمونە کاتێك کە ئەفلاتون کۆمارەکەی دەنوسێ هیچ شوێنێ بۆ شاعیرەکان دانانێت ئەویش بەبیانووی ئەوەی شاعیرەکان ناتوانن ڕاستیەکان بگەیێنن و گەنجەکان بەلارێدا دەبەن و دەرونیان تێکدەدەن و وایان لێ دەکەن گوێ بە هەست و سۆز نەدەن و تەنیا عەقڵ بەکاربهێنن)) (مەنتك، ٢٠١٨: ٧٥). لەلایەکی دیکەوە بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر ئەو قسەی ئەفلاتون و مەرج نیە کارتێکردن لەڕێگەی هەست و سۆزەوە مرۆڤ بەلاریدا ببات و دەرونی بە ئاراستەی نەشیاو خراپ ئاراستە بکات، بۆ نمونە ئەرستۆ کە بەباوکی ڕەخنەی دەرونی دادەنرێت بۆچونێکی جیاوازی هەیە و دەڵێت: ((ترس و بەزەیی بۆی هەیە بەهۆی دیمەنی شانۆییەوە بوروژنرێت، بۆشی هەیە لەناخی بنیادی کردەوەوە سەرهەڵدات، یان ڕێبازێکی پەسەندەو نیشانەی شاعیری تراژیدی چاکە)) (ئەرستۆ، ٢٠٠٣: ٥١).

ڕەخنەی دەرونی بنەمایەکی مێژوی هەیە و لەڕێگەی ئەو بنەمایەشەوە بناغەکەی دادەڕێژێت، زانستێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقە بەهێز و لاوازەکان. بەشێوەیەکی گشتی میتۆدی دەرونی لێکدانەوە و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و دەکرێت بڵێین ڕەخنەی دەرونی بریتیە لە: ((لێکدانەوەی پەیوەندی مرۆڤ بە پاڵنەرە خودیەکانەوە، یان لێکدانەوەی ئەو چەپاندنەیە کە کۆمەڵگا بەسەر مۆرڤدا دەیان سەپێنێ، ئەمەش بە پشبەستن بەو بۆچونەی فرۆید کە پێی وایە دەقنوسان مرۆڤی نەخۆشن))(رسوڵ ،١٩٨١: ٧٥)

دەکرێت بوترێت بۆچونەکە لەهەمبەر دەقە ئەدەبیەکاندا ڕاوبۆچونی جیاوازی لەسەرە، چونکە ((ئەم دەرونناسانە کۆمەڵێک فاکتەر و پاڵنەریان بۆ نوسینی دەقی ئەدەبی دیاركردووە، لە دولایەنەوە کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی لایەنی دەرونی مرۆڤی و پەیوەندی نوسەر بەدەقەکەیەوە هەبووە :-

یەکەمیان: توانی لەڕێی کۆمەڵێ چەمکی وەکو نائاگایی، ناوەوەی مرۆڤ ئاشکرا بکات و گەلێك کەلێنی و نهێنی تێدا بدۆزێتەوە.

دووەمیان: لەڕێی ئەم چەمکانەوە خوێندنەوەی بۆ گەلێك دەقی ئەدەبی کردووە))(مەنتك،٢٠١٨: ٧٦).

## ٣-٧-٣-٣- بنەماکانی ڕەخنەی دەروونی

١_ ڕەخنەی دەرونی کار لەسەر ڕەهەندە دەروونییەکانی نوسەر دەکات و دەیکات بە بنەمای کارکردنەکانی (قادر، ٢٠٢٣: ٧٢).

٢_ نوسەر هەوڵدەدات ئارەزوە چەپێنراوەکانی خۆی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەر ببڕێت، (وغلیسی، ٢٠٠٧: ٢٢) ڕەخنەی ئەدەبیش ئەم حاڵەتە دەکات بەبنەمای کارکردنی لە شرۆڤەی کارەکانیدا.

٣_ ئەو کارەکتەرانەی لە دەقی ئەدەبیدا هەن بەپێی ئەو جۆرە ڕەخنەیە کارەکتەری واقعین، چونکە دەقی گوزارشت لە ئارەزو و واقعی چەپێندراو لە نائاگایی نوسەردا. (مەنتک، ٢٠١٨: ٨٤).

٤_ توێژەرانی ڕەخنەی دەرونی بەرهەمی ئەدەبی وەک هۆکارێک وەردەگرن کە یارمەتیدەریانە بۆ دەستنیشانکردنی کاسایەتی دەق نوس (رشدی، ١٩٧١: ٨٢)، لێرەوە کەسایەتییە شاراوەکانی دەق نوس ئاشکرادەکەن.

توێژینەوە لەو کاریگەرییە دەرونیانەی دەقەکە لەسەر خوێنەرانی دادەنرێت. (مەنتک، ٢٠١٨: ٨٤).

## ٣-٧-٣-٤- پێشەنگەکانی میتۆدی ڕەخنەی دەرونی

**- زیگمۆند فرۆید (١٨٥٦- ١٩٣٩).** زانای پزیشکی نەمساوییە. دامەزرێنەری پەیڕەوی دەرونشیکارییە بۆچونەکانی هۆکاری سەرهەڵدانی کۆمەڵێک میتۆد و ڕێبازی ئەدەبی بون لەوانە (میتۆدی ڕەخنەی دەرونی و قوتابخانەی سوریالیم. بۆچونە ڕەخنەییەکانی زیاتر لەسەر ئەدەب لە ڕوانگەی نەست و کۆنەستەوە دەردەکەوێت کە ئەوانیش پەیوەندیدارن بەو دابەشکارییەی کە کردبوی بۆ (ئەو و من و منی باڵا)، هەروەکو خۆی دەڵێت: سەرچاوەی تێگەیشتنمان لەنەست لە چەپاندنە دەروونییەکانەوە هاتووە. بۆیە چەپاندن لای ئێمە نەستە))(حەمەد، ٢٠٠٥: ١٠). بنەمای

کارەکـــانی لە زانســـتی دەروونناســـیدا لەســـەر لایەنە نـــا وشـــیارەکانی دەرونـــی مـــرۆڤ هەڵچنراوە(ئەحمەدی، ٢٠١٤: ٢٠٣).

**- ئەلفریـد ئەدلـر(١٨٧٠-١٩٣٧).** یەکـێکە لە دەروونناسـە دیارەکـان کە بەرەچەڵەک نەمساویی. لە ساڵی ١٩١١ بەهۆی ئەو ناکۆکییەی لە نێوان خۆی و فرۆید دا ڕویدا، قوتابخـانەیەکە تـایبەتی بونیادنـاوە، لەدیـارترین توێژینەوەکـانی بۆ مرۆڤ پیی وایەکە مرۆڤ ((یەکێک لە ئارەزووەکانی حەزکردنە لە خۆزاڵکردن))(عاقل، ١٩٧٧: ٥٧).

**- کـارل یۆنـگ(١٨٧٥- ١٩٦١).** یەکـێکە لە دەروونناسـە دیارەکـانی ئەلمـانی و قسـەی ئەو زیاتر لەسەر نەست و کۆنەستە لە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبیدا بەبۆچونی ئەو دوو جۆر نەست هەیە یەکەمیـان ((نەسـتی تاکەکەسـییە و پەیوەسـتە بە خـودی مـرۆڤەوە و دووەمیـان کۆنەسـتەو پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە))(خەلیل، ٢٠١٧: ٨٤).

بەپێی خەسڵەت و بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی دەرونـی چەند وتارێـک لە پاشـکۆی ڕەخنەی چاودێردا بڵاوکراونەتەوە، لەوانە:

**یەکەم:** کاوەی حاجی عەزیز لە ژمارە (١٠٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بـابەتێکی بەناونیشـانی (تـرس و نیگەرانی لە شیعری سەڵاح محەمەد)دا، نوسەر لەسەرەتادا باس لە شیعری شاعیرانی هەشتاکان دەکـات و پێـی وایە ئـاوڕی جدی لە شیعرەکانیان نەدراوەتەوە، ئەگەرنـا شـاعیرانی هەشـتاکان نمـونەن لە هەڵوێسـت و ئـازایەتی، دواتـر دێـتە سـەر ئەو چەمـکە دەروونیـانەی لە شـیعری ئەوسەردەمە و بەتایبەت لای سەڵاح محەمەد بەدی کراوە هەروەکو دەڵێت ((فرمێسک، گریـان، خۆکوشتن، مـردن، تـرس، سـەفەر، برسیتی، گەڕان، خـوێن، چـاوەڕوانی، سـەرما، ڕەقبـونەوە، تەنیـایی، بێـدادی، تەرم، دۆزەخ، جێهێشـتن، ئـازار، غەریبـی، خنکـان، خـامۆش، تـاریکی، تەزین))(عەزیز، ژ١٠٠، ٢٠٠٨: ٢). ترس چەمکێکی دەرونییە و توێژەرانی بـواری دەروونـی زۆر لەسـەر ئەم چەمکە وەستاون و هەندیک جار بەسـەرچاوەی داهێنانیـان دانـاوە، چونکە ئەم ترسە والە مرۆڤ دەکات نـاخی خۆی بەرامبەر بە دیـارەکە بخـاتە ڕوو و دەری ببڕێت، ئەمەش یەکێـک دەبێت لە بنەمـا دیارەکـانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونـی، بەڵام ئەمە بەو مانـایە نـایەت کە هەموو ترسێک بەرهەمێکی باش و ناوازەی لێبونیادبنرێت، بەڵکو هۆکـارێکە بۆ بەرهەمهێنـانی دەقی ئەدەبی. نوسەر ڕای وایە ئەم چەمکە دەرونییانە بەشێوەیەکی ڕەها لەناو دەقە شیعرییەکانی ئەو سەردەمەدا بەدی دەکرێت، کەواتا شاعیرانی ئەو کات ڕەشبین و لە بارێکی دەرونی خراپدا، ئەم بۆچـونەی نوسـەر لەگەڵ بۆچونەکـانی دیکەیدا یەکنـاگرنەوە و چـونکە دەڵێت: (( ئەم ترسـە جـــۆرە ئیفلیجییەکـــی دروســـت کردووە))(پێشـــو:٢)، نوســـەر لەلایەک دەڵێـــت ســـەرتاپای

دەقەشیعرییەکان پڕبون لەم وشانە و دواتر دەڵێت جۆرە ئیفلیجییەکی دروستکردووە، پاشان دەڵێت خۆ هەمو شاعیرەکان ناگرێتەوە بەشێوەیەکی گشتی، ئەم شێوازە لە نوسین هەڵەی زانستی دروست دەکات و خوێنەریش دووچاری بێزاری دەکاتەوە.

نوسەر لەکۆتایی وتارەکەیدا دەڵێت: (( ترس و نیگەرانی حاڵەتی جەربەزەیی دروست دەکات کاردانەوەی خۆش دەبێت))(پێشو: ٢)، لە زانستی دەروونناسیدا ترس بەسەرچاوەی چەندین نەخۆشی دەدەنرێت و مرۆڤ لەناو دەبات، ئیدی نازانرێت نوسەر ئەم بۆچونەی لەکوێ هێناوە، یاخود دەڵێت: (( ترس لە شاعیرێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، ئەو ترسەی کە خەڵکی دەکاتە شوان و مێگەل، لای شاعیر واناکەوێتەوە، بەجۆرێکی تر واتا و تەعبیر دروست دەکات، شاعیر دەتوانێت چەندین حاڵەتی پڕشکۆیی پێ بەرجەستە بکات هەر ئەو نەوەیەش پێیان نایە ناو ڕاپەڕین))(پێشو: ٢). ئەوەی جێگەی سەرنجە مەرج نییە ئەوەی شاعیر بێت بەهەڵوێست بێت، چونکە لەو سەردەمەی کە نوسەر باسی دەکات، شاعیرمان هەبووە سرودی بۆ ڕژێمی ئەو کاتە نوسیوە و هیچ هەڵوێستی سیاسی نەبووە، دواتر دەڵێت ئەو نەوەیە دیارە مەبەستی لە شاعیرانی ئەو نەوەیەیە، پێیان نایە ناو ڕاپەڕین، باشە خەڵکی ئاسایی چییان دەکرد، ئەی پێشمەرگە و سیاسییەکان چیان دەکرد.

ئەوەی جێگەی تێبینییە بۆ باسکردنی دوو چەمکی وەکو ترس و نیگەرانی، دەبو نوسەر پێناسەیەکی وردی ئەو دووچەمکەی بکردایە، پاشان لەشیعری سەلاح محەمەد دا بەداتا دەریانی بخستایە، دواتر ئاستی دەرونی شاعیر هەڵبسەنگێنێت. بەبێ ئەوەی ناوی یەک شاعیر بهێنێت ئەو بۆچونەی خۆی بەسەریاندا سەپاندووە. دەبو ناوی چەند شاعیرێکی بەهەڵوێست و چەند شاعیرێکی بێهەڵوێست و ترسنۆکی بخستبایەتەڕو.

**دووەم:** سدیق سەعید ڕەواندزی ژمارە (٩٣)ی ساڵی (٢٠٠٧)دا، بابەتێکی نوسیوە بەناونیشانی (ترس لە مردن لە شیعری مرۆڤێکی شادماندا)، شایەنی باسە ئەم ناونیشانە قسەکردنە لەسەر بابەتێکی سایکۆلۆژی لە شیعرێکی دلاوەر قەرەداغی دا کە لە ژمارە (٦٢٥)ی هەفتانەی گوڵاندا بڵاوکراوەتەوە، نوسەری ئەم وتارە بە پێشەکیەکی جوان چووە بەناو دەرونی شاعیرەوە و بەچەند پەرەگرافێکی هاوسەنگی بابەتەکەی بڵاوکردۆتەوە نوسەر دەربارەی نەست لای شاعیر دەڵێت: ((ترس لە مردن یەکێکە لەو دیاردانەی کە پانتایەکی دیاری لە گوتاری شیعری کوردی داگیر کردووە تا ئەو ڕادەیەی کەم شاعیری کورد هەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود شاراوە باسی لە مەرگ نەکردبێت و ترسێکی شاراوەی بەرانبەر مردن دەرنەبڕیبێت))(ڕەواندزیی، ژ٩٣، ٢٠٠٧: ٢). بەپێی بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی ئەم ترسە کە لە کۆ نەستی شاعیردایە، دەبێتە فاکتەرێک بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری، چونکە شاعیران دەیانێوێت لە ڕێگەی

دەقەکانیانەوە تەعبیر لەو ترسە بکەن، میتۆدی دەروونیش لەو ڕێگەیەوە دەقەکە هەڵدەسەنگێنێت بۆئەوەی بگات بە هەڵسەنگاندنی باری دەروونی شاعیر. ئەم وتارە لەڕێگەی باسکردن لە چەمکی ترسەوە هەوڵیداوە دەقەکە و باری دەروونی شاعیر هەڵبەسەنگێنێت.

ڕونە کە شاعیران هەروەك کەسێکی ئاسایی کاتێك نزیك دەبنەوە لە پایزی تەمەنیان ترسێکی قوڵ لە مردن دایاندەگرێت. ئەوان لەڕێگەی شیعرەکانیانەوە تەعبیر لەناخی خۆیان دەکەن، کە لەوانەیە بەریەك کەوتنی ئەم حاڵەتە بەشی هەرە زۆری بەسەرەتای پیریەوە گرێ درابێت کە نزیکە لە قەدەری مردن، نوسەری ئەم وتارە ترس لە مردنی یەکسان کردووە بە پیری ئەمە دیاردەیەکی سروشتیە کە مرۆڤ، تا پیر بێت نزیك دەبێتەوە لە مردن.

هەروەها لە بەشێکی تری وتارەکەیدا نوسەر ئەم هەستی مردنە لە تاراوگەو غوربەتیدا قوڵتر دەکاتەوە، بەوەی ئەو شاعیرانە زیاتر ئەم هەستەیان تێدا بەدی دەکرێت، ئەمە لایەنی بەهێزی ئەم کارەیە کە بۆمان باسی قۆناغی تاراوگە و غوربەتی دەکات. ئەم حاڵەتە لە شیعری کوردیدا لەسەرەتای هەفتاکاندا دەردەکەوێت، هەروەها لایەنێکی بەهێزی ئەم وتارە لەوەدایە نوسەر بەراورد دەکات لەنێوان ناونیشانی شیعرەکە و خودی مەبەستی شیعرەکەپێی وایە: ((گەرچی خودی ناونیشانی دەقەکە دەلالەت لە کەسێکی شادومان و ژیان دۆست دەکات، دەڵێ کاتێ لە ناوەڕۆکی شیعرەکە قوڵ دەبینەوە تێدەگەین کە ئەو شادومانیە هێندەی دەرەنجامی ترسێکی شاراوەیە لە چەمکی مرد، هەروەها خاڵێکی بەهێزی ئەم وتارە لەوەدایە ناوبەناو کۆپلەیەکەی شیعرەکەی بۆ پاڵپشتی قسەکانی هێناوەتەوە))(پێشو: ٢)، لەزۆر باردا شاعیروان وا خۆیان دەرخستووە بەرامبەر بەدیاردەیەک کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە ناترسن و هەستی پێناکەن و کاریگەری نەرێنی لەسەریان نییە، بەڵام بەپێی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی دەکرێت شیکردنەوە بۆ ناخی شاعیر بکەین و ئەو هەستە پەنگخواردووەی کەهەیانە و ئەو ترسەی کە لەناخیاندایە ، ئاشکرابکرێت، نوسەر لەم وتارەدا و بەپێی ئەم بنەمایە هەمووڵیداوە باری دەرونی و ئەو ترسەی شاعیر دەربخات.

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا شاعیر بەراوردی ئەو شیعرانە دەکات، کە لە تاراوگە نوسیویەتی دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەو شیعرانەی لە غوربەتیدا نوسراون زیاتر هەستی نامۆبون و ترسان لە مردنیان پێوەدیارە، بەراوردی زمانی شیعری ئەو شیعرە دەکات لەگەڵ شیعرەکانی تری شاعیر، نوسەر پێی وایە زمانی شیعری لەم دەقەدا سادەو ساکارە، بەڵام لەڕوی ناوەڕۆکەوە هەستکردنە بە ناوەڕۆکی هەستکردن بە غەریبی و نائومێدیەکی قوڵی شاعیر بە پێچەوانەی ناونیشانەکەی.

خاڵی لاوازی ئەو بابەتەی نوسەر لەوەدا دەبینین هەردوو چەمکی نەست و نائومێدی تێکەڵ بە یەك کردووە، کە بە بۆچونی ئێمە جیاوازن، لە ناو ئەدەبیاتیشدا سەرهەڵدانی مێژوی ئەم دوو چەمکە جیاواز دەبینرێت، لە ژیان و مردن، نامۆبون و غەریبی دوو تەوەرەی جیاوازن کە لێرەدا تێکەڵ بەیەك کراون، هەروەها خاڵێکی تری لاواز لەم کارەدا ئەوەیە، نوسەر بەتەواوەتی نەگەیشتووە بەوەی کە شاعیر بۆچونی شادمانە و وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: ((گەرچی لای ئێمەی خوێنەر ڕون نیە کە شاعیر بۆچی شادومانە، یان ئەو شادومانیە پەیوەندی بە چ دیاردەیەکی ژیان دۆستیەوە هەیە))(پێشو: ٢).

## ٣-٧-٤- میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەریی

### ٣-٧-٤-١- زاراوەی بونیادگەری.

بونیادگەری یەکێکە لە میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، لەڕوی زاراوەوە وەرگیراوی زاراوەی (بونیاد)ە کەئەویش ((زۆر واتای فراوانی هەیە، ڕەنگە هەمو ئەو شێوەی ڕێکخستنانە بگرێتەوە، کە دەتوانرێت بە هزر پەی پێ ببرێت))(قطوسی،٢٠٠٦: ١٢٠). بونیادگەریی لە فەرهەنگی زمانە جیاوازەکاندا وشەی تایبەتی بۆ بەکاردەهێنرێت. لە زمانی فەرەنسیدا ((strcture و لە لاتینیشدا structura، بەشێوەیەکی سەرەکی بونیاد لە بەکارهێنانە سەرەتاییەکاندا ناوی کردارێک بووە، ئەویش کاری بونیادزان بو، واتاکەی بەشێوەیەکی لەبەرچاو پەرەی سەند)) (بەرزنجی،٢٠٠٨: ١٥)زاراوەی بونیاد لەزمان، وەکو زاراوەیەکی ئەدەبی بەواتایی (ساختارگرایی) بەکاردەهێنرێت. (مقدادی،١٣٧٧: ٣١٣) لە زمانی عەرەبی دا زاراوەی (البنائية)بەکاردەهێنن.

### ٣-٧-٤-٢- پێناسەی بونیادگەری.

بونیادگەریی چەمکێکی بەرفراوانە و چەندین ڕای جیاواز لە پێناسەکردنیدا هاتووەتە ئاراوە، بەڵام لەناوەڕۆکی بۆچونەکاندا نزیکایەتی بەدی دەکرێت، بونیادگەریی ((بزوتنەوەیەکی فیکری مۆدێرنە، دیاردە کلتورییەکان بەگوێرەی بنەماکانی هەڵچنراو لە زمانناسییەوە ڕاڤەدەکات و لەسەر پەیوەندییە دوو لایەنە سیماتیکەکانی نێوان توخمەکانی هەر تێکۆشانێکی مرۆیی، لە ئاکامدا لەسەر ڕێکەوتنە ئەبستراکت و دابڕاوەکانی زاڵ بەسەر بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی واتا پێدادەگرێ)) (کادن،١٣٨٠: ٤٣١).

بونیادگەریی میتۆدێکی سەرەکیە و لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی دا((ئاراستەیەکی میتۆدییە و لە لێکـۆڵینەوەدا ڕێگـا بەکارهاتووەکـانی بیرکـاری و فیزیـا و زانسـتە سروشـتییەکانی تـر بەکاردەهێنێـت، جەختـیش لە وەسـفکردنی بـارودۆخی هەنـوکەیی شـتەکان دەکـاتەوە)) (بغـورة، ١٠١٧: ١٣).

## ٣-٧-٤-٣ مێژووی بونیادگەری.

بونیـادگەریی مێژوویەکـی کـۆن و دور و درێـژی هەیە و تایبەتمەنـدییەکانی لەنێـو زانسـتە ئەنترۆپۆلۆجیەکاندا بەدرێژایی مێژو بونی هەبووە، ئەمە بەو واتایە دێت بونیـادگەریی مژارێکی نوێ نییە، بەڵکو ((لەسەردەمی بوژاندنەوەوە تـا سـەدەی نوزدە و تەنـانەت تـا ئەمڕۆش دەتوانین شـوێن پێـی ئەم شـەپۆلە هزرییە هەڵبگرین. ئەوەی ئێمە لەبواری زمـانەوانی، یـان مرۆڤناسـی و شتی لەم جۆرەدا ناومان نـاوە بونیـادگەری تەنیا لاسایی کردنەوەیەکی کز و لاوازی ئەوەیە، کە زانسـتە سروشـتییەکان لە سـەردەمێکی زووەوە بەوردی بەکاریـان هێنـاوە)) (قطـوس،٢٠٠٦: ١٣٣).

مێژووی بونیادگەری وەکو چەمکێکی زانستی لە گەڵ لاوازبونی چەند میتۆدێکی ڕەخنەیـی سـەری هەڵـدا، بـۆیە دەگوترێـت لە ((دەیەی ١٩٦٠دا چـالاکی تـازە دەسـتی پێکـرد کە نـاو نـرا بونیادگەریی. هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی بونیادی (سیمۆلۆجیانە) لەبری تـاقیکردنەوەی کـاریگەر، یان دەر ئەنجامەکان، یان بەکارهێنـانی پەیوەنـدییانەی زمـان، لێکۆڵینەوەی هەلومەرجێکە، کە لە پێشەوە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی زمان و واتا)) (هەردی،٢٠١٧: ١٩).

بونیادگەریی وەکو تیۆرێکی ئەدەبی لە فەرەنسا لە سـەرەتاکانی سـاڵانی (١٩٦٠) و بەدواوە سـەری هەڵداوە و گەشـەی کـردووە. هەروەکو دەگوترێت لەهەنـاوی فورمـالیزمەوە هەڵقولاوە، بەڵام پـێش ئەوەی وەکـو چەمکێکـی زانسـتی ناوببرێـت، بنەمـا و خەسـڵەتەکانی لە بورارەکـانی دیـکەدا هەبـووە، بـۆیە ئاسـاییە بگـوترێت نزیکـایەتی لەگەڵ ستایڵستیکدا هەیە، ئەوەی جیاوازیـان دەکات، ستایڵستیک زیاتر گرنگی بەزمان دەدات و بونیادگەریش بەدەر لەزمان گرنگی بە واتا و ناوەڕۆک دەدەن. بونیادگەری وەک تیۆرێکی ئەدەبی لە ناوەڕاستی سـەدەی بیستەمدا سـەریهەڵدا، کە لەژێـر کـاریگەری پێشـکەوتنەکانی زمـانەوانی، مرۆڤناسـی و نیشانەناسـیدا بـو. لێـرەدا کورتەیەک لە مێژوویەک دەخەینەڕو:

**1- فێردینانـد دی ساوسـۆر(1857-1913):** سۆسـۆر، زمـانزانێکی سویسـری، بە کارەکـانی لەسـەر نیشانەناسـی و زمـانەوانی پێکهـاتەیی، زەمینـەی بونیـادگەریی داڕشـت. بیرۆکەکـانی،

هەرچەندە لە بنەڕەتدا بۆ شیکاری ئەدەبی نەبون، بەڵام بونە بناغە بۆ ڕێبازی بونیادگەریی بەشێوەیەک کە ((لە ڕێگەی کۆمەڵێک دوانەی دژیەکەوە، وەکو زمان و ئاخاوتن سینکرۆن و دایاکرۆنی، زمانناسی ناوەوە و زمانناسی دەرەوە وەسفی سیستەمی زمانی کرد، ئەم دوانە بون بە گەوهەری بونیادگەریی)) (مەنتک،٢٠١٨: ١٠٣).

**٢- فۆرمالیزمی ڕوسی(1920-1930):** فۆرمالیستە ڕوسییەکان، لەوانەش کەسایەتییەکانی وەک ڤیکتۆر شکلۆڤسکی و یوری تینیانۆڤ، سەرنجیان لەسەر فۆرم و بونیادی دەقە ئەدەبییەکان بو. لە کاتێکدا کە بە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ سەر بە بونیادگەریی نەبون، بەڵام کارەکانیان ڕێگەی بۆ بیری بونیادگەری خۆش کرد، ئەم قوتابخانەیە باوەڕیان وابو: ((دەبێت لە خودی بەرهەمی ئەدەبیدا بۆ خاسیەتی ئەدەب بگەڕێین نەک لە بارودۆخی دەرونی داهێنەر، یاخود خوێنەر)) (سلکی،١٩٩٤: ٢). بەمەش کاریگەری بیرۆکەکانی ئەم قوتابخانەیە لە میتۆدی بونیادگەرییەوە نزیک دەبێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی لە تەنیش یەکەوە باس و خواستیان لەسەر بکرێت، ((فۆرمالیزمی ڕوسی و بونیادگەریی دوو ڕێبازی تیۆری مێژویین کەلەیەکەوە نزیکن، کەسایەتی هەرە گرنگی یەکخستنی ئەم دوو قوتابخانەیە، ڕۆمان یاکوبسن بو)) (محەمەد،٢٠١٨: ٣١٩).

**٤- ڕۆلاند بارتس (1915-1980):** زانا و فەیلەسوفی فەرەنسی، ڕۆڵێکی گرنگی هەبو لە هێنانی بونیادگەری بۆ ڕەخنەی ئەدەبی.((لە وتارە تیۆری و پراکتیکییەکانیدا مشت و مڕ دەربارەی چەمکی زاراوەی بونیاد بەرپابو بەو پێیەی کە وێنایەکی زەینی ئەبستراکتە نەک کۆمەڵێ پەیوەندییە هەستییەکان لە قەبارەی مادیدا، درککردنی ڕاستەخۆ دەتوانێت بیگاتێ))(فضل،٢٠١٦: ٨٧)، دەکرێت ئەمە بەیەکەمین کەسێک دابنرێت کە بەو شێوەیە باسی لە میتۆدی ڕەخنەیی بونیادگەری کردبێت.

### ١-٤- بنەماکانی بونیادگەری

بونیادگەریی وەکو میتۆدێکی ڕەخنەیی کۆمەڵێک پرەنسیب و بنەمای هەبو لە کارەکانیدا جەختی لەسەریان دەکردەوە لەگرنگترینیان:

**١- دور کەوتنەوە لە مێژویی.**

بونیادگەرەکان لە شیعر شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبیدا ڕۆڵی مێژویان پشتگوێ خستبو، ڕایان وابو کە ((هەمو دەقێکی ئەدەبی سیستەم و بونیادێکی سەربەخۆی زمانی هەیە و پەیوەندی بە هیچ لایەنێکی کۆمەڵایەتی و دەرونی نوسەرەوە نیە))(باعیسی،٢٠٠٤: ٤١).

**٢- مەرگی نوسەر.**

بونیادگەرەکان لە هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیدا بڕوایان بە ژینگەی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی نەبو، بەمەش نوسەری دەقیان وەلاوە دەنا بەم کارەشیان((سەربەستکردنی دەقە لە ژینگەی نوسەر بەسەر دەقەکەوە، لێرەوە کرانەوەی دەقەکە دەستپێدەکات بەڕوی خوێنەری دەقەکەدا)) (بارت،١٩٩٤: ١٠).

**٣- دابڕینی دەق لە هۆکارە دەرەکییەکان.**

بونیادگەرەکان لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا، ((دەق بۆ بچوکترین ڕەگەز و توخم دابەش دەکەن، هەر توخمەیش ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، بەمەش دەق لای ڕەخنەگری بونیادگەری دیاردەیەکی وەستاوە لە کاتێکی دیاریکراودا)) (مەنتک،٢٠١٨: ١٠٥).

**یەکەم**: دانا ئەحمەد مستەفا، لە ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٦) وتارێکی بەناونیشانی بونیاتگەری چەمکی هاوتەریب بوون (جاك كۆبسن، ریفاتیر،گریماس، چاك دیدا) بڵاوکردەوە. یەکێک لە خەسڵەتەکانی بونیادگەریی هاوتەریب بونە، واتا وشەکانی ناو دێڕێکی دەقێک یان مەتنێک هاوتەریب لەگەڵ یەکتردا دەگونجێت، لەم وتارەدا نوسەر هەوڵی داوە چەمکی هاوتەریب بون لە ئەدەبدا ڕونبکاتەوە بەپشت بەستن بە بۆچونی ئەو نوسەرانەی کە لەناونیشانەکەدا هاتون، بەم شێوەیە دەست پێدەکات و دەڵێت: ((هەمو لایەنێکی فەنتازی لە هاوتەریبی و بوندا خۆی دەبینێتەوە چونکە لە ڕاستیدا بونیادی شیعر واتە بونیادی هاوتەریب بونی بەردەوام)) (مستەفا،ژ،١١،٢٠٠٦: ٥). یەکێک لە بنەما دیارەکانی ڕەخنەی بونیادگەری بنەمای هاوتەریب بوونی دەقە نوسەر لەم وتارەدا توانیویەتی ئەم بنەمایە بەشێوەیەکی زانستی بخاتەڕوو.

هاوسەنگی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕمی دەقی ئەدەبیمان بۆ دەردەخات کە لەم دوو بابەتەدا هاوتەریب دەوەستن، ئینجا باسی بۆچونی نوسەرەکان دەکات ((جاك كۆبسن، ئەزمونێك پێشکەشی ئەرکی شیعریەت دەکات لە زماندا، پاشان دەیخاتە پاڵ وردبونەوەی فۆڕمی و فەرهەنگی و گرامەری لە باسی گرنگی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی هەربۆیەدەڵێت:((بون و ڕاڤەکردن کۆکردنەوەی دەقەکە لەیەك بونیاتدا ئەمەش چەندین دەبێت چ لە ناوەوەو چ لەدەرەوە بەهۆی گۆڕانی..... لەگەڵ هەر ڕەگەزێدا))(پێشو:٥) کەواتە ڕاڤەکردن بنەمای بونیادگەرییە لەدەقی ئەدەبیدا، بەڵام پشت بە ژینگەی بەرهەمهاتوی دەقەکە نابەستێت، کە نوسەر لێرەدا ئاماژەی بۆ نەکردووە. کاتێک نووسەر باس لە بونیادگەری دەکات وابەستی بە تیۆرەکانی یاکوپسنەوە دەکات، بەڵام یاکوبسن لە بنەمای کارکردنەکانیدا بۆ دەقێکی شیعری باسی لە (

ناونیشان، ئاواز) دەکات بەڵام بەهیچ شێوەیەک نوسەر نەیپەرژاوەتەسەر ئەو بنەمایانەی یاکوبسن و بەشێوەیەکی هەرەمەکی وتارەکەی نوسیوەتەوە.

**دووەم:** دانا ئەحمەد مستەفا، ژمارە(١١)ی ساڵی (٢٠٠٦) بابەتێکی بەناونیشانی (بونیاتگەری: وابەستەی زمان، بنچینە زەینەیەکان، سیمۆتیکای شیعر) کە تیایدا نوسەر باس لە پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب دەکات، وەك بەشێك لە بونیادی دەقێك، سەرەتا بەگرنگی زمان دەست پێدەکات کە تیایدا دەڵێت: ((زمانیش دەبێتە پێشەنگی زانستە مرۆڤایەتیەکان، چونکە بەهۆی زمانەوە جیهان دەناسین و هەر بەهۆی زمانەوە بونیادی دەنێین، ئەوەی دەیزانین بەهۆی زمانەوە دیاری دەکەین، هەر زمانیشە کە بنچینەی دروستکردنی بیرۆکەو چەمکەکانە و هەر ئەویش فاکتەری گەیاندنیانە)) (مستەفا، ژ١١، ٢٠٠٦: ٥). بەپێی میتۆدی بونیادگەری ئەوەی دەق پێکدەهێنێت زمانە و دەبێت لە ڕێگەی کۆدە زمانییەکانەوە مامەڵە لەگەڵ بونیادی دەقدا بکرێت، بەڵام بەپێی تیۆرستەکانی ناو ئەم میتۆدە دەبێت خاڵێک دیاری بکرێت و وتارەکەی لەبەرەوە بخرێتەڕوو، بۆ نمونە سۆسێر جاوازە لە یاکوبسن، لێرەدا هەردوو تیۆرست ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر زمانی دەق، بەڵام نوسەر بەهیچ شێوەیەک و بنەمایەکی دیاریکراوی بونیادگەری وتارەکەی نەبوسیوەتەوە.

پەیوەندییەك لەنێوان بونیاد و واتادا هەیە، هەر گۆڕانکاریەك لە بونیاددا بکرێت ئەوا لە واتاشدا ڕودەدات، بونیاد وێنەیەکی ڕێکخراوە بۆ کۆمەڵێك ڕەگەزی بەیەکەوە بەستراو، هاوکات کۆمەڵێك پەیوەندی جێگرە لەنێوان ڕەگەزەکاندا(مەنتك: ١٠٠). نوسەر لەپاڵ گرنگی زمان باس لە بابەتی بونیات دەکات و دەڵێت: ((بونیات قەوارەیەکە پشت بەخۆیی و یاسا ناوخۆیەکانی و پەیوەندیەکانی خۆی دەبەستێت و دەتوانرێت شتەکانی بەدەر لەخۆ بگرێت))پێشو:٥). ئەم بۆچوونە بەشێوەیەکی تەواوەتی بنەمای کارکردنی بونیادگەرەکانە، بەڵام نوسەر بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیوە نمونەی شیعری بخاتەڕوو و پاشان پراکتیکزەی بکات. دواتر باس لە بونیادگەرەکان دەکات لە بونیادی دەقێکدا ((بونیادگەرەکان جارێك هەوڵ دەدەن پەیوەندی لەنێوان ئەدەب و زماندا دروست بکات و جارێکی تریش لەنێوان ئەدەب و جیهاندا بەرەچاوکردنی ئەو بونیاتە بنچینەیەی کە ئەرکە گەورەکەی دەکەوێتە سەر))(پێشو:٥). کاری بونیادگەرەکان کە وەکو بنەمای کارکردنی خۆیان کاری لەسەر دەکەن پەیوەندی ئەدەب و زمانە، لەڕێگەی زمانەوە دەیانەوێت واتای گشتی دەق شیکار بکەن، لێرەدا نوسەر هەوڵیداوە بەپێی ئەم بنەمایە نوسینەکەی داڕێژێت، بەڵام بەبێ بەڵگە و نمونەی شیعری کارەکەی ئەنجام داوە. بۆچونی بونیادگەرەکان پەیوەندییەکی

بەهێز لەنێوان زمان و دەقی بونیاتنراو و واتاکەی دا هەیە ئەمەش زیاتر لە بابەتە ئەدەبیەکان بەتایبەتی شیعردا دەبینرێت.

**سێیەم:** نەجات حەمید لە ژمارە (٣٢٦) ساڵی (٢٠١٢) بابەتێکی بەناونیشانی (ئیسپاتە زمانەوانیەکانی خۆشەویستی و ئیرۆتیکا لە شیعرەکانی وەفایدا) بڵاوکردووەتەوە. نوسەر لە سەرەتادا بە خولقاندنی بیری ئیرۆتیکی دەست بە وتارەکە دەکات و دەڵێت: ((خولقاندنێکی بیرێکی ئیرۆتیکی بەهۆی وێنە و ئاماژە دەرونی و کارتێکەریەکانی شوێنی جەستەییەوە بێت، بەڵکو لە دیمەنێکی دەرونی و گواستراوە خەون و ئەندێشە و جەستە لەلای مرۆڤی ڕژێنراودا دەبزوێنێ)) (حەمید، ژ ٣٢٦، ٢٠١٢: ٧). بونیادگەرەکان بەهیچ شێوەیەک باس لە دەقنوس و ژینگەی مێژووی بەرهەمەکە ناکۆڵنەوە، بەڵام نوسەر لەم وتارەیدا بەشێوەیەکی بێئاگایی باسی لە باری دەرونی و ژینگەی دەقەکەی کردووە. ئەمەش هەنگاوێک لە بنەما دیارەکانی بونیادگەرییەوە دور دەکەوێتەوە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات لە بەرهەمی شیعری شاعیر لە دەرونیەوە بنیاد دەنرێت بە خوێندنەوە بۆ دەوروبەرەکەی سەرچاوە دەگرێت، بەم شێوەیە باسی هۆنراوەکانی وەفایی و بنیادی خۆشەویستی شاعیر دەکات، لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەڵێت: ((زمانی شیعر لەگەوهەری ئیرۆتیکدا بنیاتنانداندا لە زمانی شیعری دێتەکایەوە کە زۆر جیاوازە لەو بەیتانەی بەرجەستەی هاو دژی واتا دەکەن لەنێوان خۆشەویستی هێرۆتیکدا)) (پێشو: ٧). نوسەر لە بەشێکی تری وتارەکەدا، لەسەر نوسینەکەی بەردەوام دەبێت و بەهێنانەوەی نمونەی شیعری لە شیعرەکانی شاعیر (وەفایدا) بەم شێوەیە:

(( چەند خۆشە بۆ سەگررت پێکەوە دەست گەردون

ئیدی هەتاوەکو مرد بەشەهد و شیری بکەی)) (پێشو:٧).

لە لێکدانەوەی بۆ ئەم دێڕە شیعرە کە هی وەفایی شاعیرە نوسەر دەڵێت: (( لێرەدا بۆمان ڕوندەبێتەوە کە دوو بنیاد لە واتا گەشە دەسەنن لەنێوان هەردوو چەمکی ئیرۆتیکا و خۆشەویستی لە زمانی شیعردا دوو بنیادی واتای هاودژ و لێك جیاواز دەنوێنن، هەر یەکێکیشیان لە بەهای نوسینی شعیرو زمانی شیعریدا بۆیان هەیە زمانێکی یان بنیادێکی سەربەخۆ و واتا و ئاماژەو ڕوە حەجازیەکان بنوێنن)) (نەجات،ژ٢٢٧، ٢٠١٢:٧). یەکێک لە بنەما دیارەکانی بونیادگەری، بنەمای هاودژی(دوالیزم)ە، نوسەر لێرەدا هەوڵیداوە لەسەر ئەو بنەمایە کاربکات و ئەو ڕاستییە دەربخات.

به وردبونەوە لەو نوسینە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، دەکرێت چەند لێکدانەوەیەکی واتایی بۆ فۆڕمی زمانی هۆنراوەکانی وەفایی بکەین، کە فۆڕمێکی زمانی دەشێ زیاتر لە واتایەك هەڵبگرێت بەپێی ئاماژەی نوسەر کە دەڵێت: ((سیفەتی بنەڕەتی و ڕوە فکریەکانی شیعری وەفایی لە دێڕدایە کە ئەو کاتێك لەخۆی وردبۆتەوەو بەرەو ڕوی شڵەژانێکی فکری و بونایەتی بۆتەوە)) (پێشو:٧).

بەم شێوەیە تا کۆتایی ئەم بەشە نوسەر باسی بنیادی شیعری وەفایی دەکات، ئینجا لە بەشێکی تری کە بەشی کۆتایی وتارەکەیە نوسەر بەردەوام دەبێت لەسەر باسەکەی کە بنیادە زمانەوانیەکانی شیعری وەفاییە لە ڕوی خۆشەویستی ئیرۆتیکا، بەڵام لەم بەشەدا نوسەر لە ڕوی خۆشەویستی بۆ ڕێبازی سۆفیگەری باس لە بنیادی شیعری وەفایی دەکات و دەڵێت: ((خۆشەویستی گەوهەرێکی سۆفیگەری لە پشتەوەیە، بەوەی خۆشەویستی لەگەڵ بیری سۆفیگەریدا خاوەنی یەك سەرچاوەی بونایەتین و گەیشتن بە خۆشەویستی خودا و تێگەیشتن لەو خۆشەویستیە هاو دەلالەتی گەیشتنە لەناو توانەوە لە بونی خودادا)) (پێشو: ٧). ئەم بۆچوونەی نوسەر ناچنە چوارچێوەی هیچ بنەمایەکی بونیادگەرییەوە، بەڵام نوسەر هێناویەتییەوە و لە شیکردنەوەی بونیادگەری دەقەکانی وەفایدا خستوویەتییە ڕوو. یەکێك لەو دێڕە شیعرییانەی کە وەك نمونە هێنراوەتەوەو بۆ ئەم نوسینە دەڵێت:

(( خاڵی چاوت گۆشەی نەبرد دوو دینیان کردن لەسەری

یان بم کە پیری مەیخانە یان موریدی خانەقات)) (پێشو:٧).

ئەمەش بەڕونی بیری وەفایی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە دەربارەی خۆشەویستی و ئیرۆتیکا کە بونە هەوێن بۆ شیعرەکانی، هەروەها بووە بە جێگەی باس بۆ نوسەری وتارەکە.

لە کۆتایدا نوسەر لە بارەی بنیادی زمانی و خۆشەویستی و ئیرۆتیکا لە شیعرەکانی وەفای دا دەڵێت: ((شیعری وەفایی دەشێ زمانێکی دوو سەرەی بنیاد نرابێت لە واتا لە یەکێکیان خولیای بزوێنەر و هێزی گەڕانەوەی زمانە و لەوەی تریشدا دوو دڵی و ترسی لەباوەڕ پێش لە کرانەوەی ئەو زمانە دەگرێت، بەمەش ئەم زمانە لە هەردوو حاڵەتی زمانی و خۆشەویستی و زمانی ئیرۆتیکا زمانێکی ناتەواو ناکامڵ بێت)) (پێشو:٧). لێکدانەوەی زمانی لە ئاستی دژیەکی و دوالیزمدا بنەمای دیاری بونیادگەرییە، لێرەدا نوسەر سودی لەم بنەمایە وەرگرتووە و کردوویەتی بە کلیلی نوسینەوەی وتارەکەی. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە کاتێك شیعری شاعیرێك دەخوێنینەوە نابێت تەنیا خوێندنەوە بۆ ڕوخساری شیعرەکە بکەین بەڵکو دەبێت لە بنیادی زمانەکە بکۆڵینەوە لەڕوی واتاوە.

ئەوەی جێگەیــی تێبینیــیە، نوســەری ئەم وتــارە ڕۆنەچــووەتە نــاو قــوڵایی بنەماکــانی بونیادگەرییەوە، خۆ ئەگەر وانەبوایە دەبو لە لایەنی دەنگەوە تـا دوبـارەبونەوەی وشـە و ڕستە بە نمونە و شیکردنەوەی بونیادگەرانە لە نێو وتارەکەیدا ببینرایە، سەرباری ئەوەش بونیادگەرەکان زیاتر گرنگی بە ئاستی هاونشینی و جێنشینی بەوە بۆ واتـای گشتی دەق هەنگاو دەنێن کە لەم وتارەدا بەرچاو ناکەون.

**چوارەم:** نەجات حامد ئەحمەد لە ژمارە ۲۰۷ی ساڵی ۲۰۱۰، وتارێکی بەناونیشانی (شێرکۆ بێکەس و بنیادی شیعری لە نێوانی شیعر و ئایدۆلۆژیادا بڵاوکردووەتەوە. نوسەر باسی ئەو بابەتانەی کردووە کە بەشێك لە هۆنراوەکانی شێرکۆ بێکەسیان پێکهێناوە ئەمەش بە پشت بەستن بە نمونەی شیعری ئەم شاعیرە (شێرکۆ بێکەس):

(( دوێنێ شەو مانگ کەوتە خوارەوە

مانگ کەوت بەسەر نیشتیمان

نیشتیمان دانەچڵەکی و

مێژوش خەبەری نەبۆوە.. کەس نەیزانی

شاعیر کاریگەرییەکانی ڕوداوێك دەگەیێنێتە ئاستێکی گشتی لە ئاگایی کۆمەڵ لە پێك هاتنێکی گشتی جوگرافیا یەك کە جوگرافیای نیشتیمانە و ئەوە کاتێ مێژو لە دەلالەتە بزوێنەرەکانی بێدەنگە و بەگشتی لەسەر ئەو ڕوداوەی کە یەکجار ڕودەدات بەئاگانەهاتنەوە)) (ئەحمد، ژ ۲۰۱۰،۲۰۷:٤).

پاشان نمونەیەکی تر لە شیعری شێرکۆ بێکەس وەردەگرێت ئەویش ئەو شیعرەیە کە بەخوێندنەوەی نەتەوەیەك دێتە لەرزین کە دەڵێت:

((عمر خاوەر دنیا ئەگەڕێ و

پەپولە شیعر ئەنوسێ و

گازی ژەهراویش دەستگیر دەکرێ

ئەگەر لەڕوی بابەتی شیعرەکەو ناوەڕۆکەوە لێی وردببینەوە ئەوە دەزانین کە بابەتی هەڵەبجە و کارەساتی کیمابارن و بەسەرهاتی قوربانی بونی (عمر خاوەر) بەهایەکی مێژویی و سیاسی قوڵی هەیە)) (پێشو:٤). نوسەر خوێندنەوەیەکی بونیادگەری بۆ دەقەکە کردووە و بەپێی بنەمایەکی دیاری بونیادگەری خوێندنەوەیەکی زمانی بۆ ئاماژەکانی دەقەکە کردووە، بەڵام

بێئاگابووە لەوەی کە مێژووی دەق هیچ پەیوەندییەکی بە بونیادگەرییەوە نییە. بۆیە هەمو ڕوداوێك کە لە کۆمەڵگەدا ڕودەدات دەبێتە هەوێنێك بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی، ئەم دەقە ئەدەبش بەم شێوەیە لەڕێگەی ڕەخنەی بونیادگەریەوە شیدەکرێتەوە.

ئەوەی جێگەی تێبینییە نوسەری ئەم وتارە نەیتوانییوە پەیوەندییە زمانییەکان و واتا گشتییەکانی دەقەکە بخاتەڕو، کە بونیادگەرەکان لە واتا زمانییەکانەوە بۆ واتای گشتی دەق دەڕۆن. ئەم وتارە ئەگەرچی خودی نوسەر بەناونیشانی بونیادگەرییەوە دەقەکەی هەڵسەنگاندووە، بەڵام لەگەڵ ئامانج و بنەما سەرەکییەکانی بونیادگەریدا کەم و کورتی تێدەکەوێت، هەروەکو چۆن کەم و کورتییەکانمان خستوەتەڕو.

**پێنجەم:** سوهەیب فاروق زەڵمی، لە ژمارە (٢٦٠)ی ساڵی (٢٠١١) بابەتێکی بەناونیشانی (شیعری وشە لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا) دیوانی (هەست و نەست وەك نمونە وەرگیراوە) بڵاوکردووەتەوە. نوسەر لە ڕێی ئەم وتارەوە ڕەخنەی بونیادگەری بەسەر بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس لە دیوانی هەست و نەستدا جێبەجێ بکات، لە سەرەتادا نوسەر دەیەوێت باسی وشە بکات وەك پێکهاتەیەك بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی و شیعر ((ئەگەر لە ڕوانگەی ڕێزمانی و زماندا وشە بەوە ناسرابێت، کە بێژەیەکە واتایەکی تەواو دروستی هەیە و بەشداری دەکات لەڕستەدا بۆ دروستکردنی پەیوەندی و لەیەك گەیشتن ئەوە لە زمانی شیعردا وشە بەدەرە لەم ئەرکە)) (زەڵمی، ژ ٢٦٠، ٢٠١١:٥). بەپێی بنەما دیارەکانی بونیادگەری زمان بەپلەی یەکەم دێت لە شیکردنەوەی دەقی شیعردا وە لە ڕێگەی کۆدەکانی زمانەوە بونیادگەرەکان دەگەن بە بونیادی گشتی دەق. وشە و پەیوەندییە ئاسۆی و ستونییەکانی وشە لەنێو دەقدا ئەرکی بنەڕەتی دەنوێنن. نوسەر بەپێی ئەم بنەمایەی بونیادگەری دەقەکەی نوسیوەتەوە. ئەمە دەمانگەیەنێت بەو ڕاستیەی کە شاعیر ئەوەندەی وشە بۆ گەیاندن و ڕازاندنەوەی شیعر بەکاردێنێت ئەوەندە مەبەستی ئەرکە ڕێزمانی و زمانەوانیەکە نیە بەتایبەت (شێرکۆ بێکەس) ((سحری وشەی شێرکۆ لەوەدایە لە چوارچێوەی ناوی کەس و ناوی شوێن و ناوی شتەکاندا دەقی شیعری باڵا بینادەکات)) (پێشو:٥). شێرکۆ هەر وشەیەك بۆ هەر مەبەستێك لە دەرەوەی شیعرەکە بەکارهاتبێت ئەوە شێرکۆ بەمەبەستەوە ئەم وشەیەی لەناو هۆنراوەکانی دا بەکارهێناوە.

لە کۆتاییدا نوسەر لەبارەی شێرکۆ بێکەسی شاعیر و بەکارهێنانی وشە لە شیعردا دەڵێت: ((شاعیر سود لە هەردوو جۆرە وشەیەك دەبینێت وشەکان وەك خۆی بەواتای جیاوازیش بەکاری دەهێنێت شیعریان پێدەبەخشێت)) (پێشو:٥)، نوسەر لەتەواوی دەقەکەدا سودی لە یەکێک لە بنەماکانی بونیادگەری بینیوە ئەویش بونیادگەری وشەیە. ئەمە بنەمای دیاری ڕەخنەی

بونیادگەرییە، بەڵام دەبو نوسەر ئەو وشانەی دەستنیشـان بکردبـایە، کە واتـای جیاوازیـان هەیە و خزمەت بەواتای گشتی دەقەکە دەکەن، بەواتایەکی تر نوسـەری ئەم وتـارە ئەو واتـا جیـاوازانەی کە پێی گەیشتووە لە شیعری شاعیردا ڕونی نەکردووەتەوە، کە چۆن واتـای جیـاواز دەگەیەنێت، پاشان کاری بونیادگەرەکان مامەڵەکردنە لەگەڵ دەق و دەق لە پەیوەندیی ژینگەی بەرهەم هاتوی دەق دەبێـت و پێیـان وایە کە دەق لەناوخۆیـدا و بەهـۆی پەیوەنـدییە واتـاییەی کە هەیەتـی لێکدەدرێتەوە نەک بەیوەندی دەرەوەی دەقەکە.

## ٣-٧-٥- ڕەخنەی فێمنستی

## ٣_ ٧_ ٥_ ١_ زاراوە و پێناسە ڕەخنەی فیمینزمی

زاراوەی فیمینیـزم (feminism) هەروەکـو لە فەرهەنگەکانـدا ئامـاژەی پیـدراوە لە ((وشـەی female وەرگیـراوە بە واتـامێ دێـت، یـان لە وشـەیfemina وەرگیـراوە، کە بەواتـای ئـافرەت دێـت)) (عەبـدوڵا، ٢٠١٣: ١٦)، هەروەهـا لە زاراوەی (femaleness) وەرگیـراوە ئەمەش بە واتـای مـێ بـون دێت (longman، ٢٠١٣: ٥٣٩). کرۆکـی هەمـو زاراوەکـان دەچنە سـەر یەک ڕێچکە و خزمەت کردنە بە بواری ژنان. هەرچەندە مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەم میتۆدە هەیە، بەهەژمـارکردنی میتۆدێك یـان ڕەوت و بزوتنەوەیەکـی ژنـانە، بەڵام دواجـار میتـۆدی فێمنسـتی یەکێکە لە میتۆدە ڕەخنە نوێیەکان کە کار لەسەر هاوتاکردن و یەکسانکردنی نێوان ڕەگەزی نێر و مـێ دەکـات. بۆ ئەم مەبەستە ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە جۆرێك لەلایەنـی فێمنستییانەی تێدایە. دیـدو بۆچـونی جیاوازیـان هەیە لەبـارەی هەژمـارکردنی و مـامەڵە لەگەڵ کردنـی. هەرچەنـدە توێژەران ئەم میتۆدەیان تەنیا بۆ خودی بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەت بە ڕەخنەی فێمنستی دادەنێن و هەندێکی تر ڕایان وایە تەواوی ئەو دەقانەی کە بۆ بەرگری کردن لە مـاف و ئـازادی ئـافرەت نوسـراون لەلایەن (نێـر و مـێ)ەوە لە فێمنیـزم هەژمـار دەکرێـت، هەنـدێکی تـر ئەمە تێدەپەڕێنین و بایەخ بە وەرگری/خوێنەر/ دەق دەدەن کە هەر دەقێك بیخوێنێتەوە بایەخی پێ بدات بەجۆرێك لە جۆرەکان دەکەوێتە بەر ڕێبازی فێمیزمی.

بە شـێوەیەکی گشـتی ئەم میتـۆدە هەوڵـدەدات وەك ڕەوتێکـی کـارا کـار لەسـەر بەدەسـتهێنانی (ئـازادی، یەکسـانی،.....) بـۆ ئـافرەت دەسـتەبەر بکـات، چـونکە ئەوان باوەڕیـان وایە کە هـیچ جیـاوازیەك لەنێـوان ئەو دوو ڕەگەزەدا نـیە، بەڵکـو ئەوە کۆمەڵگـایە لەڕێـگەی داب و نەریـت و کلتـور، ئەو جیاوازیەیـان دروسـتکردووە، گەرنـا دواجـار وەك مـرۆڤ خـولقێنراون. ئەم میتـۆدە ((هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لە ئەدەبیاتی ژنـان بەتایبەتی ئەو دەقانەی ژن بۆ داکۆکـی کـردن لە مـافی ژنـان و نەهێشتنی جیاوازی جێندەری نوسراون)) (مەنتك: ١٥١). ئەم جۆرە لە ڕەخنە بەرگری

لە مافی ئافرەت لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەکات ((پێویستە پیاوان فێری بێدەنگی ببن، تا بوار بدەن ئافرەت لێکدانەوە ئاینیەکانی خۆی بۆ ڕوداوەکان بخاتەڕو)) (خەلیل: ١٥١).

فیمنیزم وەکو زانستیک لە زانستەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی هەژمارکراوە بەواتای ((زانستی ژنناسی دێت و ئەو میکانیزم و فاکتەرەیە کە بەشێوەیەکی زانستی خەبات دەکات بە ئامانجی بەرابەری مافەکانی ژنان)) (عەبدولا، ٢٠١٣: ٢٠). کەواتە ڕەوتە جیاوازەکانی ڕەخنەش بەشدارن لە فیمینیزمدا.

## ٣_٧_٥_٢_ مێژوی سەرهەڵدانی فیمینیزم

دیاریکردنی سەرەتاکانی ڕەخنەی فیمیزنیزمی کارێکی هێند ئاسان نییە چونکە لەسەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤایەتییەوە بە هەوڵی جیاواز گرنگی بەم بوارە دراوە لە ساڵانی ١٩٤٩دا فیمینیزمی بەناوبانگ (سیمۆن دی بۆڤواری فەیلەسوف و ئەدیب و ڕەخنەگر و ڕۆماننوسێکی گەورەیە، کتێبێکی بەناوی (ڕەگەزی دووەم) لە ساڵی ١٩٤٩) بڵاوکردەوە، لە ساڵانی شەستەکاندا کاریگەری زۆری هەبو و دەنگدانەوەیەکی باشی پەیداکرد (عەبدوڵا: ٢٠١٣: ٣٤).

ڕەخنەی فیمینیزمی لە ئەدەبدا سەرەتاکەی بۆ ((کۆتایی دەیەی شەشەمی سەدەی بیستەم، واتا (١٩٦٠)، پێشەوای ئەم میتۆدە ڕەخنەییە دەگەڕێتەوە بۆ (ڤێرجینیا وۆڵف))) (ئیمامی، ٢٠١٨: ٤٩٨).

## ٣_٧_٥_٢_ بنەماکانی ڕەخنەی فیمینیزمی

ئاشکراکە کە هەر میتۆدیکی زانستی دەربکەوێت کۆمەڵێک بنەماو خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو کلیلێکن بە دەستی توێژەرانی بوارەکەوە تاوەکو لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکان بکەن، ئەم میتۆدەش کۆمەڵێک بنەمای هەیە لە دیارترینیان:_

١_ ڕەخنەگرانی ئینگلیزی و ئەمریکی جەخت لەسەر بەرگریکردن لە ژنان و باشکردنی بارودۆخی هەنوکەیی وەستاوە( ئیمامی، ٢٠١٨: ٥٠٠).

٢_ ژنان لە ئەدەبیاتی کۆندا ڕۆڵیان کەم بووە ئەگەر هەشبێت ئەوا ڕۆڵێکی لاواز و پەراوێزخراو بووە (پێشو: ٤٩٥)، بۆیە ئەم میتۆدە هەوڵیداوە ئەو کۆتوبەندانە تێک بشکێنێت و ڕۆڵی ژنان زیاد بکات لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا.

٣_ دەرخستنی ئەو ستەمانەی کە بەرامبەر بەژنان کراون (عەبدولا: ٢٠١٣: ١٨).

بەپێی بنەماکان و پێناسەکانی میتۆدی ڕەخنەی فیفینیزمی چەند وتارێک لە ڕۆژنامەی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا بەدیدەکرێن.

**یەکەم:** جەبار سابیر لە ژمارە (٩٨) ی ساڵی (٢٠٠٨). بابەتێکی بەناونیشانی (با دڵنیا بێت ئاو... با دڵنیا بێ نیشتیمان لە دەست شاعیرێك هەڵدێت)بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا باس لە خەمەکانی ژن لە کۆمەڵگادا دەکات ئەمەش بە پشت بەست بە ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی (جەمال غەمبار)دا باسی ئێش و ئازارەکانی ژن دەکات بەم شێوەیە دەستپێدەکات: ((غەمبار لە داخی سووکانی نیشتیمان و پیاو کوژەکانی هەڵات و لەوێشەوە جوانترین شیعر بۆ نیشتیمانەکەی دەنوسێت و دواتر لەڕێگای شیعرەکانی غەمبارەوە نیشتیمان لە جوانیدا دەدرەوشێتەوە)) (پێشو: ٢). یەکێک لە بنەما دیارەکانی ڕەخنەی فیمینیزمی دەرخستن و خستنەڕووی ئەو کێشە و زوڵم و زۆرەیە کە بەرامبەر بە ئافرەتان ئەنجامدراوە، بەڵام لەم باسەدا ئەو بنەمایە بەدی ناکرێت.

پاشان باسی خۆشەویستی دایك وەك ژن دەکات و ئەمەش بەڕونی لەو شوێنەدا ڕەنگ دەداتەوە کە بەراوردی دایك بە نیشتیمان دەکات ((نیشتیمان هەمیشە مێیە و ڕۆڵی دایك دەبینێ مرۆڤ لە هەر کوێ بێت بیری دایکی زیاتر دەکات وەك لە باوکی، بیری نیشتیمان دەکات وەك لەوەی بیری سەرکردەکانی بکات، دایك و نیشتیمان لەم حاڵەتەدا یەك دەگرنەوە)) (پێشو:٢).. کاتێک باس لە نیشتمان و دایک دەکات و هاوتایان دەکات، لەپاڵ گرنگیدان بە نیشتمان گرنگی ئافرەتیش دەردەخات، هەروەکو چۆن نیشتمان گرنگە بۆ مرۆڤ، بەهەمان شێوە دایکیش بۆ مرۆڤ گرنگە، ئەم هاوتاکردنە جۆرێک لە دەرخستنی ڕۆڵی ژنانە و دەخرێتە چوارچێوەی ڕەخنەی فیمینیزمییەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەها نییە.

نوسەر لەڕێگای ئەم باسەوە دەیەوێت بەرگری لەمافی ئەو ژنانە بکات کە جمال غەمبار کردنی بەهەوێنی شیعرەکانی بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە لە کۆمەڵگەدا خۆیان بەماف خوراو دەزانن، ئەمەش لەو شوێنەدا ڕەنگدەداتەوە کە دەڵێت: ((ئەو ژنانەی لە شیعری غەمباردا ئامادەییان هەیە ژنانێکن لە مێژو جێ ماون لە پەراوێزی کۆمەڵدا دێن و دەچن هەست بە بونیان ناکرێت، بەڵام غەمبار دەیەوێت ژن لە بەرکارەوە بکاتە بکەر و ڕۆڵی هەبێت)) (پێشو:٢). گرنگیدان بە ئافرەتان و دەرخستنی کێشەکانیان لە دیارترین بنەماکانی ئەم میتۆدەیە، بۆیە نوسەر توانیویەتی لەم بەشەدا تاڕادەیەکی زۆر ئەو بنەمایە لە نوسینەکەیدا ڕەنگبداتەوە. ئەم جۆرە لە ڕەخنە داکۆکی لەمافی ئافرەت دەکات وەك بەشێکی کۆمەڵگادا.

نوسەری ئەم وتارە ڕای وایە کە تەواوی ئەو باسانەی لەشیعری شاعیردا هاتووە تەنیا باس لە کێشەی ئافرەتان دەکات و دەیەوێت ڕۆڵی ئافرەتان بخرێتە گەر لە شیعرەکانی شاعیردا بەڵام

ئەمە بەو ئەندازە ڕەهایە نییە و لە چەندین جێگەشدا شاعیر باسی لە لەش و لار و تەنانەت دڵڕەقی ئافرەتانیش کردووە لە دەقە شیعرییەکانی خۆیدا. پاشان نوسەر باسی ئەوەی نەکردووە کە ئایا نوسینی ئافرەتان بەخۆیان بابەتی فیمینیزمین یاخود ئەو بابەتانەی کە لەلایەن پیاوانیشەوە دەنوسرێن و سەبارەت بە کێشەکانی ئافرەتانە، دەبو نوسەر بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و بە شێوەی داتا شیعرەکانی شاعیری وەربگردبا و بیگوتبا ئەوەندە شیعری باس لە مافی ئافرەتان دەکات و ئەوەندەشی باس لە ڕەفتارە خراپەکانی ئافرەتان دەکات دواتر بەو بەستە باسی لە شیعرەکانی شاعیر بکردبا.

**دووەم:** هیمداد حسێن و صابر حسێن رسوڵ لە ژمارە(٣٢٩)ی ساڵی(٢٠١٢) بابەتێکی بەناونیشانی (ئەدەبیاتی فێمینزمی کوردی بەرهەمەکانی نەزەند بەگیخانی وەك نمونە) نوسەرانی ئەم وتارە بەهەمان شێوە دەیانەوێت لە ڕوانگەی بەرهەمەکانی شیعری شاعیری ناوبراو بیرە ڕەخنەییە فێمینزمییەکان بخەنەڕو، بۆیە لەسەرەتای ئەم وتارەدا((پیاوانی کورد بەبەرد دەزانن، گوایە ئەوانی وەك بەرد لەبەرامبەر ژناندا دڵ ڕەقن و ئەم دڵڕەقیەشیان دەبێتە هۆی ئەوەی پیاوان (دویەکانی کورد نیشانەیە ژنانی کورد) بەرباران بکەن و بەسەرچاوەی تاوان گوناهەکانن کە شارەکان و سەرجەم کوردستانی گرتۆتەوە ناوزندەیان بکەن)) ((پێشو: ٣). نوسەر بەپێی بنەمای دیاری ڕەخنەی فیمینیمی کە بەگرنگ زانینی ئافرەتان و بەرگریکردن لە مافەکانیان ئەم وتارەیان نوسیوەتەوە، نمونەیەک لە هۆنراوەی شاعیر نەزند بەگی خانی دەهێنێتەوە کە دەڵێت:

(( بەرد وەك چاوی تەماشاکار

بەرد وەکو دەستی چەپڵە لێدەر

بەرد وەك ئەو سەرزەمینەی ئێمە

قژی لەرزمەی کەوتن

قژی لە بۆ کروزی جەستە

قژی لە شکانی دوی کان)) (پێشو:٣).

ئەمە قەدەر دەردەخات و ڕەخنە لەوە دەگرێت کە کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت پیاوان لە بەرامبەر ژناندا دڵڕەق و زۆردارن بۆیە نوسەران لەبارەی ئەم هۆنراوەیە بۆچونیان وایە: ((شاعیر لە کۆتای دەقە شیعریەکاندا زۆر بەڕونی ئاماژە بەوە دەکات کە مەبەست لە دوعا ژنان بووە و مەبەست لە بەردباران کەرانیش پیاوانی کورد بووە ))(پێشو:٣). دەرخستنی ئەو زوڵمەی لە بەرامبەر ئافرەتاندا ئەنجام دەدرێت وەکو بنەمایەکی دیاری ڕەخنەی فیمینیمی لەم وتارەدا بەدی

دەكرێت، چونكە لە تەواى ئەم بەشەدا زۆر بەڕوونی باس لەو زوڵم و زۆرەكراوە كە بەرامبەر بەئافرەتان لەلایەن پیاوانی كوردەوە ئەنجام دراوە. نوسەران بەباسی ژن لە ڕوانگەی نوسەرانی كوردەوە، باسی ژن و پێگەی ژنانیان كردووە لە كۆمەڵگەی كوردیدا، نوسەران لە ژمارەیەكی دیكەدا بابەتێكی دیكەیان بڵاوكردووەتەوە كە تەواوكەری هەمان بابەتە، لەم بارەوە وتەیەكی (مینۆرسكی) هێناویانەتەوە كە دەڵێت: ((كورد لەسەرجەم نەتەوە موسڵمان و غەیرە موسڵمانەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لەگەڵ توێژی ژناندا لێبوردەیە)) (پێشو ژ. ٣٢٥، ٢٠١٢: ٣).

پاشان وتەیەكی (ئەدمۆنس) بەنمونە دەهێننەوە كە باس لە پێگەی ژنی كورد لەڕوانگەی پیاوانی كوردەوە دەكات و دەڵێت ((ژنی كورد لە خوشكە عەرەب و تورك و فارسەكانیان سەربەستیان زیاترە، وەك ژنە فارسەكان عەبا پۆشن ئەو پەرەكەی دەستڕۆكێك لەسەر دەڵێن لەچی دێتە سەر چەنەگەیان، ژن عەبا پۆشن و لە زۆربەی گەلانی جیهان سەربەستیان زیاترە)) (پێشو:٣).

نوسەرانی كورد پێیان وانیە ئافرەت لە كۆمەڵگەی كوریدا ڕێزلێگیراوە و ماف و ئازادیەكانی پێدرابێت بەشێوەیەک هەست بە ئازادی ژیان بكات، نوسەر بەهێنانەوەی نمونەی نوسەرانی تر باسەكە بە ئازادی ژن لە كۆمەڵگەی كوردیدا دەوڵەمەتر دەكات، وتارەكە كۆتایی دێت بەبۆچونی (ڕیچ) كە بەبۆچونی وایە دەربارەی ئافرەتی كورد. ((ژن لە گەڵ مێرددا یەكسانە و بێزی لە كۆیلایەتی ژنی تورك دەبێتەوە چونكە كۆیلە ئاسا سەودای لەگەڵدا دەكرێ))(پێشو: ٣). واتە كورد بە بەراورد بە نەتەوەكانی تری دراوسێ مافی تەواوی بەژن داوە لەڕوانگەی بۆچونی نوسەر بیانیەكان كە خستمانەڕو.

ئەوەی جێگەی تێبینیە نوسەرانی ئەم دوو وتارە لەشیكردنەوەی دەستەواژە و هەندێک وشەدا بابەت و ناوەڕۆكی شیعرەكەیان بە ئاراستەی ناوەڕۆكی وتار و مەبەستەكەی خۆیاندا شكاندووەتەوە، بۆنمونە (بەرد و دڵی پیاوان) و (دوعا و ژنان) مەبەستی لە بەردبارانكەران پیاوانی كورد. ئەم بۆچونە هەڵەیە، چونكە دەكرێت دوعا مەبەستی لە ئاینی ئیسلام بێت و بەردبارانكردنیش لەم ئاینەوە هاتبێت، ئەمە بەپشت بەستن لە ئایدۆلۆجیانی شاعیر. بەخوێندنەوەیەكی دیكە دەكرێت بڵێین كە شاعیر مەبەستی لەوەیە كە پێرەوكەرانی ئاینی لەشاردا زۆرن و پشت بەبنەما ئاینییەكان ژنان بەردباران دەكەن.

**سێیەم:** عبدالقادر حەمە ئەمین ژمارە (٢٢٣)لەساڵی (٢٠٠٦)دا وتارێكی بەناونیشانی (ژن لە دەقەكانی قوبادی جەلی زادە) بڵاوكردووەتەوە، ئەم وتارە لە بەدوو بەشدا خراوەتەڕو. نوسەر

لەسەرەتادا بەباسێکی ڕەخنەیی دەستی پێکردوە دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی و جۆرەکانی ڕەخنە بەتایبەت ڕەخنەی ڕۆشنبیری ((ڕەخنەی ڕۆشنبیری پەیوەندییەکی بەتینی فکری و ئایدۆلۆژی و مێژویی بە لێکۆڵینەوەکانی دوای بونیادگەریەوە هەیە پێداچونەوەی شارستانیەکانی گەلانی ناسیاو ئەفریکا و ئەمریکایە)) (حمە امین،ژ٢٢٣،٢٠١٠: ٣).

پاشان دێتەسەر باسی شاعیر قوبادی جەلی زادە لەبارەیەوە دەڵێت: ((تاکە شاعیرە بوێرانە گوتارەکەی خۆی ئاراستەی ئەو نەسە باڵایانە دەکات و گومان و لێڵی دەخاتە سەریان و دەچنە خانەی پرسیارەوە بێ گوێدانە ئامرازەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی))(پێشو:٣). نوسەر بەردەوام دەبێت لە باسکردنی ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە قوبادی جەلی زادە هۆنراوەکانی لەسەر بنیادنراوە ((مامەڵەکردنی قوبادی جەلی زادە لەگەڵ گوتاری ژناندا بەمەستی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان و پەردە لانەدانە لەسەر گوتاری ڕۆشنبیری دامەزراوەیی بە زمانێکی شیعری لەگەڵ جەستەی دەقدا کە شوێنی روح و فکرەو خۆی دەگونجێنێ و دەق بە قینە دەکات و حوکم بەسەر گوتاری فەرمیدا دەکات))(پێشو: ٣). نوسەر بەپێی بنەمایەکی دیاری ڕەخنەی فیمینیزمی کە دەرخستنی کێشەی ژنان و ئەو ستەمەی بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێت، وتارەکەی نوسیوەتەوە و بە نمونەی شیعری وتارەکەی تۆکمە کردووە.

نوسەر دەیەوێت لەڕێگای قوبادی جەلی زادەوە ئەوەمان پێ بڵێت کە ژن هەوێنی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبیە لەڕوانگەی قوبادی جەلی زادەوە، بەڵام لێکدانەوەی کۆمەڵگە بۆ هۆنراوەکانی قوبادی جەلی زادە جیاوازە لەو بیرەی کە قوباد هۆنراوەکەی پێ نوسیوە بۆیە دەڵێت ((ڕەخنەگران لەسەر قینەی قوبادی جەلی زادە قسەدەکەن، ئەویش لەهەمان کاتدا لە دەرەوەی دەق یان لە واقع دا بونی نیە، بەڵکو دەقی شیعری بە کینە کردووە شیعریەتی بەرهەم هێناوە)) (پێشو: ٣).

ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کاتێك دەقێکی ئەدەبی بەرهەم دێت دەکرێت چەند خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەو جۆرانەی ڕەخنە لەدایك بێت.

ئەوەی جێکەی سەرنجە نوسەری ئەم وتارە پیی وایە کە جوانییەکانی ژیان لە جوانییەکانی ژندایە، بەڵام کاتێک دەڵێت بەرزێتی دەق- ژن کلتوری ڕۆشنبیری کوردی بەرز ڕادەگرێت، تاڕادەیەک بۆچونەکەی لێڵە و ڕون نییە، چونکە لە کلتوری ڕۆشنبیری ژندا پێگەی ژن بەرزڕانەگیراە و لە زۆر باردا پێگەی ژن بەلاواز دانراوە، ئەمە لە لای شاعیرانی دیکەش هەروابووە ، بەواتایەکی دیکە بەشێک لە شاعیرانی کورد پێگەی ژنیان لا لاواز بووە ئەمە لە شیعری مەحوی و حەمدیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەدی دەکرێت بەپیی میتۆدی ڕۆشنبیری

سەرجەمی ئەو دەقانە دووچاری ڕەخنەیەکی قوڵ بونەتەوە، لەبەرئەوەی لەژێر کاریگەرییە نەرینییەکانی نەسەقی کلتوری کۆمەڵگادا ئەو دەقانە بونیادنراون، باشە بۆچی نوسەری ئەم بابەتە بیری لەم جۆرە بەکەم تەماشاکردنەی ژنان لە کلتوری کوردیدا نەکردووەتەوە، خۆ ئەگەر مەبەستی لای ئەم شاعیرە ببوایە دەبو بەڕونی ناوی شاعیری بهێنایە و ئاماژەشی بەو شاعیرانەی دیکە بکردبایە کە پێگەی ژن لە دەقەکانیاندا بەرز ڕانەگیراوە.

## ٣-٧-٦-- هێرمینۆتیکا

## ٣-٧-٦-١- زاراوەی هێرمینۆتیکا

هێرمینۆتیکا، یەکێکە لەمیتۆدە ڕەخنەییەکان. لەسەرتاوە بۆ بەبەتە ئاینییەکان بەکارهێندراوە و دوبارە خوێندنەوەیان بۆ دەقە ئاینییەکان کردووە، پاشان ئەم میتۆدە و دوبارە خوێندنەوەیە بەپێی تێگەیشتنی خوێنەر گواستراوەتەوە بۆ نێو دەقی هونەر و ئەدەبیات. زاراوەی هێرمینۆتیکا ((لەکرداری گریکی hermeneuen هاتووە، کەبەواتای to interpret لێکدەدرێتەوە و ئاماژە بەبواری عەقڵی دەدات، کە بەواتای لێکدانەوەی دەربڕینە مرۆڤایەتییەکان بەندیوارە، بۆچونەکەی تر پیی وایە وشەکە پەیوەستە بەناوی هرمسhermes پەیامهێنی خوداوەند. کە هەڵگری پەیامە لەخواوەندەوە بۆ مرۆڤ، واتا لە ئاستێکی تێگەیشتنی بەرزەوە بۆ بۆ ئاستێکی تێگەیشتنی نزم، ئەمە خۆی لە پردێک دەنوێنێت لەنێوان بیرکردنەوەی خودای و بیرکردنەوەی مرۆڤی)) (ئەحمەد،٢٠١٤: ٧).

لەبارەی خستنەڕوی زاراوەی هێرمینۆتیکاوە بۆچونی جیاواز کراوەتەڕو، بەڵام لە کرۆکدا نزیکن لە یەکترەوە دەگوترێت: (( وشەی hermeios ئاماژەیە بۆ priest– کاهینی پەرستگای دەلفی، هەروەهاhermeneeuein ئاماژەیە بۆ کار و hermeneia ئاماژەیە بۆ ناوی خواوەندی باڵداری هرمس، ئەم ئەم وشەیە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ وشەی hermetique کە بەواتای ناڕونی و جادوو دێت.)) (بارة،٢٠٠٨: ٢٢٧).

هێرمۆنیۆتیکا لە زمانی کوردیدا لەپاڵ وشە ڕاڤەکاری دا هێرمینۆتیکاش بەکار دەهێنرێت، لە زمانی عەرەبیشدا ((التأويل ، تفسير) بەواتای گەڕاندنەوە (ارجاع) واتا هەڵگێرانەوەی شتێک بەشتێکی دیکە بۆ بەکاردەبەن)) (ئیمامی، ٢٠١٨: ٤٦١).

زاراوەی هێرمینۆتیکا لە وشەی (هرمس)ەوە هاتووە و بەواتای پێغەمبەری خوداوەند دێت، ئەم پێغەمبەرە لەنێو میسیۆلۆجیای یۆنانیدا ئەرکی گەیاندنی بریارەکانی خوداوەندە لەنێو مرۆڤایەتیدا (حاجی،٢٠٠٨: ٨٧).

## ٣-٧-٦-٢- پێناسەی هێرمینۆتیکا

لەبارەی پێناسە و ناساندنی هێرمینۆتیکاوە بۆچونی زۆر و جیاواز خراونەتەڕو، بەڵام هەمو جیاوازییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە هیرمینۆتیکا قسەکردنە لەسەر دەق. ((لە بنەڕەتدا ئاماژەیە بە جۆرێک لە زانست و ئێستاتیکای مەعریفی لەسەر کۆمەڵێک بنەما وەستاوە بۆ بریاردان لە ڕاڤەکردنی تێکستەکان)) (عوسمان، ٢٠١١: ٢٨).

ئەم میتۆدە پیی وایە کە هەردەقێك لە ڕاڤەیەك زیاتر هەندەگرێ ڕاڤەکانیش بەواتای ڕاست و دروستی ڕەهای نایەت، بەڵکو هەرچەند بخوێندرێت ڕاڤەی تری بۆ دەکرێ ئەم ڕاڤانەش هەمویان دەشێت دروست بن بەڵام ڕادەی دورونزیکیان بەپێی ژینگە و ژیان شلۆڤە کراوەکان لەبابەتەکە لە بابەتەکەدا هەیە و ئەو واتا و دەلالەتانەی کە بە دەقەکە بەخشراون گوزارشتن لە زیندوویی دەق لەلایەك و بیرتیژی خوێنەران لە لایەکی ترەوە، بەمەش(( هەوڵی ئاشکرا کردنی واتای دەق و مەبەستی دانەر دەدات ئەگەر شیکەرەوە لەمیانەی گەڕان بەدوای ئەوەی ڕواڵەتی بەشەکان دەیگەیەنن، ئەگەر تێگەیشتنی دەق بخاتە ئەستۆی خۆی ئەوا ڕاڤەکەر بەمەبەست ناگات، بەڵکو هەوڵدەدات مەبەستی دانەر تێ پەڕێنێت و بەدوای ئەوەدا بگەرێت کە لەپێش وشەکانەوەیە واتە بەدوای ڕەمزە شاراوەکانی دەقدا دەگەڕێت)) (قەطوسی، ٢٠١١: ١٣٧).

## ٣-٧-٦-٢- مێژو و پێشەنگەکانی هێرمینۆتیکا

هێرمینۆتیکا مێژویەکی دیاریکراو و ڕونی نییە، بۆیە هەر شارەزایەکی بوارەکە بەشێوەیەک باسیان لە مێژوی دەرکەوتنی کردووە، بۆیەوەی نەکەوینە هەڵەیەکی زانستی و بابەتەکە ڕونبێت مێژوی ئەم میتۆدە دابەش دەکەین بەسەر چەند قۆناغێکدا و لەنێو هەر قۆناغێکدا پێشەنگ و جۆرەکانی هێرمینۆتیکا دەستنیشان دەکەین:

١_ **قۆناغی کلاسیک:** ئەم قۆناغە لە گریکەکانەوە دەست پێ دەکات.

_ **ئەفلاتۆن.** هەڵگری تیۆرێکە سەبارەت بە ڕاڤەکاری، کە بەم شێوەیە ((شاعیرەکان بە سەرچاوەیەکی سروشتی شیعرییەوە گرێدراون، ئەوان وەکو یەکەمین ئەڵقەی زنجیرێک کە بە

سەرچاوەیەکی کێشدار و موقناتیسییەوە بەسترابنەوە لە حاڵەتی لەخۆدابون و ڕاکێشاندا دەکەونە ژێر باندۆڕی ئەم سەرچاوەیە، شیکار و ڕاوییەکانی شاعیران لە ئەڵقەی دووەمی زنجیرە دەردەچن، ئەوان بەکاریگەری لە هێزی خواوەندی شیعر کە لە شاعیرانەوەوەردەگرن گەلێک خاڵ لەگەڵ خەڵکی ئاسایی دێننە بەر باس، دواجار موقناتیسی یەکەمین شیعر لە ڕێگای شاعیرەکانەوە و دواتر بەهۆی ڕاوی یان شیکارەکان بۆ هەموان دەگوازرێتەوە)) (عوسمان، ٢٠١١: ٥٧_٥٨).

_ **ئەرستۆ.** خاوەنی وتاری (هونەری لیکدانەوەیە)، کاتێک قسە لە سەر بابەتێک دەکات، وای دەبینێت پیویستی بەلێکدانەوە هەیە، ئەم کارە خۆی لەخۆیدا بابەتیکی هێرمینۆتیکییە، ئەرستۆ ڕای وایە ((گوتار بەرجەستە کردنێکی فیکری و ڕۆحە لە ڕێگەی زماندا و گواستنەوە و وەرگێڕانی فیکرە بۆ وشە)) (عوسمان، ٢٠١١: ٥٨).

**٢_ قۆناغی ڕۆمانسیزم**

ئەم قۆناغەی هێرمینیۆتیکا بریتییە لە ئازاد کردنی ئەو سنورانەی کە پێشتر ئاینی لاهوتی بوی کێشابون، لە دیارترین فەیلەسوفانی ئەم قۆناغە:_

**_شلایرماخر.** هەوڵی زۆری ئەم بیرمەندە هێنانەناوەوەی چەمکی تێگەیشتن بو، واتا ((تێگەیشتن لە تێکست بە دوبارە بونیادنانەوەی ئەزمونی تێکست دەبێت، ئەمەش لەڕێی توێژینەوەی لایەنی بابەتی تێکست کە بریتییە لە زمان هەروەها لەڕێی توێژینەوەی لایەنی خودی یان لایەنی بیری دانە لەمیانی توێژینەوەی بەکارهێنانە تایبەتییەکەی لەزماندا، هەمو ئەمانەش لەڕێی گوێزانەوەی لەبەشەوە بۆ گشت و بەپێچەوانەشەوە کە بە بازنەی هێرمینیۆتیکی ناسراوە (قادر، ٢٠٢٣: ١١٤).

**٣_ قۆناغی فەلسەفی**

لەم قۆناغەدا هەوڵدرا هێرمینۆتیکا بە بابەتە فەلسەفییەکانەوە ببەستنەوە، کە ئەویش لەڕێگەی پرسیار و گومانەوە دەست بە شرۆڤەکردنی دەق کرا، لە دیارتین فەیلەسوفانی ئەم قۆناغە:_

**ئەنمۆن هوسرل (١٩٥٨_ ١٩٣٧).** لە دیارترین بیرۆکەکانی لەبارەی هێرمینۆتیکاوە (گەڕانەوە بۆ جەوهەری شتەکان)، ئەم فەیلەسوفە ((سیفاتی میتۆدیانەی بەزاراوەی فینۆمینۆلۆجیا بەخشی، ئەوڵی چارەسەر کردنی تێگەیشتن لە بون(وجود) دەدا))(بارة،٢٠٠٨: ٢٠٤) لەڕێگەی ڕاڤەکاری هێرمینۆتیکاوە.

**مـارتن هایـدگەر(١٨٨٩_١٩٧٦).** یەکـێکە لە فەیلەسـوفانی بـونگەرایی هەوڵەکـانی لەبـارەی هێرمینۆتیکاوە بریتـی بـو لە (( بـونی کـرد بـە سـەنتەرێک بـۆ تێگەیشتن لە هێرمینۆتیکـا، بڕوای وابـو کە دەبێـت هێرمینۆتیکـا بە ڕوانینێکـی بـونگەرانەوە لەکاردابێت))(عوسـمان، ٢٠١١: ٧٢) کەواتە ئەم دوو چەمکە واتا هێرمینیۆتیکا و بون، لۆ لێکدانەوەی دەق لەپەیوەندیدان. هایدیگەر بـڕوای وابـو ((هەمـو شـێوەکانی لێکدانەوەی دەرونـی خـودی کە زمـان بە خـودیەتی مـرۆڤ و ئەزمـون ە نـاوەکییە تایبەتمەنـدییەکەیەوە پەیوەسـتدەکەن ڕەتـدەکاتەوە)) (قـادر، ٢٠٢٣: ١١٥)، چونکە ڕای وایە ڕای بون لە چوارچێوەی زمانەوە خۆی بەدەر دەخات.

**٤_ قۆناغی پۆست مۆدێرنیزم**

ئەم قۆنـاغە لە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمەوە دەسـت پێدەکات لەو کـاتەوەی کە جـاک دێریـدا و فەلسـەفەکەی بەشـێوەیەکی بەربـڵاو بەدەرکەوت. لەم قۆنـاغەدا چەنـدین فەیلەسـوفی بەشـداریان لە بەرەوپێشـبیردی هێرمینۆتیکـادا کـرد، بەڵام هەر فەیلەسـوفێک وابەسـتەی فەلسەفەکەی خۆی دەکرد.

**جـاک دێریـدا(١٩٣٠_٢٠٠٤).** یەکێکە لە فەیلەسـوفانی پۆسـت مـۆدێرنیزم، کە کـاری لەسـەر جیاوازی لە تێگەیشتن لە دەق، چونکە کاتێک دەقێک پەرە دەسێنێت و بەربڵاو دەبێتەوە، لەگەڵیدا واتا و تێگەیشتنیش پەرە دەسێنێت، هێرمینیۆتیکاش ئامادەیی ئەوەی تیایە لەگەڵ ئەو پەرەسەندنەدا خۆی بگونجێنێت (عوسمان، ٢٠١١: ٧٤_٧٥).

## ٣_٧_٦_٣_ بنەماکانی هێرمینیۆتیکا

بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی هێرمینیۆتیکا چەند خەسڵەت و بنەمایەکی گشتی هەبو، ڕاڤەکارانی ئەم بوارە بەشێوەی تایبەتی خۆیان مامەڵەیـان لەگەڵـی کـردووە و بەسـتویانن بە بنمـای فەلسـەفە و بیرۆکەکانی خۆیانەوە، لە گرنگترینیان:_

١_ تێگەیشتن، بنەمای دیاری هێرمینیۆتیکایە، پەیوەندیدارە بەزمانەوە.

٢_ گرنگیدان بە ڕاڤەکار(عوسمان: ٦٨)، چونکە ڕایان وایە کە ڕاڤەکـان بە هەمـان تێگەیشـتنی نوسەر ، ڕوانگە هێرمینیۆتیکەکانی کۆدەکاتەوە.

٣_ گرنگیـدان بەواتـا و ڕاڤە و لێکـدانەوەی واتـای تێکسـت و گەڕان بەدوای نێنـی نـاو تێکسـت (قادر، ١١٦).

٤_ هیرمینیۆتیکا لە کاری ڕاڤەکاریدا نوسەر وەلاوە دەنێت و (( گرنگی بەدەق دەدات) (ئیمامی: ٤٨٥).

٥_ دەق لە هۆکارە دەرەکییەکان دادەبڕن، واتا لێکدانەوەی دەرونی و کۆمەڵایەتی وەلاوە دەنێن.

بەپێی ئەم بنەمایانەی هێرمینیۆتیکا چەند وتارێک لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا بەدی دەکرێت لەوانە:_

**یەکەم:** هیمداد شاهین لە ژمارە (٢٧٢) لەساڵی (٢٠١٠) بابەتێکی بەناونیشانی (دونیاناسی لە دیدی حەزرەتی مەحوییەوە) بڵاوکردووەتەوە، نوسەر بۆ پەیبردن بەنهێنییەکانی نێو دەقی شیعری کلاسیکی کوردی ئەم جۆرە لە ڕەخنەمان بۆ شی بکاتەوە بە پشت بەست بە هۆنراوەکانی مەحوی شاعیر و شاعیرانی کلاسیك لەسەرەتادا دەڵێت: ((بۆ ئەوەی لە نهێنی زۆر لە گوتارەکانی نێو دونیای ئەدەبی کوردی بەگشتی و ئەدەبی کلاسیکی کوردی تێ بگەین پێویستە لەنێوشدا گۆڕاوی شاردراوەو دیوی نهێنی تێکستەکان بەدوای واتاکانی تری تێکسدا بگەڕێن))(شاهین، ژ. ٢٧٢، ٢٠١٥: ٥). یەکێک لە بنەما دیارەکانی هێرمینیۆتیکا، ڕاڤەکاری و تێگەیشتنی خوێنەر بۆ دەقە، نوسەر هەوڵیداوە بەپێی ئەو بنەمایە وتارەکەی نوسیوەتەوە. لێرەدا نوسەر لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیەوە بە ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکانی مەحوی دەڕوانێت، کە ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی هێرمینیۆ تیکا.

بەم جۆرە دەیەوێت لەڕێی شیکردنەوە بۆ نزیك لە تێکستەکانی مەحوی ئەوەمان بۆ ڕون بکاتەوە کە بە تێڕامان لە تێکستەکانی مەحوی خۆی عاریفێك بووە لە عاریفەکانی سەردەمی خۆی لەم ڕوانگەوە دەڵێت: ((لە ڕاستیدا سەلماندنی عاریف بۆ بونی مەولانا مەحوی زۆر گرنگ نیە، چونکی ئەم پیاوە خۆی عاریف بووە و بەپێی قسە لەسەرکردن سەلماندنی ئەو ڕاستیە قسەی زیاتر هەڵدەگری کە دواجار بڕوامان پێدەهێنێت کە ئەم شاعیرە عاریفێکی ڕاستەقینەبووە ))(پێشو:٥). ئەم بۆچونە ناخرێتە چوارچێوەی هیچ بنەمایەکی دیاری هێرمینیۆتییکییەوە بەڵکو زیاتر بەپیی تێگەیشتنی سادەی نوسەر بۆچوونەکەی خستووەتەڕوو، ئەمەش بەپشت بەست بە چەند دێڕێك لە تێکستەکانی مەحوی ڕونکراوەتەوە دوو لەم نمونانە بەم شێوەیە خراونەڕو:

دەزانی جیفریە دونیا دەحەیفە     وەکو سەگ ئەم شەڕو شوارە لەسەر لاك

پاشان دێڕێکی تر لە هۆنراوەکەی مەحوی دەهێنێت کە دەڵێت:

ئەوەندە تەنگ و ناخۆشە لەدونیا   خۆشە دەرچون ئەگەر چی بۆ سەفەر چین

له باسی ئەم دوو دێڕە لە هۆنراوەکەی مەحوی نوسەر دەڵێت: ((ئەمانە ئەو نمونە گەلەن کە هیچیەتی دونیامان بۆ ڕون دەکاتەوە لەلای ئەم عاریفەوە ئەم پیاوە لەماوەی تەمەنی فیسۆلۆجی و عەقڵی و مەعنەویەتی ژیانی خۆیدا هەمیشە پەرەسەندنی کۆی دونیا بووە و ئیشی لەسەر هیچاندنی دونیا کردووە))(پێشو:٥). ئەم شیکردنەوەیە لە بنەما دیارەکانی هێرمینیۆتیکایە و ڕاڤەیەکی جیاوازی بۆ دەقەکەکردووە لەو نوسەرانەی کە پێش ئەم لەبارەی مەحوییەوە نوسراوە، بۆ وێنە (مەلا عبدالکریمی مودەڕەس) لە کۆتایی ئەم بەشەدا بەمە پەنا بەم جۆرە لە ڕەخنەی هێرمۆنۆتیکی دەهێنێت کە دەڵێت ((مەولانا مەحوی پیرێك لێوان لێو لە خەم خورد بۆ شکست هێنانی مرۆڤەکان لەبەرامبەر تێگەیشتن لە فاکتی دونیا)) (پێشو: ٥). تێگەیشتن و دوبارە خوێندنەوەی دەق بۆ بینینەوەی واتای نوێ و دابڕینی دەق لە هۆکارە دەرەکییەکانی دەرەوەی دەق لە بنەمای دیاری هێرمینیۆتیکایە، نوسەریش هەوڵیداوە ئەم بنەمایە جێبەجێ بکات لە نوسینی وتارەکەیدا، بەڵام بەپێی بۆچونی ئێمە بەبی ئاگایی نوسیویەتی.

ئەگەرچی ئەم وتارەی نوسەر دەچوارچێوەی خوێندنەوەیەکی هێرمۆنەتیکییە بۆ چەند دەقێکی شیعری مەحوی، کەچی بە وشەیەکیش ئاماژەی بە میتۆدی هێرمۆنەتیکی نەکردووە، پاشان کاتێک باس لە پوچی دونیادەکات بۆچی بەمیتۆد، یاخود ڕێبازی پوچگەراییەوە هاوپێچی نەکردووە. ئەوەی لە ناوەڕۆکی وتارەکەدا دەبینرێت خوێندنەوەیەکی هێرمۆنەتیکایە و پێویستە نوسەر بەوردی باسی لە ئەو میتۆدە بکردبایە و بەپێی ئەو میتۆدە مامەڵەی لەگەڵ دەقەکەدا بکردبایە، ئەوکات نوسەر دەیزانی کە بۆچونەکانی خوێنەر لەڕاڤەکاریی دەقەکەدا گرنگە، چونکە ڕابەرانی میتۆدی هێرمۆنەتیکا بڕوایان بەخوێندنەوە جیاوازەکانی دەق هەیە، بۆ زیندوو ڕاگرتنی دەق.

پاشان لە بەشی دووەم بابەتەکەیدا لە ژمارە (٢٧٣) لەسەر باسکردن لەم جۆرە لە ڕەخنە (هێرمۆنتیك) بەردەوام دەبێت بەپشت بەستن بە هۆنراوەکانی مەحوی شاعیر بۆیە لەسەرەتای ئەم بەشەدا دەڵێت ((دونیا هەمیشە لەنێوان خۆشەویستی و دەقی مرۆڤەکان بەرامبەر بەیەکتری دا لە خولانەوەوئەم بەرو ئەوبەری بەردەوام دا بووە بەواتایەکی تر ژیان بەهەمیشەیی لەنێوان ئەم پرۆسەی ئەم بەرکردن و ئەو بەرکردنەدا بووە لەنێوان ستایش و هیچای مرۆڤەکاندا)) (پێشو، ژ٢٧٣: ٥). یەکێک لە کێشەکانی ئەم وتارە لە چوارچێوەیەکی هێرمینۆتیکادایە، بەڵام نوسەر نەیتوانیوە وابەستەی بنەما زانستییەکانی بکات.

دونیا لەڕوانگەی مەحوی شاعیرەوە هیچ بەهایەکی نەبووە بەئەوەی نەزانیوە کە مرۆڤ خۆی سەرقاڵ بکات بە ئەو کێشمەشمەی لەنێوان تاك بەتاکی دانیشتوانی گەردوندا هەیە ئەمەش

به پشت بەستن بەو دێرە شیعریەی کە نوسەر وەك گووتە خستویەتیە چوارچێوەی وتارەکەیەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

زاهید و سۆفی بەشەرهاتن لەسەر تەزویر و شەید  خێری ڕەندانە خوداکا بەر تەڕەف بێ هەر تەڕەف ((لەم بەشە شیعریە دوایانەدا مەحوی بەئاشکرا دابەزیوەتە سەر زاهید و سۆفی هەڵبەت بە تەزویر و چاو فێڵباز ناو بابەتی هێناوە، کە ئەو پێی وایە ئەم جۆرە زاهید و سۆفیانە ئەهلی دونیان و دونیا پەرستن، واتە بەبڕوای مەحوی واتە هیچ ناپەرستن جگە لە هیچی)) (پێشو:٥). ئەمە بۆچونی تایبەتی نوسەرە، ئەم جۆرە بۆچونە بنەمای دیاری هێرمینیۆتیکایە و تێگەیشتنی جیاواز بۆ خوێندنەوە و بەرهەمهێنانی واتای نوێ لەدەق بەرهەمدێت. بەم شێوەیە باسی بۆ ڕەهایی دونیا بەسەر پاکی و ئارەقەوە دیارە لەڕوانگەی هۆنراوەکانی مەحوییەوە. لەکۆتایدا پێی وابووە  کە مەحوی ((ڕەشبین بووە  لەبەرئەوەی دونیا هیچ دروستکراو هیچ لەبەرئەوەی وێران نەبێت)(پێشو:٥). ئەم خوێندنەوەیە، شێوازێکی هێرمۆنەتییکییە، چونکە خوێندنەوەکە بەپێی بۆچونەکانی خودی نوسەرە و دەکرێت لێکدانەوەی دیکەی بۆبکرێت، بەپێی تێگەیشتنێکی تری خوێنەر، لە هێرمۆنەتیکیدا خوێنەر و دەق سەنتەری لێکۆڵینەوە، لەبەرئەوەی کار لەسەر بیرۆکەکانی خوێنەر دەکرێت بۆ تێگەیشتن لەدەق، ئەم خەسڵەتە بە ناوەڕۆکی وتارەکەوە بەدی دەکرێت، بەڵام نوسەر ئاماژەی بۆ نەکردووە و خۆی بەباشی ئامادەنەکردووە بۆ شیکارکردنی دەقەکە.

**دووەم:** هیمداد شاهین لە ژمارە (٢٥٩)، لە ساڵی (٢٠١١) بەناونیشانی (چیەتی مەرگ خوێندنەوەیەك بۆ چەمکی مردن) بلاوکردووەتەوە، کە تیایدا نوسەر لە باسی مردن دەستپێدەکات ((مردن واتا ساتەوەخت لەناوچون یان نەمان و سڕینەوەی ژیان جا ژیانی هەمو ڕوح لەبەرێك بەو واتایەی کە هەر ڕوح لەبەرێك دواجار روح بسپێرێتەوە مرد)) (شاهین، ژ. ٢٥٩، ٢٠١١: ٤).

نوسەر بەم باسە بەپشت بەستن بە شیعری عیرفان وتارەکەی خۆی دەوڵەمەندکردووە و لە نمونەی شیعری مەحویدا تاکە دێری دەستنیشان کردووە کە لەگەڵ کارەکەیدا یەکدەگرنەوە، دەوترێت:

(( بەجێماوم لە پاشان نا بەجێ ماوم ئەجەل زوکە   بەمردن لەم قسوری ژینە ئیسقهانەکەم چیبکەم)) مەحوی

پاشان نوسەر هۆکاری ئاواتخوازی مرۆڤەکان بۆ مردن دەخاتەڕو ((لە ڕاستیدا ناخۆشی بینین لە ژیان و خۆش نەژیان دەبێتە هۆیەك بۆ ئاوات خواستن بە مردن و خۆشەویستی مەرگ،

هۆیەك بونی گوزەراندنی ژیان بۆ خۆشەویستی مردن ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی هێرمۆتیك کە ئامادەیە هەیە لە دیوی پشت مردنەوە واتە گەشبین بون بە دونیایەکی دی))(پێشو:٤). لێرەدا خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ دەقەکە کردووە و بەپێی تێگەیشتنی خۆی واتای نوێی لە دەقەکە بەرهەمهێناوە، ئەمەش بنەمایەکی دیاری هێرمینیۆتیکایە.

ئینجا ئەم باسە کە باسی مردنە بەسەر پاکی وتارەکەوە دیارە وەك هۆیەك کە سەرجەم مرۆڤایەتی ترسی لێی هەیە بۆیە کۆتایی وتارەکە بەمە دێت. بەڵام ئەوەی هەستی پێدەکرێت کە عاریفەکان بەشێك لە فەیلەسووفەکان بێ باکن: ((لەڕاستیدا وەك چۆن عاریفێك لەمردن بێ باکە بە هەمان شێوەش فەیلەسووف و شاعیرەکانیش هەروا بێ باکن لە مردن))(پێشو:٤). ئەم بۆچوونە بەپێی گێڕانەوە و شرۆڤەکردنی دەقە، چونکە لەلایەک باس لەبێباکی و بەرئەنجامەکەی دەکات لەنێوان عاریفان و شاعیرانی دیکەدا، لەلایەکی دیکەشەوە لەم شێوە لە بۆچوونە لە نوسینەکانی دیکەدا بەدی دەکرێت، ئەمە دەچێتە چوارچێوەی تەئویل کردنی دەقەوە و بنەمایەکی هێرمینیۆتیکییە. چونکە ئەمە ئەو جیاوازیەمان بۆ دەخاتەڕو کە دەشێ جگە لەم چەند چینەی کە باسکران خەڵکانێکی دیکە لە مردن و باسی مردن بۆشین.

## ٣-٧-٧- سیمیۆلۆژیا

### ٣_٧_٧_١_ زاراوە و پێناسەی سیمۆلۆژیا

زاراوەی سیمۆلۆژیا (semiology) لە (semeion)ی یۆنانییەوە هاتووە، لەزمانی ئینگلیزیدا وشەی (semeiotics، semiology،semiotic )(longman، 1546 :2013 )ی بۆ بەکاردەهێنن و لە زمانی عەرەبیشدا (السیمائیة، السیمائیة) (منظور،ج١٢، ١٩٧٥: ٣١٢)، بەواتای (هێما_ نیشانە) دێت. لە زمانی کوردیشدا سود لە سیمۆلۆژیای ئینگلیزی وەرگیراوە لە پاڵ زاراوەی نیشانەناسیدا، سیمۆلۆژیا وەك یەکێك لە بزاڤ و میتۆدە ڕەخنەییەکانی قوناغی پاش بونیادگەری خاوەن باگراوەندێکی مێژوییە، کە لەسەرەتادا لەکاری پزیشکی و لۆژیك ناسی سەری هەڵدا، وەکو نیشانە و ئاماژەیەک کە لە بوندا هەن، خۆیان هەڵدەگرنەوە لەکاری پزیشك ناسی و لۆژیکی، وەك زانستێکی سەربەخۆ خۆی دەربخات و ڕاییگەیەنێت و تایبەتمەندی خۆی لەبواری زمانەوانی و تەواوی بوارەکانی تر وەربگرێت، ئەم میتۆدە توانی لەسەر ئاستی سەرخان و ژێرخانیدا کاربکات. (( بەشێوەیەکی گشتی سیمۆلۆژیا( نیشانە ناسی) ئەوزانستەیە کە لە نیشانە زمانی و نازمانییەکان و سیستەمی نیشانەکان و پەیوەندی نێوانیان و چییەتی و ئەرک و ڕۆڵی ئەم نیشانانە لەگەیاندنی پەیام و زانیاری دەکۆڵێتەوە)) (قادر، ٢٠٢٣: ٩٦). سیمۆلۆژیا لە ئێستادا

دیاردەیەکی گەردونییە و پەیوەستە بە زۆربەی زانستە سروشتی و مرۆڤایەتیەکان بەر لەوەی پەیوەست بێت بە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییەوە. ئەم میتۆدە کاردەکات لەسەر جیهانبینی نوسەر بەپێی خوێندنەوەکانی دەلالەتە وەدەست هاتووەکانی خوێنەر بۆ هەر دەقێك، چونکە هەر دەقێك لەلایەن خوێنەرانەوە واتایەکی تایبەتی یان دەلالەتێکی تایبەتی هەیە ئەویش پشت دەبەستێت بە ئەو (دال)و ئەو مەدلولانەی کە دالەکان دەیبەخشن. بنیادی زمانی هەر دەقێکیش بەتایبەت شیعر خۆی لەلایەنی هەڵبژاردن و ڕێکخستنی وشەکان دەبینێتەوە.

سیمۆلۆژیا کاتێک شیکردنەوە بۆ دەقێکی ئەدەبی دەکات، تەنیا لە سیاقی ئەو دەقەدا کار دەکات. کە کۆمەڵێک سیستەمی پەیوەندیدارن پێکەوە، کە سیستەمی نیشانەی زمانین، ((نیشانەش لە ئەدەبیاتدا، لە پەیوەندییەکان دروست دەبێت و ناتوانین دور لەو سیستەمەی کەهەیەتی باسی لێوە بکەین)) (علاق، ٢٠٠٩: ١٥١).

## ٣_٧_٧_٢_ بنەماکانی سیمۆلۆژیا

وەکو هەر میتۆدێکی دیکە کۆمەڵێک خەسڵەت و بنەمای هەیە کە توێژەرانی سیمۆلۆژیا پێڕەوی لێدەکەن و لە کارەکانیاندا پشتی پێدەبەستن، لە گرنگترینیان:_

١_ کاری سیمۆلۆژیا مەمەڵەکردنە لەگەڵ واتا دا، لە پەیوەندی واتای (دال و مەدلول) دەکۆڵێتەوە(قادر، ٩٧).

٢_ کار لەسەر سیستەمی نیشانەکان دەکات و پێی وایە هەمو نیشانەیەک، ئاماژەیەکی نائامادە لە قوڵایدا پەنگی خواردووەتەوە.

٣_ گرنگی بە دەق و خوێنەر دەدات، واتا بەگەران و خوێندنەوە واتای جیاوازی دەق دەبینرێتەوە(قطوس، ٢٠١١: ١٣١).

٤_ بایەخدان بە سیمۆلۆژیای ناونیشان (خەلیل، ٢٠١٧: ١٦٠).

**یەکەم:** سەلاح پاڵەوان لەژمارەکانی (٢١٥ ـ ٢١٦ ـ ٢١٧ ـ ٢١٩ ـ ٢٢١) ساڵی (٢٠١٠) بابەتێکی بەناونیشانی (خوێندنەوەیەك بۆ شیعری کراوە لە شیعری نوێی کوردیدا) ئەم ناونیشانە بە حەوت بەش ئاماژەی بۆ کراوەو شیکراوەتەوە لەسەر چەند هۆنراوەیەکی سباح ڕەنجدەر جێبەجێ کراوە لەهەریەك لە ژمارەکانی ڕەنگی داوەتەوە، تیایدا نوسەر باسی ئەو شێوازە لە شیعر کردووە کە بەزمانێك نوسراوە دەکرێ لە چەند لایەکەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت ئەمەش لە هۆنراوەکانی ناو دیوانی (سەدو یەك شەو) لە شاعیری ناوبراو وەرگیراوە بەپشت بەستن بەو

شێوازانەی کە هۆنراوەکانی پێ نوسراوە، نوسەر لەسەرەتا بە زمانی شاعیر دەست پێدەکات کە دەڵێت ((زمانی شیعری ئەم شاعیرە لەم دیوانە شیعریەدا بازدانێکی سیمۆلۆژیانەی بەخۆوە بینیوە ئەو بازدانەی لە دیوانەکانی تری وەك زێوان و خەون خۆی گێرایەوە بەدەرناکەوێ)) (سەلاح پاڵەوان، ژمارە ٢١٥، ٢٠١٠: ٣).

ڕەخنەی سیمۆلۆژی دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی سود لە شێواز و زمانی ئەو شاعیرە وەربگرێت، کە شیعرەکەی نوسیوە بۆیەش دەبینن نوسەر باس لەزمانی شیعری ئەم شاعیرە دەکات پاشان باسی ئەو وشە و هێمایانە دەکات کە شاعیر لە هۆنراوەکانی ئاماژەی بۆ کردوون بەتایبەتی ئەو هێمایانەی کە پەیوەندییان بە ناونیشانی دیوانەکەوە هەیە (لە شەو تاریکی نزیکە) نوسەر نمونەی شیعری وەرگرتووە هەرەکو دەڵێت:

(( کەڵەباب و ئەستێرەی تاریك و ڕونی بنەرکرد

شڵەژاوو ترسێك

دانەوێڵە کۆکراوەکانی لێکرد بە گوڵەی ڕاوچی)) (پێشو: ٣).

نوسەر بەم شێوازە باس لەم هۆنراوەیە دەکات ((داگیرساندنی چراو کوژاندنەوەی لە شیعرەکانیدا زۆر دوبارە دەبنەوە، دوبارە بونەوەی سوارێکە کە لە بۆراقەوە دێتە خوارێ و سەردەکەوێ کە چرا دەکوژێتەوە تاریکی دەبێتە میوان)) (پێشو: ٣). بەم شێوەیە باسی ئەو هێمایانە دەکات کە دەبنە نیشانە بۆ نیشانەی هۆنراوەکانی شاعیر (سەباح ڕەنجدەر) نوسەری شیعرەکەش لەم بارەوە دەڵێت: ((لەهەر شیعرێکی تری پێدراوی نێو دیوانی (١٠١) شەودا دەبینین شیعرەکانی سەرتاپای ڕەشیەییان داگیرکردووە سەرەڕای ئەوەی کە خەون لە تاریکیدا ڕودەدات))(پێشو: ٣)، هەروەها نوسەر باسی لە هەمو ئەو هۆکارانە کردووە کە بەبۆچونی خۆی کاریگەرییان لەسەر دانانی هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە هەبووە، بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕوناکی شەو هەیە ((خۆر و مانگ دوو سیمبولی تایبەت بەمەسەلەکانی سروشتن کە هێماکانی تاریکی و ڕەشی ئاشکرا دەکەن ئەم دوو هێمایە بۆ سەد و یەك شەو هەمان ئەو کاریگەریەیان هەیە، کە هەر کاریگەریەکی تر لە لێکدانەوەی تەمەن و ژیان هەیانە)) (پیشوو:٣). بەپێی بنەمایەکی دیاری ڕەخنەی سیمیۆلۆجیا، هەر وشەیەک دەکرێت ئاماژەیەک بۆ شتێکی بەدەر لە واتاسەرەکی و ڕوونەکەی خۆی هەبێت نوسەر لەم وتارەدا هەوڵیداوە واتای خۆر و مانگ بگەرێنێتەوە بۆ ئەو واتایەی کەخۆی مەبەستێتی.

ئینجا نوسەر باسی هەمو ئەو بابەتانە دەكات كە كاریگەری لەسەر دانانی شیعر لەلایەن شاعیرەوە دەكات ((سەدو یەك شەوە گێرانەوەیە، سیفەتی گێرانەوە وایكردووە كە زۆربەی بابەتەكان مێژو ڕوداوی لە پشتەوە بێت)) (پیشوو:٣). ئەوە دەگەیێتنێت كە شاعیر لە نوسینی هەر هۆنراوەیەكدا پشتی بە ڕوداوەكانی دەوروبەری بەستوە، پاشان باسی سروشت وەك بابەتێك كە مرۆڤ هەستی پێدەكات بۆتە جێگای باس لە شیكردنەوەی شیعرەكانی سەباح ڕەنجدەر لەلایەن نوسەرەوە كە بێگومان سروشت و شتەكانی ناو سروشت هەوێنی زۆرێك لە هۆنراوەی شاعیرەكانن ((سروشت بە هەمو پێوەندیەكانیەوە كەم تا زۆر لەنێو كۆد و دەلالەت و ناوەكانی شیعری سەد و یەك شەوەدا ئامادەن، ئەو سروشتانە لەنێوان دوو لە سیفەتە هەرە گەورەكانیدا دەردەكەون لە گیانلەبەر و زەوی و گەردو بە هەمو پەیوەندیەكانەوە)) (پێشو: ٣). بەپێی بنەماكانی ڕەخنەی سیمۆلۆژیا كەرەستەكانی سروشت زۆرجار بۆ مەبەستی شاراوە بەكارهێنراون، لێرەشدا نوسەر هەوڵیداوە كەرەستەكانی سروشت لەو دەقەدا بەكاربهێنێت كە خۆی مەبەستێتی.

دەبینین لەم وتارەدا شیعرەكانی شاعیری ناوبراو بونەتە جێگای تێرامان و پشت بەست بە ڕەخنەی سیمولۆژی شیكراونەوەو وایان لێكراوەتەوە.

**دووەم:** نیهاد جامی لە ژمارەكانی (١٢٥-١٢٦)ی ساڵی (٢٠١٢) بابەتێكی ڕەخنەیی بەناونیشانی (زمان و فرە واتایی لە ئەزمونی شیعری شێركۆ بێكەس)دا بڵاوكردۆتەوە. ڕەخنەگر تیشك ناخاتە سەر شیعر یان كۆمەڵە شیعرێكی دیاریكراوی شێركۆ بێكەس، بەڵكو كۆی ئەزمونی شیعری شاعیر لێك دەداتەوە بۆیەش ئەم نوسینە ڕەخنەییە ئەگەرچی جێگای سەرنج نیە لێرەدا شی دەكەینەوە، بەڵام ناچێتە خانەی ڕەخنەی شیعری پراكتیكیەوە چونكە وەك گوتمان لەسەر شیعرێكی دیاریكراو نەنوسراوە نوسینەكە لایەنی زمان و فرە واتای وشەكە لە ئەزمونی شیعری شێركۆ بێكەسدا لێكدەداتەوە بۆیە دەخرێتە خانەی ڕەخنەی سیمۆلۆژیاوەو بەڕەخنەی نیشانە ناسانە ناوزەند دەكرێ. لەم ڕەخنەیەدا هەر وشە و دەستەواژەیەك بۆ خۆی وەك نیشانەیەك دادەنرێت، كە هەڵگری چەندین واتای جیاوازە، كە لە ئەنجامدا لە ڕووی واتاییەوە دەقێكی دەوڵەمەند بەرهەم دەهێنێ، ڕەخنەگر دەڵێت كە دەیەوێ ((ئاراستەیەكی سیمۆلۆژی تەرخان بكات لەپێناو واتاو تەئویلەكردنی (ئاماژە بە زامن، مەترِیاڵ) ئەو گۆڕانەی كە زمان بەرەو فرە واتای نوسین دەبات)) (جامی، ژ١٢٥، ٦). زمان هەمیشە و بەبەردەوامی كۆد و دەلالەتی خۆی هەبووە و ڕەخنەی سیمۆلۆژیاش هەوڵدەدات ئەو كۆدانە بكاتەوە، بۆیە نوسەری ئەم وتارەش كۆدەكان و واتا زمانییەكانی بەپیی ئەم میتۆدە شیكاركردووە.

لێرەدا ڕەخنەگر ئاماژە بۆ بیرمەندی ناسراوی ڕۆژئاوایی بۆل ریکۆرد دەکات، کە گرنگی زۆری دەدایە ڕاڤەکاری، ئەمەش دەرخەری ئەو واتا جۆراوجۆرانەیە، کە شیعر بۆ خوێنەرە جیاوازەکان هەیەتی، دواتر دێتە سەر ڕوانگەکانی ڕەخنەگری ئەدەبی هاوچەرخی ئەمریکی (هاوڕۆڵ بلوم)وە ئەو وتەیەی بلوم دەهێنێتەوە، کە تەنانەت خراپ خوێندنەوەو خراپ تێگەیشتن جۆرێکە لە جۆرەکانی خوێندنەوە، لێرەدا باسی پەیوەندی نێوان شیعر و خوێنەر دەکرێ، کە بۆ خۆی چەندین بەشی جیاواز دەگرێتەوە، کە باشترینی بریتیە لە شیعری فرە واتا و خوێنەری زیرەك لە پەیوەندی نێوان ئەم دوو بەشەدا کە واتا و واتا لەدوای پرۆسەی خوێندنەوەی دەقی شیعریدا بەرهەم دێنێت. ڕەخنەگر دواتر دێتە سەر دەوری ناوەندی زمان لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا دەڵێت ((ئەو پرسیارە وامان لێدەکات ستراتیجی خوێنەرمان ڕۆشن بێت کاتێ زانیمان چۆن سەیری زمان و وەزیفەکەی دەکەین)) بۆ ئەم مەبەستەش ناچارە باس لە پێناسە جیاجیاکانی زمان بکات، لەنێویاندا پەنجە بخاتە سەر یەك پێناسەی سەرەکی پەیوەندیدار بە باسەکەوە، کە ئەویش بریتیەلە دانانی زمان وەك ((سیستەمێکی ئاماژەکاری کە خاوەنی دوو ئالیەتێکە ئەویش دال و مەدلول)) (پێشو: ٦)، بەم پێیە سەرجەم وشەکان لەڕواڵەتدا وەك دال دەردەکەون، کە هەرکامیان بۆ خۆی خاوەنی چەندین مەدلولە، مەدلولە جۆراوجۆرەکانی وشەکان لە زەینی خوێنەردا دەبنە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی فرە واتایی لە شیعرەکاندا.

لە بەشێکی تری نوسینەکەدا ڕەخنەگر (نیهاد جامی) باسی لە دەرکەوتنی سروشت دەکات، لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، پێی وایە ئەم دەرکەوتنە بەشێوەیەکی نوێ سەرەتا لە شیعری گۆران هاتە ئاراوە دوای ئەوە لەهەموان بەرجەستەتر لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا دەرکەوتووە، کە ڕەخنەگر پێی وایە شێرکۆ بێکەس ئەو پرۆژەیەی گۆران بە تەواوی بەجێ دێڵێت. هاوکات باسی لە جیاوازی گۆران و شێرکۆ دەکات، لە ڕوبەڕوونەوەیاندا لەگەڵ سروشتدا ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەگر پێی وایە گۆران زیاتر سروشتی وەسفکردووە مەبەستی وەسفکردنی دیمەنی سروشتی بووە، بۆ ئەوەی لە واقع لە کێشەکانی هەبێ کەچی شێرکۆ هەنگاوێك دەچێتە پێشەوەو ((لەو سنورە تەسك و تروسکانەی گۆران بۆی کێشا بو دەبێتە سنورێکی یەکسانی کراو، لە بەهاکانی هەڵگری واتای ڕامیارانە)) (پێشو:٦).

ڕەخنەگر پێی وایە سروشت، لای شێرکۆ بێکەس، وەك بەختیار علی گوتویەتی هەمان دەنگی مرۆڤەو مەبەستی گێڕانەوەی مێژوە. ڕەخنەگر هێندە گرنگی دانی شێرکۆی بۆ سروشت بەلاوە بایەخدارە، کە تەنانەت دەستەواژەی (سروشتی شێرکۆیی) بەکاردەهێنێت، کە لەبەختیار علی وەری گرتووە. ڕەخنەگر ئاماژە بۆ وتەیەکی بەختیار علی دەکات، کە بەم شێوەیەی

خوارەوە باسی جیاوازی پێگەی سروشتی لە بەرهەمی گۆران و شێرکۆدا دەکات: ((سروشت لەلای گۆران خودی سروشت لەوپەڕی ساتەکانی سەرسامی و مەستیدایە بە جوانیەکانی خۆی، بەڵام سروشتی شێرکۆ سروشتێکی خەسڵەتی مرۆڤێکی تێکەڵاوی واتاکان بووە، ئامانجێکی دیکە بۆ دنیا ئاڵۆزەکانی پێبردراوە)) (پێشوو: ٦)

ڕەخنەگر بەمەبەستی ڕونکردنەوەی ئەو پێناسە و شیکاریانەی سەرەوە ئاماژە بە هەندێ نمونەی شیعری شێرکۆ بێکەس دەکەن، کە تیایدا سروشت هەڵگری واتایەکی جیاوازە، لێزان بووە، لە واتای ئەفسانەیی لەڕێگەی ئاماژەدان بە کەسایەتیە کوردە ئەفسانیەکان وەك چۆن لە ئەدەبی کۆندا دەرکەوتووە ئەنجامی ئەم بەشەی ئەمەیە کە پێیوایە شێرکۆ توانیویەتی ئەو واتایەی گۆران بۆ سروشت هەی بو بیگۆڕێ، ئەمەش نمونەیەکی باشە بۆ پیشاندانی پێدانی واتای نوێ و جیاواز لە چەمکە کۆنەکاندا.

لە بەشی دووەمی نوسینەکەیدا (جامی) دیسانەوە ئاوڕ لە گرنگی دەلالەت دەدات لەم ڕێگەیەدا پرسی فرە واتایی لە شیعردا دەوروژێنێت کە یەکێك لە لێکەوتەکانی بریتیە لە تەئویل و ڕاڤەی جۆراوجۆر بۆ یەك دەق لەلایەن خوێنەر بەدەنگی جیاوازەوە. سەر بە ئاستی جیاواز و پێگە و کێشەی کۆمەڵایەتی جیاواز لە ڕەخنەگر دوا بەشی نوسینەکەی دیسانەوە تەرخانکردووە بۆ لێکدانەوەی زیاتری چۆنیەتی دەرکەوتنی بەشەکانی سروشت، لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، تاوەکو لەم ڕێگایەوە وشەکان وەکو دالێك تەماشا بکات، کە هەر کامیان هەڵگری چەندین مەدلولی جیاوازن لە زەینی خوێنەر. ئەمەش یەکێکە لە باشترین شیعرەکانی دەرخستنی ڕخنەی سیمۆلۆژیا کەتێی دا هەر نیشانەیەك خاوەنی پەیامی جیاوازە بۆ دەنگی جیاواز.

لە کۆتایی نوسینەکەدا ڕەخنەگر دەرکەوتنی سروشت لە شیعری شێرکۆ بێکەس دەبەستێتەوە بە یەکێك لە دەلالەتەکانی، کە ئەویش ئەنفال دەڵێت: ((سروشت لەو ئەزمونەدا جارێکی تر لەناو دۆخی زمانەوە دێتە بون، بەڵام بونێکی بریندار کە ئەمە برینێك بووە، بە شووناسی ئەنتۆلۆژی کوردی کە ئەویش ئەنفال لە گەڕانەوەیە بۆ زەمەنێکی نزیك لە سروشت دەکوژن)) (پێشو:٦). لێرەوە باسی بێ گوناهی مرۆڤی کورد دەکات، کە لەناو ژیانی دا بەرەو بیابانەکانی باشوری عێراقدا. دواتر دێتە سەر دیوانی (پایز میوان)ەو ئاماژە بۆ دەلالەتەکانی سەفەری مەرگ دەکات لە شیعری بێکەسدا. لێرەوە پایز بۆ خۆی دەبێتە کاراکتەر وەك سروشت، دەبێتە خاوەنی کەسایەتی، بەڵام تەنیا بۆ قوربانیەکان کە هەمویان کوردن لە ئارادایە.

لەکۆتایدا هەوڵدەدات هاوکێشەی نێوان زمان و سروشت بەبەرهەمی شێرکۆ بێکەس زیاتر لێك بداتەوە بۆ ئەو مەبەستە ئاماژە بۆ دوانەی خود/سروشت دەکات کە لە قەسیدەی درێژی پایزە میواندا دەردەکەوێت.

**سێیەم:** زانا خەلیل لە ژمارە (٣٣٢)ی ساڵی (٢٠١٢) بابەتێکی بەناونیشانی (فەرهەنگی زمانی شیعر)بڵاوکردووەتەوە. نوسەر لەم وتارەدا تیشکی خستۆتەسەر چەند لایەنێکی ڕەخنەی سیمۆلۆژی، کە وشەکان لە پشتیانەوە کۆمەڵێک ئاماژە هەیە. سەرەتا بەباسی ڕێبازی سروشتی بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی دەست بە وتارەکەی دەکات و دەڵێت ((ڕێبازی سروشتی لە فەلسەفەی گشتی دا بریتیە لە وەی کە سروشت هەمو شتێکە و لە دەرەوەی سروشتدا هەمو شتێکە، لە دەرەوەی سروشتدا هیچ شتێکدا بونی نیە ئەو ڕێبازە هەمو دیاردە سروشتیەکان ڕاڤە دەکات بە گەڕانەوە بۆ سروشتی خۆیی و پەنا بۆ هیچ شتێك نابات کە لەدەرەوەی سروشتدایە)) (خەلیل، ژ. ٣٣٢،، ٢٠١٢: ٤). لە دیاردرین بنەماکانی ڕەخنەی سیمۆلۆژی گرنگیدانە بەواتای فەرهەنگی و واتای خوازەیی وشەکان بۆیە نوسەری ئەم وتارەش لەو چوارچێوەیەوە کارەکەی ئەنجامداوە.

بە لەبەرچاوگرتنی بۆچونی نوسەر بۆ ڕێبازی سروشتی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە سروشت دەوڵەمەندە بە هەمو بەرهەمێك کە سەرەنجام ئەم بەرهەمە لە بەرهەمی ئەدیباندا ڕەنگ دەداتەوە و بە بۆچونی خۆیان وەسفی شتەکانی دەوروبەر دەکەن، بەم شێوازە لەسەر باسەکەی بەردەوام دەبێت ((فەرهەنگی زمانی سروشتی بریتیە لە  شیعرێك بە فەرهەنگی.... شیعریەکان دروست بکرێت و لەو ڕێگایەوە هەوڵبدرێت گوتارێك دەربېڕدرێت)) (پێشو: ٤). بێگومان ئەم جۆرە لە وەسفە بۆ سروشت لە شیعری شاعیرانی کورد زۆر بەڕونی ڕەنگی داوەتەوەو کە تیایدا نوسەر بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە چەند نمونە شیعرێکی هێناوەتەوە لەوانە (نالی، لە شیعرێکدا دەڵێت:

((وەرە نێو بەزمی گوزاران و گوڵزاران،

تەماشاکە

سەراسەر پێکەنینی گوڵ، لە بالەب خونچە پێشکەوتن)) (پیشوو: ٤).

نوسەر تا کۆتایی ئەم بەشە لە باسکردنی سروشت بەردەوام دەبێت، وەك هەوێنێك بۆ شیعری شاعیران پاشان نوسەر لە بەشێکی تری وتارەکەدا باسی ((فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیانی)) دەکات، بەم شێوەیە پێناسەی فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان دەخاتەڕو، کە پێی

وایە ((بـریتییە لە بەکارهێنـانی هەمـو ئەو شـتە زینـدو و مـردوانەی کە لە ژیـانی ڕۆژانەمانـدا لەگەڵیان دەژیان و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەین لە شیعردا)) (پیشوو: ٤)

هەمو ئەو شتانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەرچاو دەکەوت و هەستیان پێدەکەین دەبنە هەوێنی بۆ پیرو شیعری شاعیران، کە دواتر ئەمە لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگە دەداتەوە، نوسـەر لێرەدا نمونەی زۆر لە شیعری شاعیرانی کورد و شاعیرانی بیانی دەهێنێتەوە دەیانخاتە بەر باس و لێکـۆڵینەوە، یەکێـك لەو نمـونە شـیعریانەی کە باسـی کـردووە هـی پەشـێوی شـاعیرە کە لە هۆنراوەکەیدا دەڵێت:

((ئاژانسەکانی دەنگ و باس ڕایانگەیاند

یاریەکی فوتبوڵ دەکەن

دوو تیپەکە - کریل و کۆشکی سپی

تۆپ – سەری کورد

گۆڵ – کوردستان

تەماشاکەر – دنیای کرِی وەك گۆڕستان)) (پێشو: ٤).

ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە باسێکی سیاسـی یە ڕۆژانە گوێمـان لێدەبێ و دەیبسـتین بـۆیە دەکرێت ئێمەش وەك خوێنەر جارێکی دیکە ئەم شتانە بخەینە بەر باس ((لەکن سیمۆلۆژیەکان خوێنەر نوسەر دانەری دووەمی دەقە لە دەق کۆمەڵێ نهێنی لە خۆیدا شاردۆتەوە، خوێنەریش هەوڵدەدات ئەو پەیوەندیەی نێوان دال و مەدلول، ئێستا و..ئامادە بزوزێتەوە)) (پیشوو: ٤).

لەکۆتـایی ئەم بەشـەدا نوسـەر هەمـو شـتەکانی دەوروبەر وەك بەشـێك لە فەرهەنگـی زمـانی شیعر دادەنێت، کە دەبێتە هەوێنی بەرهەمی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی.

لەبەشـی کۆتـایی ئەم وتـارەدا نوسـەر بەتێکەڵکـردن لەنێـوان فەرهەنگـی زمـانی سروشـت و فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناویان هاوبەشێك دەدۆزێتەوەو دەیخاتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی، بەم شـێوەیە باسـی ئەم تێکەڵـیە دەکـات و لەم ڕوانـگەوە دەڵێـت ((بـریتیە لەو شـیعرانەی کە فەرهەنگێکی ئاوێتە لە فەرهەنگی زمانی سروشت و فەرهەنگی زمانی شتەکانی نـاو ژیـان دێتە بەر بەرهەم بەواتایەکی تر لەم جۆرە ستایلەدا پەیوەندیەك لەنێوان فەرهەنگی زمـانی سروشـت و فەرهەنگـی شـتەکانی نـاو ژیانـدا بـونی دەبێت و بەهەردوو فەرهەنـگ زمـانێکی ئـاوێتە دروسـت دەبێت و دواجار دەبێتە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تێکست)) (خەلیل:٤).

ئەو شتانەی ئێمە ڕۆژانە دەیانبینین بەشێك لە بیریان ڕاکێشاوین بەجۆرێك هاوبەشیەکی زۆر لەنێوانیاندا دەبینرێت، ئەمەش هەروەك نوسەر وتوویەتی دەبێتە هەوێنی شیعری شاعیران، لێرەدا نمونەی بە شیعری نالی شاعیر هێناوەتە کە دەڵێت

(( کاسەو کەوچك حەسیر و بەڕ

لەئاودا هەروەکو

کیسەڵ و ماسی و جلەدێن و دەچن

پرش و بڵاو

ڕۆژ پڕ گوتیمان لەبەر تەنیا

جۆگە و هاژە هاژ

شەو نیە خەونمان لەبەر قرژاڵ و بۆق و ژاوەژاو)) (پیشوو: ٤).

ئەگەر سەیری شیعرەکە بکەین دەبینین چەند گیاندارو شتی جیاواز بونیان هەیە، کە لە شیعرەکاندا ناویان هاتووە، لە کۆتایدا نوسەر بە فەرهەنگی زمانی شتەکانی ناو ژیان کۆتایی بەو کارە دێنێت و پێی وایە کە خوێنەر بە خوێندنەوەی شتێك لەم شتانە وێنایەکی بۆ دروست دەبێت و وا هەست دەکات ئەوشتەی لێوە نزیکە بۆیە ئەگەر شیعرێك پەیوەندی بە شێعرەوە هەبێت نوسەر پێی وایە ((وەرگر لەکاتی خوێندنەوەی ئەو شیعرە هەست دەکات لەناو شار و دونیای دیکەی شاردا دانیشتووەو شیعر دەخوێنێتەوە))(پێشو: ٤). کەواتا بەپێی بنەماکانی ڕەخنەی سیمۆلۆژی وشەکان دەلالەت لە پشتیانەوە هەیە و خوێندنەوەی جیاواز وادەکان نهێنیە شاراوەکانی پشت دەقەکە لە ڕێگەی سروشتی وشەکانەوە ئاشکرا بکرێت، بەمەش تێگەیشتن لە نیشانەکان سیستەمەکانیان دێتە ئاراوە.

ئەوەی جێگەی تێبینییە نوسەری ئەم وتارە توانیویەتی بەشێوەیەکی زانستی بابەتەکەی بخاتە ڕو، بەڵام دەکرێت بەپێی تێگەیشتن و خوێندنەوەی جیاواز تێبینی لەسەر بیرۆکەکانی نوسەر هەبێت، لە دیارترین ئەو سەرنجانە ئەوەیە نوسەر لەبری خوێنەرانی دیکە بیردەکاتەوە بەناوی ئەوانەوە قسەدەکات. کاتێک قسە لەسەر کۆتا شیعر دەکات کە لێرەدا خستوومانەتەڕو وای دەبینێت کاتێک ئەو شیعرەمان خوێندەوە واهەستدەکەین لە شار دانیشتوین و شیعر دەخوێنینەوە، بە پێچەوانەشەوە واهەست دەکەین لەناو گوندانددا دانیشتووین و شیعر دەخوێنینەوە. لەلایەکی دیکەوە نوسەر نەیتوانییەوە ئەو نیشانە زمانییانەی لە پشت وشە فەرهەنگەییەکانی ناو دەقەکەوە ئاشکرابکات، کە ئەمە بنەمایەکی دیاری سیمۆلۆژیایە.

### ٣-٧-٨- ڕەخنەی خودی

لە خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان خوێنەر پشت ئەستوور دەبێت بە سەرنج و زانیارییەکانی خودی خۆی، لە پرۆسەی خوێندنەوەکەدا کۆمەڵێک سەرنج و تێبینی لەلا دروست دەبێت، کە بەهۆی چێژ و کاریگەری دەقەکەوە دروست بووە، لە چوارچێوەی ئەو زانیارییانەی کەهەیەتی و دەیانخاتە ڕو بەو جۆرە ڕەخنەیە دەگوترێت ڕەخنەی خودی، بۆیە بەو شێوەیە پێناسەدەکرێت کە ((مۆدێلێکی ڕەخنەییە کە تێیدا ڕەخنەگر پشت بە سەرنجەکانی خۆی دەبەستێت. بەبێ ئەوەی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنێکی بابەتیانە بۆ دەقەکە بکات)) (میر صادقی، ١٣٧٧: ٤١٥). لێرەوە ئەوە بەدی دەکرێت، کە ڕۆڵ بە خوێنەر و ڕەخنەگر دەدرێت و دەکرێت بە تەوەرێک لە ڕەخنەی ئەدەبی دا.

بەشێک لە نوسەرانی ئەم بزوتنەوە ڕەخنەییە بە ڕەخنەی سەرنچگەرایش ناوی دەبەن و سەرەتایی سەرهەڵدانیشی بۆ هونەری شێوەکاری دەگەڕێننەوە و پێیان وایە وەکو بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەرکەوتووە (مصطفی، ١٩٨٩: ١٧٢).

لە دیارترین ئەو کەموکورتییانەی کە ئەم ڕەخنەیە هەیەتی و جێگەی سەرنج و ڕەخنەی ڕەخنەگران بووە، ئەو دەسەڵاتە بەرفراوانە بووە، کە بەخوێنەرانی دەقی داوە، چونکە ناکرێت دەقێکی ئەدەبی بەپێی زەوق و چێژ و هەستی خوێنەر لێکبدرێتەوە، بەم پێیەبێت لەکاتی شرۆڤەکردنی دەقەکەدا لە بابەتی سەرەکی دەقەکە دور دەکەوینەوە.

ڕەخنەی خودی گرنگی نادات بە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی و ژیاننامەی نوسەرەکە و لایەنی دەرونی دەقەکە، بەڵکو لە ڕوانگەی بیروبۆچون و حەزی تاکە کەسیەوە لە بەرهەمە ئەدەبیەکە دەڕوانێت. سەرجەمی ئەو وتارانەی لێرەدا دەخرێنەڕوو بەپێی چێژو سەلیقەی خودی نوسەر خراونەتەڕوو بۆیە نەبەسرێنەوە بە بنەما دیارەکانی میتۆدەکەوە و ئێمەش بەپێی ئاستی تێگەیشتنی نووسەر هەڵسەنگاندن و خستنە ڕوو بۆ وتارەکان دەکەین.

**یەکەم:** کاوە حسن محمد لە ژمارە (٩١) ساڵی (٢٠٠٧)دا وتارێکی لەبارەی (کورسی شێرکۆ بێکەسدا) بڵاوکردووەتەوە. زۆر بەڕونی نوسەری ئەم وتارە بیروبۆچون و کارتێکردن و چێژوەرگرتن و هەست دەربرینی خۆی کردووە بە بنەمای سەرەکی خۆی لە باسکردنی دیوانی کورسی شێرکۆ بێکەسدا دڵسۆزانە لە ڕوانگەی خودیەوە بۆمان باسی دیوانی کورسی شێرکۆ بێکەس دەکات هەر بۆیە دەڵێت: ((شاعیر لەم دیوانەیدا توانیویەتی ڕەنگی زیاد و گۆڕانکاری بکات، بەپێی پێویستی گێڕانەوە یاخود وەسف یان شتە شاراوەکان بون کە گرێدراوە بە

قەسیدەکانیەوەو کە دەمانگوازێتەوە بۆ دوونیای شیعرو چیرۆك و پەخشان و دیالۆگی شانۆیی)) (محمد، ژ ٩١، ٢٠٠٧: ٢). یەکێک لە بنەما دیارەکانی ئەم چالاکییە ڕەخنەییە هەڵسەنگاندنی بابەتێکە بەپێی سەلیقەی خوێنەر، وەکودەبینین نوسەری ئەم وتارە بەپێی سەلیقەی خۆی کارەکەی ئەنجام داوە.

نوسەر بەشێوەیەکی زانستییانە و لێهاتوانە وەسفێکی جوانی دیوانەکەی شاعیر دەکات، ڕای وایە: کە دیوانی کورسی خۆشیمان پێدەبەخشێت و دورماندەخاتەوە لە وەڕەزبون، ئەم جۆرە وەسفکردنە، بۆ دیوانی کورسی دەمانباتەوە ناو مێژوی ڕەخنەی خودی، چونکە لەم نوسینەدا بەهیچ شێوەیەك باسی لایەنی هونەری و بەهای دەقی ئەدەبیەکەی نەکراوە، هەروەها باسی بنەمای لایەنی کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکی دەقەکە نەکراوە، بەڵکو لە جەوهەردا پەیوەندی بەلایەنی چێژوەرگرتنی نوسەرەوە هەیە.

دووەم: دانا عەسکەر لە ژمارە (٣٩)ی (٢٠٠٦)، بابەتێکی بەناونیشانی (عیشق لە نێوان نە.. و.. غەریزەکانی شەیتان) لە دەقی شیعری (پێکێك لەگەڵ ئەهریمەندا)، بڵاوکراوەتەوە. لە ڕوانگەی خۆیەوە نوسەر باسی دەقی شیعری (پێکێك لەگەڵ ئەهریمەندا دەکات). لە دەستپێکی وتارەکەیدا دەڵێت: ((گەڕان بەدوای ئەوی تردا لە خودادا گەڕانێکی جەبرییە، بۆئەوەی لەو ئاژاوەی ناوەوەی خود لەگەڵ چێژوو ئازادیدا ڕوبەڕو ببێتەوە ناچار پەنا دەباتە سەر ئەو باگراوەندە تەوتەمی و مێژو ئەفسانەیی کە دەرئەنجام هێزی فشار لەنێوان سۆسۆلۆژیا و بایەلۆجیدا مرۆڤ توشی نیگەرانیەکی بێ ئەندازە دەکات)) (عەسکەر، ژ٣٩، ٢٠٠٦: ٣). ئەم جۆرە وەسفە هەڵسەنگاندنێکی گشتگیرە. لەنێوان نوسەر و دەقی شیعری (پێکێك لەگەڵ ئەهریمەندا)، کە چێژوەرگرتن بنەمای سەرەکی ڕەخنەی خودیە بەگرنگ دانراوە لە شیکردنەوەی ئەم شیعرەدا، بەبێ گوێدانە بەهای ئیستاتیکی و هونەری ئەم شیعرە، نوسەر لە کۆتایی وتارەکەیدا دەڵێت: ((لەدوایدا دەڵێم ئەوەی لەم دەقەدا خراوەتەڕو ڕەنگە هەندێ جار بەدیوە بێ ئاگاییەکەدا بێت و لە هەمانکاتیشدا بێ ئاگایی خۆی لە خۆیدا شیعرە لە دەرەوەی واقع)) (پێشو: ٣). بۆیە دەگەین بەو ڕایەی کە فەزای بیرو هۆشی نوسەر بەسەر شیعرەکەدا زاڵە و لەباسکردنی ڕەگەزە هونەریەکانی ئەم شیعرەدا باڵاترە.

ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە، ئەوەیە کە شاعیر تەنیا دەقەکەی کردووە و بەهیچ شێوەیەک باسی لە کەم و کورتییەکانی دەقەکە نەکردووە، چونکە ئەوەی شاعیر دەیکات لە دەرخستنی خەوشی دەقەکەی خۆیدا و نەیکردووە، پێویستە ڕەخنەگر ئەو کارە ئەنجام بدات، بەڵام لەم وتارەدا هەستی پێناکرێت نوسەر باسی لە وەها بابەتێک کردبێت.

سـێیەم: دانـا عەسـکەر لە ژمـارەی (٨٩) ی سـاڵی (٢٠٠٧)دا وتـارێکی بە ناونیشـانی (بەرپەرچـدانەوەی ڕەوتـی بەشـەکان و پێـوانە کردنـی شـیعری بەهـار محمـود و تـرێ محمد) بڵاوکـردووەتەوە. وەك دوو نمـونەی دەنگـی شـیعری جیـاواز. نوسـەر لەسـەرەتای وتارەکەیـدا بەرگری لە بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕەوتە دەکات، کە شیعر بەژنانە و پیاوانە دەکات، چونکە ئەو پێی وایە هیچ کاتێك جیاوازی هەست لە جیاوازی ڕەگەزدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو جیاوازییەکان لە جۆری بیرکردنەوە دادەبن، بەرگری لە شاعیری ژن دەکات هەر بۆیە دەڵێت: ((هەوڵدەدەم لەم لێکۆڵینەوەدا بەجیاوازی دەقەکانی هەردوو شاعیر بەهار محمد و ترێ محمود بەسەر بکەمەوە)) (عەسکەر، ژ٨٩: ٢٠٠٧: ٧).

نوسەر جگە لە بەرگری کردن لەو دوو ژنە شاعیرە باسی بونیادی عەقڵی ئەو دوو شاعیرە دەکات، کە توانیویانە زمان و کۆمەڵ لە خەیاڵ و گوتاری شیعریدا بپارێزن، هەروەها ڕەخنە لە کۆمەڵگا دەگرێت کە بەچاوێکی کەمتر سەیری ئافرەت دەکەن وەك شاعیر دەڵێت: ((کاردانەوەی نـاجێگیری کـۆمەڵ وا لە ژنە شـاعیر و نوسـەرە کوردەکـان دەکـات هەمیشـە لە پـێش دەرگـا داخراوەکاندا بژین)) (پێشو: ٧).

نوسەر لە وەسفی شاعیر ترێ محمود دەڵێت: ((لای ترێ محمود عیشق چۆتە حاڵەتێکی ستونی گەراییەوە جەخت لەسەر کاڵبونەوەی روحی و فکری و ئەو هاوکێشەیە دەکاتەوە بە دیوێکی تردا، لای بەهار محمد عیشق ئەگەرچی لە حاڵەتێکی ناجێگیردایە، بەڵام خودی عیشق لای ئەم... دونیایەکی کراوەیە)). (پێشو: ٧). لە کۆتـایی هەردوو وتـاری نوسـەر کە لە دوو ژمـارە جیاواز بڵاوکراوەتەوە دەچنە ناو چوارچێوەی ڕەخنەی خودیەوە، چونکە هیچ ئاماژەیەك نیە دەربارەی تەکنیك و لایەنی هونەری شیعرەکانیان (دانا عەسکەر، بەرپەرچدانەوەی ڕەوتی بە ژنانە و پیاوانە کردنی شیعر.

ئەوەی جـێگەی تێبینیکـردنە، نوسـەر بەزۆری باسـی لە کەسـایەتی ژن و پیـاو و ئەندێشەکانیانکردووە و باسی لە ناوەڕۆکی دەقەکانیان نەکردووە و تەنیا لایەنگیرانە کارەکەی ئەنجام داوە، کە دەبو کاتێک شیکردنەوە بۆ دەقەکان دەکات لەکۆتایدا وەکو ئەنجامێک ئەوەی بخستبایەتەڕو، کە جیاوازی لە فیکر و ئەندێشەی ژنان و پیاواندا نییە لە بونیاتی دەقی شیعریدا.

چوارەم: ئارام سەدیق، لە ژمارە (٨٣)ی (٢٠٠٧)دا، لەوتارێکیدا کە بەناونیشانی(دیوانی ئاوات حسن ئەمین) لەنێوان شیعر و قسەدا) بڵاوکراوەتەوە، باس لە نوسەرێکی عەرەبی لە ڕوانگەی خۆیەوە دەکات، بەشێوەیەکی خودی ڕەخنە لە بۆچونی ئەو نوسەرە بەرەگەز عەرەبە دەگرێت، کە بۆ دیوانی ئاوات حسن ئەمینیان نوسیوە، چونکە نوسەر پێی وایە: ئەم دیوانە دیوانی شیعری

نیە، هەروەها نوسەران ئاگایان لە ئەدەبی کوردی نیە هەر بۆیە دەڵێت: ((ئەم برادەرانە ئاگاداری ئەدەبی کوردی نین و ئەدەبی کوردیان لە ڕێی ڕۆژنـامەی التحـاد و گۆڤـاری سـەردەمی عەرەبـی بینیـوەو ئەویـش شیعری ئەو تەرجومە کـراوەو ناتوانێت وەحـی شیعر بگـوازێتەوە)) (سـەدیق، ژ٨٣، ٢٠٠٧: ٢).

نوسـەر بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی بۆچونەکـانی خـۆی بەڵـگەی بیـر و بۆچـون و ڕای چەنـد نوسەرێك وەردەگرێت وەك (د. غز عل الماجدی) هەمو ئەو ڕەخنانەشی لە ڕوانگەی خودیەوە لە دیوانی ئاوات حسن ئەمین گیراوە، بەم کارەش دەمانخاتە نێو پرۆسەی ڕەخنەی خودیەوە.

ئەگەرچی بابەتەکە ڕەخنەی خودییە و نوسەر ئازادە لەوەی چۆن ڕەخنە دەگرێت لەڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیەوە بۆ بابەتێـک، بەڵام نابێت زۆر لایەنگیرانە کاربکات و بۆچونەکـانی خـۆی بەڕاسـت بزانێت و بەشـێوەیەکی ڕەهـا قسـە بکـات، چـونکە نوسـەری پێشـوش کە ئـارام سـدیق ڕەخنەی لێگرتـووە بۆچـون و بەڵـگەی خـۆی بـووە، کەواتـا بەشـێک ڕاسـتی لای ئەو نوسـەرەیە، دواتر بەیەک وشەش ڕاستی لە کارەکەیدا نەبینیت و نەیخەیتەڕو جێگەی پرسیارە.

پێنجەم: ئەحـمەد ڕەزا، لە ژمـارە(٦٦_ ٦٧_ ٦٨)ی سـاڵی (٢٠٠٧) سـێ وتـاری بڵاوکـرایەوە بەناونیشـانی (چڕکـردنەوەو ڕوانـین لە دەقەکـانی ڕەفیـق سـابیردا دەقـی گـۆرانیەك بـۆ جـوانی بەنمونە)، نوسەری ئەم وتارە بەشێوەیەکی وەسفی دور و درێژ لە ڕوانگەی خودیەوە، دەقەکانی ڕەفیق سابیری ڕونکردووەتەوە، نوسەر پێی وایە لە ئەدەب بەگشتی جگە لە گومان کردن شتێکی تری دەست نەکەوتووە، هەر بۆیە دەڵێت: ((خوێندنەوەی دەقەکانی ڕەفیق سابیری شاعیر جگە لەوەی بەڕونـی ئەم گومـان و نیگەرانیە ئەنتۆلۆژیـا دەبینێت ئەکرێ لە زۆر ڕای شیعری بـووە ستێت)) (ڕەزا، ژ٦٦، ٢٠٠٧: ٢). ئەم جۆرە لە پێشبینی کردنە بەپێی ویست و تێڕامـانی خـودی نوسەری وتارەکەیە و لە چوارچێوەی حەزی خۆیەوە کـارەکەی ئەنجامداوە،کە ئەمەشبنەمایەکی دیاری ڕەخنەی خودییە.

نوسەر بەشێوەیەکی خودی و دور لە بەهای هونەری و ئیستاتیکای دەقە شیعریەکانی ڕەفیق سابیر دەخاتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە بەنمونە (گۆرانیەك بۆ جوانی) ئەو پێی وایە: ئەو تەکنیکەی ڕەفیق سابیر لەناو دەنگەکان تاکڕەو بووە بۆیە لەکۆی دەنگەکاندا سەرجەمی دەنگە جیاوازەکـان دەرکەوتـن، هەروەهـا لەبەشـی دووەمـی نوسـەر دەڵێـت: ((دەقەکـانی ڕەفیـق سـابیر پـڕن لە لەسەرکەشـی شـیعری هەمیشـە، خـوێنەر ڕوبەڕوی جۆرێـك لە گواسـتنەوە دەکـات کە لە پشـتی خوێندنەوەیەکی سەرەتاییەوە نهێنی جێدەهێڵێ بەجۆرێك کە خوێنەر وابەستە بکات)) (پێشو:٢).

ئەم جـۆرە نمـایش و پێداهەڵـدانە بە شـیعرەکانی ڕەفیـق سـابیردا جۆرێـک لە زیـادەڕەویی دەبینرێت لەلایەن نوسەرەوە، ئەم شێوازە لە کارکردن دەخرێتە چوارچێوەی ڕەخنەی خودیەوە، چونکە بەهیچ شێوازێك باس لە لایەنی بەهێز و تەکنیکی نوسینی دەقەکە ناکات. هەروەها نوسـەر پێـی وایە ((دەقـی گـۆرانیەك بـۆ جـوانی بونیـادێکی سـەربەخۆی هەیە جیـاواز لە هەمـو دەقێکـی شیعری تر، هۆکارە سۆسۆلۆجی و سیاسیەکان و واقعـی ژیـانی شـاعیر ئەوەیە کە لەڕوی ڕیتمـی یەکتر بڕی لەگەڵ احساسی هاوشێوەی خۆیدا بکات)) (پێشو:٢).

ئەوەی جێگەی تێبینی کردنە، لەم وتارەدا نوسەر تەنیا باسـی لە جـوانی و سـتاتیکای دەقەکەی شـاعیری کـردووە بەبـێ ئەوەی وابەسـتەی بکـات بە تیـۆرێکەوە، بـۆ نمـونە تیـۆری جوانیناسـی. پاشـان نوسـەر ڕای وایە کە دەقـی گـۆرانی بونیـاتێکی جـوان و سـەربەخۆی هەیە و جیـاوازە لە هەمـو دەقێکـی شـیعری کە بەهۆکـاری کـۆمەڵایەتی و واقیعـی ژیـانی شـاعیر بونیاتنرابێت، ئەمە زانستی نییە، چـونکە هەردەقێـک کە دەنوسرێت جـوانی و تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە و بەپێـی ئەو بـوارەی کە دەخـوازێـت مـامەڵەی لەگەڵـدا دەکرێـت، بۆنمـونە دەقێـک لە بـابەتێکی کۆمەڵایەتیـدا نوسرابێت، لێهاتویی دەق نوسەکە وادەکات جوانییەکی باڵای هەبێت، یـاخود لاواز بێـت، یـان ئەو بـابەتە کـۆمەڵایەتییە دەکرێـت لەسـەر ئـاوازی شـیعری گـۆرانی بونیاتنرابێـت، ئیـدی بـۆچی ئەم جیاوازییە لەنێوانیاندا بەو شێوە ڕەهایە بخـرێتەڕو، ئەمە تەنیـا پەسن کردنێکـی زیادەڕۆییـانەیە و بابەتەکە لە ناوەڕۆکێکی زانستی و ئەکادیمی دوردەخاتەوە و کەم بایەخی دەکات.

شەشەم: دانـا عەسـکەر لە ژمـارە(٦) ی سـاڵی (٢٠٠٥) وتـارێکی بەناونیشـانی (تێگەیشـتن لە بـا) وەك سـمبول و جیـاوازی دەلالەتەکـان لای ئەحـمەد مەلا، نوسـەر لە پێشـەکی ئەم وتارەیـدا لەڕوانگەی خۆیەوە قسە لەسەر شیعر دەکات. دواتر سەرنج و هەڵوێستی خۆی دەربـارەی کتێبـی زاکیرەی بای ئەحمەدی مەلا دەکات و دەڵێت: ((ئەگەر سـەرنجی کتێبـی زاکیـرەی بـای نوسـەر و شاعیر ئەحمەدی مەلابدەین هاوشێوەی ئەو بۆچونەی کێشی دایە ئەمەش دەمانباتەوە بەردەم بونی کێشەیەك لە تێگەیشتنی نوسەر بۆ ڕاستیەکان)) (عەسکەر، ژ٦،٢٠٠٥: ٣).

نوسـەر لە ڕوانـگەی خـودیەوە، سـەرەنجی لەناونیشـانی دەقەکە دەدات و دەڵێـت: ((ئەگەر لە مەغزای ناونیشانەکەیەوە بە ناوەڕۆکی دەقەکەدا بچین بێشك دەبێت بـا بکەیـن..... شارسـتانیەت)) (پێشو: ٣) هەر لەو ناونیشـانەوە بـاس لە ئەدەب و فکـری ڕۆژئـاوا دەکـات، بۆیە ئەو تێڕوانینەی نوسەر لەسەر ئەحمەدی مەلا تێڕوانێنکی خودیە و سەر دەکێشێت بۆ ڕەخنەی خودی.

حەوتەم: فواد ڕەشید لە ژمارە (٩١) ساڵ (٢٠٠٧) بابەتێکی بڵاو کردووەتەوە لەبارەی (دیوانی کورسـی) شێرکۆ بێکەسـەوە، نوسـەر لە بـارەی ئەم دیـوانەوە دەڵێـت: ((کورسـی نە دەبـۆلێنێ نە

وەرز دەبیّ، تورە نابێت چەنە باز نیە، ئەوەی جێی نیگەرانیە لای کورسی کە ژن نایناسێت، چونکە ڕۆژێ نایەت ئامێزی تێدا بکەن لەگەڵ ئەمەشدا دڵشاد کامەران بێت هەر کاتێك شیعر دانیشت لەسەری)) (ڕەشید،ژ٩١: ٢)

ئەمە ئەوە دەردەخات کە بیری ڕەخنەگرانەی شاعیر دەربارەی کورسی وەك پێگەیەك بۆ دەسەڵات دەردەخات و پەیوەستی دەکات بە پیاو لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەجۆرێك هەر دەبێت پیاو سەرکردەو ڕابەربێت، هەروەها ((سەیر لەوەدایە کە شێرکۆ بێکەس پلەو پایەی داوەتە کورسی کە هیچی کەم نەبێت لەگەڵ مرۆڤدا کەوا لە هەندێکیان دەکات بە گێل و گەمژە)) (پێشو:) بۆ نمونە ((کورسی هەیە زەلیلە شەرم لە هیچ کەس ناکات لەسەری دانیشێت تەنانەت ئەگەر جەلادیش بێت)) (پێشو:٢)

بە تێڕامان لەو شیعرەی شێرکۆ بێکەس ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە شتە بێگیانەکان دادپەروەرن بۆ بەکارهێنەرەکانیان ئەمەش زۆر بە ڕونی بەم وتارەوە دەردەکەوێ، کە بۆتە بابەتێك لە ڕۆژنامەی چاودێردا، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕەخنەی خودیدا ((ڕەخنەگر لە ڕوانگەی بیروبۆچون و حەزی تاکە کەسی خودی خۆیەوە دەقی ئەدەبی شرۆڤە دەکات و هەڵیدەسەنگێنیّ)) (ڕەشید، ٩١، ٢٠٠٧: ٢).

هەشتەم: عبدالمطلب عبدالله لە ژمارە (٩١)ی (٢٠٠٧) وتارێکی بەناونیشانی زمانی شیعری لە زمانی سینەمایی لە (قەسیدە/ فلیم)ی (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیردا) بڵاوکردووەتەوە. نوسەر بەشێوەی وەسفی و لەڕوانگەی هونەرییەوە باس لەو قەسیدەیە دەکات کە (ئیسماعیل بەرزنجی نوسیویەتی) لەسەرەتای وتارەکەیدا نوسەر دەڵێت ((کار لەسەر کۆی ئەو پەیوەندییە و زمانی شیعر و زمانی سینەما بکە)) ئەوە ڕوندەبێتەوە کە نوسەر تەنیا لە ڕوانکەی هونەرییەوە بەهای ئەو دەقەمان بۆ دیاری دەکات دەچێتە ناو بنج و بناوانی لایەنی جوانی و هونەری شیعریەکەوە)) (عبداللە، ژ٩١، ٢٠٠٧: ٧ ).. لە وەسفێکی تردا نوسەر دەربارەی ئەو قەسیدە دەڵێت ((خوا نواندنێکی دەروونیە بە زمانێك کە نوسەر تەعبیر لەو شەوە دەکات ژیانی دەرچونی خێزانی دەگێڕێتەوە)) (عبداللە، ژ٩١: ٢٠٠٧: ٧ ). دیسانەوە ئەو ئەنجامەی کە نوسەر دەیخاتەڕوو بەبێ بنەمایەکی زانستییە و خودی خۆی ئەو ئەنجامەی داناوە، کەوایە بەپێی حەز و تێگەیشتنی خۆی کارەکەی ئەنجامداوە و دەچێتە خانەی ڕەخنەی خودییەوە.

نوسەری ئەم وتارە لایەنی چێژ وەرگرتن بەڕوی شعیری ئیسماعیل بەرزنجی دا دەکاتەوە، هەروەها لە کورتەیەك دا بەکورتی باسی ئەو قەسیدەیە دەکات، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت ((ئەگەر چی لەلایەن شاعیرەوە ئەو قەسیدەیە هیچ جۆرە دابەشکردنێك لەخۆ ناگرێت بەڵکو

من لەو خوێندنەوەیەدا بۆئەوەی ڕونتر قسە لەسەر دەلالەتی دیار و نادیارەکانی وێنەگرتنی کامێرە بکەم)) (پێشو: ٧).

نۆیەم: جلال محەمەد لە ژمارە (١٦٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ دا بابەتێکی بەناونیشانی (شیعر بەرەو کوێمان دەبات) بڵاوکردووەتەوە لەسەرەتای وتارەکەوە بەم شێوەیە باس لە شیعر دەکات و دەڵێت: ((جوانی شیعر لەوەدایە بێ پێناسە و نەمریی دەمێنێتەوە هەروەك چەمکی عاشق هەمیشە ڕاڤە و پێناسەی دیکەی بۆ دەکرێت، مرۆڤ هەست بەنزیك بونەوەی هەردوو چەمکی شیعر و عاشق دەکات)) (محەمەد، ژ١٦٢، ٢٠٠٩: ٦). لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((هەر شاعیرەو لە ڕێگایەکدا دەستی خوێنەر دەگرێت چ جای ئەوەی بەڕێگایەکدا دەمانبات کە کەم کەس دەتوانێ خەیاڵی گوزەری تێدا بکەن)) (پێشو: ٦).

ئەگەر سەیری ئەم دوو بۆچونە بکەین بیرو بۆچونی خودی نوسەرمان بۆ دەردەکەوێت بۆ هەڵسەنگاندنی بیروبۆچونی خۆی دەربارەی بابەتی شیعر کە دەشێ جگە لە بیروبۆچونی نوسەر بەشێوازێکی دیکە خوێندنەوە بۆ شیعر بکەین کە لەلایەن نوسەرانی ترەوە بۆی کراوە، بۆیە دەبینین لە کۆتایی وتارەکەدا نوسەر لەسەر ئەم شێوازە لە ڕەخنە بەردەوام دەبێت، کە مەرج نیە وابێت و دەڵێت: ((شیعر بەرەو کوێمان دەبات؟ نە دەزانین بۆکوێ مان دەبات و نە دەزانین لەکوێوە دێت؟ ئەشێ هەندێ سات منداڵمان بکاتەوەو بەجێمان بهێڵێت)) (پێشو: ٦).

بەم شێوەیە بیرکردنەوەی خود بەشێوەیەکی ڕەها بەرامبەر بە شیعر بە دروست نازانرێت، چونکە شیعر و ناوەڕۆکی شیعر زۆر لەوە گەورەترە کە بەشێوەیەکی ڕەها وەسف بکرێت و شی بکرێتەوە، پاشان نوسەر نەهاتووە لایەنی خراپی دەقەکە بخاتەڕو لەپاشاندا بکەوێتە وەسف و ستایشی.

دەیەم: ڕابەر فەریق لە ژمارە (١٤٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) بابەتێکی بەناونیشانی (ئێرە باشترین جێگایە بۆ چاوەڕوانی) بڵاوکردووەتەوە، بۆ خوێندنەوەی پراکتیکی شیعرێکی (حەمە عباس) کە لە کتێبی (گیرفانێك پڕ بەتاڵی) وەرگیراوە کە ساڵی (٢٠٠٥) لەلایەن بزاڤی ڕۆشنبیری نوێخوازەوە بە زنجیرەی ژمارە (٣٩) لاپەڕەی (٥٩ – ٦٠) بڵاودەکرێتەوە. نوسەری ئەم وتارە نوسینەکەی خۆی بەسەر سێ بەشدا دابەشکردوووە کە بریتین لە سەرەتا و ناوەڕۆك و ئەنجام.

ڕەخنەگر پەنجە دەخاتە سەر گرنگی پرسی (بون) لەم شیعرەدا وەکو (چەمێکی هەستیار) ناوی لێدەبا و دواتر لە دوالیزمی نێوان ژیان و مردن دەکۆڵێتەوە بەو جۆرەی لە شیعرەکەدا دواکەوتووە، ڕەخنەگر دەڵێت: ((نکۆڵیکردن لە سڕانەوە – ڕوی جەستەیی دەق ئەگەر بەوردی سەرنج لە دەق و ڕستە گەلی نوسەرە مەزنەکان بدەین دەگەین بەو ئەنجامەی کە ژیان چ

واتایەکی نیە کە شایستەی لەسەر وەستان و تەئویلکردنی جۆربەجۆر هەبێ، بەڵام ئەگەر بێتوو لەبارەی مەرگ سەرنجی گەورە بیرمەند و ئەدیبەکان بدەین بەگشتی ڕوانیان وەهایە کە دەشێ لەنێو مەرگدا شتێکی وەهمی، بۆ نمونە وەك ئەدەب هەبێ لە کرۆکی مرۆڤ بکا بۆ بەردەوامیدان بە ڕەوتێکی لێکنەچوو لەگەڵ ئەوی دی)) (فەریق، ژ ١٤٠، ٢٠٠٨: ٧).

وەك بەزەقی لەم نوسینەدا دەرکەوتووە ڕەخنەگر پێی وایە نەك هەر لە دەقی شیعرەکەدا بەڵکو لە واقعی ژیانیشدا ئەو دوالیزمەی نێوان ژیان و مەرگ بەشێوەیەك بەرجەستە بۆتەوە کە بەردەوام تەنیا یەك لایەنیان بایەخی وەرگرتووە کە ئەویش مردنە، چونکە پێی وایە ژیان گەرچی فرە ڕەهەندە بەڵام بە بەراورد لەگەڵ مەرگ ساکارتر دەنوێنێ بۆیەش لەم شیعرەدا گەرچی ئاوڕ لە ژیانی دراوەتەوە کەچی قورسایی خراوەتە سەر مردن.

ڕەخنەگر لە بەشێکی تری نوسینەکەدا دەڵێت (( پێکهاتەی بون و نەبون لەکن شاعیر خاڵین لەهەمو ئەو شتانەی کە مومکین و ناممکینن یان بە دەقیقە و چرکە دەپێورێن و هەردوکیان بەرەو بۆشایی ڕامان دەپێچن و فەزایەك دەخولقێنن بۆ فەراهەمبونی پانتایەکی دی بۆ ئەوەی هەست بە بونی خۆی بکا)) (پێشو:٧)

لێرە دوالیزمی ژیان و مردن کە لە پێشتر باس کرا دەگۆڕدرێت بۆ دوالیزمی بون و نەبون لەم بەشەی شیعرەکەدا شاعیر بە ئەنقەست بە وریایی تەواوەوە لە بونەوە هەنگاو هەڵدەگرێ بەرەو نەبون لەجیاتی ئەوەی پەنجە لەسەر بون دابنێ هەوڵدەدا نەبون شی بکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی شاعیرانە، چونکە ئەم دەقی شیعرییە توێژینەوە نیە.

ڕەخنەگر لە کۆتایی نوسینەکەدا بەم شێوەیە تیشك دەخاتە سەر جێگە و پێگەی خود لەدوالیزمە جۆراجۆرەکانی شیعرەکەدا دەنوسێت: ((ناکرێت بەسەر ئەمەشدا بازبدەین کە ئەو (مردن)ەی لەوێدا باسی کراوە ڕەنگە پەیوەست بێ بەحاڵەتێك کە خود لەنێویدا ڕوبدا تا ئەوپەڕی هەست بە نیگەرانی دەکا و چیدی دەرگەیەکی نەماوە تا شێوەی تەماشای شتێك بکا لە دەرەوەی عەقڵی فەنتازی خۆیدا)) (پێشو: ٧).

وەك لەم گۆشەیەدا بە ئاشکرا دەرکەوتووە دەورو پێگەی خود لە هەمو دوالیزمەکاندا تاقە جێگای گرنگی سەرنجدانە. لەبەرئەوەی لە مردندا خود لە ئارادا نیە کەواتە پەیوەندی نێوان خود و مردن شاراوەو ناڕێکە کەچی پەیوەندی نێوان خود و ژیان وەك ڕەخنەگر دەڵێ ساکارە بۆیەش لێرە بەدواوە شاعیر باوەڕی ڕەخنەگر دەست دەکاتە فانتازیای گوتن، وە دڵنیاش نیە لە ئەنجامەکەی بۆیە شاعیر لەدوا دێڕەکانی شیعرەکەدا ئاماژە بۆ (چاوەڕوانی) دەکات.

ئەم ڕەخنەیە گەرچی باسی پێکهاتەو وشەکانی شیعرەکانی دەکات، بەڵام زیاتر تیشکی خستۆتە سەر ناوەڕۆك و کەشی ناوەکی شیعرەکە، بۆیە ئەم ڕەخنەکارییە وەك نمونەی ڕەخنەی خودی پۆلێن دەکرێ کە تێیدا ئەگەر چی پەنجە خراوەتە سەر وشە بەوشەی شیعرەکە، بەڵام لە ئەنجامدا ئەو بۆشاییە بەرجەستە کراوەتەوە کە شیعرەکە لەدوا دێڕەکانیدا پێی دەگات وێڕای ئەمەش باسی پچڕان دەکرێ چ لەنێوان ژیان و مردن و لەلایەکەوە بون و نەبون لەلایەکی ترەوە چەند نێوانی خود و دوالیزمەکاندا. لەهەموشیاندا خود لەڕوی قورساییی و سەرنجەوە بایەخی زیاتری وەرگرتووە.

یازدەهەم: مەنسور تەیفوری لە ژمارە (٢٩٦)ی ساڵی (٢٠١١)بابەتێکی بەناونیشانی (بەرهەمی هونەریی وەك قەیرانی فۆڕم سەرەتایەك بۆ دووان لە مۆدێرنیزم لە قەسیدەی کچێك بۆتە نیشتیمانم)بڵاوکردووەتەوە، نوسەر ئەم جۆرەی لە ڕەخنەی بەسەر شیعری شێرکۆ بێکەسی شاعیرە جێ بەجێ کردووە کە تیایدا دەڵێت: ((ئەدەبی مۆدێرنایەتی کوردی بەوەها ناکۆکیەکدا تێدەپەڕێت ناکۆکی بەریەك کەوتنی خەونەکای مرۆڤێکی ئاسایی کورت لەبەرامبەر هەندێی مۆدێرنیدا لەسەرەوە ڕا بەنیازی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەن و بۆ ئەم کارەش دەیانهەوێت ئەو مرۆڤە و خەونەکانی بەجۆرێك ببنە وە سڕانەوەی جەستەیی بێت یان تواندنەوەی بێت)) (تەیفوری، ژ٢٦٨، ٢٠١١: ٥).

ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە تاك هەرچەندە هەوڵبدات خۆی ڕزگار بکات لەو کۆت و بەندەی کە بەسەریدا سەپێنراوە بۆ ئازادیەك کە خۆی تێدا دەبینێتەوە بەڵام دەکەوێتەوە بەر هێرشی دەوروبەر و ئەم ئازادیە خودیەی زەوت دەکرێ، ئینجا نوسەر دەیەوێت بیرە نوێیەکانی (شاعیری کورد شێرکۆ بێکەس بخاتەڕو) لەم بارەوە دەڵێت ((شێرکۆ دیارترین شاعیری بەرهەمهێنانی زمانی خودەربڕینی دوو سیمای مۆدێرنیزنی کوردیە، سیمای قارەمان و قوربانی پێش ڕاپەڕین، شیعری ئەو بەردەوام لە زمان و فۆڕمی نوێ بۆئەم خۆ دەربڕینەوە گەڕاوەو داهێنانێکی گەورەی لە بواری فۆڕمدا هەبووە ، بەجۆرێك کە هەر تازەگەرییەك بەندە بە هەڵوێست لەڤە و زمان و گێڕانەوانەی شێرکۆ بەرهەمی هێناون)) (پێشو:٥).

نوسەر دەیەوێت خودی شێرکۆ بخاتە بەر دیدە شیعریانەکەیی و لەو ڕێگەیەوە بیری خۆی بۆ ئەو تازەگەریە بخاتەڕو کە خودی شێرکۆ ڕەخنەی لێیان گرتووە، بۆیە لەبارەی ئەم بەرهەمەی شێرکۆ قەسیدەی (کچێك نیشتیمانمە)دا دەڵێت:(( قارەمانی کچێك بۆتە نیشتیمانم نەك مرۆڤی سەرگەردانی قۆناغی دوای شۆڕش بەڵکو ئەوەیە کە لەنەوەی پێش خۆی دابڕاوەو نیشتیمان لای سیمای دایکێکی خۆشەویستی داگیرکار و دواتر غەدرلێکراوی نیە، بەڵکو نیشتیمان لەلای

لەشێوەی باوکێکدا دەردەکەوێت و بێ خەمی ڕۆڵەکانیەتی و هیچ زمان و خەون و بەهایەکی هاوبەشی لەگەڵیان نیە)) (پێشو:٥). بەم پێیە نوسەر ڕەخنە ل ە خود دەگرێ بەوەی بیروبۆچونی تاك گۆرانی بەسەردا هاتووە لەدوای شۆڕش کە تاك نیشتیمانی بۆ نیشتیمان کەم بۆتەوە یاخود هەر نەماوە، بۆیە لە کۆتایدا نوسەر دەڵێت (( کچێك بۆتە نیشتیمانم شیعرە لەسەر شەقەمەکان، شیعر ئەو کاتەی دەیهەوێت لەگەڵ سەردەمی خۆی یەك بێت ئەمەش پەنا بۆ تاقیکردنەوەی بەردەوامی فۆڕم زمانی نوێ دەبرێت چەشنی هونەری ئەدەبی هەزار جۆر تاقی کردێنەوە و کۆلاژ دەکرێت و لەدوایش قەیرانەکە وەك هەمو بەرهەمێکی مۆدێرنسیتی مەزن، وەك ملوانی وشیارانە بەم قەیرانی فۆڕم تا ئاستی ملوان بەسەردی شیعری خۆی دەردەکەوێت))(پێشو:٥).

لێرەدا نوسەر ئەوەی خستۆتەڕو کە فۆڕمی شیعر گۆڕانی بەسەردا دێت لەگەڵ گۆڕانی خودا جا ئەم گۆڕانە بۆ نیشتیمان یان لەوانەیە بۆ هەر بابەتێکی ئەشق و خۆشەویستی بێت، کە دەبێتە هەوێنی شیعر لەلایەن شاعیرەوە.

### ٣-٧-٩- ڕەخنەی هونەری

### ٣-٧-٩-١- پێناسەی ڕەخنەی هونەری

لەناو توێژەرانی ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕای جیاواز لەسەر خستنەڕوی چەمک و پێناسەی ڕەخنەی هونەری هەیە، هەندێک بە ((ڕەخنەی هونەری (ئیستاتیکا)، ڕەخنەی شیکاری، ڕەخنەی ناوەکی ناوی دەبەن))(ئەمین، ٢٠٠٩: ٤٦). ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە تەکنیك و وردەکاری پێکهاتەی دەقی شیعری دەکۆڵێتەوە جا چ تەکنیکی نوێ بێت یان کۆن، بۆیە یەکێك لە پێناسەکانی ڕەخنەی هونەری ئەوەیە کە ((ئەم ڕەخنەیە گرنگی بە شیکردنەوەو لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی دەدات، هەروەها هەوڵی دەرخستنی پێکهاتەو وێنە و ئەندێشە و شێواز و ڕسمی دەقی ئەدەبی دەدات)) (پێشو، ٤٦). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەخنەی هونەری نەی توانیوە لە ئەدەبی کوردیدا دەوری دادوەرێك ببینێت بۆ بەرهەم هێنانی دەقی ئەدەبی چونکە ((هەمیشە ڕەخنە خزمەتێکی باش بە نوسەر دەکات ئەو ڕەخنە ناوبانگە بە نوسەرێك دەبەخشێ یان بە زەویدا دەیباتە خوارێ ئەرکی ڕەخنە پیشاندانی لایەنی هونەری و ئیستاتیکی دەقی ئەدەبیە) (مەنتك،٢٠١٨: ١٦).

هەندێک ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی زیاتر گرنگی بە خزمەتی نوسەر دەکەن ئەمەش کاتێک دەبێت ئایدۆلۆجیای نوسەر و شاعیر لەیەکەوە نزیک بن، خۆ ئەگەر وانەبێت بەپێچەوانەوە دەقەکە و نوسەرەکەش دەبەنە ناخی زەویدا و لەبەهای دەقەکە کەم دەکەنەوە،

### ٣_٧_٩_٢_ بنەمای کارکردنی ڕەخنەی هونەری

ڕەخنەی هونەری کۆمەڵێک خەسڵەتی هەیە کە دەکرێت وەکو بنەمایەکی کارەکی پشتی پێببەسترێت لە دیارترین ئەو خەسڵەتانە:_

١_ ڕەخنەی هونەری وەکو بنەما و ئەرکی خۆی کرنگی بە ڕەگەز و بنەما هونەرییەکانی دەقی ئەدەبی دەدات.

٢_ بایەخ بە بنەما و فۆرمی ئەدەبی دەدات، بۆیە ((ناوەڕۆک لەم جۆرە ڕەخنەییەدا تاڕادەیەکی زۆر فەرامۆش دەکرێت)) (هویما، ١٩٧٥: ١٩٧).

٣_ لەم جۆرە ڕەخنەیەدا ڕەخنەگر دور  لە هەر هۆکارێکی دەرەکی، تەنیا بەرخوردی دەقەکە دەکات (ستولنیتز، ١٩٧٤: ٧٢٨).

لەنێو ژمارە جیاوازەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا چەندین وتار نوسراون و تایبەتمەندی ڕەخنەی هونەرییان پێوەدیارە، ئەگەرچی کەموکورتی تێدایە و لە خسڵەتە بنەڕەتییەکانی ڕەخنەی هونەری لایانداوە، لە دیارترین ئەو وتارانە:_

**یەکەم:** سامی هادی لەژمارە (٤٧)یساڵی (٢٠٠٦)، وتارێکی لەبارەی ( غۆما و زاکیرەی شوێن) خوێندنەوەیەک بۆ شیعری (غۆما ی کەریم دەشتی)، بڵاوکردەوە. لە پێشەکی دا نوسەر پێناسەی کورتی بۆ شیعر کردووەو دەڵێت ناوچەیەکە (شوێن) تێزی ململانێکانی لە خاکەکەیدا، بەڵام بۆ مانەوەی شیعریەتی خۆی هەمیشە لە توانەوەیەکی بەردەوام دایە، لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا باسی شیعری بونی خۆماڵی کەریم دەشتی دەکات، هەروەها باس لەلایەنی هونەری و ئیستاتیکادا دەڵێت: ((ئەم دەقە ئەوەندە ڕوبەڕوی دژواری کات و شوێنمان دەکاتەوە، لێرەوە بەهای زمان و ئیستاتیکا و وێنەی شیعری لەدواگەڕانی نێو ئەو دەقەدا گرێکانی خۆیمان بۆ دەکاتەوە)) (هادی، ژ٤٧، ٢٠٠٦: ٤).

شوێن پێگەیەکی گرنگی لە جوانی دەقی شیعردا هەیە، ئەم وتارە لەناونیشانەکەیەوە تاوەکو کۆتایی باس لە شوێن و گرنگی شوێن دەکات لە دەقی شیعریدا، نوسەر بۆ سەلماندنی بۆچونەکانی خۆی چەندین شوێنی جیاوازی ناو دەقە شیعرەکەی بەنمونە هێناوەتەوە و خستوویەتییە بەر باست و خواست. بۆ نمونە گۆزەکەی مەلای ڕەشید لەماڵی کانەبی، زۆربەشیان ڕەخنەن بۆ شوێنێك نوسەر دوبارە ی دەکاتەوەو دەڵێت ((دەقی غۆما ئەوەندە لەنێو شیعرەکان و زمان و وێنەی شیعریەکاندا بەرجەستە بونێکی شێوەی تێدا بەدی دەکرێت، تەنیا

چەند هەناسەیەکی زۆر کورتی نەبێت، ئەگەر ئەوانیش بخەینە دەرەوەی ئەو دەقە فەزای شیعریەتی (دەقی غۆما) پڕ ڕوناکی تر دەبێت)) (پێشو: ٤).

لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە ڕەخنەیە گرنگی دانە بە (زمانی دەق، شێوازی دەق، تەکنیک و ئاوازی شیعری) بەڵام نوسەری ئەم وتارە بەهیچ شێوەیەک باسی لە ئاوازی شیعرەکە نەکردووە و زیاتر گرنگی گرنگی بە وێنە و زمانداوە، بۆ نوسینێکی لەم شێوەیە پێویستە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ ڕەوتی بنەمای کاری ئەم میتۆدەدا بڕوایەت، نەک بەئارەزوی خۆی تەنیا چەند لایەنێکی وەربگرێت و ئەوی دیکە فەرامۆش بکات.

دووەم: عبدالمطلب عبدالله لە ژمارە(٩١_٩٢_٩٣_٩٤)ی ساڵی (٢٠٠٧) وتارێکی بەناونیشانی زمانی شیعریی، لە زمانی سینەمایی لە (قەسیدە/ فلیم)ی (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیردا)(١)ی ئیسماعیل بەرزنجیدا) بڵاوکردووەتەوە، بەشێوەیەکی وەسفی و لە ڕوانگەی هونەرەیەوە باس لەو قەسیدەیە دەکات کە ئیسماعیل بەرزنجی نوسویەتی:

لە سەرەتای وتارەکەیدا نوسەر دەڵێت: ((کار لەسەر کۆی ئەو پەیوەندیەو نێوان زمانی شیعر و زمانی سینەما بکەم))(پێشو: ٧). نوسەر تەنیا لە ڕوانگەی هونەریەوە بەهای ئەو دەقەمان بۆ دیاری دەکات ناچێتە ناو بنچینە و بناوانی دەقەکەوە، بۆیە دەربارەی ئەوقەسیدەیە نوسەر دەڵێت: ((خۆ دواندنێکی دەرونییە بە زمانێك کە نوسەر تەعبیر لە لاَلانەوە دەکات ژیانی دەرچونی خێزانێك دەگرێتەوە)) (پێشو: ٧).

ئەوەی ڕونە نوسەری ئەم وتارە لایەنی چێژ وەرگرتنی بەڕوی شیعری ئیسماعیل بەرزنجیدا دەکاتەوە، هەروەها لە کورتەیەکدا بەکورتی باس لەم قەسیدەیە دەکات و ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: ((ئەگەرچی لە لایەنی شاعیرەوە ئەو قەسیدەیە هیچ جۆرە دابەشکردنێك لەخۆ ناگرێت، بەڵکو لەو خوێندنەوەیەدا بۆ ئەوەی ڕونتر قسە لەسەر دەلالەتە دیار و نادیارەکانی وێنەگرتنی کامێرا بکەم)) (پێشو:٧).

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نوسەر ڕەخنەی هونەری لە بۆچونە شیعریەکەی شاعیر کۆدەکاتەوەو ئاماژە بە بیری تاکایەتی شاعیر بۆ دەوروبەر دەکات، پاشان نوسەر لە ژمارە (٩٣)ی ڕۆژنامەکەدا (چاودێر) درێژە بەباسەکەی دەدات و لەبارەی بەشێکی تر و قەسیدەکەوە لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە شاعیر نوسیویەتی ((وا دێم بەشەکاوی لەرزۆکاوی ڕوەو چێورمەکەت هەنگاو دەنێم نە خۆڵ نەبەرد نە پنج و گیای سەر دڵت، هیچیان وە ئاگات ناهێنم بەماتی دەست لە کێڵگەکان دەردێنم و بە ئاستەیەکی چەندین دەچرپێنمە گوێت: ((کوا مەکانی ڕاکێشان کوا جگەرە کێشانی پێش چونە ناو جێگا))(عبدوڵا، ژ٩٣، ٢٠٠: ٦). نوسەر وەسفی

ئەم دیمەنانە دەکات کە لەناو ئەو بەشەی قەسیدەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە لەم بارەوە دەڵێت لە ((ئەوجوانکاریە بەقەد ئەوەی ئاسۆیەکی نوێ بەرامبەر بینین دەکاتەوە و سەر بە زمانی سینەما و تەجریددا ئەوەندە بە شیعرەکان و خەیاڵەوە بەند نیە)) (پێشو: ٦).

لە بەشی چوارەم و کۆتایی دەربارەی قەسیدەکە لە ژمارە (٩٤)ی ڕۆژنامەکەدا باسکراوە لەسەر هەمان ڕێچکەی پێشو نوسەر بەردەوام دەبێت، لەو شوێنەوەی کە شاعیر گوتویەتی ((وا دێم نازانم دەمناسیەوە یاننا؟ ئێستا سەرم کوێستانی پەمۆیە و تێی ئاڵاوە تەم، ئێستا تەبەشم تیژیە لە تۆرت و چاڵ ئێستا دووچاوە قاوەیەکەم کز و کەم حوکمن ئێستا سیغە سیغی سینگم ڕۆژە ڕێیەك دەڕوات)) (پێشو، ژ٩٤: ٢)..

نوسەر قەسیدەکە پەیوەست دەکاتەوە بە گونجان بۆ فیلمێکی سینەمایی بە لەبەرچاوگرتنی سەرجەم وێنە هونەریەکانی ناو قەسیدەکە وەك چەند دیاردەیەکی زیندوو لە بیرێکی تاکەکەسی کە یەکێکە لە ئەندامەکانی کۆمەڵگا ڕەنگ دەداتەوە لەبارەی ئەم بەشەی قەسیدەکەوە نوسەر نوسیویەتی ((لە دروستکردنی وێنەدا توانای کامێر دەردەکەوێت لەوەی کامێرەمان بە ئارەزوی دەیهێنێت سەیری ڕۆتینەکان دەکات و ڕوناکییان دەگۆڕێت، هەروەها گێڕەرەوەش لە ڕێگای ڕستەکانی پرسەوە ئەوکارە ئەنجام دەدات بەم واتایە دیمەنی پێنجەم لە ڕستەی پرسی (نازانم دەمناسیتەوە یاننا) دەنگە دەنگی خۆی لە میانەی وەرگرەوە درێژ دەکاتەوە)) (پێشو: ٢).

ئەوەی جێگەی سەرەنجە نوسەری ئەم وتارە زیاتر بۆچونی تاکەکەسی خۆی بەکارهێناوە و پشتی بە زانیارییە گشتییەکان نەبەستوە، بۆیە دەکەوێتە هەڵەیەکی وەکو ئەوەی دەڵێت بڵێت تەنیا ڕستە پرسیاییەکان دیمەنەکان وەکو کامێرا دەگوازنەوە، خۆ دەکرێت لەڕێگەی ڕستەی دیکەشەوە ئەو کارە

ئەوەی جێگەی تێبینیکردنەوە نوسەری ئەم وتارە دەیەوێت لایەنی جوانی و تەکنیکی ئەم قەسیدەیەی شاعیر دەربخات و بیخاتە ڕو، بەڵام نەهاتووە بەشێوەیەکی زانستییانە بەپێی میتۆدی جوانیناسی، ئیستاتیکی دەقەکە لێکبداتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆبکات، چونکە دەکرا لایەنی زمان و لادانە واتایی و زمانییەکان بەراورد بە دەقەکانی دیکەی شاعیر بکات، پاشان بەراوردی دەقی شاعیرانی دیکەی بکردبا، بۆئەوەی مەزەندی جوانی دەقەکەی بکردبا و دواتر ئەو هەمو ستایشەی دەقەکەی بخستبایەتە ڕو. ئەو دابەشکارییەی کە بۆ دەقەکە خستوویەتییە ڕو تێکەڵی تێدایە، لەبەرئەوەی نوسەر بەخۆیشی دەڵێت شاعیر دابەشکاری بۆ دەقەکە نەکردووە، کەوایە ئەی ئەم دابەشکارییە واتای چییە کە نوسەر کردویەتی لەلایەک باس لایەنی دەرونی دەکات لەلایەکی دیکەوە باس لە دەلالەتی نادیاری دەقەکە دەکات. بۆیە ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان زمانی شیعر و

زمانی سینەمادا دەستنیشانی کردووە ڕون نییە و نازانرێت نوسەر مەبەستی چییە تاوەکوو خوێنەر لێی تێبگات.

سێیەم: عبدالمطلب عبدالله لە ژمارە (٨٣) ساڵی (٢٠٠٧) بابەتێکی لەژێر ناونیشانی (ئەزمون و تایبەتمەندی شیعری هاشم سەڕاج)(خوێندنەوەیەکی ڕەخنەئامێز بۆ گەمەی جریوەو ڕەشبردنەوە)ی بڵاوکردووەتەوە. یەکێکی تر لەو کارانەی کە بابەتی ڕەخنەی شیعری و لەناویدا ڕەخنەی هونەری هاتووە و گەڕانێکی بەناوی (ئەزمون و تایبەتمەندی شیعری (هاشم سەراج) کردووە. نوسەر شیکردنەوە و خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ ئەم بەرهەمەی هاشم سەراج دەکات. کە تیایدا خوێندنەوە بۆ واتا و ناوەڕۆکی شیعرەکە دەکات بەراوردی نێوان واتاکانی دەکات بەپشت بەستن بەو شێوازەیی فۆڕمە زمانییەی کە شیعرەکەی پێ نوسراوە.

نوسەر لە بەشێکی نوسینەکەدا بەم شێوەیە باس لە بەرهەمەکەی هاشم سەلاج دەکات: (( واتاکانی ڕەشبردنەوە بۆ دەیەی دووەمی قۆناغی یەکەمی شاعیر دەگەڕێتەوە بە زمانی تەمومژ ئامێز بەند دەبێت ئەو زمانەی لە بەراوردی تەعبیر بکات دژ دەوەستێتەوە بەرامبەر زمانی باو، زمانی کۆ، زمانی دەستەڵات و هەر لەو بزاڤەبەوە زمانێك بەخۆ بونیاد دەنێت لەوەوە ئاگایی هەستی و نەستی ڕۆشنبیری شاعیرەوە بەند دەبێت))(عبدالله، ژ ٨٣، ٢٠٠٧: ٢).

پاشان لە شوێنێکی تردا نوسەر دەڵێت: ((ئەزمونی (هاشم سەراج) لە سیحری شیعریەتیەوە دەکەوێتەوە میانی دوو نێو دژیەوە، نێو دژی واتا، نێو دژی جوانی یان دەشێ لەوێوە بێت کە شیعر هەڵگری مێژوی زیندەگی و ڕو درەوشاوەکەی زیندەگییە))(پێشو: ٢).

ڕەخنەگرتن لەم وتارەدا بەلێڵی دەبینرێت هەرچەندە ناونیشانی وتارەکە بەناوی خوێندنەوەیەکی ڕەخنە ئامێزەوەیە، بۆ نمونە لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((کاتێك بنەمای ڕەشبردەوە لە میانی ئاگایی و گێڕانەوە هەڵدەقوڵێت، لە دوو ڕەگەزەوە دیالۆگ لەگەڵ چەمکی جریوە دادەمەزرێت لە یەکێکیان زمانەوانیە ئەویدیکەیان مەستکردنی وشەیە، ئەو دوو ڕێچکەیە دوو دەرئەنجامی لەخۆدا هەڵگرتووە کە بێ واتایە و بێ هودەیە لەکۆی پەیوەندیەکانی بۆ ماوەیی و بێ هودەیی شیعرییەت ئەو حاڵەتەیە کە لەسەر باگراوەندی ئاگایی و گێڕانەوە دەسازێ))(پێشو: ٢). لایەنی زمانەوانی و مەستکردنی وشە، پێکەوە دەخرێنە خانەی زمانەوە و دەکرێت لەیەک ئاستدا بخرێنەڕو، چونکە لایەنە زمانییەکەی وشەش دەخرێتە ناو چوارچێوەیەوە، دەبو لەو ڕوانگەیەوە نوسەر کارەکەی ئەنجام بدایە، نەک بەدوو تەوەری جیاواز و لێکترازاو.

ئەوەی جێگای تێبینی یە لەم وتارەدا ناونیشانی بابەتەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی نوسینەکەدا یەکدی ناگرێتەوە چونکە ناونیشانەکە ڕەخنەی هونەری و ڕەخنەسازی پێوە دیارە بەڵام ناوەڕۆکەکە

وەسفی بابەتە شیعریەکە دەکات. هەمو ئەو نوسینەی کە دەربارەی ناونیشانەکە نوسراوە چەند دژبەیەکی تێدایە کە نوسەر باسەکەی بە کراوەیی بەجێهێشتووە ئەمەش لەو چەند نمونە بەشە نوسینەی کەوەك نمونە وەرمان گرت دەردەکەوێت ناکرێت نوسینی ڕەخنەیی لەم فۆرمە زمانەوانیەدا بە لێڵی بمێنێتەوە کە خوێنەر نەتوانێت و نەزانێت ڕەخنە لەکوێی بابەتەکە گیراوە ڕاستکردنەوەی ڕەخنەکە بەهیچ جۆرێك بە نوسینەکەوە دیار نیە.

ئەمەش دیدگای نوسەر بۆ ئەم بەشەی دەقەکە دەردەخات لە بەشی دووەمی وتارەکەدا دوبارە نوسەر وەسفی بەشێکی تری قەسیدەکە دەکات و لەو شوێنەدا کە دەڵێت ((دێمکە ئاوەکە بێنە بابچین گوڵە ماتەکانی سەر سینگی جوان ورتر ئاو بدەین و با تۆز و خۆڵی ڕەنگی دنیا بشۆینەوە))(پێشو:٢).

نوسەر لە وەسفی ئەم بەشەی قەسیدەکەیدا دەربارەی شاعیرەوە دەڵێ ((فەزایی سینەمایی تێکەڵ بە فەزایی شیعری دەکاتەوە لە شیعریەت لەو.... نکردنە پەیوەندی بە یەنگی دونیاوە هەیە، لێرەدا ئاماژەی یەنگی دنیا تەعبیر لە پاراستنی بیری تاکایەتی دەکات))(پێشو:٢).

چوارەم: عەتا قەرەداغی لە ژمارە(٩٤) ی ساڵی (٢٠٠٦) وتارێکی بەناونیشانی (ڕو لەخودا و پشت لەدونیا) لە شیعری (چەرخی سوقڵە پەردەر)ی مەحویدا بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا نوسەر باس لە شێوزای شیعری مەحوی دەکات هەم لەڕوی ناوەڕۆك و هەم لەڕوی ڕوخسارەوە هۆنراوەکانی مەحوی هەڵسەنگاندووە، لەسەرەتادا بەم شێوەیە باس لە مەحوی شاعیر دەکات و دەڵێت:((دەقەکانی مەحوی وەکو زۆربەی شیعری کلاسیکی کوردی مێژوی نوسینیان دیارنیەو لە دیوانەکەشیدا بەپێی ئەلفابێت ڕیزکراون)) ( قەرەداخی، ژ.٩٤، ٢٠٠٦: ٦).

ئەگەر سەیری ئەم جۆرە نوسینە بکەین دەبینین جۆرێك لە بۆچونی ڕەخنەیی تێدا دەبینرێت کە ڕەخنەی هونەرییە و تیایدا ڕەخنە لە ڕوخساری شیعری مەحوی گیراوە پاشان لە شوێنێکی تردا بەم شێوەیە باسی لەشیعری مەحوی دەکات و دەڵێت: ((بێگومان وەکو پێشتریش هەندێ لەو کارانەی کە لەسەر شیعری کلاسیك کردوومانە ئاماژەمان بۆئەوە کردووە کە زۆرینەی دەقە کلاسیکیەکانی شیعری ئێمە ناونیشانیان نیە))(پێشو: ٦)

ئەگەر ئەم نوسینە هەڵسەنگێنین نوسەر توشی هەڵەیەکی زانستی بووە لەلایەك باس لەوە دەکات کە شیعری کلاسیك بێ ناونیشانە، کەچی نوسەر خۆی ناونیشانی بۆ شیعرەکەی مەحوی داناوە، لە کۆتایی ئەم بەشەی نوسینەکەدا نوسەر دەڵێت: ((مەحوی پێی وایە لەم سەردەمی ونبون و تێکەڵابونی شووناسەکاندا کار گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە جنۆکە ڕاشکاوانە لەباری

فرریشتەوە دەدوێت)) (پێشو: ٦) ئەمەش جۆرێك لە باسی هونەری لە چوارچێوەی ڕەخنەی هونەری کە بۆ شیعرەکانی مەحوی کراوە.

ئەوەی جێگەی تێبینیە نوسەر باس لە تەکنیکی زمان و شوناس دەکات کە خاڵێکی گرنگی بونیادی هونەری و وێنەی هونەرییە، بەشێوەیەک باسی دەکات وەکو ئەوەیە ئاگاداری ئەوە نەبوبێت کە شیعری کلاسیکی هەر بەو شێوە زمانە بووە و بگرە مەحوی تاڕادەیەک هەندێک دەستەواژەی کوردی پەتیشی بەکارهێناوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت ئەوە بزانرێت کە لە شیعری کلاسیکدا تەنانەت لای نەتەوە دراوسێکان ناونیشان بۆ دەقە شیعرییەکان دانەنراوە و تەنانەت کێشەش نەبووە ، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە دەقە شیعرییە کلاسیکییەکان یەکێتی بابەتی تێدا نییە و کەم ئەم بابەتە لە لای کلاسیکەکان بەدی دەکرێت.

پێنجەم: ئەحمەدی مەلا لە ژمارە (١٦٧) ی ساڵی (٢٠٠٩)دا بابەتێکی بەناونیشانی ( کێشەی ناولێنانی ژانرەی ئەدەبی لای شێرکۆ بێکەس) تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین وەك نمونە) بڵاوکردووەتەوە و لە چەند بەشیکدا بۆچونەکانی خۆی خستووەتەڕو. نوسەر سەرەتا بەم شێوەیە دەست پێدەکات و دەڵێت: ((ئەگەر بهاتبایە خودی شاعیر ناوی لە دەقەکانی خۆی نەهێنابایە، بەڵام وەک چۆن لە دەقی کورسیش دوچاری هەمان هەڵە دەبێتەوە، هاتووە خۆی ناوی لکاندووەتە دەقەکانییەوە))(مەلا، ژ١٦٧، ٢٠٠٩: ٥). نوسەری ئەم وتارە دەیەوێت لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە لە ناونیشانی دەقە شیعرییەکانی شاعیر بڕوانێت، هاتووە ڕەخنە لەو ناونیشانە دەگرێت و دەڵێت ناچێتە چوارچێوەی پەخشانە شیعرەوە، بەڵام ئەمە وانییە، چونکە ئەو نمونەیەی کە لەم وتارەدا هێناویەتییەوە (فڕینە کوژاوەکانی ژن)، بەوردبونەوە زۆر بەڕونی دەردەکەوێت کە پەخشانەشیعرە، چونکە ئەوەی جیاوازی نێوان شیعر و پەخشانە شیعر دەکات تەنیا ئاواز و کێشی شیعرەکەیە، پاشانیش پەخشانەشیعر بەخۆی جۆرێکە لەشیعر، بۆیە دەکرێت تێکەڵییەکیش لەنێوانیاندا هەبێت.

پاشان نوسەر باسی گرنگی ناونیشان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا دەکات بەم شێوەیە دەست بە وتارەکەی دەکات لەبارەی شاعیری ناوبراوە دەڵێت: ((ئەم لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەین تا بزانین لە دید و ڕوانگەیەکەوە شاعیر ناو بۆ دەقەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت و چین ئەوباگراوەندە ڕەخنەیی و مەعریفیانەی کە ئیشی لەسەر کردوون))(پێشو: ٥).

بەم شێوەیە باسی گرنگی ناولێنانی سی هۆنراوە لەلایەن شاعیرەوە دەکات لەکۆتایی بەشی یەکەمدا دەڵێت ((ئەگەر بی... خودی شاعیر ناوی لە دەقەکانی خۆی نەهێنابایە بەڵام وەك چۆن لە دەقی کورسیش دووچاری هەمان هەڵەدەبێتەوە هاتوتە خۆی نێوی لکاندۆتەوە نێو دەقەکانیەوە))

(پێشو:٥). ئەمەش گرنگی ناونلێنانی شاعیرمان بۆ ڕوندەکاتەوە لە دەستنیشانکردنی ناو بۆ هۆنراوەکانی.

لەبەشی دووەمدا کە بۆ هەمان ناونیشان نوسەر بۆچونەکانی خستۆتەڕو بەڵام نوسەر لەم بەشەدا ئەوەندەی باسی شێوازی شیعری شێرکۆ بێکەس دەکات ئەوەندە باسی ناولێنان ناکات کە ناونیشانی وتارەکەیە بەم شێوەیە ((لێرە دەمانەوێت باس لەناوەختی دەقەکان بکەین لەوە بگەڕێیین بۆچی شاعیر پەخشانە شیعر دەبەخشێتە دەقی یەکەم و پەخشان بەدەقی دووەم و شیعرش بەدەقی سێیەم)) (ژ. ١٧٧، ٢٠٠٩، ل٥).

ئەگەر سەیری ئەم بەشی نوسینەکە بکەین بەهیچ شێوەیەك باسی ناونیشانی تێدا نیە کە ناونیشانی وتارەکەیە، ئینجا دەڵێت: ((لە دەقەکەی شێرکۆ بێکەسدا دێڕەکان ستوونیانە بەبێ بۆشایی بە بێدەنگی بەبێ دابەشبون بەسەر لاپەڕەکاندا شۆڕبونەوە)) (پێشو:٥) خوێنەر ئەم پەرەگرافە ببینێت و بەراوردی بە ناونیشانی نوسینەکە بکات ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە نوسەر بێئاگابووە لەنانیشانی وتارەکەی و بە ئارەزوی خۆی مامەڵەی لەگەڵ نوسینەکەیدا کردووە، بۆیە پێویستە بابەتەکان و ناونیشانەکان وابەستەی کەکتر بن بۆئەوەی هەڵەی زانستی ڕونەدات و خوێنەریش بە لاڕێدا نەبات.

پاشان بەمشێوەیە لەسەر نوسینەکەی بەردەوام دەبێت تا کۆتایی ئەم بەشەی کە دەڵێت: ((شیعر ببێتە شتێکی سەربەخۆ کە تەنیا ئاماژە بۆ خودی خۆی دەکات کە ناوەڕۆکی تەنیا لەڕێگای زمان و خەیاڵێکی بەربەستە، گەمەیەکی خەون ئامێزی ناواقیعی یە، ئامادەگی نیە)) (پێشو: ٥). ئەمەش بە پێوەری ناونیشانەکە هیچ سەروبەرێکی لەگەڵ ناونیشانەکەدا نیە، بەڵام سێیەمدا دەبینین ناوەڕۆك و ناونیشانی وتارەکە یەکدی دەگرنەوە چونکە زۆر باسی ناولێنانی شیعری تێدایە لەلایەن شاعیرەوە دەڵێت: ((دەقی یەکەم کە شاعیر ناوی پەخسانە شیعری لێناوە بەهیچ تەرعێك ناچێتە ژێر باری ئەو ڕەگەزە هونەریانەی کە دەق دەکەنە پەخشانە شیعر ئەم تێرمە ڕەنگە لەگەڵ پەخشان تێکەڵکرابێت)) (پێشو، ژ١٧٨: ٥). ئەمەش پوختەی ڕەخنەی هونەریمان بۆ دەخاتەڕو لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا کە ناونیشانە.

شەشەم. نوخشە عبدول لە ژمارەی (٢٤٦ ــ ٢٤٧) ی ساڵی (٢٠١١) وتارێکی بڵاوکردووەتەوە بەناونیشانی (نیگارا چێتی یار لەدیدی مەحویدا) نوسەر لە سەرەتادا نوسەر باسی (یار)ی کردووە لە بەرهەمی شاعیرانی کلاسیك ((یار شوێنێکی دیاری گرتووە لە شیعری کلاسیك بە گشتی و لەلای مەحوی بەتایبەتی جا ئەو پەیوەست بێت بەلایەنی ئاینی یان عاطفی)) (عبدول، ژ٢٤٦-٢٤٧، ٢٠١١: ٤). لەڕێی ئەم وتارەوە نوسەر دەیەوێت ڕەخنەی هونەریمان پێ بناسێنێت

لەڕێی جێبەجێ کردنی بەسەر هەندێك لە شیعرەکانی مەحویدا بەتایبەت ئەو لایەنەی کە زۆر لەبیری شیعرەکانی مەحوی داگیرکردووە ئەویش بنەمای ئاینەکە خۆی لە بونی خوادا دەبینێتەوە

(( ئەوەی چوو بۆ سۆراخی بێ سۆراغە

خەبەر وایە کە کەس نابێت خەبەردار(عەبدول، ژ٢٤٦، ٢٠١١: ٤).

بنەمای ئەو دێرە دەمانباتەوە سەر سیفەتی ئیلاهیەکان ئەوانەی دوای دۆزینەوەی خودا دەکەون و دەبنە کەسانی سۆراخ شوێن کەوتوانی ئەم ڕێگایە عاریفەکانن)) (پێشو: ٤).

پاشان دێتە سەر باسی عەشقی ئینسانی کە کەسێکە هەرچەندە ناویشی نەهێناوە، لە کۆتایی دەڵێت ((ئەوەی (مەحوی) بۆیدەگەڕێت شتێکە نزیك لە ڕەهای ئەوەش ڕادەگەیەنێت بەدەست هێنانی ئاسان نیە هیچ کات گرنگ نیە مەحوی چی لە دەستدەدات ئەوەی گرنگە بەدەستی دێنێت)) (پێشو:٤)

ئەم وتارە زیاتر دەیەوێت لە ڕێگەی هونەری عیشقەوە هونەریی ژین ڕون بکاتەوە، تێڕوانییەکانی مەحوی بەپێشچاو دەخات تاوەکوو خوێنەران لە دیدگای مەحوی تێبگەن، ئەوەی جێگەی سەرنجە نوسەری ئەم وتارە دەیەوێت بڵێت مەحوی بەشێوەیەکی هونەری لە عیشق و خودا دەڕوانێت، بەڵام نەیتوانییوە ئەو نمونانە وەربگرێت کە بۆ ناوەڕۆکی ئەم وتارە گونجاوە، چونکە شاعیر چەندین نمونەی زیندووی هەیە لەسەر ئەم بابەتە و هانی خەڵکی دەدات لە فرت و فێڵەکانی دونیا دور بکەونەوە و ڕوبکەنە بارەگای عیشقی خودای، چونکە ژیان بۆ کەس نامێنێت و ژیانی کوتایی کە دونیایەکی نەبڕاوەیە بۆ مرۆڤایەتی سود بەخشە.

# ئەنجام

## ئەنجام

لەکۆتایدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک لەگرنگترینیان:_

- ڕەخنەی ڕەخنە، بابەتێکی گرنگە و خزمەت بەبواری ڕەخنە دەکات و تا ئاستی کامڵبونی دەبات. لەهەمانکاتدا یارمەتیدەرێکی باشی خوێنەرە،لە خوێندنەوە و ڕاڤەکردن تێگەیشتنی کارە ئەدەبییەکاندا.

- پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، لە دیارترین ئەو ڕۆژنامانەیە، کە زۆرترین بابەتی ڕەخنەیی ئەدەبی تیادا بڵاوکراوەتەوە، ئەگەرچی ڕۆژنامەکە تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبیات نەبووە .

- ڕەخنەی شیعری لەدووتوێی ڕۆژنامەکەدا گرنگی پێدراوە و (٤٢) بابەتی لەم چەشنە بەدی دەکرێت. لە لایەن نوسەرە جیاوازەکانەوە نوسراون و بڵاوکراونەتەوە.

- ئەم ڕۆژنامەیە ئەگەرچی خزمەتێکی باشی بە ئەدەبیات و شیعر بەتایبەتی کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نەیتوانیوە ئایدۆلۆجیای خۆی زاڵ نەکات، بەم هۆیەوە تەنیا چەند نوسەرێکی دیار و بەتایبەتیش لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا بابەتی نوسەران وەرگیراوە و بڵاوکراوەتەوە.

- لە دووتوێی ژمارە جیاوازەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا، ژمارەیەک میتۆدی ڕەخنەیی خراوەتەڕو، کە وتاریان لەچوارچێوەی ئەو میتۆدانەدا بڵاوکردووەتەوە، بەڵام زۆربەی وتارەکان ئاماژەیان بە میتۆدی کارکردنەکەیان کردووە، کەچی نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی زانستی و بەپێی بنەماکانی ئەو میتۆدە بەکاربراوانە بابەتەکانیان بڵاوبکەنەوە، بۆیە لە شوێنی پێویستدا لە ناواخنی نامەکەدا ئاماژەمان بە کەموکورتییەکان کردووە.

- میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی، لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا شەش وتار لەچوارچێوەی ڕەخنەی مێژووییدا خۆیان دەنوێنن.

- میتۆدی ڕەخنەی دەرونی، تەنیا دوو وتار لەچوارچێوەی ئەم میتۆدەدا لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا دەبینرێت.

- میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەریی، لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا تەنیا پێنج وتار لەسەر میتۆدی بونیادگەری بڵاوکراونەتەوە.

- میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵیەتی. تەنیا سێ وتار لەسەر ئەم میتۆدە لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا بەدی کراون.

- هێرمینۆتیکا، لەچوارچێوەی بنەماکانی ئەم میتۆدەدا تەنیا دوو وتار بڵاوکراوەتەوە.

- سیمۆڵۆژیا تەنها (٣) وتار لەپاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا خراونەتە ڕوو.

- ڕەخنەی خودی (دە) وتار لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا خراونەتەڕو.

- ڕەخنەی هونەری، لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا تەنیا (شەش) وتار بەدی دەکرێت.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

### ١_ کوردییەکان

### أ_ کتێبەکان


- برێسلێر، چارلز (٢٠٠٢)، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، وەرگێڕانی عەبدواخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- بەرزنجی، عەلی تاهیر (٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپخانەی دەزگای چاپ پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- خاڵ، محمد (١٩٦٤)، فەرهەنگی خاڵ، بەشی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

- خەزنەدار، جەمال (٢٠١٨)، ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠)، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولیر.

- دۆسکی، عەبدولسەمەد ئیسلام تەها (٢٠١٠)، ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە گەشەپێدان و پێشخستنی هونەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا (١٩٣٢ ــ ١٩٤٦)، چاپخانەی بابان، سلیمانی.

- دەشتی، عوسمان (٢٠٠٣)، ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی هێمن، چاپخانە و ئۆفیسی تیشك، سلێمانی.

- رەسوڵ، اسماعیل (١٩٨١)، چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، بەغدا.

- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا (١٩٧٩)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی زانکۆ، سلێمانی.

- ساڵح، ڕەفیق و سالح،سدیق (٢٠٠٧)، ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاست (١٩١٨ ــ ١٩١٩)، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی.

- سالح، سدیق و سالح، ڕەفیق و زەنگەنە عەبدوڵلا (٢٠١١)، شەفەق و یەکەمین گۆڤاری کوردی لە کەرکوک، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلیمانی.

- سالح، ڕەفیق و صالح، صدیق (٢٠١٢)، رۆژنامەی پیشکەوتن چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- سەپان، مەغدید (٢٠١٥)، بنەماکانی ئیستیک و ئیتیک لە راگەیاندنی کوردیدا، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، چاپی یەکەم.

- علی،کاروان (٢٠٠٧)، ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.

- عومەر، فاروق عەلی و کارێزی، تارق (٢٠٠١)، ساغکردنەوەی عەبدولا زەنگەنە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولیر.

- فضل، صلاح (٢٠١٦)، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێران. سەردار ئەحمەد گەردی، ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

- فۆکۆ، میشێل، (٢٠١٤)، ڕەخنە چییە، فاتح سەعیدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

- قانع،مەم بورهان (٢٠١٩)، سەرەتاکانی رۆژنامەگەری، سلیمانی، چاپی یەکەم،تاران.

- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠١)، ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم، سلێمانی.

- گورون، قوباد ڕەسوڵ (٢٠٠٦)، بەشێک لە بنچینە سەرەتاییەکانی زانستی رۆژنامەگەری، چاپخانەی شڤان، سلیمانی.

- گەردی، عەزیز (١٩٧٤)، ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوارث)، بەغداد.

- محمد، عبدالقادر حەمە امین (٢٠٠٨)، بونیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

- سابیر، پەرێز (٢٠٠٦)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

- محەمەد، دلێر ئەمین محەمەد (٢٠٠٤)، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاویژ لە گەشەسەندنی پیشخستنی ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلیمانی.

- محەمەد، ئەنوەر قادر (٢٠١٨)، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

- مستەفا، نەوشیروان (٢٠٠٢)، ژیان بە تەمەنترین رۆژنامەی کوردی (١٩٢٦ – ١٩٣٨)، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم، سلیمانی.

- مستەفا، نەوشیروان (٢٠١٣)، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، تێبی دووەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی الدار (العربیه للعلوم ناشرون)، بیروت – لوبنان.

- میراودەلی، کەمال مەمەند (١٩٨١)، چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.

- مەزهەر، کەمال (١٩٧٨)، تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنوسی کوردیدا، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بغداد.

- هەردی، ڕێبین (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی هونەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، زنجیرەی دۆسیەکانی سەردەم(٢٦)، کۆمەڵێ نوسەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

- ئەبوبەکر، هەڤال (٢٠٠٧)، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسیەکان و رەنگدانەوەیان لە ژیان و ژیندا، چاپخانەی شڤان، سلیمانی.

- ابوزید، فاروق محەمەد (٢٠٠٦)، وەرگێڕانی فەرەیدون ڕەئوف عارف، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

- بصیر، کامل حسن (١٩٨٣)، ڕەخنەسازی مێژو پەیڕەوکردنی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.

- بصیر، کامل حسن (١٩٨٩)، ویژی کوردی و ڕەخنەسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار الحافظ)، بیروت.

- بەرزنجی، سەعید محمد (٢٠٢١)، پێوەرەکانی ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا کرمانجی خواروو (١٩٧٠ – ١٩٩٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی مهتاب، سلێمانی.

- پیربال، فەرهاد (٢٠٠٧)، چەند باسێک لە بارەی مێژوی رۆژنامەنوسی کوردیەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، سلیمانی.

- حاجی، عەبدی (٢٠٠٨)، چەند تیورەکێن ڕەخنا ئەدەبی، چاپا ئێکێ، دەزگەها سپیریز، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر.

- حسێن، هیمداد و نازم، سەنگەر و سالم، ڕێزان (٢٠٢١)، ئەدەبی بەراورد، چاپخانەی ناوەندی ئاودێر، هەولێز.

- حسێن، هیمداد (٢٠٠٧)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، چاپخانەی خانی، دهۆك.

- حسین، هیمداد (٢٠٠٨)، رۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی شڤان، سلیمانی.

- حوسێن، هیمداد و نازم، سەنگەر (٢٠٢٠)، ئەدەبی جیهانی، چەمک و مێژو و ئاریشەکانی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

- حوسێن، هیمداد و نازم، سەنگەر (٢٠٢٠)، ئەدەبی جیهانی چەمک و مێژو و ئاریشەکانی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

- حوسێن، هیمداد (٢٠٢٠)، ئەدەبی نوێی کوردی(لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی پراکتیکی)، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

- حەمەد، یوسف عوسمان (٢٠٠٥)، ئیگۆ و ئید، زیگمۆند فرۆید، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولیر.

- خەلیل، ئیبراهیم مەحموود (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە لاسایکردنەوە بۆ هەڵوەشانەوەگەرایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.

- سالح، ئاوارە کەمال (٢٠١٢)، میتودی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعری گۆراندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- سلێوە، هاوژین (٢٠١٣) ڕەهەندی دەرونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتد، یەکێتی نوسەرانی کورد.

- سەجادی، عەلائەدین (١٩٧٠) نرخ شناسی، بەغداد.

- عوسمان، سالار (٢٠١١)، هێرمینۆتیکا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- قەطوسی، بەسام (٢٠١١)، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەر، وەرگێرانی، محەمەد تاتانی، خانەی وەرگێران، سلێمانی.

- محەمەد، فوئاد ڕەشید (٢٠٠٥)، ڕەخنەی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی (١٩٧٣ – ١٩٩٩)، چاپخانەی ڕون، هەولێر.

- مەعروف، کەمال (٢٠١٢)، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی دەریا، سلێمانی.

- مەنتک، حەمە (٢٠١٨)، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی ئەدەبی لەڕوی تیۆرییەوە، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوە موسینگەی تەفسیر، هەولێر.

- ئیگلتۆن، تیری (٢٠١٧)، مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و. هاوڕێ یوسفی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

- ئیمامی، نەسروڵڵا (٢٠١٨)،بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، حوسێن، هیمداد و نازم، سەنگەر، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

- ئەحمەدی، ساماڵ (٢٠١٤)، بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، کۆمەڵێک نوسەر، چاپی یەکەم، چپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- نوورەدین، بوار (٢٠٢١)، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەی چاودێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تهران.

- ئەرستۆ (٢٠٠٣)، هونەری شیعر، و. عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

- دیویس، رۆبرت کان و فینك، لای (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی سەدەی بیستەم، ڕەخنەی ئەدەبی هونەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، وەرگێرانی ڕێبین هەردی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

**ب_ وتارەکانی ڕۆژنامەی چاودێر**

- مەجید، سەرکۆ (٢٠٠٦)، گەڕان بەدوای خود دا، ژمارە ٢٩.

- ڕەواندزی، صدیق سەعید (٢٠٠٧)، ترس لەمردن لە شیعری مرۆڤێکی شادماندا)ی دلاوەرقەرەداغی، ژمارە (٩٢).

- بەرزنجی، عبدالله تاهیر (٢٠٠٥)، ڕامان و بیرکردنەوەی هێمنانە لەسەردەمی ڕەش و جەنجاڵدا، ژمارە (٣).

- ئەحمەد، بورهان(٢٠٠٦)، (ئەسیری لەنێوان ستاتیکای شیعری و ستاتیکای نەتەوەدا). ژمارە(٣٤).

- سابیر، جەبار(٢٠٠٧)، (چاخی سەهۆڵبەندانی شیعر... وەرزی ڕەچینی وشە)، ژمارە (٧٥ و ٧٦ و ٧٧ و ٧٨ و ٧٩).

- ڕەوف عەزیز (٢٠٠٧)، دڵشاد عەبدوڵا شیعر و مێژو، ژمارە (٦٥).

- جەباری، ئەسعەد (٢٠٠٩)، بۆچی دیوانی مەلا فاتحی جەبارییان شێواند، ژمارە (١٦٧).

- ڕواندزی، سەدیق سەعید (٢٠١١)، چەمکی هەستانەوە لە شیعری – سروردی بەرەنگاری – ئەبوبەکر خۆشناودا، ژمارە(٢٨٩).

- ابراهیم، هیدایەت (٢٠٠٥)، کەسێتی ژن لە شیعری گریانی هەناری قوبادی جەلیل زادە، ژمارە(٤).

- ئەحەمەد، محمد نوری(٢٠٠٥)، پیرەمێرد و پڕۆژەیەکی نوێگەری لە شیعری نوێی کوردیدا، ژمارە(١).

- کەریم، ئازاد عبدالواحد (٢٠٠٦)، ئەسیری لەنێوان ناسیۆنالیست و ئایدیای نالیستی، ژمارە(٢٦).

- میرە، ئەحمەد (٢٠٠٨)، پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بەپێی میتۆدی سۆسیۆلۆژی مێژویی، ژمارە(١٠٨_١٠٩).

- عەزیر، کاوەی حاجی (٢٠٠٨)، ترس و نیگەرانی لە شیعری سەڵاح محەمەد، ژمارە(١٠٠).

- ڕەواندزی، سدیق سەعید(٢٠٠٧)، ترس لە مردن لە شیعری مرۆڤێکی شادماندا، ژمارە(٩٣).

- محمد، کاوە حسن (٢٠٠٧)، دیوانی کورسی شێرکۆ بێکەس، ژمارە (٩١).

- عەسکەر، دانا (٢٠٠٦)، عیشق لە نێوان نە.. و.. غەریزەکانی شەیتان) لە دەقی شیعری (پێکێك لەگەڵ ئەهریمەندا)، ژمارە (٣٩).

- دانا عەسکەر، دانا (٢٠٠٧)، بەرپەرچدانەوەی ڕەوتی بەشەکانەو پێوانە کردنی شیعری بەهار محمود و ترێ محمد، ژمارە (٨٩).

- سەدیق، ئارام (٢٠٠٧)، (دیوانی ئاوات حسن ئەمین) لەنێوان شیعر و قسەدا، ژمارە(٨٣).

- ئەحمەد ڕەزا، ئەحمەد (٢٠٠٧)، (چڕکردنەوەو ڕوانین لە دەقەکانی ڕەفیق سابیردا دەقی گۆرانیەك بۆ جوانی بەنمونە)، ژمارەکانی (٦٦_ ٦٧_ ٦٨).

- ڕەشید، فواد(٢٠٠٧)، لەبارەی دیوانی کورسی شێرکۆ بێکەسەوە، ژمارە(٩١).

- عبدالله، عبدالمطلیب (٢٠٠٧)، زمانی شیعری لە زمانی سینەمایی لە (قەسیدە/ فلیم)ی (لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیردا، ژمارە (٩١_٩٢_٩٣_٩٤).

- عبدالله، عبدالمطلیب (٢٠٠٧)، ئەزمون و تایبەتمەندی شیعری هاشم سەڕاج) (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەئامێز بۆ گەمەی جریوەو ڕەشبردنەوە)، ژمارە (٨٣).

- مەحەمەد، جلال ( ٢٠٠٩)، شیعر بەرەو کوێمان دەبات، ژمارە (١٦٢).

- فەریق، ڕابەر(٢٠٠٨)، ئێرە باشترین جێگایە بۆ چاوەڕوانی، ژمارە (١٤٢).

- تەیفوری، مەنسور (٢٠١١)، بەرهەمی هونەریی وەك قەیرانی فۆرم سەرەتایەك بۆ دووان لە مۆدێرنیزم لە قەسیدەی کچێك بۆتە نیشتیمانم، ژمارە (٢٩٦).

- سامی هادی، (٢٠٠٦)، ( غۆما و زاکیرەی شوێن) خوێندنەوەیەک بۆ شیعری (غۆما ی کەریم دەشتی، ژمارە (٤٧).

- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٦)، (ڕو لەخودا و پشت لەدونیا) لە شیعری (چەرخی سوڤلە پەردەر)ی مەحویدا، ژمارە (٩٤).

- مەلا، ئەحمەد (٢٠٠٩)، كێشەی ناولێنانی ژانرەی ئەدەبی لای شێركۆ بێكەس تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین وەك نمونە، ژمارە (١٦٧).

- عبدول، نوخشە (٢٠١١)، نیگارا چێتی یار لەدیدی مەحویدا، ژمارەكانی _٢٤٦_ ٢٤٧).

- مستەفا، دانا ئەحمەد (٢٠٠٦)، بونیاتگەری چەمكی هاوتەریب بوون (جاك كۆبسن، ریفاتیر، گریماس، چاك دیدا، ژمارە (١١).

- مستەفا، دانا ئەحمەد (٢٠٠٦)، (بونیاتگەری: وابەستەی زمان، بنچینە زەینەیەكان، سیمۆتیكای شیعر، ژمارە (١١).

- حامد، نەجات (٢٠١٢) (ئیسپاتە زمانەوانیەكانی خۆشەویستی و ئیرۆتیكا لە شیعرەكانی وەفایدا، ژمارە (٣٢٦).

- ئەحمەد، نەجات حامد (٢٠١٠)، شێركۆ بێكەس و بنیادی شیعری لەنێوانی شیعر و ئایدۆلۆژیادا، ژمارە (٢٠٧).

- زەڵمی، سوهەیب فاروق (٢٠١١)، (شیعری وشە لە شیعری شێركۆ بێكەسدا) دیوانی (هەست و نەست وەك نمونە وەرگیراوە، ژمارە (٢٦٠).

- سابیر، جەبار (٢٠٠٨)، با دڵنیا بێت ئاو... با دڵنیا بێ نیشتیمان لە دەست شاعیرێك هەڵدێت. ژمارە (٩٨).

- حسێن، هیمداد و ڕەسوڵ، صابر حسێن (٢٠١٢)، ئەدەبیاتی فێمینزمی كوردی بەرهەمەكانی نەزەند بەگیخانی وەك نمونە، ژمارە (٣٢٩).

- حەمە امین، عبدالقادر (٢٠٠٦)، ژن لە دەقەكانی قوبادی جەلی زادە، ژمارە (٢٢٣).

- شاهین، هیمداد (٢٠١٠)، دونیاناسی لە دیدی حەزرەتی مەحوییەوە، ژمارە (٢٧٦).

- شاهین هیمداد (٢٠١١)، چیەتی مەرگ خوێندنەوەیەك بۆ چەمكی مردن، ژمارە(٢٧٦).

- پاڵەوان، سەڵاح (٢٠١٠)، خوێندنەوەیەك بۆ شیعری كراوە لە شیعری نوێی كوردیدا، ژمارەكانی (٢١٥ ـ ٢١٦ ـ ٢١٧ ـ ٢١٩ ـ ٢٢١).

- جامی، نیهاد(٢٠١٢)، زمان و فرە واتایی لە ئەزمونی شیعری شێركۆ بێكەسدا، لە ژمارەكانی (١٢٥-١٢٦).

- خەلیل، زانا (٢٠١٢)، فەرهەنگی زمانی شیعر، ژمارە(٣٣٢).

**-ج_ دیوانەكان**

- جەزیری، شێخ ئەحمەد (١٣٦١)، دیوانی مەلای جەزیری، شەرحی هەژاری موكریانی، چاپخانەی تهران.

- خانی، ئەحمەدی كوڕی ئەلیاس كوڕی ڕۆستەم (١٩٩٠)، مەم و زین، شرۆڤكرن و ڤەكۆڵین، ئەمینێ ئوسمان، چاپا ئێكی، مطبعة جاحظ، بغداد.

- نالی، مەلاخدری كوری ئەحمەدی شاوەیسی میكائیلی (١٣٧٩)، دیوانی نالی مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتیح عبدالكریم، چاپی دووەم، انتشارات كوردستان، سنە.

- كۆیی، عبدالقادر كوڕی مەلا ئەحمەدی مەلا ساڵحی كوڕی مەلا ئەحمەدی گەورە (١٩٨٦) دیوانی حاجی قادری كۆیی، لێكۆڵینەوەی سەردار حەمید میران و كەریم شارەزا، بەغدا.

**د_ نامە ئەکادیمییەکان.**

- ئامێدی، عەبدوڵا یاسین (١٩٨٩)، پەیدابونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تا جەنگی گێتی یەکەم، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

- محەمەد، ئاریان ئیبراهیم (٢٠٠٤)، ڕۆژنامەی برایی – برایەتی، (١٩٦٧ – ١٩٧٤) ڕۆلی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

- أمین، کارزان کەریم (٢٠٠٩)، ئاراستەکانی ڕەخنەی شیعری کوردی (بەنمونەی ماستەر نامەکانی ئەدەب، ١٩٨٨-_ ٢٠٠٠)، ماستەرنامە، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

- علی، دڵشاد ( ١٩٨٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردکارە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێجی ئاداب.

- عەبدوڵا، ئەڤین ئاسۆس حەمە (٢٠١٣) فیمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا،نامەی ماستەر، سکولّی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- خدر، نالی عبدالله(٢٠١٦)، ڕەخنەیا جڤاکی د هەڵبەستێن عبدالله پەشێودا، تێزا لیسانسا بلند، زانینگەها وان یوزنجیل، ئەنستیوتا زمانێێن زندی.

- زێباری، ربیع اسماعل خالد(٢٠١٧)، لێکۆلینەک ل سەر ڕەخنەیا ئەدەبی گۆڤارا پەیڤ وەک نمونە، تێزا لیسانسا بلند، زانینگەها وان یوزنجیل، ئەنستیوتا زمانێێن زندی.

- قادر، ڕێبین خەلیل (٢٠٢٣)، سیمای ڕەخنەی زانستی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ڕەخنەی شیعری کوردی( نامە زانکۆییەکان ٢٠٠٠_ ٢٠١٠)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەدین.

- لاواند، شیلان یونس ئەحمەد(٢٠٢٣)، ڕەخنەیا جڤاکی د گۆڤارا زانکۆیا دهۆکێ دا، تێزا لیسانسا بلند، زانینگەها وان یوزنجیل، ئەنستیوتا زمانێێن زندی.

- محەمەد، فوئاد ڕەشید (٢٠٠٥)، ڕەخنەی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردلە کوردستانی عێراق (١٩٧٢_ ١٩٩٩)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠١٩)، ڕێچکەکانی گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا( کرمانجی خواروو(١٩٢٠_ ١٩٧٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- ئەحمەد، هێمن عومەر (٢٠١٤)، هێرمینۆتیکای شیعری سۆفیانەی (مەحوی)، بەشی کوردی، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- ئاجون، ڕجەر(٢٠١٤)، ڕەخنەیا جڤاکی، سیاسی و دیرۆکی د ڕۆمانا کوردیا یا دیاسپۆرایێ دا، تێزا لیسانسا بلند، دۆکتۆرا، زانینگەها دیجلە، شاخا ماکەزانستا زمان و چاندا کوردی.

**هـ_ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**

- محمد، زانیار، (٢٠١٧) شاعیر پۆزەتیڤ، گۆڤاری شیعر، ژمارە ٣.

- قادر، ڕێبین خەلیل (٢٠١١)، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٦٧)، هەولێر.

- ڕەشید، هاوکار محمد، لە تەنز چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدای حەسەنی قزلجی دا، گۆڤاری پژوهێنامە ادبیان کردی، زانکۆی کوردستان، ژمارە ٢ پایزی ١٣٩٢ هەکاری).

- مەجید، سەردار فایق و محمود، عیماد شکور (٢٠٢١)، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعری هێمن دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی هەشت، ژمارە ٢.

- خەزنەدار، مارف(١٩٥٨)، کورد و اسلوبی شیعر، گۆڤاری شەفەق، ژمارە(٢)

- محامی، معروف بەرزنجی(١٩٥٨) کامەران و دیارییەکەی، گۆڤاری شەفەق، ژمارە (١)

- ڕۆژبەیانی، جمیل بەندی(١٩٥٨) مەولەوی، گۆڤاری شەفەق، ژمارە(٢).

- ڕؤوف، شمسى(١٩٥٨)، المرأة و الجمال)، گۆڤارى شەفەق، ژماره (٢).

**٢_ عەرەبییەکان.**

- بارت، رولان (١٩٩٤)، نقد و حقيقة، ترجمه: منزر عياشى، مركز الانماء الحضاى، الاسكندريه.

- باعيسى، عبدالقادر على (٢٠٠٤)، فى مناهج القرءه النقدييه الحديث، مركز عبادى للدراساته النشر، صنعا.

- بغورة، الزواوى (٢٠١٧)، المنهج البنوى، بحث فى الاصول والمبادئ و التطبيقات، دار الهدى، جزائر.

- سلكى، خالد (١٩٩٤)، من النقد المعيارى الى التحليل اللسانى، نشر عالم الفكر.

- قطوصى، بسام (٢٠٠٦)، المدخل الى المنهج النقد المعاصر، دار الوفاء، للطابعة و النشر، الاسكندرية.

- همام، طلعت (١٩٨٨)، ماتة سؤال عن الحصاقة، موسوعة الاعلام ولصحافة الطبعة الثانية، دار الفرقان للنشر و التوزيع. عمان

- ابن منظور (١٩٧٥)، لسان العرب، ج12، دار صادر، بيروت، لبنان.

- التكريلى، نهاد (١٩٧٩)، اتجاهات النقد الأدبي الفرنسي المعاصر، دار الحرية للطباعة، بغداد

- القلماوى، سمير (١٩٨٠)، محاضرات في النقد الأدبي، بيروت.

- المليجى،حلمى (٢٠٠٠)، علم النفس المعاصر، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، الطبعة الثامنة، بيروت.

- الوكيل، مختار (١٩٥٤)، بين الصحافه و الادب، مطبعه الجديده التجاريه المصريه، القاهره.

- بارة، عبدالغنى (٢٠٠٨)، الهرمينوطيقا و الفلسفة، الطبعة الاولى، مطابع الدار العربية للعلوم.

- بدوى، احمد (١٩٦٤)، اسس النقد الأدبى، القاهرة.

- حاتم، عماد (١٩٨٦)، مدخل الى تأريخ الأدب الأوروپيه – دار العربية للكتاب ليبيا – تونس.

- حيجازى، سمير (٢٠٠٤)، مدخل الى مناهج النقد الادبى المعاصر(مع ملحق قاموس المصطلحات الادبية)، دار التوفيق، سوريا.

- رشدى، رشاد (١٩٧١)، النقد والنقد الادبى، دار العودة، بيروت.

- ستولنيتز، جيروم (١٩٧٤)، النقد الفني دراستة جمالية وفلسفية ، ترجمة: فواد زكريا، ، الطبعة الاولى نشر دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، اسكندرية.مطبعة عين شمس.

- شراد، شلتان عبود (١٩٨٨)، مدخل الى النقد الادبى الحديث، دار مجدلاوى للنشر، ط1، عمان.

- عاقل، فاخر(١٩٧٧)، معجم علم النفس، الطبعة الثانية، دار العلم للملاين، بيروت.

- عباس،احسان(١٩٧٩)، فن الشيعر، دار الثقافة، بيروت.

- عبدالله، محمد حسن(٢٠٠٥)، مداخل النقد الادبى الحديث، الدار المصريه، القاهره.

- عوض، حسن(١٩٥٤)، نظرية الأنواع الأدبية – المجلد الأولى مشاة المعارف الأسكندرية.

- فضل، صلاح(١٩٩٨)، مناهج النقد المعاصره ومصطلحاته، مبرت للنشر و معلومات، القاهره.

- كاظم، احمد يوسف (١٩٩٥)، النقد الأدب و مرارة الحديثة – بيروت.

- مصطفى، فائق (١٩٨٩)، فى النقد الادبى الحديث، منطلقات و تطبيقات، طبعة الأول، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل.

- مندور،محمد (١٩٧٧) الأدب و فنونه، دار نهضة مصر للطباعة و النشر، القاهرة.

- هویدی، صالح ( ١٤٢٦)، النقد الادبی الحدیث (قضایا و مناهجه)، منشورات جامعه السابع من افریل، لیبیا.

- هویما، دنآ (١٩٧٥)، علم الجمال، ترجمة: ظافر الحسن، المكتبة العلمية، الطبعة الثانية، بیروت.

- وغلیسی، یوسف (٢٠٠٧)، مناهج النقد الادبی، ط٣، جسور للنشر والتوزیع، الجزائر.

- ویلیک، رینیه (١٩٨٧)، مفاهیم النقدیه، ترجمة: محمد عصفور، سلسلة كتاب الثقافية شهرية یصدرها المجلس الوطنی للثقافة و الفنون والادب، كویت.

**٣_ فارسییەكان**

- كادن، جی ای (١٣٨٠)، فرهنگ ادبیات و نقد، ترجمه: كاظم فیروزمند، چاپی اول، نشر شادگان، تهران.

- مقدادی، بهرام (١٣٧٨)، فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی از افلاطون تا عصر حاضر، چاپ اول، انتشارات فكر روس، تهران.

- ضیف، شوقی (١٣٦٢)، نقد ادبی، ترجمه: لمیعه ضمیری، امیر كبیر، تهران

- میر صادقی، جمال (١٣٧٧)، واژەنامەی هنر داستان نویسی فرهنگ تفصیلی اصطلاح های ادبیات داستانی، چاپ اول، كتاب مهناز، تهران

**٤_ ئینگلیزییەكان**

-LONGMAN(2013)، Advanced American Dictionary.

# پاشکۆکان

